# ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول

# ١٩٦١- ١٩٧٥

**نووسینی**
**شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن**
**بەڕێوەبەری گشتیی بێتەلەکان و جفرەسازی شۆڕشی ئەیلول**

ناوی کتێب: ڕۆژانێ لەمێژووی شۆڕشی ئەیلول ۱۹۶۱-۱۹۷۵
نووسەر: شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن
تیراژ:
چاپخانە:

بڵاوکردنەوەی بە ئەلکترۆنی: ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب hewalname.com/ku

١- پێشەکی
٢- ڕۆژانێ بەر لە شۆڕشی ئەیلوول.
٣- چوونە ناو باسەکەوە.
٤- بەرەو زاوێتە.
٥- مەکتەبی سیاسی و حەوت هەزار دینار.
٦- بنیادنانی یەکەم بنکەی بێتەلی گەڕۆکی شۆڕشی ئەیلوول.
٧- وەرگرتن و شیکردنەوەی یەکەم بروسکەی شیفرەکراوی سوپا.
٨- پێکاندنی فڕۆکەی هۆکەر هەنتەر.
٩- بودجەی بارەگای سەرۆك مصطفی بارزانی.
١٠- خرۆشۆف و بۆمبای ئەتۆم.
١١- محمود کاوانی و نامەی زارەکی م.س.
١٢- نهێنی شەو لای ئێمە ماسی و لای ئەوان (مازی).
١٣- توونێلی ژێر قەڵای ڕایات.
١٤- چیای حەساری سەکران و داری ساج.
١٥- تۆپە بچکۆلەکەمان تەنها سێ گوللە تۆپی هەیە.
١٦- تۆڕی بنکە بێتەلەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەخرێنە گەڕ.
١٧- کورتانی ئێستر پێخەفە.
١٨- کودەتای بەعس /١٩٦٣.
١٩- داخوازییەکانی سەرۆك مصطفی بارزانی لە بەعس بەناوی کوردەوە.
٢٠- ڕژێمی بەعسی مفاوەزاتی پووچەڵ کرد.
٢١- سەرۆك مصطفی بارزانی داوای هێزی فریادڕەسی نەدەکرد.
٢٢- پێنج خشتەکی.
٢٣- سووتاندنی ئەمارەکانی تووتن.
٢٤- ڕێککەوتنامەی عبدالسلام عارف و کورد -لامەرکەزی-.
٢٥- سەرۆك مصطفی بارزانی لەکاتی ئاشتیدا.
٢٦- سەلامی سەربازیانە بۆ عیسا سوار.
٢٧- لە (عبدالسلام عارف)ەوە بۆ عبدالرحمن عارف.
٢٨- پیرێژنەکەی دەشتی کەرکووك.
٢٩- گەشتی سەرۆك مصطفی بارزانی لەناوچەی سلێمانی.
٣٠- بێ برایەتی کورد، ڕژێم شلۆقە.
٣١- نووسەر و فەرهەنگسازی.

## پێشەکی:

سڵاوو ڕێزم بۆ خوێنەرانی دڵپاك و هێژا....
زۆرجـار بـرادەران و کـوردپەروەران داوایـان لێ کـردووم کە ڕۆژانی پێشـمەرگایەتیم بنووسـمەوەو بـیخەمە بەردەست خوێنەری کورد، بەتایبەتی لەبەرئەوەی یەکێ بووم لەو پێشمەرگانەی لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆزی ١٩٦١ ەوە بەشداریمان کردووەو لەگەڵ هێزە تایبەتەکەی مەلا مصطفى بارزانی بووم. لەدانیشتنێکدا برادەرێکی ئەدەب دۆست فەرمووی: لەکات و سات و زەمانێکدا ژیاویت جارێکی تر دووبـارە نـابێتەوەو لەبـوارێکی هونەریـو تەکنیکی بێتەل و شیفرەسازیدا ژیاویت و خوڵقاندوتە کە ئیشێکی لەبابەتی ئەم ئیشە کەسێکی دیکە بەو فراوانیەی تۆ نەیکردووەو پێی هەڵنەساوە... بۆیە بەپێویست و ئەرکی سەرشـانمی دەزانم چەنـد کـورتە باسێك لەڕووداوی ڕۆژانی پێشـمەرگایەتیم پێشکەش بەدڵسـۆزانی کـورد و ڕاستی پەروەران و پەرتووکخانەی نەتەوەی کورد بکەم .
تـامەزرۆی خۆدەرخسـتن و خۆنوانـدن و خۆهەڵقورتانـدنە بەردەم کـامێرای ڕۆژنامەنووسـان نەبـووم. لەو کاتـانەدا (تەنیا مـن) وەرگێڕ بـووم لەنێـوان مەلا مصطفی بـارزانی و ڕۆژنامەنووسـاندا، شـان بەشـانی جـۆرو سروشـتی کارەکانم کە بریتی بوو لە شـیکردنەوەی شـیفرەی هێزەکانی میری و زانینی شـوێن و کاتی شـاڵاوی فڕۆکەو سەربازان پێش دەستپێکردنیان بۆ سەر کوردستان و بنکەکانی هێزی پێشمەرگە.
هەمیشە ڕێزم لە خاوەن ڕێز گرتووەو بەوپەڕی کامەرانییەوە ئەوەندەی توانیبێتم خزمەتی هاووڵاتیانم کردوە لە هەر بوارێ بۆم دانرابێ یان بۆم ڕەخسابێ.
خەباتی چواردە ساڵەی پێشمەرگایەتیم لەڕۆژی ١٩٦١/١٢/٧ هەتا ١٩٧٥/٣/٢٩ بەردەوام بوو. هەمیشەو هەردەم دڵسۆزی و هەستی کوردایەتیم لە پەلوپۆ نەکەوتووە و ناکەوێ.
سسـتیم نەکـردووە لەوکـارە هـونەری و سوودبەخشـانەی پێشـکەشی شـۆڕشی کـوردم کـردوون لەبـواری شـیکردنەوەی شـیفرەی هەمـوو دامودەزگاکـانی مـیری: سـوپا، پـۆلیس، جـاش، ئاسـایش، موخـابەرات و ئیستخبارات و بنکەکانی هێزی ئاسمانی و وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی بەرگری: {دانەری یەکەم ئامێری بێتەل بۆ سـوپای شۆڕشـگێڕی کوردسـتان و دانەرو بەکارهێنەری یەکەم شـیفرە بـووم بـۆ دام و دەزگاکانی شـۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز}. یەکەم ئەفسـەری پۆلیس بووم چوومە ناو شـۆڕشی ئەیلوولەوە. ئەو شـەوو ڕۆژانـەی کە بەبرسێتی و تینوێتی و ماندوێتی لەژێر ڕەهێڵەی گوللە تۆپ و بۆردوومانی فڕۆکـەدا، بەبوون و نەبوونی دارایی بردوومانەتە سەر لەپێناوی ڕزگاریی گەلی کوردو خاکی کوردستان، هەتا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەپاکیی و دڵسۆزیی و لەخۆبوردنەوە: سەرجەم دەبنە کورتە چیرۆکی مێژوویی شۆڕش و ژیانی پێشمەرگایەتی.
دوای نسکۆی شـۆڕشی ئەیلوول بووم بەناچارێ لەو دوو سـەد هەزار کوردەی گەڕانەوە ژێر دەسـتی ڕژێم و کەسمان لە چارەنووسی خۆمان دڵنیانەبووین.
پێش ئەوەی ڕووبکەمەوە عێراق نـامەیەکم ئاڕاسـتەی بەڕێز مصطفی بارزانی کرد لە (نەغەدە)، نوسـیبووم: لەکاتێکدا شای ئێران لەپشتەوە خەنجەری نامەردانەی لێداین، ئامادە نیم لەژێر سێبەری ئەو ڕژێمەدا بژیم و دەگەڕێمەوە بۆ عێراق کە زۆر چاك دەزانم تووشی چورتم و گێچەڵ و گیروگرفت دەکرێم.

بەدڵی شــکاوو سەرلێشــێواویەوە گەڕامەوە بــۆ ژێــر چەپــۆکی ڕژێــم. ئەو زامە ســاڕێژ نــابێتەوە و ئەو ڕۆژە ناخۆشانەش بیرنـاچنەوە، نەهـامەتیی و دڵ شکسـتیەکەشی بـۆ هەمـوو کـوردێکی کـوردپەروەر بـوو، منـیش یەکێك بووم لەو دڵشکاوو ناچارانە.
نـاهەمواری و لێقەومـان بـڕوا و نەیەتەوەو سـەربەرزیی و سـەرفرازی بـۆ کـورد و کوردسـتان لە بڵێسـەدابێت، برایەتی و یەکڕیزی و تەبایی سەقامگیر بێ.
سڵاو لەگیانی پاکی سەرۆك و دڵسۆزی کورد مصطفی بارزانی.
سڵاو لەگیانی ئەنفالکراو و بەکۆمەڵ کوژراوان.
لەگیانی وون بووان و بێ سەر و شوێنان.
لەگیانی مناڵە ساوا فرۆشراوەکان.
سڵاو لەگیانی شەهیدانی کیمیاباران لەهەڵەبجەو شوێنانی دیکەی کوردستان.
ڕێزو نەوازشت بۆ سەرجەم گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و گشت پێشمەرگە قارەمانەکان.
ڕێزو سڵاوم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی لەپێناوی وەدیهێنانی مافی گەلی کورد تێدەکۆشن.
پاکیی، یەکبوون، یەك ڕابوون، کوردایەتی.

شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن
٢٦ /١٠/٢٠٠٥
ئەڵمانیا

## * ڕۆژانێ بەر لە شۆڕشی ئەیلوول

لەڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ کاتێ کۆماری مەهاباد دامەزرا ، مەلا مستەفا بارزانی و دوو هەزارچەکداری بارزانی گەیشتنە مەهاباد ، و بوون بە هێزێکی سەرەکی بۆ پشتگیری کردن و پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد . ئەمەش بووە هەنگاوێکی دیکەی گرنگ بۆ چەسپاندن و بەرەو پێشبردنی هەستی نەتەوایەتی لەسەرجەم کوردستاندا.

سەر کۆمار قازی محمد فەرمان ئەدات بەدانانی مەلا مستە فا بارزانی بەسەرکردەی سوپای شۆڕشگێڕی کۆماری مەهاباد بەپلەی جەنەراڵ.

دوای هەرەسی کۆماری مەهاباد، ڕێپێوانەکەی مەلا مصطفی بارزانی و هەڤاڵانی لەبارزانەوە بەسەر سنووری تورکیا و لەناو ئێرانەوە، هەتا سەر ڕوباری (ئاراس) پەنجاو دوو ڕۆژی خایاند. لە خێزانی شێخەکانی بارزان بێجگە لە سەرۆك مەلا مصطفی بارزانی:

١- سلێمان شێخ عبدالسلام شێخ محمد بارزانی.

٢-علی محمد صدیق شێخ محمد بارزانی،

لەگەڵ ئەو بارزانیە جوامێرانەدا بوون کە لەڕوباری ئاراس پەڕینەوە بۆ بەری ڕووسیا.

جارێکیان لەم باسەدا، بارزانی فەرمووی: لەوبەری ڕووباری ئاراسەوە مەخفەرێکی ڕووسی تەقەیان بەناو ئاوەکەو بەسەر ئێمەدا دەکرد بۆ ئەوەی نەپەڕینەوە، بەڵام ئێمە گوێمان پێ نەدان، سلێمان شێخ عبدالسلام بارزانی یەکەم کەس بوو لە ڕوباری ئاراس چووە ئەوبەر، منداڵترین چەکدار لە خەڵکی ناوچەی بارزان: مەلا عبداللە زێوەیی و عبدالرحمان یحیی بیەیی بوون. هەندێ لە بارزانییەکان مەلەیان نەدەزانی، بارزانی نەمر لەم بارەیەوە فەرمووی ((ئەو ژمارەیەی بەر من کەوتبوو لەبەرەوە دەمپەڕاندنەوە و خۆم لەبەری ئێران مامەوە، هەتا دوا چەکدار لە ئاوەکە دەرباز بوو، ئینجا خۆشم بەمەلە چوومە ئەوبەر. لەناو مەخفەرەکەدا ماینەوە، خواردنی قورس و چەوریان نەئەداینێ، تەنیا شۆربای زۆر ڕوون و چای گەرم، بێ نان و سەموون، برسێتی و سك بەپشتەوە نووسان و ئەوپەڕی ماندوێتی و کەشەنگیمان پێوە دیاربوو. دوای چەند ڕۆژێ کە ڕیخۆڵەکانمان بووژایەوە، بەرەبەرە چێشت و شۆربایان پێ ئەدااین)). بارزانی و هەڤاڵانی لەساڵی ١٩٤٧ هەتا ساڵی ١٩٥٨ لە سۆڤیەت مانەوە، شێخ احمد بارزانی و بنەماڵەی شێخی بارزان لەخوارووی عێراق بەندو دەستبەسەر و ئاوارە بوون، کاتێ کە شێخ احمد بارزانی لە (ناصریة) زیندانی دەبێ، بارزانییەك بارەکەوێکی لە بارزانەوە بەدیاری بۆ دەبا، لێی دەپرسێ ئەم (بارەکەوە)ت لەکوێ گرتوە؟ لە وەڵامدا دەڵێ: لە (چیای شیرین)، ئەمیش پێی دەڵێ: ئەم بارەکەوە لە قەفەزەکەیدا زیندانەو تۆ هێناوتە بۆ لای من و لێرە جارێکی تر لەناو بەندیخانەدا زیندان دەبێ، حەزناکەم دووجار زیندان بێ، پێم خۆشە بیبەیتەوە بۆ بارزان و لەچیای شیرین ئازادی بکەیت... کابرای بارزانی فەرمایشتەکەی جێبەجێدەکات.

ڕێپێوانەکەی بارزانی:

کشانەوەی بارزانی و کێشانەوەی هێزە چەکدارەکەی دوای (هەرەسپێهێنانی کۆماری مەهاباد)، لەژێر پەلامار و هێرش و فشاری سوپای عێراق و تورکیا و ئێران و فڕۆکەی جەنگیی بەریتانیا لەکوردستانەوە بەرەو

ڕووباری ئاراس و بەناو شیوو دۆڵ و قەدپاڵ و لوتکەی بەفرینی کوێستانەکانی کوردستانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتدا بەبرسێتی و ژیانی پڕ مەترسی، مێژوونووسەکان خستوویانەتە ڕیزی (ڕێپوانە گەورەکەی ماوتسی تۆنگ)و لەڕیزی کشانەوەی (هانیپال)ی دێرزەمان دانراوە.
بارزانی جارجار باسی ئەو کشانەوەیەی دەکرد، کە زۆرجار بەشەو ڕێگایان دەگرتەبەر، لەناو چەکدارەکاندا وا ڕێدەکەوت هەندێکیان بەدەم ڕێگاوە خەویان لێ دەکەوت... لەماوەی ئەو ساڵانەی بارزانی و هەڤاڵانی لە ڕووسیا بوون، کورد بەتێکڕایی سوپاسگوزاری ڕووسیا بوون و تیۆری مارکسیزم – لینینیزم جێی سەرنجی زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد بوو. نووسەر (سیامەند محمود سێلکی) لە(کاروانێ سەرفرازیێ)دا چاپخانەی پاك/ هەولێر ٢٠٠٦، بەچڕەوە ئەم باسەی داڕشتووە:
لە ١٩٤٧/٤/١٥ هێزو خێزانەکانی بارزانیان ، خاکی ئێران بەجێ دەهێڵن و دەگەنە (گەلی چیای گادەر )لەسێ گۆشەی سنوری ئێران _عیراق_تورکیا . لەژێر چاودێریی (شیخ أحمد بارزانی) دا هەموو خێزانەکان دەگەڕێنەوە بۆ ناو خاکی عێراق و جارێکی دیکە کەوتنەوە ژێر زوڵم و زۆرداریی و ناجوانمەردیی دام و دەزگای ڕژێمی پاشایەتی عێراق. لەناوچەی (گەلی چیای گادەر) ٥٢٦ چەگداری لەخۆبوردە و گورج و گۆڵ و شەرکەر و لە کوردا یەتیدا قاڵبوو لەژێر فەرماندەی مەلا مستە فا بارزانیدا بەرەو قۆناغی پڕمەتر سی و تەڵەزگەو برسێتی و سەروەری هاوەر بەرەو سنوری ڕوسیا کەوتنەی ڕێ.
مەلا مستەفا بارزانی لە (گەلی گادەر ) چەند وشەیەك ئاڕاستەی چەکدارەکان ئەکات. دەفەرموێ(لەپێناو پاراستنی مافی میللەتی خۆمان ، ئێمەبەرەو ڕێگایەکی سەختو دژوار دەچین ، کە ڕەنگە لە قۆناغی خەباتی ڕابردوومان دژوارتر بێ ، یان پڕ بێ لەسەرماو گەرما و برسێتی و لەم بارو دۆخەش لە ئێوەوە نزیکتر ، : مردن و کوشتنە ، چونکە لەهەموو لایەکەوە ، دوژمن هەوڵ ئەدات لەناومان بەرێ ، هەرکەسێ پێی بکرێ و لەتوانا یدا هەبێ ئەم زەحمەت و تاڵییە بچێژێ ئەو کەسە برای ئێمەیەو مردن وژیانمان پێکەوە دەبێ ، ئە گەر کەسێکیش لەتوانایدا نەبێ ئەم بارەگرانە هەڵبگرێت من پێم خۆشە نەیەت و گەیی لێ ناکەین ). هەموو جەنگاوەرە خەباتگێڕەکان ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن کە هەتامردن لەگەڵ بارزانیدا بن .
ڕێپێوانی هات و نەهات لە( گەلی گادەر) ەوە وە بەرەو ڕوسیا دەستی پێکرد : لە گەلی گادەر بەرێگەی سێ گۆشەی سنوری ئێران. عێراق. تورکیا ، چونەناو خاکی تورکیا ولەوێوە دەربازی باکوری ناوچەی بارزان بوونەوە .
لە ناوچەی بارزان بەشی هەرە زۆری گوندەکان سوتێنرابوون وبەردو دارو کوچك و کەڵەکیان وێران کرابوو .
هێزەکانی سوپای عێراق شان بەشانی بوردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی بەریتانیا لەهەموو لایەکەوە دەستیان کرد بەئەنجامدانی ئۆ پەراسیۆنی سەربازی بۆسەرناوچەی مزوری ژوورو کەبارزانی و چەکدارەکانی بۆ حەوانەوە کاتێ لێی جێگیربوو بوون. شەڕو پێکداادان دەستی پێ کرد ، دوای چوار ڕۆژ ، بارزانی گەیشتە ئەو باوەڕەی کەهیچ دەرفەتێك نیە لەو دەڤەرە بمێنن ، بۆ درێژە پێ دانی خەباتیان ، ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٦ کۆبونەوەیەکی مێژوویی ئەنجام ئەدات و لەگەڵ فەرماندەو چەکدارەکانیدا بڕیارێکی یەك لاکەرەوە ئەدەن کەبەرەو (یەکێتی سۆفیەت) بکەونە ڕێ ، لە ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٢ هەموو هێزەکەی بارزانی لەگوندی (درێ)لە دەڤەری (هەرکی بنە جێ)یەك ئەگرنەوە ،ڕۆژی پاشتر فڕۆکەی بەریتانیا دەستی کرد بەبۆردومان کردنیان ودووچەکداریان دەبێتە قوربانی و دوو چەکداری دیکەش بریندار دەکرێن .یەکێك لەبریندارەکان لەبەر سەختی و دژواری برینەکەی توانای ئەوەی نابێت شوێنی هاوخەباتەکانی بکەوێ ، براکەی دەست ئەکاتە ملی و فرمێسکی کۆچی ماڵاوایی هەڵدەڕێژن ، ئەسعەد خۆشەڤی لێیان نزیك دەبێتەوە و ئەڵێت لەوە زیاتر خۆتان و ئێمە دڵگران و ناڕەحەتتر مەکەن .

سەلیم حسین کەبرای (صالح حسەین )ی پێکاوراو دەبێ ، ئەڵێ: ناتوانم دەسبەرداری براکەم بم . ئەسعەد خۆشەڤی ئەڵێ:وایە تۆڵێرە برایەکی خۆت بەجێ ئەهێڵی، بەڵام ئەو پێشمەرگانەی تۆ دەیان بینیت لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدان ، ڕاوەستاون و لەچاوەڕوانی ئێمەدان ، هەموو یان برای تۆن . ماوەی دوو ڕۆژ بەناو دۆڵ و بناری چیاکانی تورکیادا ڕێ دە پێون و لە ٥/٢٧ /١٩٤٧ دەچنەوە ناو خاکی ئێران بەهەستی درێژەدان بە شۆڕشی میللەتی کورد کاروانی خەباتیان درێژە پێ ئەدەن .
سەلیم حسین گوێزی ، دەستی لەبرا بریندارەکەی خۆی بەردا و لەگەڵ لەشکرەکەی بارزانیدا کەوتەڕێ و براکەشی هەر بەوبرینەوە سەری نایەوە و بوو بە قوربانیی ڕێی کوردایەتی .
لەناو گوندەکانی عەشیرەتی شکاك و لەناوچەی مەرگەڤەر ( لەگوندی ئەمبێ شێخ شەمزین و تولی ) چەند ڕۆژێك و چان ئەدەن و توێشوو هەڵدەگرن . لەناو چەی عەشیرەتی (ترەبا ) ڕوبەڕووی شەڕێکی دژوار دەبن ونانو خۆراکیان لێدەبڕێو برسێتیەکە بۆ ئەوان لەشەڕی هێزەکانی ئێرانی کاریگەرتر دەبێ لەسەریان .بەڕادەیەکی بەر فرە هێزەکانی سوپای ئێران ڕێڕەوی پێشەوەی هێزەکەی بارزانییان گرتبوو: (لەدەشتی ماکۆ نزیك پردی سەر ڕوباری زەنگی وچیای سوسوز کەتەنها ڕێڕەو دەبێ لێی دەرباز بن . بارزانی بڕیار ئەدات : شەڕی مان و نەمان بکرێت. چەکدارەکان ئەکات بەدووقۆڵ : قۆڵێك هێرش ئەکاتە سەرهێزی دوژمن لەدەشتی ماکۆ و پردی زەنگی وقۆڵی دووهەم هێرش ئەکاتە سەر هێزەکانی دوژمن کەلەچیای سوسوز جێگیر بووبوون. لەڕۆژی ١٩٤٧/٦/٩ شەڕی مان و نەمان دەست پێ دەکات و لەڕۆژی ١٩٤٧/٦/١١ کەلەبەر دەخەنە نێوان هێزەکانی دوژمن و بە سەرفرازی بەسەر (پردی ڕوباری زەنگی ) دا دەرباز ئەبن. چوار پێشمەرگە شەهید دەبن و (١٨) بریندار.
ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٢ هێزەکەی بارزانی گەیشتە گوندی ( هاسوون ) لەناوچەی عەشیرەتی (جەلالی ) و عومەرخان سەرۆکی عەشیرەتی جەلالی ناجوانمەردانە فەرماندەی هێزێکی سوپای ئێران لەو نزیکانە ئاگادار ئەکات .
بارزانی بڕیار و فەرمان ئەدات کە هێزەکەی بەرەوە ڕوباری ئاراس بکشێ. کە دەگەنە نزیك ڕوبارەکە ، تەماشا ئەکەن بنکەیەکی پۆلیسی. ئێرانی لەمبەرەوەیەو بنکەیەکی پۆلیسی. سنوری روسیاش لەوبەری ئاوەکە یە .یەکەم کەس کەلە (ڕوباری ئاراس ) دەپەڕێتەوە (شێخ سلێمان شێخ عبدالسلام بارزانی) دەبێ دوابەدوای ئەو (لاوکۆ ) کە چەکدارێکی مەسیحی دەبێ و مەلەوانییش دەزانێ ، بارزانی دەینێرێتە ئەو بەر ڕوبارەکە ، بۆ ئەوەی بنکەی پۆلیسی. سنوری یەکێتی سۆڤیەت ئاگاداربکات و داوایان لێبکەن ڕێگەیان بدەن لە ئاوەکە بپەڕنەوە.
هەتاڕۆژی پاشتر چاوەڕێی ئەکەن وکە(لاوکۆ)هەر ناگەڕێتەوە ناچار ڕۆژی پاشتر (میر حاج ئاکرەیی ) بۆ هەمان مە بەست بەڕێ ئەکەن بۆ ئەو بەر ڕوبارە کە . لەبەر برسێتی و نەبونی خواردەمەنی تەندروستی زۆربەی بارزانیەکان ئاڵۆز دەبن، ناچار دەست ئەکەن بەخواردنی ڕەگ و سەلك و بنکی هەندێ گژو گیای ئەوناوە .
ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٨ جەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی و (٥١٨ )چەکداری بارزانی بەسەرفرازی لە (ڕوباری ئاراسی) دەربازبوون. ئەمەش دوای ڕوبەڕووبوونی لەشکر و تۆپ و تەیارەی سێ وڵاتی داگیرکەر و فرۆکە جەنگیەکانی بەریتانیا چەندین داستانی زێڕین لەمێژوی میللەتی کورددا تۆمار دەکەن. ئەم ڕێپێوانەی بارزانی و هەڤاڵەکانی لەوکاتانەدا جارێکی دی ناوی کوردو کوردستانی بەدەرەوەی وڵات گەیاند ، کەمیللەتی کوردی بن دەست،مافی خۆیانە ،بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوا یەتییان تێ بکۆشن .

لەسەرەتادا ژمارەی بارزانیەکان (٥٢٦) چەکدار دەبێ. شەش چەکداریان شەهید دەبن و دوی دیکەش برینەکانیان زۆر سەخت ئەبێ و لەگوندێکی کوردستان دەمێننەوەو دوای چەند ڕۆژی ئەم دوانەش دەبنە قوربانی ڕێپێوانی سەرفرازی .

خاس دانیشن نان هات:
بارزانی زۆر بەچێژەوە ئەم ڕووداوەی دەگێڕایەوە: لەکاتی کشانەوە مێژوویەکەی بارزانی و هاوەڵەکانی و ڕۆیشتنیان بەرەو ڕووسیا، هەموویان زۆر ماندوو و برسی دەبن، لەناوچەی (شکاك) لائەدەنە گوندێك، بارزانی دەچێتە ماڵێك، خاوەن ماڵ زۆر بەگەرمیەوە پێشوازیان لێ دەکات و لەدیوەخان دایان دەنێ و ئەچێتە دەرەوە، دوای ماوەیەك دێتە ژوورەوە میوانەکان بەپەنجە سەرژمێردەکات و جارێکی تر دەچێتەوە دەرەوە، دوای کاتژمێرێك دێتەوە ژوورەوە دیسان بەپەنجە سەرژمێریان دەکاو دەڵێ: خاس دانیشن نان هات و ئەڕواتە دەرەوە و نان هەر دیار نابێت، جاری سێهەم دێتەوە ژوورەوە و ئەڵێ تەك بدەن بەیەکەوەو خاس دانیشن نان هات، بەم شێوەیە کابرای خانەخوێ هەتا نان حازردەبێت چەند جارێك بەپەنجە سەرژمێریان دەکات، ئەم هاتوچۆ و سەرژمێرییە ماوەیەکی زۆری خایاندبوو، بەڵام لەدواییدا نان وخوانێکی ڕێك و خۆشیان پێشکەش دەکرێ و بەرەو ڕوباری ئاراس و سنوری ڕووسیا دەکەونەوە ڕێ.
دوای گەیشتنی بارزانیەکان بۆ ناو خاکی ڕووسیا بەماوەیەکی کەم ڕژێمی ڕووسیا هەموویانی پەرتەوازە کردو لەناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕووسیادا بڵاوکرانەوە، تەنها بارزانی و چەند پاسەوانێکی تایبەتی لەگەڵ مایەوە و لە(مۆسکۆ) گوزەرانی دەکرد، ئەوانی دیکە هەریەکە بەلایەکدا ڕەوانە کران.
بارزانی بۆی گێڕامەوە: کاتێ لەمۆسکۆ دەبێت میری خانوییەکی بۆ دابیندەکات هەروەها ئافرەتێکیش بۆ خزمەتکردنی ماڵەکە، هەموو ڕۆژێ کە بارزانی گەڕاوەتەوە ماڵەوە هەستی کردووە کەلوپەلەکەی پشکێنراوەو دەستکاری کاغەزو نووسینەکانی کراوە، تێئەگات ئەو ئافرەتە بەناوی ئیشکردنەوە بەوکارە هەڵدەستێت و لەبەرئەوە، دەری ئەکات.

شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق
لەپرۆگرام و پێڕەوی پارتیدا ویسترا ڕێبازی نەتەوایەتی و کوردایەتی لەسەر بنچینەی مارکسیزم بڕوات بەڕێوەو هەوڵەکانی بارزانی بۆ ڕوونکردنەوەی کوردایەتی و جیاوازی لەو ڕێبازە زۆرکەوت لەسەر بارودۆخی کورد بووەو پەیدابوونی سەرەتای دووبەرەکیی لە بیرو بۆچوونەکاندا. ئەمە جگە لە تۆمەتی دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی خستنە سەر ڕێبازی مەلا مصطفی بارزانی، دواتر ئەم تۆمەتانە پووچەڵ دەرچوون کە بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول و بەرەزامەندی بارزانی چەندان لایەنی چەپڕەوو حیزبی شیوعی و عەرەب و تورکمان لە سەرانسەری کوردستاندا ئازادبوون و خزمەتی ئامانسجەکانی شۆڕشی ئەیلوول بوو بەیەکەم بەندی پرۆگرامی خەباتیان.

گەڕانەوەی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ عێراق:
لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی ١٩٥٨، بەیاننامەی لێبووردن بۆ بارزانی و هاوەڵەکانی دەرچوو، دوای دوانزە ساڵ دەربەدەری لەناو ڕووسیادا، بارزانی و هەڤاڵەکانی گەڕانەوە بۆ عێراق و میری خانووی بۆ بارزانی دابین کرد لەناو بەغدا، سەرجەم کوردو پارتی بەم گەڕانەوەیەی بارزانی زۆر دڵخۆش بوون و دووبارە گەشانەوەو لەنووسینەکانیاندا نازناوی (زعيم الشعب الكردي ملا مصطفى البارزاني) یان بڵاودەکردەوە، بەتایبەتی لەساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠ دا. عبدالكريم قاسم بەو بایەخ پێدانەی بارزانی نائارام

بوو، لەهەمان کاتدا دەست و پێوەندەکەی ڕژێم نازناوی (الزعيم الاوحد، زعيم الشعب العراق) یان لکاند بەناوی قاسمەوە.
جموجۆڵی پارتی لەگەشەکردن و پەرەسەندنا بوو، بەبەردەوامی کۆبوونەوەیان سازدەکرد لەناو بەغدا بەسەرۆکایەتی مەلا مصطفى بارزانی.
عبدالكريم قاسم ئەمەی بەدڵ نەبوو، کەوتە تەشقەڵە پێکردنی پارتی و سەرکردەی پارتی، لەلایەکی دیکەوە تورکیا لەلای خۆیەوە سەدان ڕۆشنبیری کوردی گرت و لەبەندیخانە توندی کردن و ئێرانیش بەهەمان شێوە کەوتە هەڵەکە سەما و دڵە لەرزەو ڕاوەدوونانی ڕۆشنبیرانی کورد لەڕۆژئاوای ئێراندا. لەناو عێراقیشدا ڕژێمی قاسم خۆی ئەخواردەوە لە پارتی و لە کورد، بارزانی هەستی بەناپاکی ڕژێم کردو بەغدای بەجێ هێشت و ڕووی کردەوە ناوچەی بارزان.
عەشایەرو ئاغاکانی ناوچەی سۆران لەمانگی تەموزی ١٩٦١ بۆ بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیان دژی ڕژێمی عبدالكريم قاسم ڕاپەڕینێکی بێ سەروبەریان ئەنجام دا.
لەدوای سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکەی عەشایەرو ئاغاکانی ناوچەی سۆران، شەوی ١٢/١١ مانگی تەموز ١٩٦١ هەردوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی (عومەر دەبابەو علی عبدالله) چوون بۆ لای بارزانی لەگوندی (شانەدەر).

## مارکسیزم یان کوردایزم Kurdaism:

کاتێ (هەمزە عبدالله) سکرتێری پ.د.ك بوو، خۆی و هەندێ لە ئەندامانی م.س چەپڕەو بوون و لە [(پرۆگرامی ناوخۆی پ.د.ك) دا نووسیبوویان سوود وەرگرتن لەبیروباوەڕی مارکسی- لینینی .... بارزانی] نەیدەویست پارتی ببێ بەململانێکەر و پێشبڕکێکەری حزبی شیوعی. دەیفەرموو: هەر ئەندامێ بڕواو بۆچوونی کۆمۆنیستانە بێ، با بچێتە ناو حزبی شیوعیەوە. دەیفەرموو هۆکارەکانی ئایین و کۆمەڵایەتیی و نەبوونی کارگەی گەورەی پیشەسازی لەکوردستاندا ئەمڕۆ بەربەستە لەبەردەم مارکسیزمدا. ئەوکاتە لە برگەی سێهەمی بەرنامەی (پ.د.ك) دا نوسرابوو کە (سوود لەتیۆری زانستی مارکسیزم- لینینیزم وەردەگیرێ لەمەیدانی خەباتی سیاسی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی). ئەمەش بێ ڕەزامەندی بارزانی داڕێژرابوو، بووە هۆی ناکۆکی لەنێوان بارزانی و (م.س)ی پ.د.ك دا، دواتریش لەنێوان بارزانی و (م.س)ی (مالومە)دا.. بێ بڕانەوەو بێ کۆتایی ئەم جیاوازیی ئایدۆلۆژییە مایەوە. بارزانی دەیفەرموو: هەر کوردێك بیروباوەڕی مارکسییەتی لاپەسەندە ئازادەو دەرگا لەسەر پشتە بچێتە پاڵ پارتێکی مارکسی.، بەڵام دەبێ ئەندامانی پارتی بیروڕای کوردایەتی بخەنە پێش هەموو شتێ، هەڵگرو پێشخەری دابونەریتی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی کورد بن، ئەندامانی پارتی دەبێ مامۆستای کوردایەتی بن، بێ جیاوازی لەنێوان چینەکانی نەتەوەی کورددا، ڕێزگرتن لەئامۆژگارییەکانی ئایین چ قورئانی پیرۆز چ وتەکانی پێغەمبەر (د.خ) قاڵکەر و پاککەرەوەی ویژدانەو پوختەکەری خووڕەوشتی مرۆڤەو سوود وەرگرتن لەپەندو باو و هەڵبەستی شاعیرەکانمان بزوێنەر و قووڵکردنەوەی هەموو هەستێکمانە.

## گوندی هاوچەرخ:

لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز لەساڵی ١٩٦١دا عبدالكريم قاسم (وەك مفاوەزات) ئاگاداری بارزانی کرد کە لەناوچەی بارزان شارۆچکەیەکی هاوچەرخی بۆ دروست دەکات و هەشتا هەزار دینار مووچەی مانگانەش بۆ خۆی و پاسەوانەکانی تەرخان دەکرێ، بەمەرجێ خۆی و چەکدارەکانی لەو شارۆچکەیەدا نیشتەجێ بن و چەك فڕێ بدەن، بارزانی هیچ بایەخێکی بەو مەرجانە نەدا و پشتگوێی خست.

کاتێ ڕژێم دڵنیابوو بارزانی هەر شوێن بیروباوەڕی کوردایەتی و دیموکراتی کەوتووە و داخوازییەکانی پشتگوێ دەخــات و خەریــکی جموجــۆڵی کــوردایەتییە: ڕۆژی ١٩٦١/٨/١٥ هــێزی ئاســمانی دەســتی کــرد بە بۆردوومانکردنی گوندەکانی بارزان و ڕێزان و شانەدەر. بارزانی لەگەڵ شەش چەکداردا ڕووی کردە (چیای پێرس) و دەستی بەئەنجامـدانی پلانی بەرگری کـرد، دوای تێپەڕبوونی مـاوەیەك بەسـەر ئەو بـارودۆخەی ئەوکاتەدا مەکتەبی سیاسی لەگوندی (مالومە)ی سەر بەناوچەی ماوەت جێگیر بوو.

بارزانییان لە دێرزەمانەوە:

لەپێناوی ئازادیدا مەرگیان لاخۆشتر بـووە وەك لەژیانی ژێردەستەیی و ملکەچیی، لەوکاتەدا چەکدارەکانیان چیاکانیـان دەگـرتە بەرو دانیشـتوانی گونـدەکانیش لەکێـوە گەردن کەشـەکانی دەوروپشـتی خۆیـان، دێهـاتی دوورەدەسـتیان ئـاوەدان دەکـردەوەو بەرهەڵسـتی چەپـاوو تـاڵانیی هـێزی دەوڵەتیـان دەکـرد، سـەرودڵی ئاسوودەیان بەخۆیانەوە نەئەدیی و وەك هەمـوو کوردان بەشـیان سەرلێشـێوان و ئـاوارەیی و چەرمەسـەری بووە، ئەمەش هاوکێش و هاوشانی ڕەنج وخەباتیان بووە، لەگەڵ ئەم ناهەمواریانەدا ڕۆژگاریان بردۆتە سەرو وێردی سـەر زمانی تەواوی گەلی کـورد و وڵاتـانی دەوروبەر بـوون و لەقارەمانێتی و ئازایەتیدا هەڵگری ئاڵای ئازادیی و سەربەستی نەتەوەی کورد بوون، بەردەوام هێزەکانی سوپای دەوڵەت بەبیستنی ناوی مەلا مصطفی بارزانی و بارزانییان لەرزیان لێ دەهات، چەندەها کات و ڕۆژگار بارزانییەکان خۆیان فەرمانڕەوای ناوچەکەی خۆیـان بـوون، دوور لەدەسـەڵاتی مـیریی. هۆزەکـانی بارزانیـان بـریتیین لە: شـیروانی، مـزوری، بەڕۆژی، دۆڵەمەری،نزاری،گەردی ،هەرکی بنەجێ. دانیشـتوانی گونـدی بـارزان لەبنەمـاڵەی مەلا مستەفای بـارزانی سەربە بەهۆزی (بەرۆژی)ن.

داب و دەستووری شێخی بارزان:

شێخی بارزان و مریدانی شێخی بارزان لەبارڕودۆخی هەداری و ئاشتیدا چەك هەڵ ناگرن، واتە چەك ناکەنە شـان و هـیچ مرۆڤێ بەچەکەوە ناچێتە ناوخانەقای بارزانەوە کە شـوێنی ئیسـتخارەو باسـوخواسی تەریقەتی نەقشی. و ئامۆژگاری ئایینیەو لەپاڵیدا سەرنجڕاکێشانی میللەتی بارزان بۆ سەردانەنەواندن و ملکەچ نەکردن بـۆ زوڵـم و زۆری فەرمـانڕەوایی هاوکات. درۆودەلەسـە، نەخـوازەڵا بەنـاوی ئـایینەوە، لای شـێخ و موریـدانی لەڕیزی کفردایە و بگرە زیاتر، لەناو خانەقادا گاڵتەوگەپ نییە.

زەوی و زار مـوڵکی هەمـووانە، وەی لەوەی جوتیـارێکی ئـازایێ و ئەوپەڕی سـوود لە زەوی وەربگـرێ، ژن و ژنخوازی دەبێ بەڕەزامەنـدیی هەردوولایێ (کچ وکوڕ) و بەمارەییەکی ڕەمزی. لەناوچەی بـارزان گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بەدیی ناکرێ لەناو عەشایەرەکانی بارزاندا. بۆیە هیچ خێزان یان کۆمەڵە کەسانێك لەبارزانییان ناوچەی بارزانیان بەرنەداوەو گوایا چووبن بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان و لەو شوێنانە جێگیر بووبن. ژن بەژن، گەورە بەبچـووك، یـان بچـووك بەگەورە و لەسـەر پشـتی بێشـکە کچ مـارەکردن لەنێـوان عەشـایەری بارزانییاندا لە دێرزەمانەوە ڕووی نەداوەو لەئارادا نییە.

زوبێرپاشای ئامێدی یەکەم

.Zubair Pasha Amediy The First

میر مسعود

Meer Masud

میر سەعید

Meer Saeed

مەلاعبدالرحیم

Mullah Ebdul-reheem
مەلااحمد بیرەش
Mullah Ahmed Beeresh
شێخ محمد
Sheikh Muhammad
ملاسعید
Mullah Saeed
عبدالسلام
Abdul-Salam
مەلا تاج الدین
Mullah Taj-eddin
مەلاعبدالرحمان
Mullah Ebdul-Rehman
شێخ محمد
Sheikh Muhammad
شێخعبدالگە
Sheikh Abdullah
شێخعبدالسلام
Sheikh Abdul-Salam
شێخمحمد
Sheikh Muhammad
مەلا مستەفا
Mullah Mustafa Barzani

بەرەو زاوێتە:
لەکۆتایی مانگی ١١ی ساڵی ١٩٦١ فەوجەکەمان گوێزرایەوە بۆ زاوێتەی سەر بەپارێزگای دهۆك، ئەوکاتە دهۆك قەزا بوو. کە لە بەغدادەوە فەرمانی گوێزرانەوەم دەرچوو بەرەو کوردستان یەکسەر بڕیارم دا لەکاتێکی گونجاودا بچمە ڕیزی شۆڕشەوە، بۆ ئەم مەبەستە چوومە لای برادەرێکی دۆست و خۆشەویستم ئەندازیار مستەفا سلێمان، ئەویش مەردانە چوو بۆ لای خوالێخۆشبوو عبدالرحمان ژبیحی، ئەوکاتە لە بەغداد خۆی لە میری شاردبووەوە، نامەیەکی بۆ لێ وەرگرتم و نامەکە ئاڕاستەی خوالێخۆشبوو عەلی عەسکەری کرابوو، ناوە نهێنییەکەی شالاو بوو، ئەو نامەیەم لەناو شخارتەیەکدا هەڵگرت، هەمیشە پێم بوو.
لە زاوێتە کۆشکی مەلیك فەیسەڵی دووەم کرا بەبارەگای فەوجەکان، چل پۆلیسم لەگەڵدا بوو، سەنگەرەکانمان بەسەر چیای (سەنام)ەوە بوو، شەو بوو بەتەقە، زانیم پێشمەرگە لێمان نزیك بۆتەوە، فەرمانم دا بەپۆلیسەکان نابێ تەقە بکەنەوەو دواییش سەنگەرەکانم بۆ بەجێ هێشتن و گەڕامەوە ناو بارەگای فەوجەکە لەکۆشکی مەلیك لە زاوێتە. لەو ڕۆژەوەی لەگوندی هەرن پشتی سەنگەرەکانم کردبووە بارزان و ئەو چەند وەختە نەمهێشت پۆلیسێ تەقەیەك بکات، ئینجا بەدەستەوەدانی سەنگەرەکان... ئەمانە ڕۆژانە

ئەكران بەڕاپۆرت لەسەرم و ڕەوانەی بەغدا و موسڵ ئەكران، لەهەمان كاتدا منیش سەرقاڵی بیركردنەوەو ڕێگەدانان بووم چۆن و بەچ ڕێگایەكدا بگەمە ناو پێشمەرگە.

فەرمانی گرتن:
دوای گەیشتنی ڕاپۆرتەكان بۆ بەردەم میری، فەرمانی گرتنم دەرچوو، ئەو پۆلیسانەی چەند ساتێ پێش گەیشتنی فەرمانی گرتنەكەم بە (گەورەم، گەورەم) قسەیان لەگەڵ دەكردم، هەمان پۆلیس كەوتنە فەرمانكردن بەسەرمدا، بیرم لەوە كردەوە ڕێگایەك بدۆزمەوە بۆ دەربازبوون، بەڵام هیچ بوارێكیان پێ نەدام هەنگاوێ دووربكەومەوەو بەدیلی خستیانمە پێشی. لۆرییەك، پاسەوانێك لای ڕاستمەوەو شۆفێرەكەش لای چەپمەوە بوو، سێ پۆلیسی. تر لەپشتی لۆرییەكەدا بوون. بیرم لە زۆر شت ئەكردەوە بەڵكو ببێتە هۆی ڕزگاربوونم، لەو خەیاڵانەدا بووم لەنزیك گوندی (بادێ) پێشمەرگە هاتنە سەر ڕێگەكە، یەكسەر ڕووناكی هات بەدڵما و زانیم ڕزگاربووم. پۆلیسەكەی تەنیشتم چەكەكەی ئامادەكرد و شۆفێرەكەش ویستی خێراتر لێبخووڕێ..، بەپاسەوانەكەو شۆفێرەكەم وت، هیچ هەوڵی خۆڕزگاركردن نەدەن، چونكە ئەگەر لەمانەش قوتاربن، لەوانەیە دوای ئەمان كۆمەڵێكی تر پێشمەرگە هەبن، كە بێگومان ئەتانكوژن، جائەگەر ئەتانەوێ سەلامەت بن لێرەدا ڕاوەستن و بەبێ چەكەكانتان دابەزن، بەڵێنتان ئەدەمێ نەكوژرێن و بەسەلامەتی بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، چۆنم وت بەقسەیان كردم و لۆرییەكە ڕاوەستاو هەموو دابەزین. پێشمەرگەكانم بانگ كرد، زانیان كوردم دلێرانە هاتنە پێشەوە. ئێستاش لەیادمە یەكێ لە پێشمەرگەكان ناوی (حەسەن ستێ بامەڕنی) بوو، یەكێكی تریان (عارف بادێ)...، لەساڵی ١٩٩٣ لە دهۆك چاوم كەوت بەعارف بادێ و میواندارییەكی دۆستانەی خۆم و ماڵ و منداڵەكەمی كردو هەواڵی (حسن ستێ)م لێ پرسی وتی لەبامەڕنی دادەنیشێ.
ئەو نامەیەی لەناو شخارتەكەدا هەڵم گرتبوو دامەدەست (حسن ستێ)، ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی ١٩٦١/١٢/٧ دابوو، ئەو ڕۆژە دائەنێم بەخۆشترین و پیرۆزترین ڕۆژانی ژیانم، ڕۆژی دەستپێكردنی هەوڵ و خەباتی كوردایەتی، پێشمەرگەكان ڕێزیان لێ گرتم، لەهەمان كاتدا پۆلیسەكان كەوتنە پاڕانەوە دوای ماوەیەك ئازادكران.
دووهەم شەو لەگوندی (زێوە) نزیك بامەڕنی لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەلی عەسكەری چووینە لای سەرۆك بارزانی. عەلی عەسكەری نامەكەی (عبدالرحمن ژبیحی)ی بۆ خوێندەوە. ئەو شەوە یەكەم جار بوو بارزانی ببینم، پێشوازیی لێ كردم. خۆشحاڵ بووم بەپێشمەرگەیەكی كورد قبووڵی كردم، ئیتر لەو ڕۆژەوە و بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول لەنزیك (مەلا مصطفی بارزانی) وە بووم.

بەرەو پێشمەرگایەتی:
لەسەرەتای لاوییمەوە هەستی كوردپەروەری لەناخی دڵ و دەروونمدا جێگیرە، ئەو هەستە پاكە بوو هانی دام لەسەرەتای دەستپێكردنی شۆڕشی ئەیلولەوە، سێ مانگ دوای هەڵگیرساندنی شۆڕش، سازو ئامادەو تەیاربم بۆ چوونە ڕیزی شۆڕش و خەباتەوە، هەستی كوردایەتی و كوردپەروەریم وەك چیاكانی كوردستان چەسپاوو جێگیرو نەگۆڕە.
یەكەم هەنگاوو چوونم بۆ ڕیزی پێشمەرگەی لەشكری كوردستان لەبارەگای خوالێخۆشبوو (مصطفی بارزانی)ەوە دەستی پێكرد: لە ١٩٦١/١٢/٧ەوە. هەمیشە دەیفەرموو: تۆ یەكێكی لەكوڕەكانم و دەستی ڕێزو ستایشی. لەسەر شانم بووە، بیرو باوەڕو دڵسۆزیم نەگۆڕیوەتەوە بەهیچ شتێ، دەرخستنی ئەم چەند لاپەڕەیە لە سەربوردەی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی بۆ مەبەستی مێژووییە.

بایەخدان بە ئامێری بێتەل:
ئەوکاتە پێشمەرگە (بێتەل)ی نەبوو، کە لە شەڕدا بێتەلێکیان بگرتایە بایەخیان پێ نەئەدا، یان ئەیانشکاندو فڕێیان ئەدا. لەکۆلێج دەرسی (مخابرەو جفرە)م خوێندبوو، داوام لە پێشمەرگەکان کرد هەرکاتێك بێتەلیان گرت، نەیشکێنن. نزیکەی دە "١٠" ڕۆژ دوای چوونم بۆ ڕیزی پێشمەرگە، ڕۆژی ١٩٦١/١٢/١٣ شەڕێکی گەورە ڕوویدا لەنێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی میری، کە بریتی بوون لە فەوجی یەك و (زرێپۆش)و دامودەزگای هەندەسەی سەربازی، لەکاتی شەڕەکەدا بەفڕۆکەی مێگ و هۆکەر هەنتەر بۆردومان دەکراین و لەنێواندا بەفڕۆکەی ئیلیوشن و ڤەنم گوندەکان بۆمباران دەکران، بەتایبەتی ئەو گوندانەی بەشەو پێشمەرگەکان بۆ حەوانەوە ڕوویان تێدەکرد، زیانی هێزەکانی میری لەو شەڕەدا بەم شێوەیە بوو:
١-ژمارەی ٤٥ کوژراو لە سەرباز و پۆلیس.
٢-نزیکەی ٥٠ پۆلیس و سەرباز بریندارکران.
٣-٣٥ لۆری سوتێنراو دوو زرێپۆش بەجێهێڵرابوون.
٤-چوار ئەفسەری پۆلیس بەدیل گیرابوون.
بەفەرمانی مەلا مصطفی بارزانی شەو چوومە سەردانیان، وایان هەست کرد چووم ئاگاداریان بکەم کە ئەکوژرێن، تەنها بۆ ناونووسکردنیان چووم، ئەو ئەفسەرانە ئەمانە بوون: (نقیب الشرطة عبدالخالق عبدالعزیز) یاریدەدەری ئامر فەوج بوو، پێشتر لە سەربازگەی (قوات الشرطه السیاره) پێکەوە بووین و دوو ئەفسەری دیکە (ملازم اول عبدالمنعم و ملازم طالب)، ئەفسەرێکیش امر فصیل بوو بە ناوی (عطا جمیل).
* سەبارەت بە (نقیب عبدالخالق) لەدوای نەمانی ڕژێمی عبدالکریم قاسم بوو بەبەڕێوەبەری (شرطەی عام) و دواتریش بەڕێوەبەری ئاسایشی.گشتی. دوای چەند ڕۆژێ لەسەر فەرمانی بارزانی لەگەڵ ئەشرەف عمادی و علی عەسکەری پێمان ڕاگەیاندن کە ئازادئەکرێن و بەم مژدەیە گەشانەوەو شارەزامان لەگەڵ ناردن هەتا نزیك گوندی (سکرین) و گەڕانەوە بۆ لای میری. لەو شەڕەدا دەیان چەکی سیمینۆف وکلاشینکۆف و تەقەمەنی و ئامێری بێتەل دەستگیر بوو. یەکێك لە ئامێرە بێتەلەکانم وەرگرت (ژمارە ١٢) بوو لەگەڵ مەکینەیەکی شەحنی پاتری و (٢-٣) تەنەکە بەنزین و چەند گاڵۆنێك ڕۆنی مەکینەو ٤ بەند کاغەز. دوو عەریفی بێتەلم لەگەڵدابوو (مەلا سلیمان و مصطفی ئامێدی)، دوای ماوەیەك مصطفی ئامێدی چووە لای فەرماندەی یەك (ئەسعەد خۆشەوی). شەوو ڕۆژ بروسکەی بەرەکانی شەڕیان وەردەگرت وەك فەرمانی بۆردومانکردن... هەتا چەند ڕۆژێك بەشی زۆری بروسکەکان بەکراوەیی بوون، میری لەو بڕوایەدا نەبوو ئێمە (بێتەل) مان داناوە و گوێ لە هەموو بێتەلەکانیان دەگرین. لەدوای هەفتەیەك بروسکەکانیان کرد بە (شفرە).

سەرباز کوڕی میللەتە:
سەرۆك بارزانی زۆر دڵتەنگ بوو کە ڕۆژی ١٩٦١/١٢/١٣ ئەو ژمارە زۆرە پۆلیس و سەرباز کوژراون، دەیفەرموو: "ئەوانیش کوڕی ئەم میللەتەن و بەفەرمان هاتوونەتە سەرمان، هەوڵ بدەن تەنها بریندار بکرێن، نەکوژرێن". لەو شەڕەدا هێزی پێشمەرگە پشتی لە هێزی میری گرتبوو، بارزانی فەرمانی نارد بۆ سەرقۆڵە (نەبی سەر ئاسن) پشتی هێزی میری بەربدات، با زۆریان لێ نەکوژرێ و بواریان بدەن ڕابکەن. سەرقۆڵەیەك ناوی (هەجەر) بوو برای (تێلی ئاغای دۆسکی)، نوێژکەر و لەخواترس بوو، کە تەقەی دەکرد لە سەربازێکی هێزی میری دەیگوت: (ئینشائەڵلا هەر بریندار ئەبێت و خوایە بەدەستی من نەکوژرێت).

وتووێژ (مفاوەزات):
- لەڕۆژی ١٩٦١/١٢/١٧ عەقید حسن عبود ئامر حامیەی موسڵ گەیشتە ناوچەی (سەرسەنگ) بۆ مەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ بارزانیدا بەناوی (عبد الكريم قاسم ) ەوە.
شوێنێك دیاری کرا بۆ چاوپێکەوتنیان. ناوبراو بەئوتومبێلێك گەیشتە ئەو شوێنە، کە نزیك (بامەڕنی) بوو. بارزانی سێ پێشمەرگەی دانابوو کە کاتێك وەفدەکە دەگات بیانبەن بۆ شوێنێکی تر، پێنج کیلۆمەتر لەولاترەوە بوو. لەکاتی دیاریکراودا وەفدەکە گەیشت، پێشمەرگەکان هێنایان بۆ لای بارزانی، لەکاتی کۆبوونەوەکەدا دوو فڕۆکەی مێگ هاتن و ئەو جێگایەی بڕیار وابوو کۆبوونەوەکەی لێ بکرێت درایە بەر ڕاکێت و بۆمبا،بارزانی بەوەفدەکەی ووت: "چاوتان لێیە میری چی دەکات؟ ئەگەر من و ئێوە لەو شوێنە کۆبوونەوەکەمان سازبدایە، ئێستا ئێوەش دەکوژران لەگەڵ مندا. "ئەو لێپرسراوە کە گەڕایەوە بەغدا دەستگیرکراو عبدالکریم قاسم پێی وتبوو: تۆ دەمانچەت پێبوو بۆ مەلا مستەفا بارزانیت نەکوشت؟!!".

* یەکەم بنکەی بێتەلی گەڕۆك*:
ڕۆژی ١٩٦١/١٢/٢١ لە دەوروبەری گوندی بامەڕنی بووین، یەکەم بنکەی بێتەلی گەڕۆکم لە بارەگای مەلا مصطفى بارزانی دامەزران و لەگەڵ بێتەل مستەفا ئامێدی خستمانە کار.

* وەرگرتن و شیکردنەوەی یەکەم بروسکەی شیفرەکراوی سوپا*:
شەوی ١٩٦١/١٢/٢٨ لەگوندی (قارقاراڤا) بووین لەناوچەی بەرواری باڵا، یەکەم بروسکەی (شیفرەکراوم) حەل کردو یەکەم کلیلی شیفرەم دۆزیەوە بێ ئەوەی هیچ جۆرە سەرچاوەیەکم لەبەردەستدابێ، یان لە میری بەدەست کەوتبێ: بەووردبوونەوەو تێرامان و هزرکردن و بەراوردکردن، نهێنیی ژمارەکانم لێك ترازاند و ناوەرۆکی بروسکەکەم نووسییەوە. لەو بروسکەیەدا هێزەکانی میری داوای بۆردوومانکردنی ڕیزێ گوندیان دەکرد، یەکێك لەو گوندانە (قارقاراڤا) بوو. شەو بروسکەکەم گەیاندە دەستی بارزانی. ئەو گوندانەی ناویان لە بروسکەکەدا هاتبوو ئاگادارکران پێش مەلابانگدان گوندەکانیان چۆڵ بکەن و خۆیان بپارێزن. دوای ئێوارە خەڵکەکان گەڕانەوە بۆ ناو ئاوایی و دەیانگوت: بارزانی پەیوەندی بەبەغداوە هەیە ئەگینا چۆن زانیی ڕۆژی هەینی بەیانی زوو ئەم گوندانە بۆردوومان دەکرێن !!!.
دوای ماوەیەك بەناوی ڕووباری (ئاراس)ەوە بێتەلەکەم ناونا (ئێستگەی بێتەلی ئاراس) ئیتر بەو ناوەوە مایەوە. لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەم جار بنکەی بێتەل و شیفرەم دانا بۆ شۆڕش، بە لێپرسراوی سەرەکیی ئەو دەزگایە مامەوە. چەند پێشمەرگەیەك لەسەر بێتەلەکە شەوو ڕۆژ کاریان دەکردو بروسکەی شیفرەکراویان وەردەگرت، وەك حەمە ڕەزا عبدالرحمان و مەلا سلێمان و کەسانی دیکەو منیش بێ دواکەوتن دەکەوتمە شیکردنەوەیان، لە هەمان کاتدا لەو کاغەزانەی لەلام بوو زەرفم دروستدەکردو لەسەر زەرفەکەم دەنووسی (بارزانی مصطفى) و ئەمخستە بەر دەستیان. ناوەرۆکی بروسکەکان بریتی بوون لە: پلانی هێرشکردن، دیاریکردنی ئەو شوێنانەی بۆردوومان بکرێن، دیاریکردنی ئەو شوێنانەی تۆپباران بکرێن، ئاکامی شەڕی ئەو ڕۆژە(کوژراو، برینداد، دیل، زیانی میری بەگشتی)، زانیاری لەسەر جموجۆڵی پێشمەرگە، دیاریکردنی ڕێوشوێنی پێشمەرگە، بنکەو بارەگاو شوێنی بارزانی، هەروەها ئاگاداربووین لەو زانیاریانەی کەوتبووە دەست دامودەزگای میری (بەڕێوەبەرایەتییەکان، سوپا، پۆلیس و ئاسایش، ئیستیخبارات و جاش، ...).

ژمارەی شۆڕشگێڕان و جۆری چەکیان:

له (کانوونی یەکی ١٩٦١)دا ژمارەی پێشمەرگەکان ٧٢٠ کەس بوون، نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگەیان بێ چەك بوون و بێ چەکەکان زۆریان تەنها خەنجەریان پێ بوو، دوو شوانیش بوون بەپێشمەرگە، گۆپاڵەکانیان پێ بوو، واتە گۆچانەکانیان، لەکاتی شەڕدا بێ چەکەکانیش دەکەوتنە دووی پێشمەرگە چەکدارەکان بەمەبەستی چەك وەدەستهێنان. جۆری چەکەکانی ئەوکاتەمان بەم شێوەیە بوو:
- تفەنگی بڕنەو(بڕنەوی درێژو بڕنەوی کورت).
- تفەنگی ئینگلیزی و پۆڵۆنی، تاپڕی یەك لوولە و ژمارەیەکیش تاپڕی دوو لوولە، بەڵام بەهەردوو چەشنەکەیان دەوت(جفت).
کە گوندێکمان جێدەهێشت بەردەوام ٣-٤ گەنج دەهاتنە ڕیزی لەشکرەوە، هەمووشیان بێ چەك بوون، هیچ کام لەو گەنجانە بەنیازی پلەو پایە نەئەبوون بەپێشمەرگە، بەڵکو هەستی کوردایەتی و بەئاواتی ڕزگارکردنی کوردستان بوون. کەسانی دیکەش کە دەهاتنە ڕیزی پێشمەرگەوە لەبۆتەی ئامۆژگاریی بارزانیدا دەتوانەوەو ئامانج وهیوایان دەبووە خزمەتی گەل و نیشتمان، دواتر پ.د.ك بەشی خۆی ڕۆڵ و ئەرکی گرتە بەر، بەفەرمانی بارزانی، کوشتن، تۆڵەسەندنەوە، ئاسەواری بنبڕ کرا لەناو دێهات و ناوچە ئازادکراوەکاندا، سەرپێچیکەرو خۆخۆییکەرو تۆڵەسێن جێ و شوێنیان نەدەبووەوە، بەرەکانی شەڕ بوونە قوتابخانەی فێربوونی هونەری شەڕی پارتیزانی و پتەوکردنی هەستی کوردایەتی...
- لەسەرەتای شۆڕشدا ، شان بەشانی لەشکری بارزانی ئەم کەسایەتیانە ڕۆڵی قارەمانیەتی خۆیان دەبینی لەبەرەکانی شەڕدا لەناوچەی بادینان : ڕەشید ئیسماعیل گرڤیلی ، علی کورە مارکی ، ئەحمەد حاجی محێ، محمد علی دێرگژنیکی ، ئەحمەد حەسەن باجەلوری ، حەمو کەمەکی ، دەروێش بێسفکی ، فەرحۆ کەشانی ، حاجی ڕەمەزان سلێڤانەیی ، وەیسی- بیبانی ، حمید حفزوڵلا ،خورشید مزوری ژێری، شەریف گۆیی ، نەعمان بۆسەلی ، علی محی بێتاسی ، سلێمان سندی ، محمد علی بناڤی ، سەبری هەڵوەیی ، ڕەمەزان ڕەشوئۆرمانی ، عومەر تروانشی. عبدالرحمان بێدوهی ، حمید شەریف ، عەریف سعید مایی ، عریف محمد بریفکی ، ڕەشید حاجی بامەڕنی ، میرزا هێتیتی ،ئیشو ئەرەدنی،عبداللە ئامێدی ، مستەفا لیناڤایی دهوکی ،جوبرائیل محمد سێلکی ، ساڵح شێمەد ، میکائیل بژیانی، عزیز بوسی . ئەو جەنگاوەرانەی سەرەوە ، دوای تۆمارکردنی چەندەهانەبەردی و لەخۆبوردەیی ، گشتیان لەشۆڕشی ئەیلولدا بونەتە کۆچی قوربانی لەپێناو مافی میللەتی کورددا.

*پێکاندنی فڕۆکەی هۆکەر هەنتەر*:
پێشمەرگەیەکمان لەگەڵدابوو قسە خۆش بوو، تفەنگێکی (تاپڕ)ی بەشانەوە بوو، لەدەوروبەری (زاوێتە) فڕۆکەی هۆکەر هەنتەر دەهاتە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دوای دایڤکردن، لەکاتی هەستانەوەیدا لە ئەگزۆزو تەنوورەکەی دوایەوە گڕو دووکەڵی لێ دەهاتە دەرەوە، پێشمەرگەکە بەتاپڕەکەی زرم تەقەیەك لە تەیارەکە دەکات، کە ئەو دووکەڵ وگڕەی پشتەوەی فڕۆکەکە دەبینێ بەهێزی خۆی پێکاویەتی، لەبەرخۆیەوە دەڵێ: بابگەیتەوە موسڵ قوونی خۆت دەبینی، چیی لێ بەسەر هاتووە!.

لەشکر: قۆڵ، هێز:
لەسەرەتادا بەتێکڕای هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەوترا (لەشکر). (قۆڵ) لە ١٥-٢٠ پێشمەرگە هەتا ١٥٠ پ.م پێکهاتبوو، لێپرسراوەکەیان پێی دەوترا (سەرقۆڵ)ە. دوو یاریدەدەری هەبوو، یەکێکیان بەهامڕای خۆی دەبوو، دووهەمیان لەبارەگای دواوە دەمایەوە لەگەڵ ٦-٧ پ.م بۆ دابینکردنی ئازووقەو تەقەمەنی و

ئاو بۆ هەموو قۆڵەکەو سەرپەرشتیکردنی بریندار و شاردنەوەو ناشتنی شەهیدو جاری واش بوو وەك هێزێکی فریادڕەس دەگەیشتە قۆڵەکەی خۆی یان (قۆڵ)ێکی دیکەی نزیك بەبەرەکەی خۆی.
* هێز بریتی بوو لە ٥-٦ قۆڵ، هەتا ١٠ قۆڵ، لێپرسراوەکەیان پێی دەوترا (ئامیر هێز، یان فەرماندەی هێز)، یەك قۆڵ پ.م لەبارەگای دواوەی هێز دەمایەوە بۆ مەبەستی دابینکردنی ئازووقەو تەقەمەنی و جلوبەرگ و کۆکردنەوەی هێزی فریادڕەس بۆ بەرەکانی پێشەوەو پاراستن و هەدارکردنی ناوچەکانی پشتەوەی هێزو ڕاپەڕاندنی هەرکارو باروفەرمانێکی دیکە کە فەرماندەی هێز لەکاتی پێویستدا پێی ڕادەگەیەنێت. بارزانی لەناوچەی بادینان سێ هێزی سەرەکی دامەزران:
هێزی زاخۆ: ژمارەی (٦٠٠ پ.م) ی چەکدار، لەژێر فەرماندەی (عیسا سوار) دابوو، بەهاوکاری (علی هالۆ، مەلا حەسەن، حاجی سادق).
هێزی دهۆك: ژمارەی (٣٥٠ پ.م) ی چەکدار، بەفەرماندەی (علی خەلیل خۆشەوی).
هێزی شێخان: ژمارەی (٤٠٠ پ.م) ی چەکدار، بەفەرماندەی (حەسو میرخان دۆڵەمەری).
* لەشکر پێکهاتووە لە سێ هێز یان زیاتر، لێپرسراوەکەیان پێی دەوترا (سەرلەشکر، یان فەرماندەی لەشکر). سەرلەشکر بەشێوەیەکی فراوانتر هەڵدەسێ، بەجێبەجێکردن و ئەنجامدانی هەموو ئەو ئەرك و فەرمانانەی لە ئەستۆی سەرقۆڵ و ئامر هێزدا بوون و ئەنجامدانی فەرمانەکان و ڕێنماییەکانی سەرۆك بارزانی. بارەگای لەشکر لەناوچەی هەرەدواوەی هێزەکاندا بوو، ئەسعەد خۆشەوی، سەرلەشکری یەك(١)ی بادینان بوو، بەردەوام ٦٠٠ پ.م ی چەکدار لەژێر فەرمانیدا بوو، مەلا حەمدی (کوردی سوریا) سکرتێرو هەڵگری دەفتەرچەی شیفرەی لەشکری یەك /بادینان بوو، پ.م سلیم اسعد خۆشەوی یاریدەدەر بوو.
* سەرقۆڵە: ئەحمەد ئاغای ئامێدی و سدق ئەحمەد ئاغا لەگەڵ ٤٠٠ پ.م چەکدار، پاراستنی (چیای مەتیناو چیای گارە)یان پێ سپێردرابوو.
عوزێرئاغا دۆڵە مەڕی ، مامەند کەکۆ ، هاشم مێرۆزی ، یاسین مێرۆزی ، عبدالرحیم جەسیم ، حسین جەرگیس ، سەفەت شیڤی ، سلێمان لاچ، تەیمەز ئارەب ، عبداللە علی کوڕانی ، سەنعان سلوری ، ئەحمەد هەرکی ، وەسمان ئەر گۆشی ،مەجید بۆسی ،حسین شێخ بەنانی ، خالد دێزۆیی .ئەم کەسایەتیانە لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە لەگوندی (لێرەبیر، سیدان )وناوچەی مزوری ژووری گەیشتنە هێزەکەی مەلا مستەفا بارزانی و ئەمیش سوپاسگوزاری کردن کە تفەنگیان کڕیوە و ملی خۆیان کەچ کردووە بۆ بەرەڤانی کردن لەخاکی کوردستان و خۆ ئامادەکردن بۆفیداکاری کردن وپابەند بوون بە بڕیارو ڕاسپاردەی بەرپرسی خۆیان .لەناوچەی بادینان سعید شعبان ئامێدی وسەلیم چێیی و محمود ئاغا چەمانکێ و (غازی حاجی مەلۆ و عبدولواحید حاجی مەلۆ) ی مزوری لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە دەستیان دابووە چەك وگەیشتنە هێزەکەی مەلا مستەفا بارزانی . ڕۆژی ١٩٦١/١٠/٢٠ هێزەکەی بارزانی دەگاتە (ناوچەی عەشیرەتی نێروەیی)ومحمد نێروەیی و نەزمی نێروەیی ومەلا ئەحمەد دۆتا زایی وەمستەفا نێروەیی چونە ناو هێزەکەی بارزانیەوە . لەگوندی (مایی ) لەناوچەی (بەرواری ژوور ) جەمیلەسور بامەڕنی و ئەحمەد شانە هەروری و توفیق بەگ بەرواری پەیوەندیان بەهێزەکەی بارزانیەوەکرد. لە(ناوچەی گولی ) محمد حاجی صادق گولی ئامادەیی خۆیو دانیشتوانی ناوچەی گولی خستە بەر دەستی بارزانی بۆ بەشداری کردن لە شۆڕشی ئەیلوولدا.لەدەورو بەری ١٩٦١/١١/١٥ لە (ناوچەی سلێڤانی ) ئەم کەسایەتیانە هاتنە پاڵ شۆڕش : فیصل نزارکی ، سلێمان حاجی بدری ، علی علی کۆچەر ، علی هالۆ ، عەریف دەروێش سندی ، عبداللە رحمان دینو، مەلا حمدی سوری ، نعمو صمد کۆچەر ، میرخان باوەڕکی ، ڕەمەزان گولی ، سەلمان محمەد بامەڕنی ، تاهر ڕەشاڤەیی ، سەید سالح، صالح سلیم نالبەند بامەڕنی .

لەسەرەتادا، بەهۆی تەتەرو پۆستەی دەستیی درەنگ خایەنو، دوای ماوەیەکی کورت بەهۆی ئامێری بێتەلەوە شەوو ڕۆژ سەرلەشکر ئەسعەد خۆشەوی پەیوەندی بەهەموو هێزەکانەوە دەکردو بەردەوام بەبروسکە ئاگاداری بارزانی دەکرد لە هەڵوێستی ڕۆژانەی خۆی و هێزەکانی بادینان.
لەسەرەتای شۆڕشەوە هەتا ساڵی ١٩٦٤ هێزەکانی بادینان و ئەو هێزەی بەهامڕای بارزانی بوو لەژێر ئەو ڕێکخستنەدا بوون، دواتر پ.د.ك لەناوچەی سۆران (دەستە، پەل، لق، بەتالیۆن، هێز)ی دانا. بارزانی جارێکی دیکە لەسەرانسەر کوردستاندا بۆ ٣-٤ هێز (سەرلەشکر)ی دانا، واتە ٣-٤ هێز لەناوچەیەکی دیاریکراودا بوو بە (لەشکر).
ـ بارزانی بەردەوام ئاگاداری میللەت و سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانەی دەکرد کە ئەگەر نەشتوانن بێنەناو شۆڕشەوە هیچ نەبێ باچەکی جاشایەتی هەڵنەگرن . لەئەندامانی پارتی تەنها ئەو کەسانە لەشارەکانەوە دەهاتنە ڕیزی شۆڕشەوە کە توانای چەك هەڵگرتنیان هەبوو یان مەترسیی گرتنیان لەسەر بوو لەلایەن میریەوە .

فەرماندەو هێزەکانی ناوچەی بادینان:
وەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد: هێزی زاخۆ، عیسا سوار عیسا ١٩٢٦_ ١٩٧٥/٣/٢٠  فەرماندەی هێز بوو، عەلی خەلیل خۆشەوی  ئاڤدیش  فەرماندەی هێزی دهۆك، حەسۆمیرخان دۆڵەمەری فەرماندەی هێزی شێخانو، أسعد خلیل خۆشەڤی ئاڤدیش سیلکی ١٩١٨ - ١٩٧٧/٥/٣١ سەرلەشکری یەك بوو. ئەم فەرماندانە ئەوکەسانە بوون کە لە تەمەنی لاویەوە لەگەڵ بارزانیدا بوون لەکوردستانی باشوور، لە کۆماری مەهاباد لەکوردستانی ڕۆژهەڵات وساڵانی دەربەدەری لە ڕووسیا.
پێشمەرگەکان و سەرقۆڵەکان خەڵکی گوندەکانی بادینان بوون و هەروەها ئەو پۆلیسانەی کە مەرکەزو مەخفەرەکانیان چۆڵدەکردو بەچەك و تەقەمەنیەوە دەگەیشتنە لەشکر. پیتاك و ئابوونەو دەقنە لە میللەت نەدەسێنرا، پارەوپوول لەگیرفانی پێشمەرگەدا نەبوو، نانخواردن  لەسەر میللەت بوو، پێشمەرگەی جگەرەکێش کیسەکەی بەرباخەڵیان بۆ پڕدەکرد لە تووتن و دەفتەرێك بەرماخیشیان ئەدایە، خێرەومەندان پارەی زەکاتیان بەسەر پێشمەرگەدا دابەش ئەکرد، بەویست و خواستی خۆیان بۆ دابینکردنی جل و پێڵاو.
بەدرێژایی ساڵانی ١٩٦١، ٦٢، ٦٣، و٦٤ نە لە پارتیەوە (م.س)ی کۆن نە لە لایەنێکی دیکەوە هیچ جۆرە یارمەتیەکی ئابووری و دارایی و داهات بەلەشکری بارزانی نەدەگەیشت...، پ.م مووچەی دیاریکراوی نەبوو، لە ساڵی ١٩٦٤ هەباس ئاغای مامەند ئاغاو شێخ حسین بۆسکێن دەستی یارمەتی و جوامێرییان لەکاتی پێویستدا گەیاندە لەشکر و دوای وەفاتی هەباس ئاغا، شێخ حسین بۆسکێن چەند جارێکی دیکەش بەویست و ئارەزووی خۆی پارەی مۆڵی ئەدا بەلەشکر، بارزانی مەبلەغی ئەو پارانەی لای خۆی یادداشت دەکرد لەکاتی بووندا بیانداتەوە. بەرەوکۆتایی ساڵی ١٩٦٣ لە (دۆڵی ئاکۆیان) بووین، (هەباسی مامەند ئاغا) ئەوگەنم و جۆو دانەوێڵەیەی لە ئەمبارەکانیدا بوو، خستیە ژێر دەستی شۆڕشەوەو دابەش دەکرا بەسەر بەرەکانی شەڕداو بەسەر خێزانی پێشمەرگەدا، بۆ ناهەمواریی تووشی نەخۆشی گرانەتا بوو، لەکاتی کورتە مفاوەزاتێکدا لەنێوان میری و شۆڕشدا لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٦ نێررا بۆ خەستەخانەی کەرکوك، میری زانیاریی لابوو کە ئەم زاتە پاڵپشتێکی گەورەی شۆڕشی نەتەوەی کوردە، بەشرینقە پلەی گەرمیی تایەکەیان بەرزتر کردەوە و شەهیدکرا.

چالاکیی پ.د.ك لە بادینان:

پ.د.ك وەك حیزبێك كە بارزانی سەرۆكی بوو، لەڕووی یارمەتی و پشتگیریی ڕامیاری و دارایی، لەسەرەتای شۆڕشەوە هەتا ساڵی ١٩٦٤ نەگەیشتبووە ناوچەی بادینان، یان وانەبوو چالاكی لە بادینان دەركەوێ. لە ناوچەی بادینان لە چوار پێنج گوند ڕێكخراوی پ.د.ك هەبوو، لەگوندی (سپێندار- لەناوچەی سندی و (گـۆهەرز) نزیـك ئامێـدی و لە شـارۆچكەی (بـامەڕنی)و گونـدی (كەشـان) لە نـاوچەی گـولی‌و، لەنـاو (ئامێـدی)داو نـاو (دهـۆك)دا كۆبـوونەوەی پارتـایەتی بەنهێـنی دەكـرا. ئەو ئەنـدامانەی هـاتبوونە ڕیـزی لەشكرەوەو چەكیان هەڵگرتبوو.

گرتنی شارۆچكەی كانی ماسی لە بەرواری باڵا:
كۆتایی مانگی١٢/١٩٦١ پێش ئەوەی بگەینە نزیك شارۆچكەی (كانی ماسی) لە ناوچەی (بەرواری باڵا)، دامودەزگای ناحیەكە بەبیستنی ناوی بارزانی و لەشكرەكەی، بەخۆیان و ٢٠٠ چەكدارییانەوە هەڵهاتن و چـوونە ئەودیـو سـنووری توركیـا. بـارزانی: بەنـاوو ئیمـزای خـۆیەوە نـامەیەكی ئاڕاسـتەی نـزیكترین هـێزی چەكداری توركیا لەودیو سنوورەوە كرد، كە دەبێ لەماوەی سێ ڕۆژدا ئەو چەكدارو لێپرسراوانەی لە (كانی ماسی) یەوە گەیشتوونەتە توركیا تەسلیممان بكەنەوە، ئەگینا ناچاردەبین هێزەكانمان دەكەین بەناو خاكی توركیـادا و شـوێن دوژمـنی خۆمـان دەكەویـن هەتـا (ئەنـقەرە)، بێ ئەوەی دەسـتدرێژی بكەیـنە سـەر هـێزی چەكـدار و دامودەزگای توركیـا. دوای نـاردنی نـامەكە بەدوو ڕۆژ هەموویـان بەسـەر چیـای (سـەری زێـڕ)دا كرانەوە بەئەمدیو سنووردا. لەوكاتانەدا چیاكان و دەشتودەر هەموو بەبەفر داپۆشرابوون، زۆریان كەسیرە بووبـوون. لەدامێنی چیاكە دەسـتگیر كـران و چەك كـران و دوای لێكۆڵینەوە بەرەڵا كـران، مـدیر نـاحیەكەو چەنـد مفەوەزێكی پـۆلیس عەرەب بـوون چـوونەوە لای مـیری و ئەوانەی كـورد بـوون و خەڵكی دێهـاتی ئەو ناوچەیە بوون، چوونەوە سەر گوندەكانی خۆیان.
ئەوكاتە دیلەكان بەنـد نەدەكـران و ئارەزووی خۆیان بـوو بچنەوە لای میری یان لەژێر سێبەری شۆڕشـدا بمێنـنەوە، بـارزانی دەیفەرمـوو: هێشـتنەوەی دیـل و دابینكـردنی خـواردن و جـێگەو پاسـەوانیكردنیان ئەبێ بەئەرك بەسـەر میللەتەوە، با دیلەكان دڵنیابن ئێمە نە دەیانكوژین و نە بەندیان دەكەین، ئەگەر جارێكی دیكەش لەگەڵ هێزی میریدا نێردرانەوە بۆ شەڕی ئێمە بەئاسانترو بێ ترس خۆیان ئەدەن بەدەستەوە.

دەرمانسازی:
لەگوندی كانی ماسی لە ناوچەی بەرواری باڵا نەخۆشخانەیەكی پچووكی لێ بوو، بەڕێوەبەرایەتی ناوچەكەو پۆلیسەكان و جاشەكان ئەو ناوچەیەیان پێ چۆڵكرابوو چووبوونە ئەودیوو سنووری توركیا.
دەرمان و پێداویستییەكانی نەخۆشخانەكە بەمن سپێردرا، كە داوای دەرمانێكیان لێ دەكردم بۆ سـكچوون یان ڕشـانەوە یاخود برینداریی، دەبوایە ئامۆژگاریی ناو ئـەو دەرمانانـەم لە نووكەوە بخوێندایەتەوە و بزانم كامیان بۆ ئەو مەبەستەیە، بەم جۆرە شان بەشانی كاری شیفرە، ماوەیەكیش برینپێچیشیم دەكرد، كە كاری منیش نەبوو.

ڕووخاندن و پڕكردنەوەی ئەشكەوتەكانی كوردستان لەتوركیا:
بەگوێرەی دەنگوباس و ئەو زانیارییانەی كە لەودیوو سنووری توركیاوە پێمان دەگەیشت، سوپای توركیا دەسـتی كـردووە بەڕووخانـدن و پڕكـردنەوەو هەڵچنیـنی ئەشـكەوتەكانی كوردسـتانی بـاكوور و داخسـتنیان بەكۆنكرێت.

هەروەها دەستنیشانکردنی کانیاوەکان و سەرلەنوێ دروستکردنی نەخشەی کانتۆری لەلایەن سوپایانەوە، بۆ لوتکەی چیاکان و شیوو دۆڵەکانی کوردستان، مەبەستەکەیان ڕوون و ئاشکرایە.

دایڤی داڵەکەرخۆرە:
لە سەردەمی ڕژێمی عبدالکریم قاسمدا، فڕۆکە جەنگییەکان بەزۆری لە ڕانەمەڕو گاگەل و کەرو وڵاخیان ئەدا، ئەوەی کە سەرنجراکێش بوو، شان بەشانی دایڤ( ) و هاتنەخوارەوەی فڕۆکەکان بۆ بۆردوومانکردن، داڵەکەرخۆرەکان، سیسارکە کەچەڵەو قەل وداڵەکان لەبەرزییەوە بەرەو شوێنی بۆردوومانەکە دەکشانە خوارەوەو لایان ئاشکرا بوو کەلاکی ئاژەڵ و ماڵاتیان بەچنگ دەکەوێ.
پێشمەرگەو دێهاتییەکان لە ئاستی فڕۆکەدا دڵیان نەدەلەرزی، کە فڕۆکە جەنگیەکان دەهاتنە سەرمان، دەیانگوت: ئەوا کەرکوژەکان هاتنەوە.
لەچیاکان بەگشتی و لە ناوچەی بادینان بەتایبەتی، باڵندەی گۆشتخۆر و مەلی ڕاوچی و هەروەها ماسی خۆرو مارگر هەن، بۆ نموونە: باز، بایەقووش (کونە پەپوو)، ترلان (تەلان)، چەرخ (هەڵۆ)، چەڵك (هەڵۆی ماسی خۆر)، قوڵنگ (قازوقوڵنگ)، زیقاوڵە (ماسیگرە، تیتر واسك، تیلەپێچاخ)، هەق هەق کەرەی شەو (حەق حەقۆك)، سیسارك، سیسارگ (سیسارگە کەچەڵ، سەرگەڕ)، شاهۆ، شینە شاهۆ (شیرین شاوە)، شایەن (شاهێن، شایین)، شەلاقە، شمقاڕ، قەلەڕەشکە، قەلەباچکە، چێرگ (مێشەسی)، لەق لەق (حاجی لەق لەق، بۆقە خۆرە)، واشە، داڵ (داڵەکەرخۆرە، لاشەخۆر)، دووبراله (مشك گرە).
لەساڵانی پێش (١٩٦١) ڕاووشکار بەچەکی هەمە چەشنە بەربڵاو نەبوو، تەق و تۆق و تۆپ باران و بۆردوومان لەئارادا نەبوو، لەبەرئەوە؛ ئەو کاتانە لەوەرزی ئێلاخاندا بەهەزاران پۆل قازو قوڵنگ و چێرگ و مەلی کۆچبەر لەکاتی چوونە (هەواران و ئاران)دا، واتە کۆچاوکۆچدا، بە (کۆڕەو) ڕوویان دەکردە کوردستان.

ڕەشاشی فیکەرس:
عبدالکریم قاسم ناوبەناو وتارێکی ئاراستەی میللەت دەکردو دەیگوت مەلا مصطفی بارزانی و چەکدارەکانی لەفڵان ناوچە بەگیرهێنراون و لەم ڕۆژانەدا خۆیان ئەدەن بەدەستەوە، یان زوو زوو مژدەی نەمانیان بڵاودەکردەوە یان دەیگوت ژمارەی یاخیبووەکان لەپەنجەی دەست تێناپەڕێت. ڕۆژێکیان بارزانی فەرمووی: ئەگەر عبدالکریم قاسم لەگەڵ هەر درۆیەکیا بایەکی لێ بەربێتەوە دەبێ بەڕەشاشی فیکەرس.
بارزانی فەرمووی: "حکوومەتی عبدالکریم ڕێگەی زوڵمی گرتووە بەرامبەر بەکوردو میللەتی عێراق، ئەگەر کورد بەرهەڵستیشی نەکات، عبدالکریم بەکەرێتیی و بەزوڵم کردن (خۆی، خۆی لەناودەبات)، [إذا أراد الله هلاك إمرئٍ ألهمَهُ الگیشَ والجنون]. ڕۆژ بەڕۆژ شێتگیرتر دەبوو بۆ ڕاگرتنی کورسیەکەی و هیچ گوێی نەئەدا بە بەرژەوەندیی گەل.

* ڕۆژانی -١٩٦٢- *

مەکتەبی سیاسی و حەوت هەزار دینار:
ساڵانی ١٩٦١ هەتا ١٩٦٤ (مەکتەبی سیاسی پارتی)ی ئەوکاتە هیچ ڕۆڵ و بوونێکی نەبوو لەناوچەی بادینان، لەنێوان ساڵی ١٩٦١و ١٩٦٢ تەنها یەکجار نوێنەری م.س عەلی حەمدی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك بوو هات بۆ لای بارزانی، لەنزیك گوندی (بناڤێ)، لەناوچەی بەرواری باڵا. لەوکاتەدا لەشکری بارزانی زۆر نەدارو نەبوو بوو هەموو دارایی بارەگاکە نەدەگەیشتە (پەنجا دینار). عەلی حەمدی،

حەوت هەزار دیناری هێنابوو، بەڵام بارزانی لێی وەرنەگرت، لەوە دڵگیر بوو کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە (م.س) لێی نەپرسیوەتەوە و هیچ جۆرە یارمەتیەك کە بۆ شۆڕش پێویست بێت نەنێراوە بۆ هێزەکانی ناوچەی بادینان، هاتنی عەلی حەمدی بۆ لای بارزانی لە ڕۆژی ١٩٦٢/١/٧ دا بوو.

ڕۆژی دووشەممە ١/کانونی دووهەم/١٩٦٢:
ئەمڕۆ لەگوندی (دێرشیش) لەناوچەی بەرواری باڵاین، بێتەلەکەمان دامەزراندووەو گوێ لە بێتەلەکانی میری دەگرین.

حاجی سادق برۆ:
ڕۆژی هەینی (٥/کانونی دووهەم/١٩٦٢) لەگەڵ عەلی عەسکەری و عبدالرحمن سید علی و ژمارەیەك پ.م لە ڕوباری (پێشابور) (خاپور) پەڕینەوە و بەسەر گوندی (نەرمکێ) دا ڕۆیشتین بۆ شارۆچکەی (باتوفە) و گوندەکانی عەشیرەتی (گولی) و (سندی) بۆ ئەنجامدانی هەندێ فەرمانی بارزانی. لە(باتوفە) چووینە لای حاجی سادق برۆ، سەرۆك عەشیرەتی (گولی) مرۆڤێکی بەساڵدا چووی ئاغرو پڕهۆش و بیرتیژ بوو باسی، شێخ مەحموودی حەفیدی بۆ کردین و باسی ڕابوردووی خۆی بۆ گێڕاینەوە، کە چۆن ئەم لە شەڕو بەرهەڵستی ئینگلیزدا بەتفەنگی ماوزەڕ توانیویەتی لە ناوچەی (باتوفە) فڕۆکەیەکی جەنگی بخاتە خوارەوە...

ژیانی پێشمەرگایەتی:
ئەو سەردەمە ئێمەی پێشمەرگە هیچ داهاتێکمان نەبوو، لەبەرئەوە ژیانمان پڕ بوو لە برسێتی و ماندوویەتی و مەینەتی. جارێکیان برادەرێکی بارزانی کە ناوی (تاج الدین) بوو فێری کردم هەمیشە چنگێ گەنمی وشك لەگیرفانمدا بێ و لەکاتی برسێتیدا لێی بکرۆژم و لەناو دەمما بیهێڵمەوە ئەمە هەستی برسێتی کەمدەکاتەوە. ئاخاوتنەکەی ڕاست دەرچوو. بەڵام زۆرجار ئەو چنگە گەنمەش وەدەست نەدەکەوت. هاتوچۆمان لەم چیا بۆ ئەو چیا و لەم شیوو دۆڵ یان لەم گوند بۆ ئەو گوند بەپێ ڕێگەمان دەکوتا و هیچمان هەستمان بەبێزاری و نارەحەتی نەدەکرد. کە پێشمەرگەیەك شەهیددەکرا ئاواتمان پێدەخواست کە بەختەوەرەو لەم ڕێگە پیرۆزەدا شەهیدکراوە، ئەوەی سڵمان لێ نەدەکردەوە مردن بوو. هەموو یەك دەنگ و یەك بیروباوەڕ و یەك ئامانجمان هەبوو، ئەویش ڕزگاریی کوردستان بوو، کەلێنی جیاوازی لەنێواندا نەبوو.
ڕۆژی سێ شەممە ١٩٦٢/٢/٢ لە ناوچەی (بەرواری باڵا) بووین، لەگوندی (بێدوهێ) بەفر تا ئەژنۆیەك لە ئەرزدا مابوو، فەرمانمان بۆ هات بچین بۆ گوندی (بناڤێ)، پێڵاوەکانم کەڵکیان پێوە نەمابوو و نەمدەتوانی دوای برادەرەکانم بکەوم، عەلی عەسکەری گەیشتە گوندی (بناڤێ) و لەوێوە جووتێ پێڵاوی لاستیکی بۆ ناردم و توانیم بکەومە ڕێ و بگەمە لای برادەرەکانم. لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلولدا بودجەو توانایی ئابووریمان تەنیا ئەو نانەسکییە بوو کە دانیشتوانی گوندەکان بەڕەزامەندیی خۆیان دەیاندایێ، بۆمان نەبوو بەزۆرە ملێ نان لە خەڵك بسێنین. کە بەلای ڕەزو بێستاندا دەڕۆیشتین بەبێ ئاگاداری ڕەزەوانەکە یان بێستانەوانەکە بۆمان نەبوو ترێ یان خەیار و کاڵەك و شووتی بڕنینەوە و بیخۆین.

نووسراوو بڕیاری گرنگی لیژنەی ناوەندیی مەکتەبی سیاسی پ.د.ك:
لەدانیشتنێکدا شەوی شەممە ١٠ شوباتی ١٩٦٢ لەگوندی (ئەدەنە) بووین، بارزانی فەرمووی: لەگوندی (شانەدەر) بووم شەوێکی تەڕوتووش بوو، یەکێك لە پاسەوانەکان هاتە ژوورێ وتی.. سێ لایت بەدەست

لەدوورەوە دیارن بەرەو دەشتایی دەڕۆن و ئەولایەش زۆر قووڕولیتەیە تەنانەت ئەسپسواریش لێی دەرناچێ، بارزانی دەڵێ هێمایان بۆ بکەن، دڵنیام بۆ لای ئێمە دێن. پاسەوانەکان لەدوورەوە بەفەلەمەی لایتەکان ئیشارەتیان بۆ دەکەن و دەیانخەنەوە سەر ڕێی بەرەوگوندی(شانەدەر).
فەرمووی: کەهاتنە ژووری سێ هەڤاڵانی ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی بوون، دوای گۆڕینی جلە قووڕاوییەکان و پشوودانیان لێم پرسین، خێرە ئاوا بەپەلە و ناوەخت هاتوون؟
هەندێ نووسراوو بڕیاری گرنگیان پێ بوو هەموو ئەندامانی لیژنەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی ئیمزایان کردبووو داوایان لێ کردم منیش ئیمزای بکەم، پێم وتن ئێستا من بۆ شۆڕش و مافی کورد ئەم شوێنە سەختەم گرتووە و، ئەوانەی دەوروپشتم هەموو شۆڕشگێڕو چەکدارن، منیش لەلایەن میللەتەوە بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێرراوم، ئایا دەشێ من دواکەس بم ئیمزا بکەم؟ لێرەدا هیچ وەڵامێکیان پێ نەبوو.
لێم پرسین: ئایا ئێوە لای خۆتاتەوە ئەوەندە چەك و تەقەمەنیتان ئامادەکردووە کە هیچ نەبێ چوار پێنج مانگ بەرهەڵستی سوپای عێراقی پێ بکەین هەتا خۆمان دەستکەوتمان دەبێت؟
پێم ڕاگەیاندن وای بەباشتر دەزانم پێشەکی هەوڵ بدەین چۆن بتوانین چەك و تەقەمەنی و ئازووقە بۆ دوو سێ هەزار چەکدار پەسمەندە بکەین بۆئەوەی تووشی مەینەتیی گەورە نەبین.
وتیان: ئەوەندەی چەکدار پێویستبێ بۆ گرتنی گەلی و دەربەندەکانی کوردستان ئامادەکراون و دڵنیاین تەقە لە تفەنگمانەوە هات ڕژێمی قاسم بەلادا دێت!!
دواجار فەرمووی: ڕژێمی قاسم هەرماوە و ئەو برادەرانەش کە هاتنە لام ئێستا پشتیان تێکردووم، بەڵام من پشت بەخواو پشت بەمیللەتی کورد کەمتەرخەمی ناکەم و خەباتم بەردەوام دەبێ بۆ خزمەتی خاك و نەتەوەی کورد.

بەرەو ناوچەی بەرواری ژێر:
ڕۆژی دووشەممە ١٢/شوبات/١٩٦٢ بەفەرمانی بارزانی، ئەسعەد خۆشەوی بوو بەفەرماندەی هێزەکانی ناوچەی بادینان. لەگەڵ لەشکری بارزانی بەرەو ناوچەی بەرواری ژێر کەوتینە ڕێ، ئێوارەی پێنجشەممە/١٥شوبات/١٩٦٢ بەسەر (چیای مەتینا)دا، لەگەڵ عەلی عەسکەری و قوڵی بێتەلی ئاراس کەوتینە ڕێ، لەژێر زرموهۆری تۆپەکانی سەربازگەی (سکرین) بەڕێگەوە بووین و سەعات شەش و نیوی بەیانیی ڕۆژی هەینی گەیشتینە گوندی (سپێندار) لە ناوچەی بەرواری ژێر، دوای نیوسەعات فڕۆکەی جەنگی گەیشتە سەرمان و دەوروپشتی گوندەکەی بەڕاکێت و شەستیر داگرتەوە، زەرەرو زیانمان نەبوو.

*بودجەی بارەگای سەرۆك بارزانی*:
ڕۆژی دووشەممە ١٩٦٢/٢/١٢ کاتێ لەگوندی (ئەدەنە) بووین لە ناوچەی (بەرواری باڵا)، ئەحمەد تۆفیق سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەبارزانی وت: "پێشمەرگەکان زۆر بێ جلوبەرگن، بێ پاڵتۆو پێڵاون، ڕێگام پێ بدە بچم بۆ دەوروبەری ئەودیو سنووری عێراق، بەداخوازی یان بەباربووکردن هەندێ جلوبەرگ وکاڵاو پێڵاو بۆ پێشمەرگەکان دابین بکەم"، بارزانی فەرمووی: باشە بڕۆ.
ئەحمەد تۆفیق وتی: " بۆ ئەم مەبەستە هەندێ پارەم پێویستە بۆ ئەو ڕێگا دوورودرێژە کە لە زۆر شوێن ناچار ئەبم بەپارە خۆراك بکڕم هەتا ئەگەمە گوندەکانی ئەودیو سنووری ئێران، "بارزانی بانگی پ.م یونس عەقراویی کردو لێی پرسی چەند پارەمان هەیە؟ گوتی قوربان ٢٨ دینارمان هەیە، فەرمووی: دەباشە زۆری بدە بەئەحمەد و بەشە کەمەکەی بۆ خۆمان دابنێ؟ یونس ١٨ دیناری دا بەئەحمەد تۆفیق و ١٠دیناریشی. هێشتەوە بۆ بودجەی بارەگای سەرەکیی شۆڕشی ئەیلول".

جاشی گوندەکانی (نسرەو رەبەتکێ):
١٩ی/شوبات/١٩٦٢ جاشەکان، دوای ماوەیەکی کورت بێ کوشتار خۆیان بەدەستەوە دا، لەم رۆژانەدا میری بەهۆی سێ کەس لە دانیشتوانی ئەم دوو گوندەوە ئەفسەرێکی نارد بۆ لای بارزانی کە بەپارەو ماڵی دنیا رازیی بکەن، شەڕو کوشتار لە نێواندا نەمێنێ...، لەوەڵامدا بارزانی فەرمووی: با میری کارو فەرمانی باش بکات بۆ میللەتی عێراق و ئەم باشییە کوردیش بگرێتەوە زوڵم و زەلالەت کۆتایی پێ بهێنن وکورد رازی بکات، من تەنها نەفەرێکم لەناو کورددا، تەنیا رازیکردنی من بایەخی نییە، ئەگەر کورد بەمەزڵومی بمێنێتەوە، واتە ئەگەر کورد بەمافی خۆی نەگات.

* رۆژی پێنجشەممە و هەینی ٢٣، ٢٤/شوبات/١٩٦٢
فرۆکە جەنگییەکانی قاسم، لە مەلا بانگدانەوە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ گوندەکانی دەوروپشتی (نسرەو رەبەتکێ)یان بۆردوومان کرد، هەروەها گوندەکانی مەرسیداو بلان و شێخکێ و خۆرت.

گوندی (مرێبا)و شاخی (چاپانك):
لەرۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٦/شوبات/١٩٦٢ەوە هێرشی پێشمەرگە لەسەر هێزەکانی سوپاو پۆلیس و جاش لەدەوروبەری گوندی (مرێبا) و شاخی (چاپانك) بەگەرمی بەردەوامە، شەوانیش هەتا بەرەبەیان لە (چاپانك)ەوە ئەدرێینە بەر رەهێڵەی تۆپی جەبەلی.
شەوی چوارشەممە ٢٨شوبات خۆمان ئامادەکردبوو کە لە گوندی (بلان)ەوە بچین بۆ (مرسیدا) سەعات ١٥،٧ ی ئێوارە بەتۆپی جەبەلی دراینە بەر گوللە تۆپ، جاشەکانی عبداللە ئاغای شەرەفانی لەسەر چیای (چاپانك)ەوە ببوونە رەسەدی تۆپەکان کە لەژێر قیادەی (عەقید روکن کافی النبوی)دا بوو.

سەرقۆڵە محمدامین میرخان:
شەوی چوارشەممە ١٩٦٢/٣/٧ لەکاتی هێرشکردنی پ.م بۆ ناو سەنگەری سوپاو جاشەکانی عبداللە شرفانی لەگوندی (مرێبا)ی سەر بەقەزای شێخان، دوو پێشمەرگەی بارزانی و سەرقۆڵە (محمدامین میرخان) بەسەختی بریندارکران و ئەم پێشمەرگانە شەهید بون : نەزهەت بێرۆخی ، عیسا عبداللە کر کەموی ، زوبێر فەقۆ ، فەرماندەی دیارو لێهاتوو (محمد ئەمین میرخان ) بەسەختی بریندارکرا .
رۆژی ١٩٦٢/٣/١٠ سەرلەنوێ هێزی پێشمەرگە لەژێر فەرماندەی سەرقۆڵە (مەلا شینی و حارس بێداورنی) دا هێرشیان کردەوە سەر (مرێبا) و شاخی (چاپانك)و مەرکەزی پۆلیس لەگوندی (بریفکا) وجاشەکانی دەوروبەری گوندەکە. شان بەشانی لەشکر، هێزی عبدالواحد حاجی مەلۆ و غازی حاجی مەلۆ گەمارۆی (بریفکا)یان دابوو، سەرقۆڵە محمدامین میرخان دۆخی تەندروستی بەرەو خەتەرناکتر دەچوو، لەسەر فەرمانی بارزانی، لەگەڵ عەلی عەسکەری نامەیەکمان بەزمانی عەرەبی ئاراستەی مدیر ناحیەی ئەتروش کرد، بۆ مەبەستی وتووێژکردن و بۆئەوەی بریندارەکەشمان لێ وەربگرن. لەسەر وادەو پەیمان و بەناچاری، سەرقۆڵەی ناوبراومان نارد بۆ ئەتروش.
بەهەستێکی مرۆڤایەتیەوە، بەرێوەبەری ناحیە بریندارەکەی وەرگرت و ناردنی بۆ خەستەخانەی گشتی موسڵ. بارزانی زۆر دڵگیرو نائارام بوو.
لەپشت گوندی (مەرسیدا)ی سەر بەقەزای شێخان، بەرەبەیان لەپەنا تاشەبەردێکدا پاڵی دابووەوە و بەدەم خەفەت و پەژارەوە خەوی لێکەوت، بەبەتانیەك دایان پۆشی. باران بەتەوژم دەباری و پێخەفەکەی تەڕبوو،

لەسەر داوای یەکێك لە پاسەوانەکانی لەگەڵ عەلی عەسکەری بۆ مەبەستی خەبەرکردنەوەی چووینە ژوور سەری، خۆی خەبەری بووەوە و شوێنەکەیان گواستەوە.
ڕۆژی هەینی ١٦/ئازار/١٩٦٢ لەگوندی (شەهیان) بووین، بەپێ یەك سەعات دووره لەپشت شارۆچکەی (ئەتروش)ەوە. میری ئەم کەسایەتییە ناسراوانەی کوردی ناردبوو بۆ لای بارزانی لە ڕێگەی قەزای شێخانەوە بۆ گوندی ناوبراو: ابراهیم ئاغای ممند ئاغا (برای هەباس ئاغای ممند ئاغای ئاکۆیان)، لەگەڵ رئیس صبری میران قادر بەگ بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی و لێدووان لە هەڵوێستی گشتی و ئاخاوتن لەسەر گوێ نەدانی بارزانی بە (لێبووردنی گشتی)ەکەی عبدالکریم قاسم. دوای وتووێژو ڕوونکردنەوەی داخوازییەکانی بارزانی... ڕۆژی دوایی ئەو برادەرانە بەهەمان ڕێگەدا گەڕانەوە بۆ بەغداد.
ڕۆژی ١٩٦٢/٣/١٧ لەگوندی (ئەرزەخ) بووین پشت ناحیەی ئەتروش کە هێشتا بەڕێوەبەری ناحیەو دامودەزگای میری لە ئەتروش مابوون، بروسکەیەکمان وەرگرت لە بێتەلی گوندی (مرێبا) کە شەش کیلۆمەتر لەئێمەوە دوور بوون، دەڵێ: "حەوت تۆپی ١٢٠ ملم مان بۆ هاتووە، ئەم ئێوارەیە یاخییەکان تۆپباران دەکەین". لە هەمان کاتدا شەڕ لەسەر مەرکەزی شرطەی (بریفکا) بەردەوام بوو. بێتەلەکە قسەی لەگەڵ (مرێبا) دەکردو دەیگوت: "یاخییەکان ئەوەندە دەستیان ڕاستەو پێکاوەرن ئەمڕۆ دووجار بەتفەنگ ئێریاڵی ئیستگەکەمیان پچڕاند". شەوکردی بەباران و ڕەهێڵە ناچار هەموو چووینە ناو گوندەکەو بەسەر ماڵەکاندا دابەش بووین، کاتێکمان زانی دراینە بەر گوللە تۆپ و ئەیدا بەناو ئاواییداو دەوروبەری ئەو خانووەی بارزانی تێدابوو. پێشمەرگەیەك کە ناوی (فەقۆ ئاکرەیی) بوو زۆر شڵەژابوو، بارزانی چاوی دەکەوێتە سەر (فەقۆ) و دەفەرمووێ: فەقۆ برۆ لایتەکەم بۆ بهێنە باپێکەوە بچینە دەرەوە تەماشای چاڵی گوللە تۆپەکان بکەین بزانین چەندی هەڵدڕیوە؟، فەقۆ دەڵێ: قوربان بەم تۆپبارانە بۆ کوێ برۆین؟، بارزانی سەیرێکی فەقۆ دەکات و بەزەردەخەنەیەکەوە دەفەرمووێ: (باشە نارۆین).
ڕۆژی یەکشەممە ١٨/ئازار/١٩٦٢، کاتێ گەیشتبووینە گوندی (ئەرزەخ)ی پشت ئەتروش، عُبیدالله بارزانی و محمود کاوانی هاتن بۆ لای بارزانی.
بارزانی سڵاوو ڕاسپاردەی تایبەتی بە (محمود کاوانی)دا نارد بۆ (هەباس ئاغای مەمەند ئاغا) لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ناوچەی سۆران. ڕاسپاردەکەش ئەوەبوو کە کاتێ لەشکرمان گەیشتە سەر (ڕوباری شین) واتە (زێی گەورە)، هەباس ئاغاو لەشکرەکەی دەوروبەری ڕێگەوبانی پەڕینەوەمان لەو ناوچەیە بۆ هەدار و ئاسوودە بکەن.
بەهۆی وەرگرتن و شیکردنەوەی بروسکەی شیفرەکراوی دامودەزگای میری، دڵتەزێن بووین کە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/١٨ بە ڕاسپاردەی یەکێك لە سەرۆك جاشەکان لە خەستەخانەی گشتی موسڵ بەناجوامێرانە لە پەنجەرەوە دەسڕێژ لە (محمدامین میرخان) دەکرێ و گیانی پاکی لەدەستچوو، دوا بەدوای ئەم هەواڵە ناخۆشە جاشەکانی معاویە یزیدی و شیڤان یەزیدی و عبدالرحمن بارامونکێ و جاشی سورچی و هەرکی و زێباری گەیشتنە (عین سفنێ) بۆ هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی لەشکر. ڕۆژی سێشەممە ٢٠/ئازار/١٩٦٢ عبدالکریم قاسم بەهۆی قائمقامی قەزای شێخانەوە، بروسکەیەکی ئاڕاستەی بارزانی کردبوو تێیدا هاتبوو: "مەلا مستەفا بارزانی سەربەستە بچێت بۆ هەر شارێك لەناو عێراقدا و داخوازیی خۆی چییە، بێ گیروگرفت عبدالکریم قاسم بۆی جێبەجێ دەکات...".

ناردنی هێزی پاڵپشت:
ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢/ئازار/١٩٦٢، لەبروسکەیەکی شیفرەکراودا زانیمان کە میری هێزی پاڵپشت دەنێرێ بۆ: ڕواندز، کاولۆك، کەلەکین، مەخفەری گەلی عەلی بەگ، بلەژێر، مازنە، دیانە، سەری بەردی، خەلان،

باپشتیان، خەلیفان. لە (شەوی ٢٩/ئازار/ ١٩٦٢) ەوە شەڕ لەسەر شارۆچکەی (ئەتروش)بەردەوام بوو، تۆپ و فڕۆکەی جەنگی بەردەوام لە سەنگەری پێشمەرگەکانی ئەدا، لەشکری ئێمە لە ئەم شوێنانە بوو: دەوروپشتی ئەتروش، ئەرزەخ، ئارمشت، گوندی بلان (بەموڵکایەتی هینی خاتوو حمدیە)یە، ئەشکەفتێ (یەکێکە لەگوندەکانی محمود ئاغای چەمانکێ) لەسەر ڕوباری (بدرالدین، کە بەشێکە لە ڕوباری خازەر) لەسەر ملەی چیای (گارە) بەرامبەر چیای (خەیری)یە. بارەگاکەمان لەناو ئەشەکەوتێکدا بوو لەسەر ڕوبارەکە، بەشەو (سەگ گڵاو) واتە: سەگی ئاوی دەهاتنە گوێ ئاوەکە و فڕکان فڕکانیان بوو. ئەم ئەشکەوتە زۆر قووڵە بۆ ناوەوە و دوو دەرگای هەیە، یەکێکیان لەسەر ڕۆخی ئاوەکەیە، دەرگاکەی دیکەیان لە ئەوسەری چیاکەوەیە، بەڵام کەس نەیدەتوانی لەمسەرەوە بچێت بۆ ئەوسەر، چونکە لەناوەوە داتەپیبوو، لەقووڵیەوە هاژەهاژی ئاوی لێ دەهات، ئەوکاتە محمود ئاغای چەمانکێ و عبدالواحدی حاجی مەلۆ سەرقۆڵە بوون و ٣٠٠ پ.م یان لەگەڵدا بوو لە بەرەی (گەلی ڕومانەو چیای خەیری) بوون.
سەرقۆڵە ڕەشید ئاغای سەعید ئاغای دۆسکی و سەرقۆڵە تێلی دۆسکی (٣٠٠)پ.م یان لەگەڵدا بوو، لە (چیای کەمەکا) بوون، هەموویان لە بەرەکانی شەڕدا ئازایانە بەرەنگاریی سوپاو هێزەکانی جاشیان دەکرد.
ڕۆژێکیان بارزانی لەگوندی (ئەشکەفتێ) بڕی پێنج دیناری پێدام، توانیمان لەناو گوندەکەدا بۆ بارەگای ئاراس ئەم شتانەی پێ بکڕین: بزنێکی قەڵەوو نزیکەی دە کیلۆ برنجی کوردی، شەکر، چا، ڕۆن. دوو ڕۆژ لە خۆشییاندا سەمەنی پەزانمان بوو. ئەوکاتە زەوی و زاری گوندەکانی: بلان و تەلان، هێلان، مەڕسیدا، عەرەبەکانی موسڵ لەکوردەکانیان بەکرێ گرتبوو، بەروبوومی زەوییەکان بۆ جووتیار و کشتیارەکان نەبوو، واتە کوردەکان کرێپاڵە (کرێکار)ی عەرەبەکان بوون.

بێتەلەکانی هێزی میری لەژێر چاودێریماندان:
سەعات بەسەعات، پێشەکی پلانی هێرش وکاتی بۆردومان و تۆپبارانمان وەردەگرت. لەشکر توانیی بەچەند هێرشێکی توندوتیژ لەماوەی دوانزدە ڕۆژدا، مەرکەزی پۆلیس و مۆڵگەکانی جاش لەدەوروبەری (بریفکا) و لە هەردوو ناحیەی (ئەتروش ومانگێش) تارومار بکات. لە بروسکەیەکی میریدا دەڵێ: شێخ جەلال بریفکانی لەگوندەکەی هەڵهاتووە و لە ڕۆژی (٢٧ی ئازار)ەوە گەیشتۆتە (باعەدرە) و سبەینێ دەیبەن بۆ قەزای شێخان.

جموجۆڵی پێشمەرگە دوای هەڵهاتنی مانگ:
کە فەرمانمان بۆ دەهات شوێنی خۆمان بەجێ بهێڵین و بەرەو لایەکی دیکە بڕۆین، تەتەرێ لای بارزانییەوە ئاگاداری پێشمەرگەکانی دەکرد: شەو دوای هەڵهاتنی مانگ بەرەو لای چەپ یان بەرەو لای ڕاستی گوندەکە بکەوینە ڕێ و بەدرێژایی پیادەڕێگەکە چاوبگێڕین بۆ کەڵەکە بەردی بەنیشانە دانراو، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە لاڕێیەکی لێ جیادەبووەوە. چاوەڕوانی هەڵهاتنی مانگمان دەکرد، هەتا ئەگەر دوای نیوەشەویش سەری لەکەل بهێنایەتەدەر. زۆرجار لەسەر کەڵەکە بەردەکە لقەدارێك دادەنراو ئەو سەرەی گەڵای پێوە بوایە ئاڕاستەی ڕێڕەوەکەمان دەکرا.
بارزانی هەرگیز لەیەك شوێن نیشتەجێ نەدەبوو، بەردەوام لە هاتوچۆدا بوو تەنانەت لەپشت بەرەکانی شەڕەوە بەناو ڕیزە گوندەکان و شیوو دۆڵ و بناری چیاکاندا دەگەڕا و بنکەی بێتەلی ئاراس، لەشوێن پێی ئەوبوو.
پەیتا پەیتا بروسکەی (بەرەکانی شەڕو جموجۆڵی سوپاو پلانی هێزەکانی میری)م پێ ڕادەگەیان. ڕۆژی وا هەبوو (٣-٤)دەستەوارە بروسکەی شیکراوەم دەخستە بەردەستی و سەعات بەسەعات ئاگاداری چۆنیەتی بارودۆخەکە بوو: بەهۆی ئەو بروسکانەوەی ڕاستەوخۆ لە زمان دامودەزگاکانی میرییەوە وەرمان دەگرت. ئەگەر بوار و ماوەی ئەوەمان نەبووایە بێتەلەکەمان لەسەر پشتی وڵاخ دابگرین و دایمەزرێنین، ئەوا بەهۆی ڕادیۆی شەش پیلییەوە عاملی بێتەلەکە لەسەر شەپۆلە کورتەکان گوێی لە بێتەلە نزیکەکانی سوپا دەگرت لەبەرەکانی شەڕ، بەدەم ڕێگەوە بروسکە شیفرەکراوەکانم شی دەکردەوەو دەمخستە بەردەستی بارزانی.

ئازادکردنی شارۆچکەی ئەتروش:

ڕۆژی سێشەممە ٣/نیسان/١٩٦٢ لەشکری هێزی پێشمەرگە توانیی شارۆچکەی ئەتروش ئازاد بکات. بەخسیرەکان: سەد پۆلیسی هێزی گەڕۆك بەچەکیانەوە، مدیر ناحیە (حسن عبدالله العزاوی)، فەرماندەی هێزی پۆلیسی گەڕۆك (عەلی والی بەگ)، سێ ئامر فەصیلی پۆلیسی گەڕۆك (اسماعیل خلیل، و عبدالله عزیز، عبدالوهاب یونس)، مەئمور مەرکەز (زکی یونس)، برینپێچ (سالم اسحاق)، محاسبی شارەوانی (یونس علی خلف)، هەموویان ڕەوانەی بارەگای لەشکری یەك کران بۆ لێکۆڵینەوە. بارزانی ئەم سەرقۆڵانەی دەستنیشان کرد لەگەڵ (٢٠٠٠)پ.م بۆ بەرەی شەڕ لەچیای سەری ئاکرێ: (حەسۆ میرخان ژاژۆکی، حاجی بەیرۆخی، مەلا شینی، عومەر ئاغای دۆڵەمەری).

ناحیەی ئاغجەلەر داوای هێزی فریادڕەس دەکات:
ڕۆژی هەینی ٦/نیسان/١٩٦٢ ژمارەیەك بروسکەی هێزی میریمان وەرگرت، دامودەزگای ناحیەی ئاغجەلەر داوای هێزی فریادڕەس دەکات. گوایا ئەگەر لە ماوەی چوار ڕۆژدا فریایان نەکەون ناچار خۆیان تەسلیم بە (یاخییەکان) دەکەن، واتە تەسلیم بەلەشکری کورد دەبن.
ڕۆژی شەممە ٧/نیسان/١٩٦٢ فەرماندەی هێزی زاخۆ عیسا سوار، لەگەڵ ژمارەیەك پ.م ی هەڵبژێرراودا توانیان لە گەلی زاخۆ دوای شەڕێکی پاڵەوانانە (١٧٥) سەرباز و شەش ئەفسەر یەخسیر بکەن و لاشەی پەنجا سەرباز و ئەفسەر لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ هێڵرابوون.
دەستکەوتەکان: (٥) هاوەنی سێ عقدە لەگەڵ (٢٥٦) گوللە تۆپ، (٢) هاوەنی دوو عقدە، (١١) ڕەشاشی برێن، (٥) ڕەشاشی فیکەرس لەگەڵ (٧٥) هەزار فیشەك، (١٤) تفەنگی نیو ئۆتۆماتیك، (٢٢٥٧) گوللەی هەمان چەك، (٧٥) تفەنگی ئینگلیزی و (٢٢) سندوق فیشەك، (١٢) دەمانچەی تۆکاریف، (١١) ئامێری بێتەلی ژمارە (٩)و (٤) بێتەلی سەفەری و (٥)ی سەرکۆلا، (٧٥) نارنجۆكو، گەلێ ئازووقەو تفاقی سەربازیی سوودبەخش.
لەڕۆژی (دووشەممە ٩/نیسان/١٩٦٢)ەوە لەشکری مەلا مصطفی بارزانی دەستیان کرد بەجموجۆلا، هەندێکیان لە (ڕوباری خازەر) پەڕینەوەو دوای شکاندنی هێزەکانی سوپاو جاشی هەرکی و سورچی، سێ قۆڵ پ.م گەیشتنە سەر (چیای خەیری) و گوندەکانی (شووش و شەرمن، باکرمان، کەشکاڤا، هێزانکێ، دووپرێ). پێنج قۆڵی دیکە دوای گرتنی ناحیەی (دینارتە) لە(دۆڵی نەهلە) بەرەو چیای (سەری ئاکرێ) هێرشیان برد. سەرۆك جاش محمد سلیم شوش لەگەڵ (٢٠٠) جاشی چەکدار لە هێزی میری دابڕان و هاتنە ناو ڕیزی لەشکرەوەو پەیمانیان دا دژی عبدالکریم قاسم بجەنگن. ڕۆژی (١٥/نیسان/١٩٦٢) لەگەڵ بارەگای بێتەلی ئاراس گوندی (ئەشکەفتێ)مان بەجێهێشت و بەسەر گوندی (ژوولێ)دا تێپەڕیووین و گەیشتینە گوندی (دووپرێ). ساڵی پار، کە ئەفسەری پۆلیس بووم، لە هێزی پۆلیسی گەڕۆك، لەگەڵ فەصیلەکەمدا ماوەی مانگێك لەم گوندە بووین، پێش ئەوەی خۆم و فەسیلەکەم بگوێزرێینەوە بۆ گوندی (هەرن) لە ناوچەی زێبار، ئەوکاتە دوو کەس لە خەڵکی ئەم گوندە بووبوون بەبرادەرم (محمد سدیق و فتاح محمد علی) میوانداری خۆم و پێشمەرگەکانی بێتەلی ئاراسیان کرد. لە (ڕۆژی شەممە ١٥/نیسان/ ١٩٦٢)ەوە لەشکر دەستی کرد بەهێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی سوپاو جاش لە (چیای سەری ئاکرێ)، تۆپباران بەردەوامە لەسەر ئەو ڕێگەیەی ئێمەی پێدادەڕۆین بەرەو گوندی (بناماوەتێ) لەدامێنی (چیای پێرس). کاتێ گەیشتینە دێیەکە، چۆلکرابوو، لە سەعات نۆو نیوی شەو هەتا سەعات پێنج و نیوی بەرەبەیان لەپشت (سەری ئاکرێ)وە تۆپباران دەکراین، لەڕێگادا زۆر نائارام بووین، بارەگای بێتەلەکەمان لە چیای پێرس لە ئەشکەوتێکدا دامەزراند، لەپشت گوندێك کە ئەویش ناوی (ئەشکەفتێ)یە، شەڕ لەچیای سەری ئاکرێ زۆر بەگەرمی بەردەوامە.

پیرێژنی جێماو:
ڕۆژی سێشەممە ١٧/نیسان/١٩٦٢ لە چیای (پێرس) بووین، گوندەکانی ناوچەی (دینارتە) و (دۆڵی نەهلە) چۆلکرابوون و هیچ کەسێکی تیادا نەماوەو هەموو باریان کردووە بەرەو ئاکرێ، هەندێکیان لەترسی تۆپ و تەیارەو هەندێکیشیان چەکی جاشایەتیان هەڵگرتووە.
لە یەکێك لەگوندەکان جاشەکان پیرێژنێکی کوێری هەشتا ساڵەیان بەتاك و تەنیا بەجێهێشتبوو بێ نان و ئاو، ئەم هەواڵە گەیشتە بارزانی، فەرمانی دا یەکێك بچێت و ئێسترێکی بۆ بەرن و پیرێژنەکە بەسواری ئێستر بگەیەننە گوندێ لە قەدپاڵی (چیای ئاکرێ)داو لەوێ داینێن بۆ خەڵکی گوندەکە، بەڵکو پیرێژنەکە بگەیەننەوە کەسوکاری.
خۆراك زۆر کەمە، پێشمەرگەیەکمان بەناوی احمد چەمچەماڵی لەبەرئەوەی زۆر گژوگیای خواردبوو نەخۆش کەوت.
هێرشی لەشکر لەسەر هێزی میری لەناو ئاکرێ هەموو شەوێك بەردەوامە، بەگوێرەی ئەو بروسکانەی لە هێزەکانی میرییەوە وەری ئەگرین، شەڕوپێکدادان لە گەلی زاویتەو چیای (کامکا) و گەلی (سپی) لە زاخۆ، هەروەها لەدەوروپشتی هەولێرو

سلێمانی بەردەوامە، ئێستا لەنزیك گوندی (بناماوەتا)ین لەسەر چیای پێرس، شەوو ڕۆژ بەتۆپی (٥٥ ڕەتل) و تۆپی جەبەلی تۆپباران دەکرێین.
١/نیسانی /١٩٦٢ کات ژمێر حەوتی سەر لەبەیانی هێزێکی گەورەی سوپا لەناو شاری زاخۆوە بەرەو (گەلی سپی ) کەوتەڕێ . سەنگەرەکانی هێزی زاخۆ لەدووری تەنها سەد مەترەوە لەنزیك جادەی سەرەکیەوە خۆیان دامەزاندبوو ، بۆ ئەوەی لەکاتی لێدانی کاروانی ئەو هێزەی سوپا ، فڕۆکە جەنگیەکان نەتوانن هێزی لەشکری کوردستان بۆردومان بکەن ، دوای تێك شکانی هێزەکانی سوپاو کوشتنی( ١٥٠ ) سەربازو ئەفسەر ، بەفەرمانی عیسا سوار، ئەو سەربازە
یەخسیرانەی توانای لێخوڕینی ئۆتۆمبێلیان هەبوو داوایان لێکرا کە لاشەی سەربازو ئەفسەرە کوژراوەکان لەناو (گەلی سپی ) یەوە بگوێزنەوە بۆ زاخۆو بەمەبەستی ڕوخاندنی ورەی هێزەکانی سوپا لەناو شاری زاخۆدا. فەرمانەکە ئەنجام درا ، لەو شەڕەدا ، بێجگە لەسەدان پارچە چەکی هەمە چەشنەو تەقەمەنی ،بۆ یەکەم جار هێزی زاخۆ چوار هاوەنی (٨٢) ملم یان کەوتە دەست .
یەخسیرەکان کەژمارەیان ١٨٧ سەربازو ئەفسەربوو ، سەرجەم ئازاد کران . زیانی لەشکری کوردستان : سێ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون.

کولێرەی گاڵا:
لەو سەردەمەی سەرەوەدا لە چیای پێرس بووین گژوگیای چیاکە زۆری بۆ خواردن ئەشیا، وەك: ترشۆکە، ڕێواس، بنەگۆزەروان، پیشۆك و قورات. ماوەیەك بوو ئەو گیایانە خواردنمان بوو، ڕۆژێك لە بارەگای بارزانییەوە لەبنی گوێنییەکدا هەندێ کولێرەمان بۆ هات کە لە هەرزن و کزن و گاڵ دروستکرابوو، کولێرەکە بەگەرمی خۆشە، کە سارد دەبێتەوە تاڵەو مەیلەو سەوز ئەبێت، دوای چەند کاتژمێرێك ڕەش دادەگیرسێت و وەك بەردی لێیەت و تاڵتردەبێ.
جارێکیان لەکاتی شەڕدا وڵاخێکمان لێ بەلەسە ببوو کەوتبووە دەست سوپا نزیك گوندی (زەنگنان) لە ناوچەی ئاکرێ، دوو گوێنی لەو کولێرەیەی بەسەرەوە دەبێ، دەیبەن بۆ لای یەکێ لە لێپرسراوی ئەو هێزەی میری کە لەو ناوە بوو، کولێرەکان دەبینێ و دەڵێ: "ئەو کوردەی بەمە ڕازی بێ بێگومان هەر سەردەکەوێ"، دواتر پیاوێکی خەڵکی ئەو ناوە هاتبووە ڕیزی شۆڕشەوە ئەمەی بۆ بارزانی گێڕایەوە.

وشەی جاش چۆن هاتە کایەوە:
لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی جگە لە هێزی سوپاو پۆلیس، هێزێکی چەکدار لەکوردستان دروستکرابوو لەسەر جلی کوردییەوە ڕەخت و فیشەك دانیان لە خۆیان دەبەست (فیشەك دانی سەرشان و بەرپشتێن) و سدارەشیان لەسەر دەکرد، ناویان نرابوو (جاش پۆلیس)، لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول میری بەو کوردانەی ئەوت (سوارەکانی سەلاحەددین) و بەچەکدارە عەرەبەکانی دەوت (سوارەکانی خالید کوڕی وەلید)، بەڵام لەناو کورددا هەر بە (جاش پۆلیس) ناوئەبران.
لە ١٧/نیسان/١٩٦٢ لە ناوچەی (دینارتە) بووین لەسەر (چیای پێرس) بارزانی فەرمووی "ئەوانەی دوای بەرپابوونی شۆڕش بەمەیلی خۆیان دەچنە پاڵ میری و دژی شۆڕش ڕادەوەستن و دێنە شەڕمان، هەق نییە پێیان بڵێین (جاش پۆلیس)، چونکە کە ئێمە دەگەینە هەر ناوچەیەك دەیان پۆلیس پەیوەندیمان پێوەدەکەن و دەبنە پێشمەرگە، لەبەرئەوە لەمەولا پێیان بڵێن (جاش یان جەحشك) وشەی (پۆلیس)ی لەگەڵدا نەبێ".
ڕۆژی (پێنجشەممە ١٩/نیسان/١٩٦٢) بەگوێرەی ئەو بروسکانەی لە سەرچاوەی بێتەلەکانی میرییەوە وەری دەگرین، بێجگە لە ناوچەی ئاکرێ، شەڕ لەم شوێنانەش لەنێوان هێزەکانی لەشکری کوردستان و سوپاو جاشدا گەرمە: زاوێتە، (چیای کەمەکا) پشت دهۆك، (گەلی سپی) لەزاخۆ، دەوروپشتی هەولێر، دەوروپشتی سلێمانی.

جاشی ئازا:
ڕۆژی چوارشەممە ٢٤/نیسان/١٩٦٢ لە شەڕێکدا چەند جاشێك بەدیل گیران، یەکێکیان بەئازایەتی و دلڕەقی و خراپەکاری ناوی دەرکردبوو، هێنایانە بەردەم بارزانی و دوای پرسیار لێکردن و دڵنیا بوون لە خراپەکانی، بارزانی فەرمووی: "بیبەن بیکوژن" وابزانم بۆ
تاقیکردنەوەی ئازایەتییەکەی بوو. پەلی جاشەکەیان گرت کە بیبەن، شەق بایەکی لێ بەربووەوە، بارزانی بەزەردەخەنەیەکەوە فەرمووی: "لەگەڵ ئەوانی تر بەرەڵای کەن ئێمە جاشی ترکەن ناکوژین".دوای ئەم ڕووداوەوئازادکردنی،جاشایەتیی لەبیرخۆبردەوە.
*خرۆشۆف و بۆمبای ئەتۆم*:

ڕۆژی سێشەممە ٢٤/نیسان/١٩٦٢ وەفدێکی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەگەڵ عەزیز محمد سکرتێری پارتی کۆمۆنیست هاتبوون بۆ لای بارزانی لە چیای پیرس، دوای چاوپێکەوتنەکە عەزیز محمد هاتە لامان بۆ ئەو شوێنەی بێتەلەکەمان لێ دامەزراندبوو، فەرمووی: "لە بارزانیم پرسی ڕای جەنابت چیە کە خرۆشۆف بۆمبا ئەتۆمییەکانی لە (کۆبا) کێشایەوە؟..
بارزانی لەوەڵامدا فەرمووی: ڕوسیا کارێکی باشی کرد لەپێناو خزمەتی ئاشتی لە جیهاندا. بەڕاستی وەڵامەکەی بارزانیم زۆر لاپەسەندو بەجێ بوو "عەزیز محمد ئەم هەڵسەنگاندنەی دەربڕی".
-لەئاکامی بۆردوومان و شەڕی ئەمڕۆ، لە دانیشتوانی گوندی (شووش و شەرمن و گوندك و باکرمان) شەهیدو بریندارمان هەیە.

هەباسی مامەند ئاغاو هێزەکەی:
ڕۆژی دووشەممە ٣٠/نیسان/١٩٦٢، بەگوێرەی بروسکەکانی میری هەباسی مامەند ئاغاو هێزەکەی دوو ڕۆژە هێرشیان کردۆتە سەر مەرکەزی پۆلیس لەگوندی (وەڵاش) و ئابلۆوقەی شارۆچکەی (گەلاڵە)یان داوە. شۆڕشی کورد بەرپایە، داوای مافی نەتەوەیی خۆمان دەکەین، عبدالکریم قاسم داوای (کوێت) ئەکات، ئەڵێ پارچەیەکە لە خاکی عێراق. بەهەموو هێزو توانایەکەوەو دوور لە هەستی مرۆڤایەتی شێتگیرانە لە ئێمە ئەدات، بەو بەهانەیەوە گوایە شۆڕشی کورد دەستی ئینگلیزی تێدایە، ڕۆژی سەدان کورد لە وەزیفە دەردەکرێن و سەدان کورد بەنددەکرێن و ڕەوانەی دادگای سەربازی دەکرێن‌و، هەرێمی کوردستانی خستە ژێر فەرمانڕەوایی یاساو دادگای سەربازیەوە.

بارزانی دەفەرمووێ:
"ئێمەی کورد داوای مافی خۆمان دەکەین و هیچ مەبەستێکی کەمان نییە، کوردو عەرەب شان بەشانی یەکتر بێ جیاوازی لە شۆڕشی ١٤/تەمموز/١٩٥٨ دا بەرەنگاری ڕژێمی پاشایەتی بوون بەسەرکەوتوویی کۆماری عێراقی نوێیان هێنایە کایەوە و لەباوەشمان گرت، بەڵام ئێستا بەفەرمانی عبدالکریم قاسم، هێزەکانی سوپاو کۆنەپەرستانی کورد بوونەتە جاش و هەوڵئەدەن مافی کورد پێشێل بکەن و کورد لەناوبەرن. لە شۆڕشی ١٤ تەممووزدا هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب بۆ نیشتمان و بۆ مافی نەتەوایەتی و ئازادی تێدەکۆشان، ئێستا ڕژێمی قاسم دەیەوێ سەرکوتمان بکات، مافمان پێشێل بێ و سەربەستیمان داگیر بکات و ئازادیی میللەتی عێراق تەپەسەر بکات...
* دوێنێ شەو ٣٠/نیسان/١٩٦٢، عبدالکریم قاسم وتارێکی دا ئەڵێ یاخیبوونەکەی باکوور خۆی خۆی کوژاندۆتەوە، بەڵام هەندێك چەکدار ماون وەك جەردەو دز ڕێگاوبانیان گرتووە، ژیانی دانیشتوانی هەندێ لەگوندەکانیان تێکداوە، ئێمەش هێزەکانی سوپامان نارد، بۆ ئەو ناوچانە، بۆ مەشق و بۆئەوەی لەڕێگەی خۆیاندا دزو جەردەکانیش لەناوبەرن.

دەستنیشانکردن و دانانی بنکەکانی بێتەل لە بادینان:
* پێش ئەوەی ناوچەی بادینان بەجێ بهێڵین و بەرەو ناوچەی باڵەك و گەلاڵە بکەوینە ڕێ، ئەم بنکەی بێتەلانەی خوارەوەم بۆ لەشکری/١ لە ناوچەی بادینان دانا:
- بنکەیەك لای ئەسعەد خۆشەوی لە بەرواری باڵا.
- بنکەیەکی دیکە لای عیسا سوار لە زاخۆ.
- بنکەیەك لای عەلی خۆشەوی لە دهۆك.
- بنکەی چوارهەم لای حەسۆ میرخان دۆڵەمەری لە قەزای شێخان.
شیفرەی تایبەتیم بۆ دانان بۆکاتی پێویست لەگەڵ بنکەی ئاراس پەیوەندی بکەن. بەم شێوەیە مەیدانەکانی لەشکر باڵی کشاند بەسەر ناوچەی بادیناندا، سوپا و جاش بڵاوبوونەوە بەرامبەر ناوچەکان و کەوتبوونە جموجۆڵ و خۆئامادەکردن بۆ هێرشی گەورە.

خۆپیشاندانی گەورە لە بەغداد:
ڕۆژی سێشەممە ١/ئایار/١٩٦٢ بەمۆناسەباتی جەژنی کرێکارانی جیهانیەوە بەفەرمانی لێپرسراوانی حزبە سیاسییەکان، خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری بەغداد ئەنجام درا داواکانیان لە ڕژێمی قاسم جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانە بوو:

بەردانی زیندانە سیاسیەکان، لابردنی دادگاکانی عورفی (دادگای سەربازی) و دادگای ئیستسنائی، چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئازادی و سەربەستی ئیشکردن بۆ پارتە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەریی.

هێرشی سوپاو پۆلیسی گەڕۆك و جاش:
ڕۆژی پێنجشەممە ٣/ئایار/١٩٦٢ هێزێکی گەورەی سوپاو پۆلیسی۔ گەڕۆك و دوو هەزار جاشی هەرکی و سورچی و زێباری لەگەڵ ١٢ زرێپۆشدا و لەژێر ئاگری تۆپ و بۆردوومان و گوللەبارانی شەستیری فڕۆکەی مێگدا، لەدەوروبەری (ئاکرێ)وە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی لەشکر لە چیاو گردەکانی نزیك گوندەکانی (خرپێ، شووش، شەرمن و باکرمان)، بەدەم ڕێگایانەوە ئاگریان بەردایە گوندی (سماقۆك) و گوندەکانی دەوروپشتی.
ژمارەی (١٠) ژن و منداڵ کوژران. بەهۆی بروسکەکانی میری یەوەو شیکردنەوەیان لەلایەن خۆمانەوە، پێشەکی لەشکر ئاگاداربوو لە چۆنیەتی پلانەکەیان، بۆیە توانرا کوشتارێکی باشیان لێ بکرێ. هێزەکانی میری بەشکاوی گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی پێشوویان.
لەڕۆژانی ٥و٦و٧و٨و٩ی /ئایار/ ١٩٦٢دا هێزەکانی سوپا سەرجەم کلیلی شیفرەی بروسکەکانی خۆیان گۆڕی توانیم شیيان بکەمەوە و لە بیرنامەکەی بەرباخەڵدا هەندێکیان تۆماربکەم.
ڕۆژی پێنجشەممە ١٠/ئایار/ ١٩٦٢ زۆر بەچڕی، لە کازیوەی بەرەبەیانەوە، هەتا ئێوارەیەکی درەنگ، فڕۆکەی بۆمب هاوێژ و فڕۆکەی هێرشبەر بۆردومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کرد، لە دەوروبەری گوندەکانی (دۆڵی نەهلە) و شووش و شەرمن و گوندك و باکرمان، گەلێ زەرەر و زیانی گەیاند بەدانیشتوانی گوندە ئاواکان و سێ پ.م شەهید بوون حەوتیش بریندار.
ڕۆژی جومعە ١١ی ئایار ١٩٦٢: بەهۆی بێتەلەکەمانەوە، زانییان کە لە ناوچەی پێنجوێن بەشی زۆری مەخفەرەکانی پۆلیس داگیرکراون و لەشکری کوردان بەردەوامن لە ئابلۆقەدانی مەخفەرەکانی ئەو ناوچەیە، تەنها مەخفەری (کانی سپیکە) ماوە، خۆی نەداوە بەدەستەوە. هەموو مەخفەرەکانی قەزای چوارتا دەستی بەسەردا گیراوە، لەشکری (م .س) گەمارۆی مەرکەزی قەزای چوارتای داوەو تەقە بەردەوامە.
ڕۆژی ١٤ی ئایاری ١٩٦٢ بارەگاکەمان لە ئەشکەوتێکدایە لە چیای پێرس نزیك گوندی (کاولۆکا)و (دوستەکا)، بارزانی چوو بۆ سەردانی بەرەی شەڕ لەسەری ئاکرێ.
ڕۆژی ١٥ی ئایاری ١٩٦٢ بەگوێرەی بروسکەیەکی جفرەکراو لە موتەسەریفییەتی سلێمانیەوە کە ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە: ئەمڕۆ لەشکری (م .س) هێرشیان کردۆتە سەر مەرکەزی شارۆچکەی پێنجوێن، قائمقام بریندارەو مدیر مال و مأمور مەرکەز دەسگیرکراون و معاون مدیر شرطهی پێنجوێن کمال شێخ غەریب بریندارە.

جموجۆڵی لەشکر لە ناوچەی سلێمانی:
بەگوێرەی بروسکەکانی سوپاو لیوای سلێمانی، لە هەڵوێستی تێکڕای مانگی نیسان و یەکەم هەفتەی مانگی ئایاردا هاتووە:
ڕۆژی هەینی (١١/ئایار/١٩٦٢) ئاگاداری بەغداد ئەکەن کە هەموو بنکەو پۆستەکانی پۆلیس لە قەزای پێنجوێن کەوتنە ژێر دەستی پێشمەرگەوە، لەسەر مەخفەری پۆلیسی. (کانی سپیکە) شەڕ بەردەوامەو هەموو بنکەو پۆستەکانی کەوتنە ژێر دەستی پ.م. شەڕ لەسەر مەرکەزی قەزای چوارتا بەردەوامە، قائیمقام داوای هێزی فریادڕەس دەکات.

لەچیای پێرسەوە بەرەو گەلی بێخمە:
ماوەی ٢١ ڕۆژ لە ئەشکەوتێکدا بووین لە چیای پێرس بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە هێرشی سوپاو هێزی جاش بۆ سەر سەنگەرەکانی لەشکر لەژێر ئاگری تۆپ و فڕۆکەی بۆمبا هاوێژو هێرشبەردا سرەوتی نەبوو. لەشکری ئێمەش دەستەوەستان نەبوو، بەڵکو ئازایانە هەڵدەسان بەهێرشی بەرامبەرێن. بارزانی بەرەیەکی شەڕو خۆگرێی پتەوی لەچیای پێرس و دۆڵی نەهلە دامەزراند.
شەوی پێنجشەممە ١٧/ئایار/١٩٦٢ لە سەعات نۆی شەوەوە بەرەو گەلی بێخمە کەوتینە ڕێ، سەعات شەشی بەیانی گەیشتینە گوندی (نەقەب) بەرامبەر چیای (سادە) هەتا عەسر بۆ پشوودان و بۆ وەرگرتنی بروسکەی هێزەکانی میری، لەپشت گوندەکەوە بارو بنەمان خست. دانیشتوانی ئەم گوندە سەر بەعەشیرەتی سورچین پێش ئەوەی چۆڵی بکەن خۆیان گوندەکەیان سوتاندووە و ڕایان کردووە بۆ دەوروبەری شارۆچکەی ئاکرێ. کاتژمێر چواری ئێوارە بەرەو شوێنی مەبەست کەوتینەوە ڕۆیشتن. سەعات هەشتی شەو گەیشتینە ڕۆخی ڕوباری شین، واتە (زێی گەورە). ئەبێ ڕۆژی جومعە ١٨/ئایار لە سەعات چوارەوە گوندەکە بەجێ بهێڵین و بەرەو (گەلی بەخمە) کە لەسەر ڕوباری شین (زێی گەورە) یە بکەوینە ڕێ.

بەگوێرەی ڕێککەوتنی لەوەو پێشتری نێوان بارزانی و عەباس ئاغای مامەند ئاغا، دەبوایە ئەمشەو عەباس ئاغا و ژمارەیەك چەکدار لە لەشکرەکەی بگەیشتنایە ڕۆخی ئەوبەری ڕوبارەکە. ئێمە چاوەڕێی هاتنی ئەوان ئەکەین ئینجا لە ڕوبارەکە دەپەڕینەوە بۆ بەری هەولێر.

*محمود کاوانی و نامەی زارەکی م.س*:

ڕۆژی جومعە ١٨ی ئایاری/١٩٦٢ لەسەر ڕوباری شین (زێی گەورە) بووین، خۆمان ئامادەکردبوو لە ڕوبارەکە بپەڕینەوە بۆ ناوچەی سۆران، لەوکاتانەدا محمود کاوانی گەیشتە لامان، نامەیەکی زارەکیی (شەفەیی) لە (م-س)ەوە لە (مالومە)وە هێنابوو، بەبارزانی ڕاگەیاند: کە مەلا مستەفا بارزانی خۆی و هێزەکەی بۆیان نییە لە (ڕوباری شین) بێنە ئەمبەر، گوایا ناوچەی سۆران (م- س) سەرکردایەتیی دەکات و دەبێ بارزانی لە ناوچەی بادینان بمێنێتەوە و سەرکردەی هێزی بادینان بێت!!.

بارزانی لەم نامەو ڕاسپاردەیە زۆر دڵگیر بوو، بڕیاری دا خۆی و لەشکر بەرەو (ماوەت) بکەوێتە ڕێ و (مالومە) بکرێ بەبارەگای سەرەکی لەشکر. ئەم نامە زارەکییەی محمود کاوانی هێنابووی بووە ماکی ناکۆکی زیاتر و قووڵترکردنی دووبەرەکی لەنێوان بارزانی و (م-س)دا. مانگی چواردە خۆی لەکەل دابوو، دەمەو ئێوارە دەستمان کرد بەپەڕینەوە لەنزیك گەروی (بێخمە)، جاشەکانی سەر بە(سورچی) لەوبەر بوارەکەوە تەقەیان لێ دەکردین هەوڵی تەقاندن و تێکشکاندنی (کونگە فوو دراوەکان-کەڵەك)ەکانیان ئەدا کە ئێمە چوار چوار لەسەری دادەنیشتین و ئاوی ڕوبارەکە تا نزیك قەدمان دەهات و بەم شێوەیە دەپەڕینەوە، لەگوێ ئاوەکەوە لەسەر کەڵەکەکە لەنگەرمان دەگرت و مەلەوانێك بەکێشی دەکردین بۆ ناو قووڵایی ڕوبارەکە، ئاوەکە ئێمەو مەلەوانەکەی بەرەو خوار ڕائەداو هێواش هێواش بەرەو ئەوبەر ئاوەکە بەکێشی- دەکردین و پێش ئەوەی (کەڵەکەکان) بگەنە ئەوبەر ڕوبارەکە خۆمان فڕێ ئەدایە ناو ئاوەکەوە. لەژێر تەقەی جاشەکاندا دە دوانزدە چەکداری بارزانی چاپوك لەگەڵ (کەکۆ مەلاعلی مێرگە سووری شیروانی)پێش ئێمە پەڕینەوە ئەوبەر، لێیان هاتنە دەست و بێ پەروا بەرەو سەنگەری جاشەکان هێرشیان بردو هاواریان لێ کردن تەقە مەکەن ئەگینا خراپتان لێ بەسەردێ، تەقەو دەستڕێژ نەماو پێش ڕۆژهەڵات هەموو لەشکر لە ڕوباری شین (زێی گەورە) پەڕینەوە بۆ بەری ناوچەی سۆران.

مەسعود بارزانی و لەشکری کوردستان:

ڕۆژی شەممە ١٩/ئایار/١٩٦٢ لەسەر ڕوباری شین (زێی گەورە)ین، چووینە نزیك گوندی (مالموس)ی سەر بەناوچەی سورچی، کۆمەڵێکی تر لە پێشمەرگەکان خۆیان ئامادەکردووە بەشەو بەکونگەی فوودراوی لەسەر چەپەر شەتەکدراو، واتە کەڵەك (کە بریتی بوو لە پارچەیەك چەپەری چوارچێوەی لاکێشەیی، لە شوێنی تەڕو ئەستوور تەنراوو لەسەر (٦-٨) کوندەی فوودراوو دابەستراو) لە ڕوبارەکە بپەڕنەوە بۆ ناوچەی سۆران، لەو کاتانەدا مەسعود بارزانی کە بەهامرای عُبیداللە بارزانی بوو، گەیشتە

خزمەت مەلا مصطفی بارزانی و هاتە ناو لەشکرەوە. مەلا سلێمانی بێتەل، سەرگەرمی وەرگرتنی بروسکەی شیفرەکراوی بروسکەکانی میری بوو، منیش پەیتا پەیتا شیم دەکردنەوە و پێشکەشی سەرۆك بارزانیم دەکرد، لەوکاتانەدا کە عُبیداللە بارزانی و مسعود بارزانی هاتنە لامان، چای وشکمان دەست کەوتبوو، لەناو کتلییەکی ڕەشدا لێمان نابوو، باش دەمی کێشابوو، لە پەرداخی زدل کەسردا میوانداری چاخواردنەوەمان کردن. مەسعود بارزانی تازە خەتی دابوو، واتە سەرەتای سمێڵ بۆرکردنی بوو، هێمنی و هەڵکەوتوویی و لێهاتوویی لە ڕوخساریدا دەخوێندرایەوە.

(گەلی سوور) لە چیای (برادۆست):

ڕۆژی شەممە ٢٦/ئایار/١٩٦٢، گەیشتینە (گەلی سوور) لە چیای (برادۆست)، ماتۆڕێکی چارچکردنی پاتری زیادمان لابوو، لای (حسین عومەر ئاغا)ی دانیشتووی گوندی (خەلان) بەئەمانەت دامان نا بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا لێی بپرسینەوە. شەو کەوتینە ڕێ، هەتا بەیانی بەڕێوەبووین، پێش ڕۆژهەڵات گەیشتینە (زۆمی گوندی شێخان) لە چیای (برادۆست)، شوێنێکی خۆشە، لە هەموو لایەکەوە چاوت بەجوانی و چاوەندازەی دڵکەرەوە دەکەوێ، دارودرەختی سەوزو شنەبای شەماڵ و خورەی کانیاوو ڕوبارو بارەی مەڕو بزن و، چیای بەرزو پڕدارو درەخت و دەنگ و ئاوازی مەلی سرك و هەمە چەشنە لە نێوانیاندا کەو، لەسەر تاوێرە بەردەکان سنگی دەرپەڕاندووەو قاسپەقاسپێتی، پەلکی ڕێواس زەرد بووە، یەکەم جارە چاوم بەبنج و گەڵای ڕێواس بکەوێ، گەڵاکانی زۆر پانە، نازانم لەناو گەڵای دارودرەختەکانی دیکەدا بڵێم لە گەڵای چ درەختێك دەچێ، بەڵام دەتوانم بڵێم، هەر گەڵایەکی بەقەوارەی سینییەکی نان خواردنی دوو کەسی دەبێ.

*نهێنی شەو لای ئێمە ماسی و لای ئەوان (مازی)*:

ڕۆژی دووشەممە ٢٨/ئایار/١٩٦٢، خۆمان و بێتەلەکەمان لە ڕوباری (زێی بچووك) پەڕینەوە، شەو هەتا بەرەبەیان بەڕێوەبووین، سەعات پێنجی بەیانی گەیشتینە دێی (شێخان) لەبن چیای (سەری بەردی و حەسەن بەگ)، ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی لەشکر چواردەوری گوندەکەیان گرت، مۆڵگەی جاشەکانی (محمود خەلیفە برادۆستی) نزیك گوندی

(کەشەکا، شوانا، هەویلا)بوون، بۆ پاککردنەوەی ئەو دەوروبەرانە لە جاش و هەدارکردنی ڕێگەی هاتوچۆ لە بەیانی هەتا ڕۆژئاوا شەڕ بەردەوام بوو، (١٣جاشك یەخسیر کرانو، ٧ کوژرانو ٢١ ئێستر بەبارەکانیانەوە گیران)، بارەکانیش بریتی بوون لە ئازووقەو چەك و تەقەمەنی هەمەچەشنە.
ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە نزیك دامێنی چیای (حەسەن بەگ)، ئێمە پاشەکی زنجیرەی قافڵەی لەشکر بووین، نهێنی شەو لای ئێمە (ماسی) بوو، شەو ویستمان بچینە ناو گوندی (گەشەکا) لەبناری چیاکە.
لەناو گوندەکەوە زەلامێك هاواری کرد (ئێوە کێن)؟ لەوەڵامدا پێشمەرگەیەك وتی: (ماسی)، ڕێگەدراین بچینە ناو ماڵەکان، دوای ماوەیەکی کەم، پێشمەرگەکان بۆیان دەرکەوت کاروانێکی چەکدارن سەر بەجاشەکانی (لۆلان) و بۆ پشوودان لایان داوەتە هەمان گوند، بەڕێکەوت نهێنی شەو لای ئەوان (مازی) بوو، واتە (مازوو)، هەردوولا بەهەڵە ڕژانە ناو یەکتر، کە لە یەکتر ئاشکرا بوون، بوو بەهەراهەراو تەقەو لێکدان. ژمارەیەك لە جاشەکان کوژران و لە دەستکەوتەکان بارگیرێکی کورتەباڵای سوورکاری هێمن و خۆشڕەو لەگەڵ ئێسترێکی سوورکاری باڵابەرزی خۆشبەزو تیژڕەوو پشوو درێژ کەوتە دەست پێشمەرگەکانی بارەگای بێتەلی ئاراس و خرانە ژێر بارەوە. لەوەو پێشتر یەك ئێسترمان هەبوو ئامێری بێتەلەکەو مەکینەی شەحنی پاتری و دوو پاتری لەسەر کوڵی یەك ئێستر باردەکران، پێشمەرگەیەك بەرپرسیار بوو لە بەکوڵ هەڵگرتنی جەلیکانێك بەنزین و یەکێکی دیکەیان هەڵگرتنی ڕۆنی مەکینەکەو سجلاتی بروسکەی لەکوڵ دەگرت، کە لەم دوو کوڵ و بارگەیە ڕزگاریان بوو هەردوو پێشمەرگەکە وایان هەست دەکرد ئەمان پێش کوردستان ڕزگاربیان بەدیی هێنا.
[لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤ لەشارۆچکەی قەڵادزە بووین کابرایەکی سەر بەناوچەی (سیدەکان) هاتەلامان و ناونیشانی وڵاخەکانی هەڵداو بەووردی باسی ڕووداوەکەی ساڵی ١٩٦٢ی کرد، دڵنیابووم ئەم کابرایە خاوەنی ئەو بارگیرو ئێسترەیە کە لای ئێمە بوون، داوای کرد پێی بدرێتەوە، دوای وەرگرتنی فەرمانی بارزانی، بێ گیروگرفت هەردوو وڵاخەکەی وەرگرتەوە، بەوپەڕی دڵخۆشییەوە هەردووکیانی دایە پێش خۆی و هەندێ پارەم دا بەخۆی و هەندێکیش بۆ کڕینی کاوجۆ بۆ وڵاخەکان...]
لەساڵانێکی زۆر ناهەموارو پڕ ئەرك و پڕ برسێتی و نائارامی و نەبوونیداو، بێ ناڵ و بە دوو سێ پارچە سیپاڵی بەسەریەکدا دادووراو لەجیاتی زین و کورتان، ئەو دوو وڵاخە لەژێر باروبنەی شۆڕشدا بوون، ئەوان ڕزگاریان بوو باروبنەو ناهەمواری کەوتەوە سەرشانی پێشمەرگەکان.
ڕۆژی سێشەممە ٢٣/ئایار/١٩٦٢، گەیشتینە گوندی بێشێ لەسەر چیای (حەسەن بەگ) لەپشت دێی (هەسنان) بێتەلەکەمان دامەزراندو کەوتینە ئیشی ـ ڕۆژانەی خۆمان، شەوی چوارشەممە ٣٠/ئایار/١٩٦٢ بەرەو چیای (بەرسرین) کەوتینە ڕێ، شەو لەگوندی (بەرسرین) بێتەلەکانی ناوچەی ڕواندز و هەولێرمان خستە ژێر چاودێرییەوە. ڕۆژی پێنجشەممە ٣١/ئایار/١٩٦٢ چووین بۆ گوندی (ماویلیان) لەدامێنی چیای هەندرێن کۆمەڵێ بروسکەی بێتەلەکانی میریمان وەرگرت، هێزەکانی میری ئاگاداری هاتنی بارزانی و لەشکرن بۆ ناوچەکە. بروسکەکانیان، بێجگە لە هەولێر، ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دیفاعی دەکەن، لەوەو پێشتر ئەم دەسەڵاتەیان نەدرابووە دەست. بارزانی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی بەسەر چیاکانی دەوروبەری ئەم گوندانەدا دابەش کرد: چەمبارۆك، دارالسلام، بەرسرین، ماویلیان، پێشتر (٥-٦) قۆڵیش پێشمەرگەی ناردبووە لوتکەکانی چیای هەندرێن و چیای زۆزك.

لەشکری بارزانی لە ناوچەی ڕواندز/١٩٦٢:
بارزانی، یەکەم جێ پێی لەشکری کوردستانی لە ناوچەی ڕواندز جێگیر کردو بڵێسەی شۆڕشی گەیاندە ناوچەکانی هەولێر. قۆڵی (حاجی بێرۆخی) و قۆڵی(کەکۆ دۆڵەمەری) لەگەڵ ئێمەدان، واتە لەگەڵ بارەگای گەڕۆکی بارزانیدان.
بارزانی قۆڵەکانی لەشکری بەسەر شوێنە سەربازییەکانی ناوچەکەدا بڵاوکردەوە و کاروبارو فەرمانی سەربازی و ئیداری بەسەر قۆڵەکان سپارد.
بەشی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە زۆر بەدڵەوە نانمان ئەدەنێ، دێهاتییەکان، بەیانیان بەماڵ و منداڵەوە دەچنە ناو ئەشکەوت و بن تاوێرەبەردەکان، لەترسی تۆپباران و بۆردوومان و، ئێواران دەگەڕێنەوە بۆ ناوئاوایی. بەشێکی دیکەیان بە شەویش ناگەڕێنەوە ناو گوندەکان و خۆیان لە خزمەتی پێشمەرگە ئەدزنەوە، بەفەرمانی بارزانی پ.م بۆی نییە بەزۆرەملێ و بەخورتی نان لەو جۆرە خێزانانە بسێنێ.

شکات و شکاتکاری:
لەگوندی (گەزنە) لەماڵێك بێتەلەکەمان داناوە، وەك هەمیشە مراقبەی بێتەلەکانی میری دەکەین، بەرۆژ لەپەنا بەردو ئەشکەوتەکاندا و بەشەویش ڕوودەکەینە ناو ماڵەکانی ئاوایی، دەگەیشتینە هەر گوندێك خەڵك هەبوو بۆ سکاڵاکردن و

شکایەتکاری دەهاتنە لای سەرۆك بارزانی، زۆرجار بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و چارەسەرکردنی کێشەی گرنگ، بارزانی دەیناردنە لای من، منیش بڕیاری خۆم پێشنیار دەکردو دەمخستە بەردەستیان، بەگوێرەی دابونەریتی کوردەواری و زانیاری و بۆچوونی خۆی ئەو بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەداو چارەسەری دەکرد.

کابرای پرچن:
لەشارەکان وگوندەکانەوە خەڵکی دەهاتنە ڕیزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانەوە، لەهەمان کاتدا گیروگرفت ڕووی ئەدا بەزۆری شکات و شکاتکاری و ڕاپۆرت لەسەر یەکتریان لەسەر خەڵکی بێ لایەن دەنووسرا، لەدواییدا بۆمان دەرئەکەوت زۆربەی ئەو ڕاپۆرت و شکاتانە بێ بنچینەن و تۆڵەی کێشەی کۆنی نێوان ڕاپۆرتنووس و تاوانبارکراوەکەیە، هەر کێشەیەو بەجۆرێ بوو، یان لەسەر زەوی و زار یا کێشەی خێزانی، هەریەکە بەچەشنێ.
ڕۆژێکیان لەدێی (گەزنە) پیاوماقوولێکی گوندەکە هات بۆ لامان بۆ بەخێرهاتن لێکردنی پێشمەرگەکان، دیاربوو پیاوێکی زیرەك و تێگەیشتوو بوو ئاگاداری بارودۆخی گوندەکەی خۆیان و دەوروبەری بوو، وتی: ئەگەر ڕوخسەتم بدەن حەز ئەکەم سەرگوزوشتەیەکتان بۆ بگێڕمەوە کە من لەباوکم بیستووە، وتم فەرموو بیگێڕەوە، وتی: جارێکیان کابرایەکی پرچن بەکەشکۆڵ و دار عاسایەکەوە لەبەردەم مزگەوتی ئاواییەکەدا پەڕۆیەك لەسەر زەوییەکە دائەخاو مەسینەیەکی حەوجۆشی دەخاتە سەر، بەهاوارهاوار خەڵکی ئاوایی لەخۆی کۆدەکاتەوەو دەڵێ: ئەگەر هەندێ پارەم بۆ بخەنە سەر ئەم پەڕۆیە ئێستا من لەدەمی مەسینەکەوە دەچمە ژوورێ، خەڵکەکە بڕێ پارەی بۆ فڕێ ئەدەنە سەر پەڕۆکە، کابرا پارەکە دەژمێرێ و ئەڵێ: ئەگەر ئەوەندەی ترم بۆ کۆبکەنەوە لەلوولەی مەسینەکەوە دەچمە ژوورەوە و لەدەمەکەیەوە دێمە دەرەوە. خەڵکی ئاوایی بۆئەوەی ئەم بەزمە ببینن هێندەی تر پارەی بۆ فڕێ ئەدەنە سەر پەڕۆکەی بەردەمی، کابرای پرچن پارەکە هەڵئەگرێ و ئەیخاتە باخەڵیەوەو پەڕۆکەش کۆئەکاتەوەو هەڵدەسێتە سەرپێ کە بڕوا. خەڵکەکە ئەڵێن: ئەوە بۆ کوێ ئەچیت؟ دەی بەزمەکەمان بۆ بگێڕە! کابرا دەڵێت: ئێوە ئەوەندە خۆشباوەڕ بن بڕوا بەوە بکەن من بتوانم لەدەمی مەسینەوە بچمە ناو مەسینەوە یان لە لووکەیەوە خۆم بکەم بەناو مەسینەکەدا، ئێوە هەر بۆ ئەوە باشن کە ئەم پارەیەتان لێ بپچڕم.
کابرای گەزنەیی زۆر لەسەرخۆ ئەم ڕووداوەی گێڕایەوە، دواجار وتی: ئێمەی کورد لەسایەی خواو میللەتەوە شۆڕشەکەمان پەرەی سەندووەو ئاشکرایە ئەمە بۆتە هۆی نارەحەتیی میری و دوژمنانی کوردو ئێستا هەوڵی ئەوەیانە چقڵ بچەقێننە نێوانمان و لەیەکتری بکەوینە شك وگومانەوە و دڵی مرۆڤی چاك و پاك پێشێل بکەین و کاری خراپتریش ڕووبدات، من لەگێڕانەوەی ئەم سەرگوزوشتەیەدا مەبەستم ئەوەیە با نەبین بەخەڵکی ئاوایی و بواری دوژمنیش نەدەین لێمان ببێ بەکابرای پرچن.

لەسەرەتای مانگی ٦ی حوزەیران/١٩٦٢ گەیشتینە دەوروبەری شارۆچکەی گەڵاڵە:
سەرقۆڵەکانی پ.م لەناوچەی (سیدەکان وگەڵاڵە) کە لەگەڵ لەشکری بارزانیدا بوون ئەم هەڤاڵانە بوون:
{کەکۆ دۆڵەمەری، مەلا ئەمین، حاجی بەیرۆخی، مستەفا نێرۆەیی، عەریف یاسین، حەسەنی خاڵ هەمزە، مام حارس بێدارونی، حمید بیری، حمید حسین مەلا ناسراو بە (حەمیدە ئەفەندی) کە دوای ماوەیەك کرا بەئامر بەتالیۆن لەهێزی باڵەك، کەوکەس سید تەها، ئەحمەدی ستێ}.

ئەم مرۆڤە ناسراوانە لەناوچەی گەڵاڵە ساڵی ١٩٦٢ هاتنە پاڵ هێزەکەی بارزانی:
(مەلا تەهای شێخ وەتمان، سلێمان نەبی حاجی هۆمەرانی، مام وسو کاوانی، شێخ حسین بۆسکێن).
هەموویان لەڕیزی پێشمەرگەدا بوونە سەرلق و لێپرسراو.

نامەی بارزانی بۆ مدیر ناحیەی باڵەك:
ڕۆژی یەکشەممە ٣/حوزەیران/١٩٦٢، لەگوندی (ماکۆسان) بووین بارزانی نامەیەکی نارد بۆ مدیر ناحیەی (باڵەك) کە بەبێ شەڕ خۆیان و دامودەزگاکانی ناحیەکە و سریەی پۆلیس و هەموو پۆلیسخانەی ناوچەی گەڵاڵە بدەن بەدەستەوە. بۆی نووسیبوون کە (پردی حافز) ڕووخێنراوەو لەشکری ئێمە لەسەر لوتکەی چیاکانی دەوروپشتی (باڵەك)ن.
ڕۆژی دووشەممە ٤/حوزەیران/١٩٦٢، فڕۆکەی هێرشبەر و بۆمباهاوێژ لەبەیانیەوە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ بۆردومانی دەکردین. شەوی دووشەممە ٤/حوزەیران/١٩٦٢ سەنگەرێکی هێزی پۆلیس خۆیان بەدەستەوە دا لەژێر ئەم بۆردوومانەدا دامودەزگای ناحیەکەو سریەی پۆلیس توانیان بەدزیەوە بەرەو قەڵای مەخفەری (ڕایات) بکشێنە دواوەو خۆیان لە ناو

قەڵاكە توند بكەن. ڕۆژێ لەمەوبەر ئەو سریە پۆلیسەی لەناو مەركەزی ناحیەكەدا بوو، بروسكەكانی خۆی لەسەر ناونیشانی مەركەزی ناحیەكە دەنارد، بەڵام ئەمڕۆ بروسكەكانی خۆی لەسەر ناونیشانی مەخفەری (ڕایات) دەنارد بۆ هەولێرو ڕەواندز، لەبەرئەوە لەكشانەوەكەیان بۆ ناو قەڵای رایات دڵنیا بووین.
ڕۆژی سێ شەممە ٥/حوزەیران/١٩٦٢، پێنج قۆڵ پ.م لەچوارلاوە دەوروپشتی قەڵای (ڕایات) یان گرت و لەژێر ئابڵوقەدا هێشتیانەوە.
بارزانی دەفەرمووێ: ئەوكەسەی كە لەناو لەشكری ئێمە و شۆڕشدا شوێن تەماع و ماڵی دونیا بكەوێ، لەڕێی تەماعكاریدا بەكوشت دەچێت، یان لەشەڕی دوژمندا سەرناكەوێ، خۆئەگەر ئەمەی بەسەرنەهات، ئەوا بۆ تەماع خۆی سووك و ڕسوا دەكات. كاتێ گەیشتە هەر ڕادەیەك لەم بارودۆخانە، ئەوا ئەوكەسە لەناو لەشكری مندا ناتوانێ بژی و دەبێ لەناو ئێمەدا نەمێنێ، ئەگەر مایەوە من وای ڕەچاو دەكەم لەناو لەشكری مندا نییە، كوردی ڕاست و دروست لەناو شۆڕشدا دەبێ تەنها بۆ خزمەتی گەلی كورد و نەتەوەی كورد خەبات بكات، نەك بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی خۆی.

*تۆپە بچكۆلەكەمان تەنها سێ گوللە تۆپی هەیە*:
تۆپە بچكۆلەكەمان (بازوكا) تەنها سێ (٣) گوللە تۆپی هەیە، ڕوو بەرەو قوللەكانی قەڵای (ڕایات) دابەستراوە. بەهاوەنی دوو ئینج قەڵا پتەوەكە جارجار تۆپباران دەكرێت، لەماوەی بیست ڕۆژدا بەهۆی ئەم تۆپەوە توانیمان تەنها كەلێنێك بخەینە لایەكی قەڵاكەوە، بەڵام جارێ لەوە ناچێت هیچ پێشمەرگەیەك بتوانێ هێرش بباتە ژوورەوە.

*توونێلی ژێر قەڵای ڕایات*:
شەوی ٤-١٩٦٢/٦/٥، دوای ئەوەی بەڕێوەبەری ناحیەی گەڵاڵەو پۆلیسەكان توانیان بگەنە قەڵاكەی (مەخفەری ڕایات)، ماوەی ٣٨ ڕۆژ هێزی پێشمەرگە گەمارۆی قەڵاكەی دا، لەڕۆژی سێشەممە ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٢ گەمارۆی قەڵاكە دەستی پێ كرد، هێزی ئاسمانی بەفڕۆكەكانی ڤەنم خواردنیان بەپارەشووت فڕێ دەدایە خوارەوە بۆ ناو مەخفەرەكەی رایات، زۆرجار پارەشووتەكان دەكەوتنە ناو پێشمەرگەكانەوە، ئەوانیش خواردنەكەیان دەخوارد و پەتی پارەشووتەكەیان دەبەست بەپارچە ئاسنێكی لوولەییەوەو بۆ تفەنگ پاككردنەوە بەكاریان دەهێنا، لەپارچەی پارەشووتەكە كراسیشیان لێ دروست ئەكرد. ئەوكاتە لەشكر یەك دانە (بازوكا)ی هەبوو لەگەڵ سێ قونبەلەدا، لەیەكەم هەفتەدا، قونبەلەیەك گیرایە دەرگای قەڵاكە، بەڵام كورتی هێناو نەیپێكا، دووهەم قونبەلە دای لەلاشیپانی دەرگاكەو هەندێ لەشان وباهوی دەرگاكەی شكاند، پێشمەرگەیەك هاواری لێ كردن و وتی: ئەگەر خۆتان تەسلیم نەكەن بەقونبەلەی بازوكا خاكتان بەتوورەكە دەبێژینەوە! لەناو قەڵاكەوە بەدەنگی بەرز وەڵامیان دایەوەو گووتیان: چی دەكەن بیكەن، ئێوە یەك قونبەلەتان ماوە!
زانیاری تەواویان هەبوو كە چەكی قورسمان نییەو لەماڵی دنیادا ئەو (بازوكا)یەمان هەیە. لەناو قەڵاكەدا ١٥٠ پۆلیسی. سەر بەناحیەی گەڵاڵەو مەخفەرەكانی ناوچەی باڵەكی تێدابوو.
ڕۆژی یەكشەممە ١٠/حوزەیران/١٩٦٢، لەسەر فەرمانی بارزانی دەستكرا بەبوودڕ واتە (تونێل) لێدان بەرەو یەكەم قولەی قەڵای ڕایات.
ڕۆژی یەكشەممە ١٠/حوزەیران/١٩٦٢، شانزدە پێشمەرگە و دوو وەستای كارێزكەن كەئەمانیش پ.م بوون دەستیان كرد بەهەڵكەندن و لێدانی بوودڕ (توونێل)ێك لەدووری ٣٥٠ مەترەوە، لەناو چاڵاییەكەوە بەرەو یەكەم قولەی قەڵاكەی ڕایات. ئەو ئامێرانەی بۆ دروستكردن و لێدانی توونێلەكە بەكاردەهێنران بریتی بوون لەپاچ، قوڵنگ، باریە (نوێلا)، خاكەناز، توورەكەو گوێنی، بەبێ یارمەتی تەكنیكی و ئەندازیاری خۆماڵی یان لایەنێكی بیانی لەماوەی ٥٢ ڕۆژدا دەمی توونێلەكە گەیشتە بەردەم یەكەم قولەی قەڵاكە لەدیوی دەرەوەی بن دیوارە بەردینەكانی. عەلی عەسكەری و ئەشرەف ئامێدی بەچیچكانەوەو نیوەگاگۆڵێ بەناو توونێلەكەدا چوونە بن دیواری یەكەم قولەی قەڵاكەوەو لەگەڵ مدیر ناحیەكەدا (لەكونە مەتەرێسێكەوە) كەوتنە گفتوگۆ.
مدیر ناحیەكە عەرەب بوو، عەلی عەسكەری سوێندی بۆ خواردن كە خۆتان تەسلیم كرد و هاتنە دەرەوە هەمووتان بەرەڵا دەكرێن. لەشەوی پێنجشەممە ١٩٦٢/٧/١٢: دوای خۆبەدەستەوەدانیان تەنها مدیر ناحیەكەو چەند پۆلیسێك بەبەندی نێردران بۆ (بێتواتە)، بەڵام ژمارەیەك لەوانی دیكە حكومەتی ئێران لەشارۆچكەی (پیران شەهر)ەوە واتە (خانە) بەزۆرە ملێ و نابەدڵەوە وەری گرتن و بەناو ئێراندا بردیانن بۆ (قەسری شیرین) و تەسلیم بەدامودەزگای ڕژێمی عبدالكریم قاسم كرانەوە. مەبەستی بارزانی ئەوەبوو، دەنگی شۆڕشەكەمان بگاتە ئەودیو سنوور، ئەو ماوەیەی دیلەكان تەسلیم بەئێران كران ڕادیۆو ڕۆژنامەكانی ئەوروپا ئەم دەنگوباسەیان بڵاودەكردەوە.

کەگەیشتینە (بێتواتە)، ڕۆژێکیان بینیم بەندەکان هێنرابوونە بەرهەتاو، چونکە گرتووخانەکە لەناو ئەشکەوتێکدا بوو لەشوێنێکی نسرمدا. میری بۆردوومانی بێتواتەی نەدەکردو زانیاری پێ گەیشتبوو، کەبەڕۆژ بەندەکان دەهێنرێنە بەر بەرۆچکەی هەتاو. عەلی عەسکەری و ئەشرەف ئامێدی لەبەر هەتاوەکە لەنزیك بێتەلی ئاراسەوە دانیشتبوون، مدیر ناحیەکەی گەڵاڵە داوای کردبوو عەلی عەسکەری ببینێ، کەهاتە پێشەوە، وتی: ها کاك عەلی، وێن الحلف؟ واتە: کوا سوێندەکەت؟ دواى چەند ڕۆژێ مدیر ناحیەو ئەو چەند پۆلیسەی دیکەش بەرەڵا کران.
تا ئێستا باسی ئەو تونێلەی لەشکری کوردستان لەهیچ گۆڤارو ڕۆژنامەو بلاوکراوەیەکدا نەکراوە، باسی ئەو چنگەکرێیەی پێشمەرگەی کوردستان نەهاتۆتە ئاراوە، لەساڵی دووهەزارو یەك دا لەکەناڵی (Spiegel TV. Special)ی ئەڵەمانی فلیمێ پیشاندرا دەربارەی لێدان و هەڵکەندنی تونێلێك لەساڵی (١٩٦٢) دا!! بەدرێژایی (٢٠٠م) لەنێوان ئەڵەمانیای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا بەژێر دیواری بەرلیندا، لەژێر گەڕەکێکی بەرلینی ڕۆژئاواوە بۆ ئەوبەر گەڕەکێکی بەرلینی ڕۆژهەڵات بەیارمەتی و یاریدەی تەکنیکی و ئەندازیاری و مەکینەی کارەباو ئامێری ئەرزهەڵکەندن و خۆڵ دەردان و بەردشکاندن.
ژمارەیەك کرێکاری قوتابی بەشەوو ڕۆژ ئیشیان تێداکردووە، ئینجا بەماوەی پێنج مانگ توانیویانە بوودرەکە تەواو بکەن و (٢٩) زەلام لەبەری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە دەرباز بن بۆ ناو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا. فلیمەکە (١٢٥) خولەکی خایاند و دوای تەواوبوونی، چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندووانی پاڵەوانانی کارەکەو لەگەڵ ڕاکردووەکاندا کرا.
لەسەر باسی ئابلۆقەدانی قەڵاو مەخفەرەوە، لەمێژوی کورد، عبدالواحد ابراهیم شێخ عبدالسلام بارزانی جارێکیان ئەم کورتە چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە: لەساڵی ١٩٤٥ کاتێ چوار ئەفسەرە کوردەکان دەگەنە لەشکری بارزانی، پلان دائەنێن بۆ گرتنی مەخفەری (بیرەکەپرە). لەقەدی درەختی دارەبەن (دارقەزوان) تۆپێکی قورس دروست ئەکەن و لەخرکەبەردی گوێ ڕوباری شین ٤-٥ گوللە تۆپ دروست ئەکەن و بەباروتی ڕەشۆکی وپارچە پەڕۆ تۆپەکە دائەگرنەوەو تێزی دەکەن و ڕووی ئەکەنە دەرگای مەخفەری بیرەکەپرە.
هاوارئەکەنە پۆلیسی ناو قەڵاکەو دەڵێن: ئەگەر لەماوەی یەك سەعاتدا تەسلیم نەبن، ئەتاندەینە بەر تۆپ. سەعاتەکە تەواو دەبێ و ئەمان بۆ ئەنجامدانی هەڕەشەکەیان پشکۆ ئاگر دەنێن بەکونی دواوەی تۆپەکەوەو دوای فیشك وهووڕ و چەرەدووکەڵ وجیرە جیری تایەکانی بەهەڵبەزودابەز تۆپ و گوللە تۆپ بەرەو دەرگای قەڵاکە هەڵدەتیزێ و لەبەردەم دەرگاکەدا دەتەقێ و یەکالا دەبێتەوە.

ڕۆژی دەیان بروسکەی شیفرەکراو:
دوای گرتنی مەخفەری ڕایات کارمەندی ئێستگەی بێتەلی (ڕایات)یان هێنا بۆ لای من، منیش لەبەرئەوەی هیچ تاوانێکی نەبوو، لای خۆمان لەسەر بێتەل دامەزران. لەسەرەتاوە زۆر گورج وگۆڵ بوو پێی وتم: ئەمڕۆ ئەوەندەت بروسکە بۆ وەردەگرم هەتا نیوەشەو خەریکی شی کردنەوەیان بیت، قسەکەشی ڕاست دەرچوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم بەشەو دەستی بەگریان وهاوار ئەکرد بەدەنگی بەرز هەمووەمانی هەراسان کردبوو، حەزی دەکرد بگەڕێتەوە بۆ ناو کەسوکاری، ناچار ڕێگەمان پێدا. لە (ڕەواندز) بەمیری ڕاگەیاندبوو کە بەڕێوەبەری بێتەلەکەی بارزانی ڕۆژی دەیان بروسکەی شیفرەکراوی میری وەردەگرێ، هەرچی چەندێ شیفرەکە قورس بێت شی دەکاتەوە. دوای ئەم ڕووداوە میری شیفرەکانی زۆر قورستر کرد، ئەو کلیلانەی خۆم دۆزیبوومەوە هاتنە گۆڕین، لەگەڵ ئەوەشدا هەمدیسان کەوتمەوە شی کردنەوەو دۆزینەوەی کلیلی شفرە بۆ ئەو بروسکانەی وەرمان دەگرتن.
باخی قەیسی:
ڕۆژی ١٩٦٢/٦/٦ لەگوندی (شێخ وەتمان) بووین لەناوچەی گەڵاڵە، مامۆستا ابراهیم احمد و عومەر دەبابەو علی عەسکەری و شێخ ڕەئوفی برای و عبدالله اسماعیل (مەلا ماتۆڕ) و هەروەها ژمارەیەك پێشمەرگەش چاوەڕوانی هاتنی بارزانییان دەکرد. یەکێك لەو برادەرانە چووبووە ناو باخی دار قەیسیەکانەوەو بەسەر دارێکدا هەڵگەڕابوو، دانەدانە قەیسی لێ دەکردەوەو دەیخوارد، مامۆستا ابراهیم احمد چاوی کەوتە سەری و بەوپەڕی تووڕەییەوە هاوارێکی بەرزی لێ کردو دایە بەر تەشەرو تانووت و نەفرەت لێ کردنی، برادەرەکە بەتەریقیەکەوە لەسەر دار قەیسیەکە هاتە خوارەوەو لەولاوە دانیشت.
ئاشکرایە هەر یەکێك لەگەورە پیاوان کەسێکە وەك کەسانێکی تر دڵگیرو نائارام و شێتگیر دەبێ و هەڵدەچێ بەبینینی ئاکارێکی ناشیرین و ناڕەواو نابەجێ، ئینجا ئەگەر ڕەفتارەکە دژی بەرژەوەندی کۆمەڵگا و شۆڕش بوایە بارزانی لەو ڕادەیەش زیاتر دڵگیر دەبوو. لەوکاتەدا بارزانی گەیشتە لایان، دوای بەخێرهاتن لێکردنی یەکەیەکەیان دەستی کردە ملی (سەلامی مەلا سابیر) و چەکێکی کلاشینکۆفی پێ بەخشی.
ڕۆژی پێنجشەممە ٧/حوزەیران/١٩٦٢، گەیشتینە (خوشکان) لەناوچەی گەڵاڵە. بارزانی دەفەرمووێ: پێویست ناکات ئێمە ئازووقەو چەك وتەقەمەنی بکڕین، هەردەم دەبێ بچین دوژمن بشکێنین و ئەو تفاقانەی پێویستمانە دەبێ لەدوژمنی بسەندین،

فەرمووی: حەزناکەم لەشکری ئێمە باری گران و شتی زۆری لەگەڵدا بێ، دەبێ بەبارسووکی بمێنینەوە، بۆئەوەی بەخێراییتر لەشوێنێکەوە بچین بۆ شوێنێکی دیکە بەدوای دوژمن دا و لەچ لایەکەوە دوژمن بێ هێزە لەولایەوە زەربەی لێ بدەین.
ڕۆژی شەممە ٩/حوزەیران/١٩٦٢، عومەر دەبابە گەیشتە لای ئێمە لەگوندی (خوشکان). بارزانی دەفەرموێ: پێشمەرگە پێویستە لەکاتی شەڕی دوژمندا لەناوچەپەر واتە (سەنگەر) دا هەرگیز هەڕانەکات، هەڕاکردن، خۆپاراستن نیە. کەسێ لەشەڕدا شکا، دێتە کوشتن (واتە: دەکوژرێ)، بەڵام کە لە شوێنی خۆت مایتەوەو بەردەوام بووی لەشەڕی دوژمندا، بەرامبەرەکەت دڵی دێتە لەرزەو وورە بەردەدات و دەشکێ و هەرادەکات و لەوانەیە بکوژرێت.
* شەوی دووشەممە ١١/حوزەیران/١٩٦٢، لەگوندی (دەربەندی ڕایات) بووین، (١٠-١٢) بروسکەی پەلەو گرنگی هێزەکانی میریمان وەرگرتبوو لەگەڵ عومەر دەبابە پێکەوە چووین بۆ لای بارزانی. بروسکەکانم پێشکەش کرد. لەکاتی دانیشتندا بارزانی فەرمووی: من هیچ باوەڕم بەئاخاوتن و سەروسیمای مرۆڤ نیە، بەڵکو تەنها باوەڕ بەو ئیشە دەکەم کە لەبەرچاوم دەکرێت بۆ بەرژەوەندیی میللەتی کورد، فەرمووی: من باوەڕم تەنیا بەئیش و کردارو خەبات هەیە بۆ خزمەتی گەلی کورد، نەك بەقسە.
* ڕۆژی سێ شەممە ١٢/حوزەیران/١٩٦٢، فڕۆکەی مێگ ودوابەدواش فڕۆکەی ئیلیوشن هاتنە سەر گوندی (دەربەند) و بەردەوام بۆردومانیان کردین. فڕۆکەیەکی ئیلیوشن بۆمبایەکی گەورەی دا بەناو ئاشی ئاوی گوندەکەداو وێرانی کرد بارەگای سەرەکیی هێزەکانی لەشکر لەم گوندە بوو، لەبەرئەوە هەموو ڕۆژێ فڕۆکەی هەمەچەشنە گوندەکەو دێهاتەکانی دەوروپشتی بۆردومان دەکات. لە ئاکامی بۆردومانی ئەمڕۆدا ژن و پیاوێك بریندار بوون.

*چیای حەساری سەکران و داری ساج*:
ڕۆژی هەینی ١٥/حوزەیران/١٩٦٢، گەیشتینە گوندی (مژدەینان) بەرامبەر چیای (حەساری سەکران)، بە (سەکری سەکران)یش ناودەبرێ. ئەم شاخە بەرزو سەخت و هەڵەمووتە و هەتا دامێنی بەفر دای پۆشیوە، کانییەکی گەورە لەنزیك لوتکەی چیاکەوەیە، ئاوەکەی لەگەڵ بەفراودا وەك چڕی شیر بەکەف و بەتەوژم دێتە خوارەوە و دارستانێکی چڕ لەدەوروبەری کانیاوەکەیە، لەم جۆرە دارودرەختە لەشوێنێکی دیکەی کوردستان نایەتە پێش چاو، ڕەنگی لق و پۆپی دارەکان دوای تاشین و لووسکردنی سوورە وەك خوێن و پەڵەپەڵەیە وەك زەردەمار.
دانیشتوانی گوندی (خۆشکان و مژدەینان و ئێنێ) ئەڵێن ئەو دارودرەختانە هینی (ئەسحابە)یە، لەبەرئەوە کەس دارەکانی نابڕێتەوە بۆئەوەی تووشی گوناە نەبێ، بەڵام بەزستانان کە بەفر زۆر دەبارێت و هەرەس دەهێنێ، هەندێ لە دارولق و پۆپەکانی دەهێنێتە خوارەوە.
دانیشتوانی ئەم دێهاتانە بۆ دروستکردنی هەندێ وردە بابەتی ناوماڵ سوودی لێ وەردەگرن، بۆ نموونە: شەکردان، کەوچك، چەمچە، لۆرەلەپ (دەسکی پێشەوەو دواوەی مەشکە)، شانەی سەر. جۆری دارەکە پتەوە و ناقڵیشێ و ڕەنگەکەی بەسووری و پەڵەپەڵاوی دەمێنێتەوە و بریقەدارتر دەبێ. ڕەنگی بەردی قەدپاڵ چیاکە زۆربەی ڕەشەو هەندێکیان زیوی و مەیلەو خۆڵەمێشی تێرەو بریقەیەکی ماتی تێدایەو ڕەق وپتەوە.
دوای ڕێککردن و سافکردنی باشترین بەردی هەسانی لێ دروستدەکرێ. یاساوڵەکانی بارزانی ٣-٤ باری ئێستریان لێ هێنا، ژمارەیەکی زۆر هەسانی جۆراوجۆریان لێ دروستدەکرێ، بۆ نموونە: هەسان بۆ تیژکردنی چەقۆ، قەڵەمبڕ، شەکرشکێن، تەور، تەورداس، مەڵەغان،... هتد. ئەم جۆرە بەردە کە لەم چیایەو لەچیاکانی گەلاڵە هەیە باشترین جۆری مەرمەڕە.
لەدێهاتەکانی دامێنی ئەم چیایە، هەنگەلانیان زۆرە، هەنگوینەکەیان سپیە وەك ڕۆنەکەرەی مەڕ، هەنگوینی هەنگی دوو ساڵە، زەردی کارەباییە.
لەقەدپاڵی چیاکە، پایزێکی درەنگ، زەوییەکان دەکێڵن و تۆوگەنمی پێوەدەکەن و دەبێ بەژێر بەفری زستانەوەو لەبەهارێکی درەنگدا پێدەگاو ئەیدرونەوە. کاتی ساوەرکووتان، کچان وکوڕانی هەرزەکار بەرامبەر یەکتر بەکوتەك ساوەرەکە دەکوتن لەناو دۆڵدا یان لەناو قووڵینەی تایبەتدا کە دیوی ناوەوەو دەرەوەی بەگوێنی هەڵدووراوە.
لەکاتی پشوودانیشدا دەیانکرد بەزرمە زڵێ و زۆرانبازی. لە بەهاراندا هەرزەکاران کچ و کوڕ پێکەوە دەچوون بۆ هەڵکەندنی گیا بەهارە کە بۆ خواردن دەست ئەدات، وەك: کنگر و ڕێواس و گۆزروان و کاردوو و گێلاخەو ترشۆکەو پێقەلە و مالەوێچە... هتد. لەکاتی ماندووبونیشیاندا لەجیاتی پشوودان، کچان بەتۆبزی کەرتەشی کوڕانیان هالێرەو هالەوێ ڕاوەدوودەناو ئەگەر کوڕێکیان بەگیربهێنایە نیوە ڕۆحیان دەکرد. لەساڵی دووهەممانداً لەناوچەکە ئەم بەزمە فۆلکۆرییانەمان نەدەبیستەوە.
* بەگوێرەی بروسکەی سوپا لە موسڵا، ڕۆژی هەینی ١٥/حوزەیران/ ١٩٦٢، سەرقۆڵە عبدالواحد حاجی مەلۆ لەگەڵ ٣٥٠ پ.م دا هێرشیان کردۆتە سەر سەنگەرەکانی سوپاو جاش لەنزیك (ئالوکا) لە سەمتی باکوری (دهۆك) زیانیان بەهێزەکانی میری گەیاندووە پێش مەلابانگدان گەڕاونەتەوە بارەگای خۆیان.
** ١٩٦٢/٦/١٨ شەڕی ئاگەنی لە ناحیەی باتوفە وزاخۆ:

لیوایەکی زرێپۆش لەژێر فەرماندەی (عقید مجید سعیدی) دا و بە پیشتیوانی فڕۆکە وهەزاران جاش لە زاخۆوە بەرەو ناحیەی باتوفە هێرشیان هێنا بە مەبەستی خۆ گەیاندنە سەر سنوری تورکیا . هێزێکی لەشکری کوردستان لەژێر فەرماندەی عیسا سواردا کەوتنە شەڕێکی دژوارەوە . پێشەکی یەکەم قۆڵ لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاویان بەردایە سەر وێستگەی زرێپۆشەکان و توانای جموجۆڵیان وەستا ، قۆڵێکی دیکەی لەشکری کوردستان لەژێرفەرماندەی عیسا سواردا بەرەنگاری هێزەکانی سوپاو جاش بوون .ماوەی چوار ڕۆژ لەسەر یەك و بێ وچان هێزی سوپاو جاش هێرشیان دەکردە سەر سەنگەرەکانی لەشکری کوردستان . لەیەکێك لەو هێرشانەدا . فەرماندەی لیوا(عەقید مەجید سعیدی ) کوژرا. ماوەی ٢١ ڕۆژ هێزەکانی سوپاو جاش لەوشوێنانەدا مانەوەو ڕێگەی هاتو چۆیان لێ بڕابوو بۆ ناو زاخۆ .
دوای ئەو ماوەیە هێزی زاخۆ بواری دا کە ریگەی هێزەکانی سوپاو جاشی ئەو ناوە بەر بدەن و بەرەو زاخۆ بکشێنەوە ، بۆ ئەوەی لەشکری کوردستان بتوانێ بەر هەڵستی هەر هێرشێك بکات کە لە شوێنێکی دیکەوە سەر هەڵبدات .
* شەوی سێشەممە ١٩/حوزەیران/١٩٦٢، چوومە سەردانی هەباس ئاغای مامەند ئاغا لەگوندی (ئینێ) هەمان شەو پێکەوە چووینە لای سەرۆك بارزانی، دوای شەوباش کردن لەبارزانی کە گەرامەوە شوێنەکەی خۆم ئەم تێبینیانەم لەو کاتانەدا تۆمار کردووە: بارزانی توانایيەکی زۆری هەیە لە ئیشکردن و کۆڵ نەداندا بۆ بەرژەوەندیی کورد، شەرکەرێکی گرنگە زۆر شتی شێرانەی لێدەوەشێتەوە لە هێزو توانای دوژمن ناترسێ و سڵ ناکاتەوەو زۆر بڕوای بەخۆی هەیەو وورەی بەرزە.
پیاو کە تەماشای دەکات بڕواو ئیمانی کوردایەتیی پتەوتر و جێگیرتر دەبێ. بارزانی فەرمووی: کورد زۆربەیان دەیانەوێ سەربەستی وەربگرن، بەڵام بێ ئەوەی وەکو پێویست خۆیانی بۆ ماندوو بکەن و قوربانیی بۆ بدەن، هەندێ کورد حەزدەکەن لەژێر زۆرداریدا بمێننەوە بێ ئەوەی هەست بەو حەزەی خۆیان بکەن.
بارزانی زۆر ڕقی لە زۆرداری ئەبێتەوە، زۆرداری لەکەس قبووڵ ناکات، ئەگەرچی ئەو زۆردارە یەکێك بێ لەکورەکانی خۆی یان لە هەر لێپرسراوێکی ناوخۆ یان میرییەوە بێت بەرامبەر بەکورد. فەرمووی: لەناو ئێمەدا کەسانێ هەن حەزیان لە زۆرداریە ئەگەر فەرمانڕەواییەکی کوردی بهێننە کایەوە، فەرمانڕەواییەکی خوێنخواری لێ دەربچێو، ئەو فەرمانڕەواییە لە زەمانی مندا بێ ڕەنگە من یەکەم کەس بم شەڕ بەرامبەر ئەو حکوومەتەی کورد بکەم، چونکە زوڵم قبووڵ ناکەم. هەردەم بەپەرۆشەوە تێدەکۆشم زوڵم و زەلالەت لەسەر میللەتی کورد لابەرم، فەرمووی: ئەگەر یەکێك بەردێك بخاتە سەر بەردێك بۆ بەرژەوەندیی میللەتی کورد، بۆی هەیە شانازی بکات و ویستی پیرۆزی خۆی بسەپێنێ بەسەر ئەو کەسانەی لەدەوروپشتین.
زۆمی گوندی شۆرێ/ دووشەممە ٢٥/حوزەیران/١٩٦٢ :
ئێستا لە (زۆمی گوندی شۆرێ)ین، بەرامبەر چیای (چیغەبەر)، چیای (هەڵگورد) دەکەوێتە پشتمانەوە. ئێستگەی ڕادیۆی ٣-٤ وڵات لە پێرێ شەوەوە بەدرێژیی باسی هێرشەکەی عیسا سوار و هێزەکەی دەکەن کە چۆن لە ناحیەی (باتوفە)ی سەر بەقەزای (زاخۆ) دوو فەوجی تۆپهاوێژو فەوجێ سەربازی پیادەی لێك هەڵوەشاندووەو زۆربەیان یەخسیرکراون و لاشەی کوژراوەکانیان بەجێهێشتووە و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بریندارکراوە.
* ڕۆژی سێشەممە ٢٦/حوزەیران/١٩٦٢، ئەم تێبینیانەم یادداشت کردووە: بارزانی خۆی بەسەرۆکی ئەم (پ.د.ك)ەی ئێستا دانانێت، لە زۆر دانیشتندا دووپاتی دەکاتەوە کە خۆی بەسەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان نازانێت، دەفەرمووێ: لێپرسراوەکانی پارتی زۆر زەربەیان لەم شۆڕشەی میللەتی کورد داوە، بەتایبەتی لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشدا، گوایا ڕاپەڕینی ئاغاو خاوەن زەوی و زارەکانی هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان دژی یاسای (اصلاح زراعی) بەهاندانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بۆ تێکدان و زڕاندنی ناوی مەلا مصطفی بارزانی و هەر شۆڕشێك بارزانی بەرپای بکات.
سەماوەرو فەرشی خانەخوێ:
ڕۆژی هەینی ٢٩/حوزەیران/١٩٦٢، مرۆڤێك لە لەشکری عەباس ئاغا لەدێی (خۆشکان)ی سەر بەناحیەی گەڵاڵە بەزۆرەملێ سەماوەرێك و فەرشێکی ماڵێکی بردبوو، بارزانی خەبەری زانی ناردی بەشوێن عەباس ئاغادا، پێی ووت: من هیچ لە زوڵم و زۆری جاشك و هێزی میری ناترسم، بەڵام ترسم لە زەلامەکانی ناو لەشکری خۆمان هەیە، کە زوڵم و زۆر لەدانیشتوانی ئەم گوندانە بکەن.
ئینجا من ناچارم، بارزانی فەرمووی: کە لەپێش هەموو شتێکدا شەڕی ئەو کەسانە بکەم کە کردەوەی لە جاشك خراپتر دەکەن لەناو گوندەکاندا بەناوی ئەوەوەی کە لەگەڵ لەشکری کورددان، ئەگەر سەرقۆڵەکە یان لێپرسراوەکە ئەو تاوانبارە لە چەك نەکات مانای ئەوەیە سەرقۆڵەکە یان لێپرسراوەکەشی بەشدارە لەگەڵیا.
ئینجا من ناچارم سەرقۆڵەکە یان لێپرسراوەکە لە چەك بکەم و سەری ئێسترێکی بدەمە دەست لەناو لەشکردا ببێت بە(خەربەندە)، واتە (ئاگاداریکەری ئێستر و بارگیر، یان بارەبەر...) هەرچەند ئەم ئیشەش (خەربەندە) ئیشێکی سووك نییە. بارزانی زۆرجار کە شتی خراپ یان ناهەقییەکی ببیستایە یان چاو پێ بکەوتایە لە هەر کەسێکەوە بوایە، گورج ئەیخستە دەستیەوە.

زۆرجار دەفەرمووێ: من پێویستم بەژمارەیەکی زۆر پ.م نییە لەگەڵمدا بن، تەنها هەشتا پێشمەرگەی چەکدرای شەڕکەرم بەسە. لەشکری بارزانی بەهەر ناوچەیەکدا تێدەپەڕێ، لە هەر دێ یەك دوو کەس و سێ کەس دەگەنە لەشکر، ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەمان لەزیادبوونایە، بەڵام تۆپی ناوەنجی و گەورەمان نییە، تەنها تفەنگ و ڕەشاش و ژمارەیەکی کەم هاوەنی دوو ئینجمان هەیە.

لە هەموو بەرەکانی شەڕدا، (٣) هاوەنی سێ ئینجمان هەیە لەگەڵ ژمارەیەکی کەم قومبەلەدا، یەك بازوکەشمان هەیە.

مفاوەزات:

ڕۆژی پێنجشەممە ٥/تەمموز/١٩٦٢، وەفدێك لەلایەن قائد فرقەی دووەوە بەناوی عبدالکریم قاسمەوە هاتن بۆ گوندی (حاجی هۆمەران) بۆ لای بارزانی، بەناوی مفاوەزەوە. لەهەمان کاتدا ئەمشەو بەهۆی بروسکەی شیفرەکراوی هەمان فیرقەوە زانیمان کە (جحفل لیوای ٣) لەگوندی (زێوە)ی نزیك پردی (بەرسرین) ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٧/تەمموز/١٩٦٢ هێرش دەکەنە سەرمان.

ئەو ئەفسەرانەی بەناوی مفاوەزەوە هاتوون بۆ لای بارزانی، مەبەستیان دەستنیشانکردنی هێزو سەنگەرەکانی لەشکرە لەمبەرو ئەوبەری ڕێگەی هاملتۆن لەنێوان (زێوە)و (حاجی هۆمەران)و دانانی پلانی هێرشەکەیانە.

هێرشی سوپاو جاش لەگوندی (زێوە)وە بەرەو حاجی هۆمەران:

لە ڕۆژی شەممەی ڕابردووەوە، هێرشی جاش بەردەوامە لەگوندی (زێوە)وە بەرەو ناوچەی گەلاڵە بەو مەبەستەی بگەنە (ڕایات) و ئابلۆقەی قەڵاکە بشکێنن. لەسەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ (سێشەممە ١٠/تەمموز/١٩٦٢) زۆر بەگەرمی شەوو ڕۆژ هێرشی بەرامبەرێن کۆتایی پێ نایەت، بەڕۆژ ئەوان لەژێر ئاگری تۆپ و فڕۆکەی هەمە چەشنەدا هێرش دەکەنە سەر سەنگەرەکانی لەشکرو بەشەویش لەشکری ئێمە هێرش دەکاتە سەر مۆڵگەکانیان، تۆپبارانیان بۆ سەر سەنگەرەکانی لەشکرو ناوگوندەکان ناپچڕێ، شەوی وا هەیە بریسکەی گوللە وەکو چۆن ٣٠٠-٤٠٠ ئەستێرە لەئاسماندا پێکڕا بکشێن ئاوها تاریکی بەری ئاسمان ڕووناك دەبێتەوە، هاژەو نالەی گوللە تۆپ و تەقەی چەکی هەمەچەشنە ئارامی و بێ دەنگیی شەوی ناو ئەم شاخ ودۆڵانە دەڕەوەێنێتەوە.

کونەبا:

ماوەی مانگێك زیاتر لەشکر ئابلۆقەی قەڵای (ڕایات)ی دا، پچڕپچڕ شەوو ڕۆژ تەقەی لەسەربوو، بەڕۆژ فڕۆکەی مێگ و ئیلیوشن بۆردوومانی شوێنەکانی پێشمەرگەیان دەکرد. بەهۆی لێدانی بوودرِ ژمارەیەك پێشمەرگە گەیشتنە بن دیواری قەڵاکە لەنێوان هەموو چەند هەنگاوێکدا لەناوەوە (کونەبا)یەك دەکرایە بنمیچی بوودرەکە بۆ دەرەوە بۆ وەرگرتنی هەوای پێویست بۆ هەناسە، نیشانەیەکی سوری لێوە دەهێنرایە دەرەوە، بۆئەوەی کارێزکەنەکان بزانن گەیشتوونەتە کوێ.

ئەمشەو ڕێکەوتی پێنجشەممە ١٢/تەمموز/١٩٦٢، قەڵاکە گیرا، پۆلیسەکان باسیان کرد کە چۆن زۆر زارەترەك بووبوون بەو نیشانە سوورانە، هەتا ماوەیەك لێپرساوەکانیشیان وایان دەزانی پێشمەرگەکان بەشەو ئەو نیشانانە دەچەقێنن بۆ سەلماندنی ئەوەی کەلەڕاستیدا لەژێر زەویەوە پێشمەرگەکان بەرەو قەڵاکە بوودرِ لێ دەدەن و ئەمە بۆ ڕووخاندنی ورەی پۆلیسەکان و ئەوانی دیکەیە.

لەئاکامی گرتنی قەڵاکەدا، دەستکەوتمان بەم شێوەیە بوو: (١٠٣) تفەنگی هەمەچەشنە(ڕوسی و ئینگلیزی و پۆڵۆنی)، (٦) ڕەشاشی برێن و ڕوسی و (٢٠) دەمانچەی تۆکاریف، (٥٠٠٠) فیشەکی تفەنگی سیمینیۆڤ ڕوسی، (٣٠٠٠) فیشەکی ئینگلیزی، جیهازێکی بێتەلی ژمارە-١٢، (٨) پاتری و یەك مەکینەی چارچکردنی پاتری، بەڕێوەبەری بێتەلەکەیان ناوی (سلیم رسول) ەو خەڵکی (حمام علیل)ە، لەهەولێر ژیاوەو زمانی کوردی باش دەزانی و پێی دەئاخاوت، لای خۆمان لەسەر بێتەلێك ئیشی-چاودێریکردنی بێتەلەکانی میریمان پێسپارد بۆئەوەی بروسکەی هێزەکانی سوپاو پۆلیسی. گەرۆك و دامودەزگای میریمان بۆ وەربگرێ، زۆر بەدڵ ئیشی بۆ دەکردین.

دوای گرتنی قەڵاکە، کلیلی شیفرەی هەموو دامودەزگانی میری گۆڕان، لەبەرەوە کەوتمە دۆزینەوەی کلیلەکانیان و شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکانیان.

دوو سێ ڕۆژە بەڕۆژی ڕوناك لەشکر هێرشدەکاتە سەر سەنگەرو مەڵبەندی هێزەکانی سوپاو جاش، ڕاوەدوویان ناوون و زۆر شوێنیان پێ بەرداون. بەگوێرەی بروسکەکانیان دوژمن ورەی بەرداوە.

محمود کاوانی لەگەڵ هێزێکی تایبەتدا، ئازایانە شان بەشانی پێشمەرگە بارزانییەکان دژی هێزەکانی سوپاو جاش لەبەرەکانی پێشەوە لە (زێوەو بەرسرین) دەجەنگن.

ڕۆژی شەممە ١٤/تەمموز/١٩٦٢، محمود کاوانی و هێزە تایبەتیەکەی لە (زێوەو بەرسرین) توانییان چاونەترسانە بچنە نێوان بارەگای (سریە مەقەڕی لیوا) و سریەی(یەك)ەوە، ئاڵۆزی کەوتە ناو هەردوو سریەی ناوبراوو بارەگای جەحفەلەکەوە بەهزری فەرماندەی جەحفەل لیوا، گوایا سەربازو فەرماندەی سریەی (مەقەڕی لیوا) دژی سوپا هەڵگەڕاونەتەوە. لەبەرئەوە

کەوتنە تۆپبارانیان، لەلایەکی تریشەوە هێزە تایبەتیەکەی محمود کاوانی چاپووکانە تەقەیان لەهێزی سوپا دەکرد، لەپێشەوە و لەپاشەوەی خۆیان سریەی مەقەری لیوا لەژێر تۆپ بارانی خۆیاندا بەشەل وشکەستی بەرەو ناو بارەگای لیواکە هەڕایان دەکرد، لەم مەیدانی شەڕەدا، هێزەکەی محمود کاوانی سەرکەوتووانە توانیان دوو سریە سەرباز تارومار بکەن، لەنێوان کوژراوو بریندارو یەخسیردا، دوو فەرماندەی سریە (عەرەب)و یەك فەرماندەی فەسیل خەڵکی شاری سلێمانی یەخسیر کران، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆریش سەربازو دەرەجەدار، ژمارەیەکی زۆریش چەك وتەقەمەنی و تفاقی سەربازی و ئازوقە، کەوتە دەست لەشکر. سەربازە بریندارەکانیان و فەرماندەی یەکێك لەسریەکانیان کە بەبرینداری دەستگیرکرابوون، نێرران بۆ خەستەخانەی لەشکر لەگوندی (وەرتێ). یاریدەدەری پزیشك (خالید سەعید) سەرکەوتووانە سەرپەرشتیی ئەم خەستەخانەیەی دەکرد، ناوبراو بە (دکتۆر خالید) ناوی دەرکردبوو، شایانی ئەم نازناوە بوو، لەکاتی شەڕیشدا دژی سوپاو جاش جەنگاوەرێکی زۆر لێهاتوو بوو، خەباتی پزیشکیی بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگەی بریندارو نەخۆشی دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان، ئەمەو فیداکاریی لەکاتی شەڕی سوپاو جاشدا چۆتە ڕیزی خەبات و فیداکاری (سەربازی نەناسراو)ەوە!

دەورو بەری کۆتایی مانگی ١٩٦٢/٧ لەتۆڵەی کوشتنی هەشت پێشمەرگەی هێزی زاخۆکە بەشێوەیەکی ناجوانمەردانە بەدەستی جاش عەرەب لەنزیك گوندی (دێرە بوو ) ی نزیك زاخۆ شەهید کرابوون ، فەرماندەی هێزی زاخۆ عیساسوار لەگەڵ

ژمارەیەك پێشمەرگە دا هێرشیان کردە سەر مۆڵگەی سوپاو جاشی عەرەب لە(بانیا نێرگز) .نزیکەییەك سریە سەربازو (٥٠) جاش عەرەب تارو مارکران و ساغیان لێ دەرنەچوو .

ڕەشبەڵەك:

هاوینی ساڵی ١٩٦٢، لەناوچەی (گەڵاڵە) چەند هاووڵاتیەکی گوندی (وەڵاش) هاتنە لای بارزانی و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ووتیان: لەناوچەی (باڵەك) دابونەریت وایە لەکاتی شایی و زەماوەندا کچان وکوڕان پێکەوە هەڵدەپەڕن و دەبێ بەڕەشبەڵەك. گوایا کاتی خۆی (پاشا کوێرە) ویستوویەتی ڕەشبەڵەك قەدەغە بکات، بەڵام خەڵکی ناوچەکە بەحەوت کیسە لیرەی زێڕ ڕوخسەتەکەیان لێ وەرگرتۆتەوەو ڕەشبەڵەك هاتۆتەوە کایەو بەردەوام بووە. بارزانی فەرمووی: باشە لەمنیشی- بکڕنەوە، ووتیان قوربان چی بکەین و چی پێشکەش بەئێوە بکەین؟ فەرمووی: بەناوی خەڵکی ناوچەکەوە پەیمانم بدەنێ کەس نەبێ بەجاش و دژایەتیی شۆڕش نەکەن.

تۆپباران و هێرشی فڕۆکەی ئێران بۆ سەر لەشکری کوردستان:

ڕۆژی دووشەممە ١٦/تەمموز/١٩٦٢، ڕژێمی ئێران بەتۆپ وفڕۆکە لەسەرەتای بەری بەیانەوە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ شێتگیرانە هێرشیان دەکردە سەر ئەو شوێنانەی بەهزرو زانیاریی خۆیان ڕێ وشوێنی هێزی پێشمەرگەیەو لەوانەیە بارزانیشی لێ بێ. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر پ.م لەلەشکری ئێمە چوونە ناو خاکی ئێرانەوە. بارزانی بە میوانی چوو بۆ ماڵی ئەحمەد شابازی باڵەکی لەهاوینەهەوارەکەی لەسەر سنووری ئێران.

شەوی پێنجشەممە ١٩/تەمموز/١٩٦٢، لەدێی (مژدەینان)ەوە چووین بۆ دێی (شۆرێ) بەرامبەر چیای (هەڵگورد). لەشکری ئێمە زۆر شوێن ومۆڵگەی بەهێزەکانی پۆلیس وجاشك بەردا، لەسەر چیای (حەساری ڕۆست و سەربەخۆڵ و سپی ڕێزو سیاکێو).

ڕۆژی هەینی ٢٠/تەمموز/١٩٦٢، لەسەر چیای (هەڵگورد)ەوە لەدوورەوە چاومان لێیە فڕۆکەی ئیلیوشن بۆمبای گەورە دائەبارێنێت بەسەر دێی (ناوەندە، وەرتێ)و نزیك خانووە وێرانکراوەکانی دێی (دێڵزێ) و هەروەها (مەمێ خەلان و دەربەند). جارێکی دیکە لەدێی دەربەند، فڕۆکە ژنێك ودوو پیاوی بریندار کرد، ئاشی گوندەکەی بەبۆمبای گەورە سەرلەنوێ داگرتەوە. ئاساری لەسەر پاداری نەماوە، ئەگەر بڵێیت ٣٠-٤٠ ساڵ لەمەوبەر ئاشێك لێرەدا بووە چاوت درۆ ناکات، چونکە هەروەها دەردەکەوێت. هێزی ئاسمانی بەردەوام بۆردوومانی ئاشەکانی کوردستان دەکات.

ئازاد کردنی ناحیەی شوان:

بەگوێرەی بروسکەکانی میری پێشمەرگەی لەشکری کوردستان (کە دامودەزگاکانی میری لەبروسکەکانیاندا پێیان دەڵێن: (ڕێگر، جەردە...) دوای چوار شەو شەڕی کوشندە، بەهێرشێکی شەبەیخون توانیان شەوی هەینی ٢٧/تەمموز،١٩٦٢ مەرکەزی ناحیەی (شوان) ئازاد بکەن و مدیر ناحیەو مەئمور مەرکەزو هەموو پۆلیسەکانیش یەخسیر کران.

چیای هۆڕنەی باڵەکیان:
ڕۆژی شەممە ٢٨/تەمموز/١٩٦٢، گەیشتینە چیای (هۆڕنەی باڵەکیان) شاخێکی بەرزو سەخت و بەفرینە. لەکەنگلانێکدا کە پڕە لەبەفرو سەهۆڵ باروبنەمان خست، لەچیلکەو چەواڵ و بنەگەوەنگ (بنجی گیای گوێنو) و لق وپۆپی ووشکەوەبووی چوالەتاڵەو دەوەنی (تەروو)، ئاگرێکی خۆشمان کردەوە بۆ خۆگەرمکردنەوە و لە سەهۆڵاوی بن بەفرەکە چایەکی گەرموگوڕمان دەم کرد.
بەماوەی پێنج کاتژمێر لەدامێنەوە گەیشتینە لوتکەی چیاکە. بارزانی بەووردی تەماشای ئاسەواری سەنگەرەکانی جاش و پۆلیسی-گەڕۆکی دەکرد، کەلەمبەروئەوبەری قەد پاڵ و دۆڵ و کەنگەڵان و لوتکەی چیاکەدا بوو، چەند ڕۆژێك لەوەوبەر لەشکر پێیانی چۆڵ کردبوو، ئەم تێ ڕامان و لێ ووردبوونەوەیەی بارزانی لەمۆڵگەکانیان بۆ مەبەستی مەشق و زانیاری کۆکردنەوە و پلاندانان بوو، بۆ بارودۆخێکی داهاتووی لەم بابەتە. لەسەرخۆ تێبینییەکانی خۆی بۆ سەرقۆڵەکانی دەوروپشتی خۆی ڕوونەکردەوە و ئەوانیش بەئازادی و سەربەستی ڕای خۆیان دەردەبڕی.

بەرەو گوندی (بۆلێ):
ڕۆژی یەکشەممە ٢٩/تەمموز/١٩٦٢، گەیشتینە دێی (بۆلێ) بەرامبەر دەربەندی (گەروەزین)، دانیشتوانی ئەم گوندە سەر بەبنەماڵەی (سەید تەها)ن و بەخەباتی کوردایەتی و کوردپەروەری ناویان دەرکردووە.

گڕی بابەگوڕگوڕ:
کاتێ بەسەر چیای (هەڵگورد)دا سەردەکەوتین بەرەو کوێستان و هاوینەهەواری گوندەکانی ئەو ناوچەیە، شەومان بەسەردا هات، جارجار شەماڵێکی بۆنخۆش ئەیدا بەلووتدا ماندوویێتی دەردەکردین. لەکاتی سەرکەوتندا گوتیان دوای ماوەیەك ئاگرەکانی نەوتی کەرکوك دەردەکەوێ. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لەو بەرزاییەوە جریوە جریوی ئەستێرە بووو هەروەها باق وبریقی گوڵە ئەستێرە بەکۆمەڵ بەسەر درك و داڵەکانەوە ئەخوولانەوە: (گوڵە ئەستێرە جۆرە مێروچکەیەکی باڵداری بچووکە لەمێش بچووکترە، مێیەکان بەژێر سکیانەوە ئەم ڕووناکی و باق وبریقەیە لێ ئەدەن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێرەکان).
دوای سەعاتێکی دیکەی سەرکەوتنمان بەسەر (حەساری ڕۆستی) دا کە لوتکە بەرزەکەی پێی دەڵێن (هەڵگورد)، ڕوناکیی گڕو ئاگری بابەگوڕگوڕ و بیرەکانی نەوتی کەرکوك دەبینرا، گڕی ئەو نەوتەی کە چۆتە گیانی کوردەوە، بەربەست و بەرهەڵستە لەبەردەم گەیشتنمان بەئاوات و مافی نەتەوایەتیمان.

ڕووداوە گرنگەکانی
مانگی تەمموز ١٩٦٢

* هاتنی ژمارەیەك ئەفسەر لە فیرقەی دووەوە، بەناوی عبدالکریم قاسمەوە بۆ لای بارزانی، بەمەبەستی وتووێژکردن.
* شکاندنی هەموو هێرشەکانی جەحفەل لیوای سێ لەناوچەی (زێوەو بەرسرین) کە دەیانویست بەرەو (گەلاڵە)و (ڕایات) بڕۆن.
* گرتنی قەڵای ڕایات.
* هێرشی لەناکاوی تۆپ و فڕۆکەی ئێران بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەناوچەی حاجی هۆمەران و ڕایات و دەربەندو ڕێزانۆك.
* ئازادکردنی ناحیەی (شوان)و (سەنگەسەر) و دەستبەسەرداگرتنی مەراکزو مەخافری پۆلیسی سەر بەئەو شوێنانە.
* لەم مانگەدا، لەماوەی حەوت ڕۆژدا جاشکی سۆفی شێخ ڕەشید لۆلان و جاشکی محمود خەلیفە سەمەدو فەتاح هەرکی و محی هەرکی و ئەسعەد هەرکی و کریم خان، شکێنران و هەموو چەپەرو سەنگەرەکانیان بەرداو هەڵیان کرد بۆ شاخی گادەرو سپیرێزو هەورەخاتون، لەو شوێنانەش خۆیان نەگرت لەبەردەم هێرشی لەشکردا، خۆیان و پۆلیسەکان و چوار دامودەزگای بێتەل هەڵهاتن و هەڵیان کرد بۆ ناو (ئێران).
* مەرکەزی ناحیەی (سیدەکان) کشانەوە بۆ ناو قەزای (ڕواندز).
* دوو ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوایی هاتن بۆ لای بارزانی، بەدرێژایی مانەوەیان لەناو لەشکردا، وەرگێڕ بووم لەنێوان ئەوان و بارزانیدا.

یەکەمیان سەر بەئیستگەی ڕادیۆی سویسرە بوو، دووهەمیان فلیمسازی تەلەفزیۆنی بوو، سەر بەئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ناوەکانیان یەك لەدوای یەك بە ئەم شێوەیە بوو:

[١] Richard G.Anderegy. Middle East Correspondent. Swiss Broadcasting Corporation.

[٢] Peter W.F.Fera. German Television Film Reporter in the Middle East.

زۆر فلیمی شەڕو هێرشیان گرت لەبەرەکانی ناوچەی بەرسرین و زێوەو هیران و دەنگ و وێنەی تۆپ باران و هاتنەوەی ڕانەمەڕ بۆ ناو ئاوایی و بارەباری مەڕو بزن و وەڕەوەڕی سەگ و گەماڵ و هاتنەوەی گاران بۆ ناو گوندەکان و تۆمارکردنی گابۆڕو حیلەی ئەسپ و زەڕەزەڕی نێرەکەرو... هتد.

گەیشتنی هێزی فریادڕەس بۆ پشتگیریکردنی جحفل لیوای سێ:

ئیمڕۆ، ڕۆژی ١/ئاب/١٩٦٢، لەگوندی (گەزنە)ین، بەرامبەر چیای (حەسارۆست و هەڵگورد)، هێزێکی فریاڕەس گەیشتە سەربازگەی جەحفەل لیوای سێ، هێزەکەیان بووەوە بەجەحفەل لیوایەك سەرباز. لەشکر پردی حافز و بەرسرینی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەمڕۆ سەرجەم هێزەکانی سەر بەو جەحفەل لیوایە لەژێر ئاگری تۆپو فڕۆکەی هەمەچەشنە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پ.م لەدەوروبەری پردی حافزو بەرسرین. هێزی لەشکر توانیی گەمارۆی فەوجێکیان بدات و سێ سریەیان کەوتنە ناو لەشکری ئێمەوە و تارومارکران.

ژمارەیەکی زۆریان لێ بریندارکراو لاشەی کوژراوەکانیشیان بەجێهێشت، لە یەکەم سریەی پێشەنگیان تەنها (١٥) سەرباز توانیبوویان خۆیان قوتار بکەن.

شەوی پێنجشەممە ٢/ئاب/١٩٦٢، جارێکی دیکە هاتینەوە دێی (بێشێ) لەبناری چیای (حەسەن بەگ) و بەرامبەر شاخی (کوریتە). بەشەوکەس ناتوانێ بۆ ساتێك سووکە خەوێك بکات، لەبەر گرمەی تۆپ باران وتەقەی تفەنگ و ڕەشاش و ویرەویری گوللە تۆپ کە بەسەرماندا تێدەپەڕی یان بەمبەرو ئەوبەری شاخەکەی پشت گوندی (بێشێ) دەکەوێت.

ڕۆژی یەکشەممە ٥/ئاب/١٩٦٢، گەیشتینە دێی (دار السلام)، ئێستا لەم دێیەین. ئەمڕۆ نزیك ئێوارە فڕۆکەی ئیلیوشن هاتە سەرمان، گەلێ بۆردوومانی کردین، بەبۆمبای گەورە ناو گوندەکەی دابێژا، هەروەها بەتۆپی (٥٥ ڕەتڵا) زۆر تۆپباران کراین.

کاتی خۆی پێش ئەوەی ئێمەش بگەینە ئەم دێیە هەموو شەوێك تۆپباران کراوە، لەبەرئەوەی بارەگای هێزە تایبەتیەکەی محمود کاوانی لێ بووەو بەڕۆژیش بەفڕۆکەی هێرشبەر و بۆمباهاوێژ بۆردومان دەکرێن.

شەوی دووشەممە ٦/ئاب/١٩٦٢، دوای نیوەشەو کەوتینە ڕێ، بەیانیەکەی سەعات هەشت گەیشتینە دێی (عومەرئاوا) بەرامبەر چیای (مامەڕوتە)، شەو بارزانی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرد لەگەڵ دانیشتوانی ئەم گوندەو گوندەکانی دەوروپشتی.

دەگەینە هەر گوندێك، شەو بارزانی کۆبوونەوە لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکاندا دەکات بەئامادەبوونی مەلای گوندەکەو ئامۆژگاریی کوردایەتی و ڕێزی ئایینیان پێ ڕادەگەیەنێ.

ڕۆژی سێشەممە ٧/ئاب/١٩٦٢، گەیشتینە گوندی (دەرگەلە)، بارزانی لەماڵی سلێمان بەگی دەرگەلە میوان بوو. بۆردوومانی فڕۆکەو تۆپبارانی بەردەوام دارودرەختی ئەمبەرو ئەوبەری گوندەکەی سووتاندووەو زەوی وزاری دەورووپشتی دێیەکەی گێرەکردووە. لەئاکامی بۆردومانی سێ ڕۆژ لەمەوبەر، دێهاتییەك کوژراوەو سێ خانوو سووتاوە. بارەگای هێزی عەباس ئاغای مەمەند ئاغا لەم گوندەیە.

ئەمڕۆ ٧/ئاب/١٩٦٢، عبداللە ئاغای پشدەری (فەرماندەی هێزی تایبەت) لەگەڵ یاریدەدەری هێزەکە (مەلا عبداللە، ناسراو بەمەلا ماتۆڕ) و کوێخا کەریمی ماوەتی، لێپرسراوی ئازوقەی هەمان هێز، گەیشتنە ناوچەی (سیدەکان).

شەوی چوارشەممە ٨/ئاب/١٩٦٢، گوندی دەرگەلەمان بەجێهێشت، بەسەر دێی (ڕەژی کەران و دەرگەلەوسەلان) دا تێپەڕ بووین، ئێستا لەدێی (گەرەوان)ین. بەپێ چیای (کوڕەك) کە دەکەوێتە پشت ئەم دێیەوە، نیوسەعات ڕۆیشتن دوورە. ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ نزیکەی نیوسەعات باران زۆر بەتەوژم باری.

گوندی گەرەوان:

* ڕۆژی هەینی ١٠/ئاب/١٩٦٢، کاتێ لەگوندی (گەرەوان) بووین نزیك (ڕواندز) کاتژمێر چواری بەیانی بوو، بروسکەیەکی شیفرەکراوم وەرگرت، تیایدا هاتبوو، فلانەکەس خەڵکی هەمان گوند زانیاری داوە بەقائمقامی ڕەواندوز لەبارەی ئەو شوێنەی بەشەو سەرۆك بارزانی لێ دەنوێ، لەبروسکەکەدا نووسرابوو: (مەلا مصطفی بەشەو لەژێر درەختێکی گەورەدا دەنوێ لەسەمتی ڕۆژهەڵاتی گوندی (گەرەوان)، لەناو لقی دووفاقی درەختەکەدا گەڵاوگۆڵی داربەڕووی تیا هەڵچنراوە). پێ دواکەوتن ئاگاداری سەرۆك بارزانیم کردو پاسەوانەکان و خەڵکی گوندەکەش ئاگادارکران. لەبەرەبەیاندا دوو فڕۆکەی میگ دایڤیان کردە ناو گەرووی گوندەکەوە، یەکێکیان یەکسەر دوو ڕاکێتی گرتە درەختە دەستنیشان کراوەکە، فڕۆکەی دووهەمیش چەند

ڕاکێتێکی گرتە ئەو خانوەی هەندێ لەپاسەوانەکانی بارزانی تێدابوو. هەندێکیان فریانەکەوتبوون دەرباز بن بۆ خۆپاراستن لەفڕۆکەکان.
لەهەمان ڕۆژدا سیخوڕەکە گەڕایەوە بۆ ناو گوندەکە، مەلا عبداللە ناسراو بەمەلا ماتۆڕ، کە یاریدەدەری هێزەکەی عبداللە ئاغای پشدەری بوو، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کابراکەدا کرد، گومان لێکراوەکە جەختی لەسەر تاوانەکەی خۆی کرد. دوو کەس لەدانیشتوانی گوندەکە کوژران و چواریش بریندار بوون. ئەم عەسرە یەکێك لەبریندارەکان تەواوبوو، پێشمەرگەیەکی بارزانی بوو لەقۆڵی (کەکۆ مەلاعلی مێرگە سووری شیروانی)، بەو جۆرە ژمارەی شەهیدەکان بوو بە (٣)کەس. سێ خانووی گوندەکە بەڕاکێت و گوللەی سووتێنەری فڕۆکەکان ئاگریان تێ بەربوو.
* ڕۆژی شەممە ١١/ئاب/١٩٦٢، کاتی ئێوارە، گەیشتینە گوندی (خەندۆر) لەپشت چیای (بەنی هەریر)ەوەیەو تەنیشت شاخی (بێجان)ە. پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ئەم ناوچەیە، بەچەند ڕۆژێك سەربازگەی سوپا، لەناحیەی حەریر، بەتۆپی (٥٥ ڕەتڵا) ئەم گوندەی تۆپ باران کردووە، زەرەروزیانی لەمەڕوماڵات داوەو چوار خانوی تەپاندووە.
* ڕۆژی یەکشەممە ١٢/ئاب/١٩٦٢، سەرلەبەیانی گەیشتینە دێی (ئالانە) کە لەبەردەم چیای (بێجان)دایەو بەرامبەر چیای (بەنی هەریر)ە. بەگوێرەی بروسکەکانی میری، ئەمڕۆ بەفڕۆکەی هێلیکۆپتەر لەژێر چاودێریی دوو فڕۆکەی مێگ دا ئازوقەو تەقەمەنی دەبەن بۆ پۆلیس و جاشەکانی (ڕەشید لۆلان) لەسەر سنوور (تورکیا).
بەبۆنەی ناوهێنانی چیای (بێجان)ەوە، دوێنێ لەئاستی لوتکەی چیای (بێجان)دا بەرێکەوت لەگەڵ سەرقۆڵە (بێجان جوندی شکاکی) سەر بەلەشکری بارزانی گەیشتینە ئاستی یەکتر، ئەم پێشمەرگەیە یەکێکە لەو (٤٩٦) پێشمەرگە چەکدارە قارەمانانەی لەگەڵ بارزانیدا ساڵی ١٩٤٧ لەڕوباری ئاراس پەڕینەوە بۆ ناو خاکی ڕووسیا. بەدەم ڕێگەو باسوخواسەوە، بۆی باس کردم کە چۆن لەڕووسیا ئەکادیمیای پۆلەتیکی تەواوکردووە، مرۆڤێکی زیرەك و مەشرەف خۆشەو هەروەها ئازاو بەجەرگ و نەترسە لەکاتی شەڕدا.
* ڕۆژی دووشەممە ١٣/ئاب/١٩٦٢، کاتێ لەگوندی (ئالانە) بووین، ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکانی سورچی هاتن بۆ لای بارزانی، دەڵێن ئێمە پەیمان دەدەین شەڕ بۆ میری ناکەین و ئێوە چ فەرمانێکتان هەبێ بیکەین ئێمە ئامادەین. بارزانی دوای وتووێژو ئامۆژگاری کردنیان، چاوپۆشیی ڕابردووی لێ کردن و پەیمانەکەیانی پەسەند کرد، هەمان شەو کۆبوونەوەی لەگەڵ مەلاو پیاوانی ناو گوندەکە کردو ئامۆژگاریە سوودبەخشەکانی خۆی پێ ڕاگەیاندن، زۆر بەڕێزو خۆشەویستیەوە گوێیان لێ ڕادەگرت.
* ڕۆژی سێشەممە ١٤/ئاب/١٩٦٢، گەیشتینە گوندی (ئەشکەفتێ) بەرامبەر چیای (زەرتکان)ەو لەدووریی سێ کاتژمێر ڕۆیشتنی بەپێ، چیای (زینەتیر) لەدوورەوە دیارە. دانیشتوانی ئەم گوندە سەر بەعەشیرەتی (هەروتی)ن.
دوای نان خواردنی ئێوارە، ژمارەیەکیان لەگەڵ گەورەپیاوانی گوندەکە هاتنە سەردانی سەرۆك بارزانی و گفتوگۆو باسی بارودۆخی کوردستانی بۆ کردن.

هاتنەوەی هەردوو ئاسمانەوانەکانی ڕووسیا بۆ سەر زەوی:
ڕۆژی چوارشەممە ١٥/ئاب/١٩٦٢ سەعات نۆی سەرلەبەیانی، هەردوو ئاسمانگەڕەکانی ڕووسیا (ئەندریان نیکۆلاییڤ و پۆپۆڤیچ) هاتنەوە سەر زەوی، دوای ئەوەی یەکەمیان چوار ڕۆژو دووهەمیان سێ ڕۆژ لەبۆشایی ئاسماندا بوون، لەهەمان کاتدا فڕۆکەی مێگ و ئیلیوشینی ڕوسی لەسەرەتای بەیانیەوە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ هەموو دێهاتەکانی سەر بەناوچەی (مێرگەسوور)ی بۆردومان دەکرد.

* کتێبی شەڕی کورد Kurdish War *
کتێبی {شەڕی کورد Kurdish War}، دانەر ڕۆژنامەوانی بەریتانی- دێڤد ئادەمسن David Adamson. ئەم ڕۆژنامەوانە کاتێ لەسنوور ئێرانەوە هات بەمدیودا، بێتەلی ئاراس بروسکەیەکی شیفرەکراوی بەپەلەی لەبارەگای هێزی سەربازیی میری لەنێوان (سید سادق و پێنجوێن)دا وەرگرت، ئاراستەی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆ کرابوو، دوای شی کردنەوە، زانیمان دەربارەی ڕۆژنامەوانی ناوبراوە.
ڕۆژی ١٥/ئاب/١٩٦٢، لەگوندی (وەرتێ) ڕۆژنامەوانی ناوبراو هاتە لای بارزانی، لەڕێی (م.س) لەگوندی (مالومە)وە هاتبوو، وەرگێڕێکیشی لەگەڵدابوو. کاتێ بردمنە خزمەت سەرۆك بارزانی، دوای نیو سەعات گفتوگۆ کردنیان لەڕێی وەرگێڕەکەیەوە، ڕۆژنامەوانەکە وای پێخۆش بوو من وەرگێڕی گفتوگۆی نێوانیان بم، مامۆستا جرجیس فتح اللە شماس، ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ڕۆژنامەنووسی ناوبراو زۆر دڵنیابووە لەوەرگێڕان و بەکارهێنانی ڕستەو زاراوەی ڕامیاریی وەرگێڕ، واتە (نووسەر). لەوکاتانەدا فەرماندەی هێزی زاخۆ (عیسا سوار) لەگەڵ هەشتا پێشمەرگەدا

توانیبوویان خۆیان بگەیەننە (پاڵشگای نەوتی عەینزاله)و کۆمەڵێ لێپرسراویان بەدیل گرتبوو، لەنێوانیاندا ژمارەیەك پسپۆڕی نەوت و ئەنـدازیارێکی نەوت خەڵکی بەریتانیـا، نـاوی (گۆزلینـگ)بـوو. ڕۆژنـامەگەری نـاوبراو پـێش هەمـوو پرسـیارێك داوای لەبارزانی کـرد ئایا مسـتەر گۆزلینگ لەکوێ یە؟ چارەنووسی چی دەبێ؟ دەتوانم چاوم پێی بکەوێ؟... پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی، داوای لەبارزانی کرد کە ئەو ئەندازیارە پێش جەژنی سەری ساڵ بەربدات و بابگەڕێتەوە بۆ (لەندەن)و لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا جەژن بکات.

بارزانی فەرمووی: با ئەم جەژنە میوانی ئێمە بێت و عەلەشیشی. بۆ سەردەبڕین و داری سنەوبەری جوانمان هەیەو لەجیاتی گڵـۆپ، ئـاڵاوواڵای هەمەڕەنـگی بـۆ پێـوە دەکەیـن و بەمـۆمی (لەمێـوی هەنگـوین دروسـتکراو)یـش بـۆی دەڕازێنیـنەوە. ڕۆژنامەنووسەکە لەم وەڵامەی بارزانی نائارام بوو. بارزانی لەژێر لێوەوە فەرمووی ئەم ڕۆژنامەوانە لەسەر داخوازی بەریتانیا و ڕێنمایی ئێران و عێراق لەڕێگەی (م.س)ەوە نێرراوە بۆلامان، مەبەستی لەم هاتنەی بەرەڵاکردنی (گوزلینگ)ەو کۆکردنەوەی زانیـاری لەسـەر شـۆڕشی کـوردو گەیانـدنی بەعـێراق و ئـێران و بەریتانیـا...، مەبەسـتی (م.س)یش ئیحـراج کـردنمە لەئاسـت بەریتانیادا...، دوای ماوەیەك (گوزلینگ) ئازادکرا. مەبەست لەگرتنی خەڵکانی بیانی بۆ ئەوەبوو کە دەنگی شۆڕشەکەمان بگاتە وڵاتانی دەرەوەو بەرامبەر بەردانیان داوای پارەو پوول لەهیچ لایەنێك نەدەکرا.

کە ڕۆژنامەوانێ لەبارزانی دەپرسی: کورد چی دەوێ؟ یان شۆڕشی کورد چی دەوێ و ئامانجتان چیە؟... بارزانی، بەگوێرەی ئەو کات و ڕۆژەو بەناڕاستەوخۆ وەڵامەکەی ئەدایەوە. ئامانج و مەبەستی خۆی ڕاستەو ڕاست نەئەدا بەدەستەوە، لەکاتێکدا کە هەنگاو بەهەنگاو شۆڕشی نەتەوەو میللەتی کوردی بەرەو ئۆتۆنۆمیەکی فراوان و بەربڵاو دەبرد.

چاوپێکەوتنەوە:

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١٦/ئاب/١٩٦٢، هاتینە دێی (خەتێ). دوا گوندی قەزای (ڕەواندوز) دێی (ئەشکەفتێ)ە. گوندی (خەتێ) یەکەم دێی ناوچەی (خۆشناوەتی)یە. ئێستا لەم دێیە لەماڵی برادەرێکین، ساڵی پار کەیەشتا ئەفسەری پۆلیس بووم لەهێزی پۆلیسی گەڕۆك و فەسیلەکەمان لەگوندی (هەرن) بوو، لەناوچەی زێبار، ئەم برادەرە لەناحیەی (بیرەکەپرە)ی سەر ڕوباری (شین)، بەرامبەر ناوچەی بارزان، مامۆستای قوتابخانە بوو.

ئەوکاتە، جارجار بەهەستی کوردایەتیەوە سەردانی دەکردم، هەردوولامان پێمان خۆش بوو لەم بارودۆخە نوێیەدا چاومان بەیەکتر کەوتەوە.

دانا ئادەم شمیت و ئەحمەد تۆفیق:

ڕۆژی هەینی ١٧/ئاب/١٩٦٢، کاتێ ئێمە لەگوندی (توتمە) بووین لەناوچەی خۆشناوەتی (ئەحمەد تۆفیق) ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی (دانا ئادەم شمیت)ی لەبەیروتەوە گەیاندبووە سوریاو لەوێشەوە بەوڵاخ هێنای بۆ خزمەت بارزانی.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لای ئێمە مایەوە، تەنیا وەرگێڕ بووم لەنێوان بارزانی و دانا ئادەم شمیت دا.

{دواتر کتێبێکی لەسەر بارزانی و پێشمەرگەو شۆڕشی ئەیلول دانا، بەناوی: Journey Among Brave-Men

{مامۆستاو پسپۆڕ لەکێشەی کورددا جەرجیس فتح الله شماس وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی}، مامۆستا جەرجیس فتح الله شماس لەبواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری و هەروەها وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی بەئینگلیزی لەسەر کورد نووسراون بۆ سەر زمانی عەرەبی زۆر خزمەتی گەلی کوردو عێراق دەکات. لەم ڕێگەیەشدا لەلایەن ڕژێمەکانی عێراق و لایەنی دیکەوە، ناخۆشی و گیروگرفتی زۆری هێنرایە ڕێ، بەڵام کۆڵی نەدا.

دانا ئـادەم شـمیت لە سـەرۆك بـارزانی پـرسی: بـۆچی لەئەمەریکا بە (مەلا سـوور Red Mulla ) ناودەبرێیت؟ لەوەڵامـدا فەرمووی: ئەمە ناووناتۆرەی ناپەسەندی دوژمنانی گەلی کوردە، گوایا من لەڕووسیا بووم بە (کۆمۆنیست یان مارکسی)، ئەمە تۆمەتەو ڕاست نیە. جارێکی تر وتی: تۆ فێری زمانی ڕوسی بوویت و بێگومان بیرو باوەڕەکەیانیشت هەڵگرتووە؟ لەوەڵامدا فەرمووی: من کوردم و ئیسلام و باوەڕم بەکوردو کوردایەتی و هەموو پێغەمبەرانە.

دانا ئادەم شمیت، پەیمانی دا لەڕۆژنامەی (نیویورك تایمز)دا بەدوورودرێژی ئەو ڕاستیانەی بارودۆخی کورد بخاتە بەردەم ڕای گشتی میللەتی ئەمەریکا و کاریگەرو ئەرێی دەبێ لەسەر کۆنگرێسی ئەمەریکی، بەدڵنیایی و ڕاست و دروستەوە دەیخەمە ڕوو. ئەم ڕۆژنامەنووسە دەنگی کوردو ناوی کوردی گەیاندە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکاو میللەتی ئەو وڵاتە.

* احمد تۆفیق، بێجگە لە زمانی فارسی، کەمتابێژێ (زمانی فەرەنسی)ی دەزانی، جارێکیان لەسەر داوای خۆی کۆمەڵێ ڕستەی ڕامیاریم بەزمانی ئینگلیزی بۆ نووسییەوە، ماوەیەکی دوواتر زانیم کە لەهەمان ساڵدا زۆر بەنهێنی چووە بۆ ئێران و لەشاری (کرمنشـاە) بـۆ بەرژەوەنـدیی کـوردو شـۆڕشی ئەیلـول سـەردانی (ولیـام ئیگلـتن)ی مـولحەقی دبلۆمـاسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کردووەو چوونەکەی سوودبەخش بووە.

میللەتی کورد پلەو پایەی (جەنەڕاڵا) بەبارزانی ڕەوا دەبینێ:
دانا ئادەم شمیت (ڕۆژنامەگەری ئەمەریکی) لە یەکەم چاوپێکەوتنی بارزانیدا، پرسی: بۆچی پێت دەڵێن جەنەراڵ بارزانی؟ ڕاستە ستالین ئەم پلەوپایە سەربازیەی داوێتی؟
بارزانی فەرمووی: کاتی خۆی لەگەڵ دوو هەزار چەکداری بارزانیدا چوومە پاڵ کۆماری مەهاباد و کرام بەفەرماندەی سوپای کۆماری مەهاباد. میللەتی کورد ئەو پایەو پلەیەی پێ بەخشیم. باسی هەندێ لەو شەڕانەی کرد کە چۆن سوپای ئێران لەسێ لاوە ئابلۆقەی ناوچەکانی کۆماری مەهاباد ئەداو ئەم لەگەڵ هەزار چەکداری بارزانیدا ئابلۆقەکە دەشکێنێ و ڕاوەدووی سوپای ئێران دەنێ. دوای هەرەس هێنانی کۆماری مەهاباد تەنیا هێزی چەکدار کەپەراوەزە نابێ، هێزەکەی بارزانیان دەبێ، فەرمووی: کۆماری مەهاباد بەدەستی ڕوس و ئینگلیز ڕووخێنراو ئەمەریکاش پێ ئاگانەبوو لەم کارەساتە. فەرمووی: توانیم پێوەندی لەگەڵ بالوێزی بەریتانیاو ئەمەریکا بکەم بۆ ڕزگارکردنی کۆماری مەهاباد و هەڵنەوەشانی و چارەیەکی فریادڕەس بدۆزرێتەوە بۆ کێشەی کورد، بەڵام پێ هیوایان کردم و لەئاکامدا وتم باشە، هەتا دۆزینەوەی چارەیەك، هەوڵمان بۆ بدەن لەشوێنێکی دیکە خۆم و چەکدارەکانم دالدە بدرێین. لەم داوایەش پێ هێڤی بووم. ئاگاداری پێشەوا (قازی محمد)م کرد بەهیچ جۆرێ نەچێتە ژێر دەستی سوپای ئێران، چونکە دەیگرن و لەسێدارەی ئەدەن، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر هەندێ ڕاوبۆچوونی خۆی و دواتر بەفەرمانی شای ئێران لەسێدارە درا.
هەروەها فەرمووی: ڕووم کردە میر حاج و چوار ئەفسەرەکەی تر و گوتم: من ئەمرتان پێ دەکەم، مەگەڕینەوە بۆ عێراق، میرحاج وتی: ئیتر تۆ فەرماندەی سوپا نییت، گوتم باشە، من بەتەمەن لەئێوە گەورەترم و پێتان دەڵێم چارەنووسی خۆتان ببەستن بەمنەوە. دوای چوار ڕۆژ ئاگادار کرام کە چوار ئەفسەرەکە بەرەو سنوور عێراق کەوتوونەتە ڕێ و (میرحاج) لەگەڵیان نەڕۆیشتبوو، بەنابەدڵیەوە بەقسەی منی کردبوو.
فەرمووی: دوای گەڕانەوەمان لەڕووسیاوە بۆ عێراق، میرحاج ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەتی خێزانەکەی.

سێبەری دارگوێزو سێبەری بن بەرد:
لەسەر چیای پشت گوندی (بن دایزان) کە بەرامبەر چیای (سەکری سەکران)ە گۆماوێکی لێیە، کەرو وڵاخی تێ بکەوێ نوقم دەبێ ونایەتەوە دەرێ، (ڕەشکەکا)یان تێ خستووە دوای دە دوانزدە ڕۆژ لەکانیاوەکانی (چوارقوڕنە)ی نزیك ڕانیە (کا) بەسەر ئاوەکەوە هاتۆتە دەرەوە.
لەگوندی (بن دایزان)و دەوروبەری (دارگوێز) زۆرەو پڕ بەرە، کەس لەژێر سێبەری دارگوێزدا نانوێ، گوایا نوستن لەژێر سێبەری دارگوێزدا دەبێتە هۆی ڕەنگ زەردی، بەڵام نووستن لەژێر سێبەری (بەرد)دا ڕەنگی دەم وچاو پەمەیی و ڕوومەتەکان ئاڵ دەکا.
ئابلۆقەدانی ناحیەی خۆشناو:
ڕۆژی هەینی ١٧/ئاب/١٩٦٢، ئێستا لەدێی (توتمە)ین، دوای ئابلۆقەدانی سەنگەرەکانی پۆلیس.گەڕۆك و مۆڵگەی جاش بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ، ئەمڕۆ لەشکری ئێمە توانیی گوندی (سپینداریێ) ئازاد بکات.
فەرماندەی هێزی تایبەت (محمود کاوانی)و پێشمەرگەکانی ڕۆڵێکی ئازایانەو دیاریان هەبوو لە هێرش کردنە سەر سەنگەرەکانی هێزی میری لەدەوروبەری گوندی (سپینداریێ).
لەپێش ئاوابوونی ڕۆژ بەماوەیەکی کورت، دوو فڕۆکەی مێگ بەراکێت و شەست تیر هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکەی (محمود کاوانی)و بەسەختی بریندار کرا، ئابلۆقە دانی مەرکەزی ناحیەی (خۆشناو/هیران) بەردەوامە.
* ڕۆژی شەممە ١٨/ئاب/١٩٦٢، ئەمڕۆ فڕۆکەی ئیلیوشن بەبۆمبای ٧٥٠ کیلۆیی هەموو گوندەکانی ناوچەی خۆشناوەتیی بۆردومان کرد. هەتا ئێوارەیەکی درەنگ بۆردومان کردنی گوندەکانی (هەروتی، خەتێ، توتمە، بالیسان، بێلنگە) بەخەستی بەردەوام بوو، زەرەرو زیانێکی زۆری گەیاند بەدانیشتوانی گوندەکان و بەخانووو مەڕو ماڵات و باخ و باخات و کێڵگەو دارستانەکان. ئەو عەشیرەتانەی ئێستا یاریدەی ئێمە ئەدەن لەناوچەی خۆشناوەتی و دەوروبەری ئەمانەن: هەروتی، میسوری، پشتگەری.
* شەوی دووشەممە ٢٠/ئاب/١٩٦٢، بەسەر گوندی (دەراش و چیوە)دا ڕابوردین و ئێستا بێتەلەکەمان لەنزیك کانیاوێك داناوە لەسەر چیای (زینەتیر)، ناوی (کانی گوێزە)ە.

ئازادکردنی ناحیەی خۆشناو:

ڕۆژی سێشەممە ٢١/ئاب/١٩٦٢، لەشکری ئێمە ناحیەی (خۆشناو)ی ئازادکردو فەرمانبەرەکان دەسگیرکران، هەموو پۆلیسەکان و ئەفسەری پۆلیس و مفەوەزەکان لەچەك کران، دەستمان گرت بەسەر کەلوپەلی دامودەزگای بێتەلەکەیاندا. لەبەرئەوەی بەشی زۆری پۆلیسەکان لەدانیشتوانی ناوچەکە بوون، بەکەفالەتی پیاوەماقوڵانی خۆشناوەتی ئازادکران و چوونەوە بۆ گوندەکانی خۆیان. ئەو دوو ڕۆژنامەگەرەی مانگی تەمموز لەئەڵمانیاو سویسراوە هاتوون بۆلامان، لەکاتی گرتن و ئازادکردنی مەرکەزی ناحیەی (خۆشناو)و شوێنانی دیکەدا، فلیمی سینەماییان دەگرت، یەکێك لەو فلیمانە تایبەتە بەکەسایەتی بارزانیەوە، ووتوێژو گفتوگۆکانی، چوونی بۆ بەرەکانی شەڕ، کاتی ئامادەکردنی تاقمە تەراشەکەی و ڕیش تاشین ونان خواردن.
* هەموو شەوێك ٥-٦ قۆڵ پێشمەرگە دەچوونە ناو کۆڵانەکانی قەزای (شەقڵاوە)، دوای گەیاندنی زەرەرو زیان بەسەنگەرەکانی هێزی گەڕۆکی پۆلیس و جاشەکان، پێش هەڵهاتنی ڕۆژ، ناو شارەکە بەجێ دەهێڵن.
* چیای سەفین سەرانسەر بەدەست لەشکری ئێمەوەیە، بەهۆی بروسکەی شیفرەکراوەکانی وەزارەتی ناوخۆو بەرگریەوە، دڵنیابووین، جاشی هەرکی (لەسنوور ئێران)ەوە و جاشەکانی برادۆست و سۆفی لە (سنوور تورکیا)ەوە، بەچەك و تەقەمەنی و ئامیاری بێتەلەکانیانەوە، جارێکی دیکە هاتوونەتەوە ناو کوردستانی عێراق و دەستیان کردۆتەوە بەچاك کردنەوەی سەنگەرەکان لەدەوروپشتی گوندەکانیان و لەسەر گردو چیاکانی ناوچەی برادۆست.
خۆیان ئامادەئەکەن لەپشتەوە هێرش بکەنە سەر هێزی پێشمەرگە و شوێنە ئازادکراوەکان، لەهەمان کاتدا (شێخ احمد بارزانی) دەنگوباسی جموجۆڵی جاشەکانی برادۆست و سۆفی و هەرکیی... هتد گەیاندووە بەسەرۆك بارزانی. بۆ گەیاندنی هەندێ ڕاسپاردەی تایبەتی بارزانی لەم سەبارەتەوە لەگەڵ دوو پ.م دا بەرەو (بێتواتە)کەوتمە ڕێ بۆلای لێپرسراوی (بنکەی بێتواتە: عومەر دەبابە، بەسەر گوندی (چیوە)و (مێرگەسەر)دا تێپەڕ بوون کە بەرامبەر چیای (نووسەك)ە، گوندی (هەرتەل) بەرامبەر چیای (ژاریێ و سەری قەڵات)ە، ئەم دوو گوندە لەسەر ناحیەی (ڕانیە)ی لیوای سلێمانین و بەسەر گوندی (پیرکیر)داو دامێنی چیای (شیکارو موتە)دا ڕابوردیین وئێوارە گەیشتینە (بێتواتە)و ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە بۆ گوندی (مەندێر).

نازناوی عومەر دەبابە:
عومەر دەبابە، زۆر حەزی لەگرتنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوو. جارێکیان پلانی ئازادکردنی یەکێك لەشارەکانی خستە بەردەم بارزانی، بەڵام بارزانی پەسەندی نەکرد، فەرمووی: ئێمە بۆ ئەوان خەبات دەکەین، دانیشتوانی شارەکان کانیاوی توانایی و وزەی ئێمەن، با ماڵیان خراپ نەکەین، ئەوەندە چەکی قورسمان نیە کە دوای ڕزگارکردنی ئەو شارە لەئەرزو ئاسمانەوە بەرگریی لێ بکەین، پلانەکەی پێچایەوەو دایەوە دەست عومەر دەبابە.
لەوەش زیاتر بارزانی دژ بوو بەرامبەر خراپ کردن وتێکدان و هێرش کردنە سەر ئەو کارگانەی لەناو شارە گەورەکانی کوردستاندان و مایەی ژیان و گوزەرانی سەدان خێزانی کوردن. هەرچەندە بەهۆی لێدانی هێڵی شەمەندەفەر لەنێوان (حەمرین و کەرکوك)داو دواتر لەنێوان (کەرکوك و پردێ)دا، ئێزگەکانی ڕۆژئاوا باسی شۆڕشی کوردیان کردو دەنگمان گەیشتە دەرەوەی وڵات، بەڵام بارزانی پێشبینی بەنەمان و لابردنی ئەو دوو هێڵی شەمەندەفەرانە کرد..
کاتێ عبدالکریم قاسم، ئازادی و دیموکراسی کێشایەوە و تەوژم و پاڵەپەستۆی خستە سەر ملی کورد، لەبەغداد فێرخوازە کوردەکان و دیموکراتیەکانی فێرگەکان و زانکۆ کەوتنە خۆپیشاندان و هاتنە سەرجادە سەرەکیەکانی ناو بەغداد. جارێکیان قاسم چەند زریپۆشێکی ناردبووە بەردەم کۆلێجی حقوق واتە (کۆلێجی یاسا)، لەیەکێك لەخۆپیشاندانەکاندا (عومەر مستەفا) ، لەپێش جەماوەرەکەوە دەبێ و بەپارچە خشت هێرش دەباتە سەر دەبابەکان. لەو ڕۆژە بەدوواوە هەڤاڵەکانی نازناوی (دەبابە)یان بەسەردا دابڕی و ناونرا (عومەر دەبابە)و خۆشی بەدڵ فراوانیەوە ئەم نازناوەی لەدوای ناوی خۆیەوە دەنووسی.
* ڕۆژی چوارشەممە ٢٢/ئاب/١٩٦٢، دوو فڕۆکەی مێگ هێرشیان کردە سەر بارەگای کاتیی بێتەلەکەمان لەگوندی (مەندێر)، پ.م عبداللە کوری کوێخا حاجی ڕەسوڵ بندایزانی شەهیدکراو پ.م کەریم مستەفا بندایزانی بریندداربوو.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣/ئاب/١٩٦٢، بەسەر چیای (هەوری)دا ڕۆیشتین بۆ گوندی (کونەفلوسە)و (کاموسك) بەرامبەر چیای (گێژباژێر)و بارەگای بێتەلی ئاراسمان گواستەوە بۆ ناو شیوودۆڵێك لەسەروو شارۆچکەی (هیران)ەوە کە پشتی داوە بەچیای (سەفین)ەوە.
* ڕۆژی شەممە ٢٥/ئاب/١٩٦٢ بارزانی بڕیاری دا بەرەو ناوچەی (برادۆست) بەرەو دووا بگەڕێینەوە بۆ بارسووکیی خۆمان ئامیارێکی بێتەل و ماتۆڕێکی چارچکردنی باتریم تەسلیم بەحاجی محمد ابراهیم ئاغا کرد لەگوندی (هیران)، هەروەها ئامێرێکی بێتەلی دیکەشم لەگەڵ دوو باتریدا لەماڵی قەسیمی بەقاڵ لەگوندی دارالسلام داناوە.

* دووشەممە ٢٧/ئاب/١٩٦٢، لەپێرِیوە لەشکر بەسەرۆکایەتی بارزانی و بارەگای بێتەلی ئاراسی گەڕۆك و بەرۆژی رووناك دەستمان کرد بەگەڕانەوە بۆ ناوچەی (برادۆست). ناحیەی (هیران)و ناوچەکە درایە دەست هێزی پێشمەرگەو بارزانی لێپرساوی بۆ دیاری کردن و ئامۆژگاریی پێویستی بۆ روونکردنەوە.
بەسەر گوندی (مەندێرو چیوێ و بالیسان و بێراو شیرێ)دا ڕابوردین و ئێستا لەگوندی (مەلەکا)ین. لەکاتی کشانەوەماندا فڕۆکەی ئیلیوشن لەبەرزیەوە گرمەگرمی بوو بەسەرمانەوە، بێ ئەوەی بۆردومانمان بکات، لەوە دەچوو بیانەوێ دڵنیابن لەهێڵی جموجۆڵی بارزانی. لەم ڕۆژانەدا بێتەل احمد عیسی.گەیشتە لای ئێمە، خەڵکی گوندێکە لەناوچەی بارزان، لەوەو پێشتر بریکاری ئەفسەری بێتەل بووە لەوەزارەتی بەرگریی لەبەغداد، بەئاگاداریی بارزانی کردم بەیاریدەدەری بەڕێوەبەری ئامیاری بێتەلەکەمان، کە پ.م مەلا سلێمان بوو.
ماوەیەکە، هەموو ڕۆژێ کلیلی شی کردنەوەی شیفرەکانی سوپا کاتی زیاتری دەوێ، ئەگەر لەگەڵ مانگی ڕابووردودا بەراوورد بکرێ.
ڕۆژی هەینی ٣١/ئاب/١٩٦٢، گوندی (مەلەکا)مان بەجێ هێشت، بەسەر گوندی (وەرتێ و ڕەژیکەران و پردی سوورو دارالسلام و بێشێ)دا دەربازبووین و ئێستا لەگوندی (گەزنە)ین بەرامبەر چیای (حەساری ڕۆستی).

کورتەی ڕووداوە گرنگەکانی
مانگی ئاب/١٩٦٢
لەم مانگەدا:
* فڕۆکەیەکی تورکیا لەسەر سنوور عێراق- تورکیا، فڕۆکەیەکی عێراقی لەچەشنی (ئیلیوشن)ی خستە خوارەوە، چونکە ڕۆژێك لەوەو پێش فڕۆکەی عێراق بۆردومانی مەخفەرێکی جەندرمەی تورکیای کردبووو هەندێ زەرەری لێ دابوون، ئەوانیش بەو کینەیەوە لەرۆژی دواییدا ویستیان هەقی خۆیان بکەنەوەو بە ئەو شێوەیە ڕەفتاریان کرد.
عبدالکریم قاسم لەوتارێکیدا وتی: ئەمە یاریدەدانە بۆ (چەتەو ڕێگرەکان لەباکوری عێراق)و ئەمە بەپیلانی ئینگلیزو ئەمەریکایەو یارمەتی دانی یاخیەکانە.
* بارزانی بەهەموو جۆرێ هەوڵ ئەدات لەناو میللەتدا ئالای ئاشتی هەڵگرێت، خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێ، بۆ پێکهێنانی ئەم مەبەستەش چەند جارێکە نامەو نوێنەری خۆی دەنێرێت بۆ لای بەڕێوەبەرو سەرکردەکانی سورچی و هەرکی و برادۆستی و ڕەشید لۆلان... هتد. بەڵام ئەوان ئەم هاوارەی بارزانیان بەلاوازیی و بێ دەسەڵاتی هێزەکانمان دایە پێنووس و شەڕخوازانە ڕەفتار دەکەن. ئیتر بارزانی ناچاربوو خۆی بۆ پاراستن و پارێزگاری و شەڕ بەرامبەر دوژمن ئامادە بکات. هەوڵ ئەدات ڕۆژێ زووتر لەناودەرچن و کوردستان لەجاش پاك بێتەوەو ڕۆژێك زووتر میللەتی کورد لەژێر زۆرداری ڕزگاری بێت.
* لەئەڵەمانیا و سویسرا، کاتێ فلیمی مەلا مصطفی بارزانی و پێشمەرگەی کوردستان و گرتن وئازادکردنی ژمارەیەك ناحیەو پۆستی پۆلیس و شوێنانی دیکەی کوردستان بڵاودەکەنەوە، سەفیری عێراق لەئەڵمانیا، زارە ترەك دەبێ و پێوەندی بەبەغداوە دەکات و پرسیار دەکات، ئایا بەغداد سەلامەتە لەم هێرشانەی مەلا مستەفا بارزانی و لەشکری کورد؟
* بارزانی بڕیاری دا، بەرەو ناوچەی سیدەکان و برادۆست و لۆلان بگەڕێینەوە.
فەرمووی: نامەوێ مارو دوپشك لەپشتمەوە بێ، (مەبەستی جاشەکان و هەندێ هێزی پۆلیس بوو، کە لەئێران و تورکیاوە گەڕابوونەوە و پشتیان لێ گرتبووین). فەرمووی: دەبێ ئەو مارو دوپشکانە پان بکەینەوەو پشتی خۆمان هەدار بکەین، ئینجا دەتوانین بەخاتر جەمییەوە ڕوو بەرەو خوار بگەڕێینەوە.
* بەگوێرەی بروسکەکانی میری، شەڕ لەناوچەی بادینان لەنێوان هێزەکانی لەشکری کوردو هێزەکانی سوپاو پۆلیسی.گەڕۆك و جاشەکاندا هەموو ڕۆژێك بەردەوامە، هەتا ئێستا هیچ گوندێکی ئازادکراو نەکەوتۆتە دەست هێزەکانی میری.

شەهیدبوونی فەرماندەی هێزی تایبەت محمود کاوانی:
ڕۆژی شەممە ١/ئەیلول/١٩٦٢، محمود کاوانی فەرماندەی هێزی تایبەت و خۆشەویستی بارزانی، وەفاتی کرد دوای ئەوەی ڕۆژی (١٧/ئاب/١٩٦٢) لەگوندی (سپینداری)ی پشت شەقلاوە بەپارچە ڕاکێتی فڕۆکەی مێگ لەناو سەنگەرەکەیدا بەسەختی بریندار کرابوو. بارزانی زۆر نائارام و دڵگیر بوو بەئاگادارکردنی لەشەهید بوونی کاوانی و لەم ڕووداوە ناخۆشە.

تۆڕی بنکە بێتەلەکانی شۆڕشی ئەیلول دەخرێنە گەڕ*:

پێشمەرگە لە پەرەسەندنا بوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پۆل پۆل خەڵکی کورد دەهاتنە ڕیزی پێشمەرگەوەو بارەگاکانمان پتر بوون و ماوەی نێوان ئێمەو هەندێ لەبارەگاکانی دیکە زۆر دووربوو، هەتا نامەیەکمان دەگەیشتە بارەگایەك و وەڵاممان وەردەگرتەوە کاتی زۆری دەخایاند، لەبەرئەوە داوام لەسەرۆك بارزانی کرد، بێتەلەکانی ناوچەی بادینان بکەونە کارکردن بۆ ئاسان کردنی کاروبار.

ئەنجام دانی پێوەندیی بێتەل بۆیەکەم جار لە (شۆڕشی ئەیلول)دا:
* ڕۆژی یەکشەممە ٢/ئەیلول/١٩٦٢ بارزانی ڕوخسەتی فەرموو، کە پێوەندیی بێتەل هەبێت، جارێ تەنها لەنێوان بارەگای گەرۆکماندا و فەرماندەی لەشکری بادینان (ئەسعەد خەلیل خۆشەوی)و بنکەی (پ.د.ك) لە بێتواتە. بەنامە برادەرانم ئاگادارکرد پێویستە سەعات هەشتی بەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٥/ئەیلول/١٩٦٢ بەئەم شێوەیەی خوارەوە، بۆ یەکەم جار لە (مێژووی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١) دا پێوەندیی بێتەل ئەنجام بدەین:
* شەپۆلی ڕۆژ(٥) *شەپۆلی شەو(٣،٩).
* بانگ کردنی یەکتر لەسەر بێتەلەکانمان بەم هێمایانەی خوارەوە دەبێت:
[١] ئیستگەی بێتەلی ئاراس.APJ
[٢] ئیستگەی بێتەلی اسعد خۆشەوی.APM
[٣] ئیستگەی بێتەلی بێتواتە. APL
ئاگادارم کردن، تەنها لەکاتی پێویستدا بە بێتەل پێوەندی بەیەکترەوە دەکەین و مەرج نیە سەری هەموو سەعاتێك و بەردەوام یان ڕۆژانە ئەم پێوەندیە ئەنجام بدەین، بۆئەوەی ئەم فرمانە نوێیەمان کاریگەر نەبێ لەسەر ئیشی. سەرەکیمان کە ئەو کاتانە بریتی بوو لەگوێ گرتن لەئیستگەی بێتەلەکانی میری و وەرگرتنی بروسکە شیفرەکراوەکانیان و شی کردنەوەیان و سوود لێ وەرگرتنیان.
* ڕۆژی دووشەممە ٣/ئەیلول/١٩٦٢، لەدێی (تەلان)ەوە ڕۆیشتین بۆ (سیدەکان). ئەمڕۆ لەبەیانیەوە هەتا نیوەڕۆ شەڕ بوو لەنێوان لەشکرو جاشەکاندا لەگوندی (بەربزین و بێرکمە) نزیك سنوور ئێران. بەگوێرەی ئەو بروسکانەوەی لەبێتەلە گەرۆکەکانیانەوە وەری دەگرین، فتاح ئاغای هەرکی و ژمارەیەك لەدەست و پێوەندەکەی ڕۆیشتن بۆ دێی (کانی سپی)ی ئێران و لەگەڵ سەر لەشکرێکی ئێرانی کۆدەبنەوە بۆ جێگیربوون لەناو ئێراندا.
* ڕۆژی سێشەممە ٤/ئەیلول/١٩٦٢، سەعات ٣٠،٣ پاش نیوەڕۆ فرۆکە بۆردومانی کردین لەدەرەوەی شارەدێی (سیدەکان)، سەرقۆڵە (کەکۆ مەلاعلی مێرگە سووری شیروانی)و برازاکەی (صالح مستەفا مەلا علی مێرگە سووری شیروانی) بەسەختی بریندارکران، لەدانیشتوانی شارۆچکەکە دوو منداڵ و پیاوێك بریندار بوون. لەگوندی (گەزنە) ژنێك کوژراو لەدێی (تەلان) ژمارەیەك خانوو بەراکێتی سووتێنەر ئاگری تێ بەربوو، بۆردومان لەسەر گوندەکانی دەوروپشتی (سیدەکان) بەردەوامە، بەتایبەتی ناو شیوودۆڵەکان وگردۆچکەکانی دەوروبەری ئەو گوندانە.
ڕۆژی چوارشەممە ٥/ئەیلول/١٩٦٢ سەرلەنوێ ئەو گوندانەی سەرەوە بۆردومان کرانەوە، لەدێی (گەزنە) ژنێك کوژرا. کلیلی شیفرەی بروسکەکانی سوپاو پۆلیس و متەسەریفەکانی هەولێرو سلێمانی و موسڵ گۆڕان. سەرگەرمی شی کردنەوەیانم.
* ڕۆژی هەینی ٧/ئەیلول/١٩٦٢، بەگوێرەی شیکردنەوەی بروسکە شیفرەکراوەکانی میری، سبەینێ ئەم شوێنانەی خوارەوە بۆردومان دەکرێن، لەسلێمانی: گوندەکانی سوسێ، سوکان، موکان، لەعێن سفێ و دهۆك وزاخۆ: (ناوی گوندەکان کە لەبروسکەکاندایە بەم شێوەیە نوسراوە): بیرەفات، زێوە، بێسفکێ، دارچل، بارجون، شالقری، گۆڤل، بێبوخکێ، گلناسك، دوخرەك. ئەمڕۆ ئێوارە لە (سیدەکان)ەوە ئەچین بۆ دێی (بێرکمە)، شەو بەسەر دێی (تۆپزاوا)دا تێپەڕبووین، جارێ ئێستا لەدێی (بەنێ)ین، شاخی پشت ئەم گوندە ناوی (بەربزین)ە، دوای پشوودان، بەسەر گوندی (بەنێ وبێرکمە)دا ڕۆیشتین بۆ گوندی (سنینێ). ژمارەیەك لەو گوندانەی بەسەریاندا تێپەڕ دەبین، بەفەرمانی ڕەشید لۆلان، پێش ئەوەی چۆڵی بکەن، ئاگریان تێ بەرداون و دامرکاونەتەوەو دانیشتوانەکانیشی بەزۆر کردوون بەجاش و لەگەڵ خۆیدا بردوونی بۆ دەوروبەری گوندی (لۆلان)، هەندێکی دیکەشیان بەئارەزوو ویستی خۆیان، داهاتووی خۆیان بەستووە بەڕەشید لۆلانەوەو لەسزای ئەوەدا لەشکری ئێمە ئاگریان لەخانووەکانیان بەردا، لەبەرئەوە بەدەگمەن خانوو هەیە بەپێوەمابێ و نەسووتابێ لەم دێهاتانە.

قەبری تازەو پێستە پەنیر:
لەڕۆژی پێنجشەممە ١٣/ئەیلول/١٩٦٢، دەستەیەك پێشمەرگە لە (دۆڵی خواکورك) بەلای سەرقەبرانێکدا دەڕۆن تەماشا دەکەن دە دوانزدە قەبری تازەی لێیە، خۆڵەکە سوورو تەڕو کێلەکان نارێك.. یەکێك لەپێشمەرگەکان دەڵێ: ئەم گوندە دوێنێ

بێ تەقە جاشەکان دەریان پەڕاندوون، کەسیشیان لێ نەکوژراوە، باقەبرێ هەڵدەینەوە بزانین مەسەلە چییە؟ کەهەڵی ئەدەنەوە ئەڕوانن پێستە پەنیر وتەنەکە هەنگوینی تێدایە.

چاوپێکەوتنی شێخ ڕەشید لۆلان بەئەفسەرانی پایەبڵندی تورکیا:
[١] تورکیا ڕوخسەتی تەواوی دا بەو بێتەلەی لەگەڵ ڕەشید لۆلاندایە لەگوندی (کەپەنك)ی کوردستانی تورکیا، هەموو سەری سەعاتێك پێوەندی بکات بەهەولێرو بەرەواندوزەوە. بەگوێرەی بروسکەکانیان ئەمڕۆ ئەفسەرێکی سوپای تورکیا بەڕوتبەی زەعیم لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی ئەفسەرانی پایە بڵند کۆبوونەوەیان لەگەڵ شێخ ڕەشید لۆلان کرد، لەگوندی (کەپەنك). تورکیا هانیان ئەدات بەیارمەتیی سوپای تورکیا، هێرش بکەنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی لەسنوری تورکیا دوورمان بخەنەوەو جاشەکان بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان. ئەگەر نەیانتوانی بەو ئامانجانە بگەن، ئەوا ڕێگە فراوانە کەبچنە ناو تورکیا.
[٢] دوێنێ لەگوندی (کەوەڕتێ) بووین، ئەم ئێوارەیە گەیشتینە دێی (شوشنێ).

تورکیا دەیەوێ جاشەکانی برادۆستی و سۆفی بکاتەوە بەدیوی عێراقدا:
بەگوێرەی شیکردنەوەی بروسکەکانی میری، شێخ ڕەشید لۆلان و سەرجەم جاشە شوێنکەوتووەکانی لەگوندی (کەپەنك)ن لەناو تورکیا. سوپای تورکیا هانیان ئەدا بێنەوە ناو خاکی عێراق.

پێچی مێژەرێکمان ماوە:
ڕۆژێکیان لەگەڵ عبدالله ئاغای پشدەری دانیشتبووین لە (دۆڵی خواکورك) پێکەوە دەمەتەقێمان دەکرد، وتم: "تۆ بڵێی کورد کەی ڕزگاری بێ و بەمافی ڕەوای خۆی بگات؟" ﷲوەڵامدا دەستی ڕاستی بەرزکردەوە بەدەوری جامانەکەیدا گێڕای وتی: پێچی مێژەرێکمان ماوە" ئەم ئاخاوتنە لەڕۆژی شەممە ١٥/ئەیلوول/١٩٦٢ لەگوندی (هارومار) پشت (لۆلان) دابوو.
* ئەم لێپرسراوانەی هێزو قۆڵەکانی پێشمەرگە لەناوچەی سیدەکان بەردەوام نزیك بارزانی بوون: حاجی بێرۆخی، حەمەد ئاغای دۆڵەمەری، شێخ کەوکەس سەید تەهاو کەسانی دیکە، کە ناوبەناو ناویان دێتەکایەوە.

سەرلەنوێ بەرەو دۆڵی خواکورك:
ڕۆژی دووشەممە ١٧/ئەیلوول/١٩٦٢، بۆ جاری دووهەم گەڕاینەوە بۆ ناوچەی لۆلان، جاشەکانی هەرکی و سۆفی لەدیوی تورکیاو ئێرانەوە کرابوونەوە بەدیوی پشت لەشکردا.. لەگوندی (بێسوك) لەناو دۆڵی (خواکورك) بێتەلەکەمان دامەزراند..
ڕۆژی سێشەممە ١٨/ئەیلوول/١٩٦٢، موتەسەریفی هەولێر فەرمانی دا بەشێخ احمد بارزانی، کەپێویستە دەستەبەری گەڕانەوەی دەستوپێوەندی ڕەشید لۆلان و خاووخێزانی سۆفیەکان و برادۆستیەکان بکات، لەسنوری تورکیاوە بۆ دۆڵی خواکورك وخێرەزۆك، هەتا دەوروبەری (مێرگەسوور).
ڕۆژی چوارشەممە ١٩/ئەیلوول/١٩٦٢، شێخ ئەحمەد بارزانی لەڕێی مدیر ناحیەی بارزانەوە وەڵامی متەسەرڕیفی هەولێری دایەوە، کە ئامادەیە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم داخوازیە، بەڵام ناتوانێت هیچ چەکدارێك لەعەشیرەتی بارزان بنێرێت بۆ دەرەوەی ناوچەی بارزان.
ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠/ئەیلوول/١٩٦٢، شوێنی خۆمان گواستەوە بۆ دێی (سپیاو) نزیك چیاودۆڵی (خواکورك)، چیای (شەکێو) بەرامبەر ئەم دێیەو ڕیزە دێهاتەکانی خوارەوەیەتی کە ئەوانیش وەکو هەموو دێهاتەکانی دیکەی (لۆلان) چۆڵ و سووتاوو وێرانەن.

بۆردوومانی بەردەوام:
ڕۆژی یەکشەممە ٢٣/ئەیلوول/١٩٦٢، دوو ڕۆژە بەردەوام لەگەڵ کازیوەی بەیاندا، هەتا دوا زەردەپەڕی ئێوارە، فڕۆکەی هێرشبەرو فڕۆکەی بۆمباهاوێژ، بەشەست تیرو ڕاکێت و بۆمبای گەورە هێرش دەکەنە سەر سەنگەروبارەگاکەرۆکەکانی لەشکر، لەچیاوشیوو دۆڵەکانی (خواکورك و شەکێو)، بەهەمان شێوە بۆردوومانی گوندی (ئارموش) دەکرێ، کەبارزانی و بێتەلی ئاراسی لێیە.

پلانی بارزانی بۆ گرتنی لۆلان:
لەرۆژی ١٩٦٢/٩/٢٩، لەناوچەی لۆلان بووین، هێزەکانی میری بەسەر ١٢لوتکەی چیاکانی ئەو ناوەوە دامەزرابوون. سێ بنکەی بێتەلیان لابوو بنکەیەکیش لەلۆلان بوو، شەوو رۆژ لەژێر چاودێری بنکەی ئاراس دابوون، هەرچ بروسکەیەکیان بناردایە بۆ یەکتر یان بۆ رەواندوز و هەولێرو بەغداد هەموویانمان وەردەگرت و شیتەڵم دەکردن و ئەمدان بەسەرۆك بارزانی.
رۆژێك بارزانی کۆبوونەوەیەکی پێ کردین، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەم بەرێزانەش ئامادەبوون: عُبیدالله بارزانی، مقدم عزیز عەقراوی، رەئیس بەکر عبدالکریم، و عزیز ئەتروشی، هاشم عەقراوی، علی شعبان، عبدالله ئاغای پشدەری و مەلا عبدالله (مەلا ماتۆڕ)، کوێخا کەریم ماوەتی. بارزانی رووی کردە هەمووومان و فەرمووی: "دەمەوێ پێش هاتنی سەرماو سۆڵەی زستان ئەو لوتکەی چیایانە لەدوژمن بسەنینەوە، ئینجا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە چەند هەفتەمان دەوێ؟"
هەرکەسە لای خۆیەوە ماوەیەکی دیاری کرد هیچی لە ٥-٦ هەفتە کەمتر نەبوو. بارزانی فەرمووی: من بەهەفتەیەك پێیان چۆڵ دەکەم و لە(لۆلان)یش دەریان دەکەم. رووی کردە علی شعبان و پێی گووت: خۆراکی حەوت رۆژ ئامادەبکە...، خۆراکەکەش نانی نۆردو و شەکرو چا بوو. پلانەکە بەم شێوەیە بوو:
١-(٥٠٠) پ.م لەکاتی خۆرئاوابووندا بەرەو گوندی لۆلان بکەونە رێ، کە تاریك داهات بگەرێنەوە جێی خۆیان. بۆ رۆژی دوایی لەهەرسێ بنکەی بێتەلی میریەوە بروسکەمان وەرگرت، ئاماژەیان بۆ جموجۆڵی پێشمەرگەکان دەکردو لۆلان یان ووریا کردەوە.
٢-دووهەم رۆژ هەمدیسان کاتی زەردەپەڕ هەمان هێز بەرەو لۆلان کەوتەرێ، کە شەو داهات گەڕانەوە لای بارزانی. بۆ شەوێ بنکەی بێتەلی (لۆلان) داوای لەسێ سەنگەری سەرچیاکان کرد شوێنەکانیان بەردەن و بگەنە لۆلان.
٣-سێهەم رۆژ پێشمەرگەکان هەمان فەرمانیان ئەنجامدا. بنکەی بێتەلی لۆلان هاواری لێ هەستا داوای لەهەموو سەنگەرەکان کرد بگەنە ناو لۆلان و فریای لۆلان بکەون!.
٤-لەچوارهەم رۆژدا هێزی پێشمەرگە بەشاڵاوێك هەموویانی لەلۆلان و دەوروبەری دەرپەڕاند و خۆیان هاویشتە ناو خاکی تورکیاوەو هەندێکیشیان چوونە ناو ئێران.
* کە زستان داهات و سەرماو سۆڵەی ئەو سنورانە دەستی پێ کرد، بارزانی چاوپۆشی و لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو جاشەکانی ئەودیو سنوور دەرکرد کە بگەرێنەوە. هەموویان بەخۆیان و ماڵ و منداڵ و مەڕو ماڵاتیانەوە گەڕانەوە، بەناو بەرەکانی لەشکری کوردستان دا تێپەڕبوون، بەرەو هەولێرو زۆریشیان لە (مەندان) لەدەشتایی بەردەم ئاکرێ جێگیر بوون. میری سەرۆکی ئەو هۆزو عەشیرەتانەی بەند کردو بە(خائن) لەقەڵەمی دان، گوایا چۆن بەناو پێشمەرگەدا تێپەڕبوون و لێیان نەدراوە، (دوای چەند مانگێك ئازادکران). بەو شێوەیە پشتی لەشکر ئەمین و هەدار بوو، هەموو هێزەکانمان کەوتە رێگابەرەو (سەفین و شەقڵاوە)و شوێنانی دیکە بۆ سەر بەرەکانی سوپاو بەرەنگاربوونیان و هێرش کردنە سەریان..
١٩٦٢/١٠/١١ هێرش کردنە سەر بیرەکانی نەوت لە (عەین زالە) : لەکاتی ئێوارەدا ، دوای زەردە پەڕ ژمارەی ٢٠٠ پێشمەرگە لەژێر فەرماندەی (عیسا سوار) و چەند سەرپەل و سەرقۆڵەیەکی چابوك دا ، وەك :
عریف دەروێش سندی و عەلی عەلی کۆچەر ، عەلی هاڵۆ ، هاشم میرۆزی و بەشارەزایی ژمارەیەك پێشمەرگەی دیکە وەك : حسۆ کێلکی و حەمە سورحسین ومستەفا فەرج هێرش کرایە سەر هەموو سەنگەری پۆلیسی گەرۆك ، بیرەکانی نەوت لەناو پاڵشگای (عین زالە) دا . هێرشکە بەسەرفرازی ئەنجام درا . مەبەست لەمەش : گەیاندنی دەنگوباسی شۆڕشی ئەیلوول بوو بەوڵاتانی بیانی و هەروەها کەمیری بزانێ لەشکری کوردستان دەستیان ئەگاتە هەرشوێنێك مەبستیان بێ ویان فەرماندەی لەشکری کوردستان بۆیان دیاری بکات .
لەهێرشەکەدا زیاتر لە (٧٠) پۆلیسی هێزی گەرۆك بەخسیر کران لەگەڵ دوو ئەندازیاری بەریتانی بەناوی (گویزلینگ و دیرك دانکۆرس ) . چەندەها ئێزگەی بیانی دەنگو باسی ئەم هێرشەی لەشکری کوردستانیان بڵاوکردەوە .

تێکراپی مانگی ئەیلوول/١٩٦٢
شۆڕشەکەمان بەردەوامە، شەڕ دژی سوپاو هێزی پۆلیسی۔ گەرۆك و جاش لەناوچەی بادینان و سۆران بەگەرمی و سەرکەوتووی بەردەوامە.
هەرکەسێ هەستی کوردایەتی هەبێت، رۆژ بەرۆژ زیاتر رقی لەزوڵم وزۆری دامودەزگاو هێزەکانی میری دەبێتەوە، بەهەرلایەکدا دەڕۆین و دەڕوانین، چاومان بەنیشانەی هەژاری و برسێتی ئەم میللەتەمان دەکەوێت، ئەمەش شان بەشانی تێکۆشان و کۆڵ نەدانیان و نان پێدانمان بەدڵفراوانیەوە.

بەڕۆژ کە تەماشای چاوەندازی ئەم چیاو کانیاوو چیمەن ومێرگ و هاوینەهەوارانە دەکەیت جوانیی سروشتی کوردستانت بۆ دەردەکەوێت، پێویست وایە گشت کەسێ دڵی بکرێتەوە، بەڵام لای زۆر کەس دڵە لەرزەی بۆردومان کە، ها ئێستا یان کاتێکی تـر هـێرشی فـڕۆکە دەسـت پێ دەکات، والە زۆریـان دەکات کەمـتر دڵیـان بکـرێتەوە بەجـوانیی ئەو چاوئەنـدازانە، خۆشـم هەرئەوەندە دڵم پێی دەکرێتەوە کەپەنا تاشەبەردی چیاو بن درەختەکان، دەبنە هۆی نەدیتنی بارەگای بێتەلەکەمان لەلایەن فڕۆکەوانەکانەوە و پاراستنمان لەهێرشی ڕاستەوخۆی فڕۆکەکان وتۆپە دوورهاوێژەکانیان کەجاری واهەیە بەتەلەفۆنی تایبەت فەرمان وەردەگرن نەك بەبروسکە.

بارەگاو بارگەوبنەی پەلێ پێشمەرگە:
کاتێ لە(دۆڵی خواکـورك) بـووین، بـارگەوبنەی بارەگـای هـێزەکەی عبـدالله ئاغـای پشـدەری بـریتی بـوو لە ٣، ٤ پێسـتەمەڕی خۆشکراو لەبری دۆشـەك و پێخەف بەکاردەهێنرا. هەروەها دوو کتلیی فافۆنی ڕەش داگەڕاو. زۆر جار وا ڕێك دەکەوت ئەم بارەگایە لەنزیك منەوە دەبوو. لەکاتی شەڕو گواستنەوەدا شتەکانیان دەخستە سەر پشتی گوێ درێژێك. ڕۆژێکیان شەڕ زۆر گەرم بوو، هێزی میری بەرامبەرمان بوو، بەهۆی گرمەو زرمەی تەقەمەنیەوە گوێ درێژەکە بەرەو لای سوپاو جاش ملی نا، عبدالله ئاغاش بەهەموو دەنگی هاواری لەپێشمەرگەکان دەکرد کوڕینە پیاوی چاك بن مەهێڵن مەقەڕ تەسلیم بێ... کوڕینە فریاکەون مەقەڕ بگێڕنە دوواوە.
ڕۆژی ١٠/کانونی دووهەم/١٩٦٣، عبدالله ئاغای پشدەری کرا بەئامر هێزی سەفین و دوواتر بوو بەئامر هێزی باڵەك.

مورووی غەیبی:
جاشــەکانی ناوچــەی لـۆلان و سـیدەکان زۆر لەهـێزەکەی عبـدالله ئاغـای پشـدەری دەترسـان کە مەلا عبـدالله (مەلا مـاتۆڕ) یاریـدەدەری بـوو. تەنهـا پێشـمەرگەکانی ئەو هـێزە جـلی خاکیـان لەبەردابـوو، لەبەرئەوە کەلەپەنـا بەرددا خۆیـان مـات ئەدا نەئەبینران.
لەبروسـکەیەکی میریـدا، لەو ناوچـانە ئاگادراییـان ئەدا بەیەکـتر وە دەیـانگووت بارزانیەکان کـۆمەڵێ چەکـداریان لەگەڵە وەك مورووی غەیبی وان، کاتێ دەزانین لەبەردەمماندا قووت دەبنەوەو زەفەرمان پێ دەبەن.

مەلا عبدالله: (مەلا ماتۆڕ)
کاتی خۆی کادیر بوو بەسواری (ماتۆڕ) بەناو دێهاتەکانی دەشتی هەولێردا دەگەڕا بۆ کاروباری پارتایەتی، خەڵکی ئەو ناوچەیە ناویان نابوو (مەلا ماتۆڕ).لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٢ بە هامڕای سەرلق حاجی رسوڵ عبدالله گەلاڵی وسەر پەل خلیفە محمد علی و وسەر پەل محمد بەربەیار وسەر پەل سوارە(برازای محمد بەربەیار)هێرشیان کردە سەر شەمەندەفەری نێوان کرکوك و هەولێر نزیك پردێ.کارەکەیان ئەنجام دا.دواتر.... ،بەداخەوە سەر پەل سوارە(برازای محمد بەربەیار) ،لە شەڕێکدا شەهید دەکرێ.

برنجی نەکوتراو:
جارێك پێشمەرگەیەکمان لە (دۆڵی خواکورك) لەتوورەکەیەکی خامدا لەناو گەلاوگۆڵی وشکەوەبووی سەر درەختێکدا دوو سێ کیلۆ برنجی دۆزیەوە، بەخۆشیەوە هێنایەوە وای ئەزانی گەوهەری دۆزیوەتەوە، دەستبەجێ تەنەکە بەنزینی بەتاڵی خستە سەر ئاگر بـۆئەوەی بـرنجەکەی تیا لێ بنێ، نیواونیـو ئـاوو بەبێ خـوێ و بەبێ ڕۆن خـرایە سـەر ئـاگر، هەتـا نیوەشـەو هەر ئـاوی تێ ئەکرایەوەو سوودی نەبوو، نەکوڵاو نیوەشی بەبنی تەنەکەکەدا سووتا، تومەز برنجەکە نەکووترابوو لەبەرئەوە نەدەکوڵا.

*کورتانی ئێستر پێخەفە*:
بۆ سـەرنجی خوێنەری هێژا با ئەم ڕووداوەش پێش کەش بکەم: ئەو سـەردەمەی لەدۆڵی خواکورك بووین لەناوچەی لۆلان، شەومان بەسـەردا هات و نەگەیشـتینە شـوێنێك کونە ئەشکەوتی لێ بێ. پێش تاریك داهاتن بەپەلە هەندێ بڕەدارو چیلکەو چەواڵی تەڕمـان کـۆکردەوەو ئاگرمـان کـردەوە، لەدەوری ئـاگرەکە بەپێـوە وەسـتاین بـۆئەوەی جـل وبەرگەکەی بەرمـان وشـك بێتەوە چونکە لەو ڕۆژەدا بارانێکی زۆر لێی داین. سێ وڵاخمان پێ بوو بۆ هەڵگرتنی ئامێرەکانی بێتەل و پێویستیەکانی. هەروەها سێ چوار پێستەمەڕی خۆشکراو کە لەجیاتی ڕایەخ و پێخەف بەکارمان دەهێنا، باری وڵاخەکانمان خست و هەریەکە بۆ بن بەردێ ئەگەڕا لەژێریا بحەوێتەوە. یەکێ لەپێستەمەڕەکانم بەرکەوت و لەبن بەردێکا جێگەم بۆ خـۆم و بێتەلەکە و کەلوپەلی بێـتەلەکە خـۆش کـرد. گـوێم لەدەنگەدەنـگ وهـاوار بەسـەریەکداکردنی دوو پێشـمەرگە بـوو، خـێرا چـوومە لایـان وتـم،

گیروگرفتەکەتان چی یە؟ بۆ هاوار بەسەریەکدا دەکەن؟. یەکێکیان وتی: ئەو ئێسترە هەمیشە بەمنەو خۆم خزمەتی دەکەم وباری ئەکەم وسەری ڕائەکێشم، ئێستا ئەمەوێ لەژێر کورتانەکەیدا بنووم ئەم برادەرەم لێ بووە بەبەڵا ئەڵێ من لەژێر کورتانەکەدا دەنووم. وتم: کاکە لەسەر کورتانی ئێستر مەیکەن بەدەمەقرە، ئەو پێستەمەڕەی لای من بۆ یەکێکتان ئەوی تریشتان بالەژێر کورتانەکەدا بحەوێتەوە. کورتانی ئێسترەکە بریتی بوو لەسێ چوار پارچە بەتانیی کۆن، بەسەریەکدا بەتەقەڵی گەورە گەورە پێکەوە دوورابوو. لێرەدا ئەوەی شایانی باسە وڵاخەکانیشمان لەمەینەتیدا بوون، کە سمەکانیان درێژ دەبوو، بەدەم ڕێگاوە لەبەرد هەڵدەنوتان و سەری سمەکانیان دەپەڕی. لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە فڕۆکەکان ئەهاتنە سەرمان بۆ بۆردوومان وڵاخەکان لەئاستی خۆیان بەئارامی ڕادەوەستان هەتا هێرشە ئاسمانیەکە تەواو دەبوو.

بەرزکردنەوەی ورەی سوپاو جاش:
لەکات و سەردەمی ڕژێمی عبدالكريم قاسمدا، زۆرجار دامودەزگای ئاسایش و زانیاریی سوپا، بەبروسکەی شیفرەکراو بەرەکانی شەڕیان ئاگادار دەکرد کە مەلا مستەفا بارزانی لەو ناوچەیە نەماوە، شوێنێکیان باس دەکرد ٢٠٠-٣٠٠ کیلۆمەتر دووربوو لەشوێنەکەی بارزانیەوە.
مەبەست لەمەش بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەیش و جاش بوو، چونکە بوونی بارزانی و ناوی ئەو هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ڕووخاندن و ورەبەردانی سوپاو هێزەکانی جاش. ڕۆژی دووشەممە ١٩٦٢/١١/١٩، بروسکەیەکمان وەرگرت، ئاڕاستەی پۆلیس وبەڕێوەبەری ناحیەی شارۆچکەی بارزان کرابوو، گوایا، (مەلا مستەفا بارزانی لەنزیك گوندی سپیندارۆك لەناوچەی زاخۆ بەر گوللە تۆپ کەوتووەو بەسەختی بریندار بووەو دوای دوو ڕۆژ مردووە...)، لەبروسکەکەدا میری دەڵێ: ئەم هەواڵە بدەن بەگوێی شێخ احمد بارزانی دا... لەو کاتەدا ئێمە لەناوچەی (لۆلان)و چیای (ئاڤدەل کێو) بووین وبەرەو (سیدەکان) دەگەڕاینەوە، بارزانی بەتەتەرێکدا هەواڵی ساغ وسەلامەتیی خۆی نارد بۆ بارزان، بۆ دڵنیا کردنیان و گوێ نەدانە پڕوپاگەندەی دامودەزگاکانی میری.

تەقەی خۆشی بەسەر کۆنەبووکدا:
ڕۆژی ٢١/کانونی یەکەم/١٩٦٢، لەگوندی (بێتواتە) بووین، یەکێك لەپاسەوانەکانی بارزانی لەکاتی پاك کردنەوەی تفەنگەکەیدا فیشەکێکی لەدەست کەوتبووە خوارەوەو کەوتبووە ناو درزی دوو بەردەوە. بارزانی خۆی و ٢-٣ پاسەوان هەوڵیان ئەدا فیشەکەکە لەدرزی نێوان هەردوو گابەردەکەدا دەربهێنن، لەوکاتەدا کابرایەکی ڕەوتەنی خەڵکی گوندی (بێتواتە) هاتە پێشەوە بزانێ مەسەلە چ یە؟ و گوتی: دەتوانم یارمەتیتان بدەم؟ بارزانی فەرمووی: فیشەکێکمان لێ کەوتووە دەمانەوێ لەنێوان ئەم دوو گاشە بەردەدا دەری بهێنین، کابرای ڕێبوار وتی: قوربان جەنابت بۆ بزربوونی فیشەکێك خۆت نائارام کردووە، دوێنێ بەسواری وڵاخ لەڕێی هیران و نازەنینەوە ژنی فڵان لێپرسراویان لەهەولێرەوە هێناوەو کەگەیشتە (بێتواتە) بۆ دەربڕینی خۆشی و پێکەنین بەفەرمانی لێپرسراوی بنکەی بێتواتە زیاتر لەهەزار فیشەکیان تەقاند بەسەر ژنەکەدا، نەبووك بوو نەتازە بووکیش. بۆ ئێوارە کەگەڕاینەوە ناو گوندەکە، بارزانی ناردی بەشوێن لێپرسراوەکەدا و سەرزەنشتی کرد بۆ ئەو تەقەو فیشەك بەفیڕۆدانە. ئەو کاتانە لەدوای شەڕ و سەرکەوتن و فیداکاری چەك وتەقەمەنی دەست دەکەوت.

دانانی یەکەم شیفرەی کوردی بۆ دامودەزگاکانی شۆڕشی ئەیلوول:
ڕۆژی ١٩٦٢/١٢/٢١ ئەوکاتەی لەگەڵ هێزەتایبەتیەکەی بارزانیدا لەبێتواتە بووین، سەرقاڵی بروسکە وەرگرتن و شی کردنەوەیان بووم، مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ (بەڕێوەبەری بنکەی بێتەلی پیرمام/ مەکتەبی سیاسی) هات بۆلام کە هەندێ خاڵی بۆ ڕوون بکەمەوە لەبارەی شیفرەی هێزەکانی میریەوە. زۆر زیرەك و ووریا بوو، بەهەوڵی خۆی گەیشتبووە ئامانجێکی باش و یەکسەر سوودی لەڕێنماییەکانی من وەرگرت. دوای ڕەزامەندی بارزانی، بڕیارمان دا شیفرەیەك لەنێوان (بێتەلی ئاراس و بێتەلی پیرمام)دا هەبێت. من بەشێوەیەکی هونەری شیفرەیەکەم دانا، کە هەرچی کەلێن وبێ هێزی یەك لەشیفرەی میریدا هەبوو لەئەو شیفرەیەمدا چارەسەر بکرێ، بەشێوەیەك هەرگیز دوژمن نەتوانێ حەلی بکات، هەروەها ئیسماعیل سەرهەنگ لای خۆیەوە شیفرەیەکی دروست کردبوو، دوای پێداچوونەوەی شیفرەکەی ئەو، لەسەر لایەنە هونەریەکان ڕێککەوتین. هەتا ئەمڕۆ هیچ پسپۆڕێکی شیفرە لای میری نەیتوانیوە بروسکەی شیفرەکراوی شۆڕش حەل بکات، مەگەر لەڕێی خۆفرۆشانەوە شیفرەکەیان بەدەست گەیشتبێ. لەناوچەی (سیدەکان) دوو ڕۆژنامەنووسی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئەڵمانی گەیشتنە لامان، وەرگێڕ بووم لەنێوان ڕۆژنامەنووسەکان و بارزانیدا، یەکێك لەو دوو ڕۆژنامەنووسانە وتی: "ئەم

دامودەزگای (بێتەل)ە کە ئێستا کورد هەیەتی و سوودی لێ وەردەگرێ وئاگاداری هەموو جموجۆڵێکی هێزەکانی میریە...، هیچ شۆڕشێکی دیکەم نەبینیوە ئەم لێهاتوویەی هەبێ".

ڕۆژی دووشەممە ١/تشرینی یەکەم: مانگی ١٩٦٢/١٠:
لەسەرەتای ئەم مانگەدا شای ئێران پەیوەندیی کردووە بەمەکتەبی سیاسی پ.د.ك لەگوندی (مالومە)، مەلا مصطفی بارزانی ئاگادار نیە لەدرێژەی بنج و بناوانی ئەو پەیوەندیە.

دەستنیشان کردنی شوێنی بارزانی:
ڕۆژی دووشەممە ١/تشرینی یەکەم/١٩٦٢، ئێوارەیەکیان، زەردەپەڕ لەیەکێك لەئیستگەی بێتەلی میری بروسکەیەکی خێراو پەلەم دەسگیر بوو، دوای شیکردنەوەی دەڵێ: ژمارەیەکی زۆر لەیاخی بووەکان چوونەتە ناو شارۆچکەی (سیدەکان)، مەلا مستەفا بارزانی لەبەردەم بەردێکدایە لەنزیك فڵان شیوەوە. زۆر بەووردی ناونیشانەکەی دابوو، بەخێرایی بروسکەکەم گەیاندە دەستی، یەکسەر (کەکۆ مەلاعلی مێرگە سووری شیروانی)ی نارد بۆ ناو شارۆچکەی سیدەکان بۆ ئاگادارکردنی پێشمەرگەکان و خەڵکی گوندەکە کە بچنە دەرەوەی ماڵەکان و خۆیان بپارێزن لەبۆردومان. لەهەمان کاتدا بارزانی و عُبیداللە بارزانی هەستان و جێگەکەی خۆیان گۆڕی. نزیك ٣٠٠-٤٠٠ مەتر لەگاشەبەردەکە دوور کەوتبوونەوە، فڕۆکەکان هاتن و یەکسەر شوێنەکەیان دایە بەر ڕاکێت و شەستیر، فڕۆکەیەکیشیان ناو شارۆچکەی سیدەکانی بۆردوومان کرد، (کەکۆ دۆڵەمەری) بەرەو لای ئێمە دەگەڕایەوە بەسەختی بریندار بوو، لەناو پێشمەرگەکان و خەڵکی گوندەکەشدا برینداری دیکە هەبوو، (کەکۆ مەلاعلی مێرگە سووری شیروانی)لەئەنجامی ئەو برینداربوونە بەئیفلیجی مایەوە.
مۆزەف سحی (خالد سەعید) ناسراو بەدکتۆر خالد لەگەڵ ئێمەیەو خەستەخانەکەی لەگوندی (لێکان)ە لەناوچەی (برادۆست).

جارێکی دی کردنەوەی دەرگای دان وستان:
لەدەوروبەری کانونی یەك مانگی ١٩٦٢/١٢، لەناوچەی (بێتواتە) بووین، میری دەیویست دەرگای گفتوگۆ بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەفسەرێك دیاری کرابوو بێت بۆ لای بارزانی، برادەرێکی مەکتەبی سیاسی وتی: جەنابت سەرۆکی میللەتی کوردیت دەبێ میری یەکێك بنێرێ بۆ لاتان لەپلەی وەزیردا بێت، لەوەڵامدا فەرمووی: "بۆ سوودی میللەت ئەگەر میری سەربازێکیش بنێرێ من کۆبوونەوەی لەگەڵدا دەکەم".

لەبەرکردنی جلی پ.م:
لەدەوروبەری کانونی یەك مانگی ١٢/ساڵی ١٩٦٢، کاتێ لەدەوروبەری دەشتی بیتوێن بووین، لەناو هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا بوون من یەکەم پێشمەرگە بووم جلی خاکیی پێشمەرگەم لەبەرکرد، جلی سەرجەم لێپرساوەکانی پ.د.ك و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بریتی بوو لە ڕانك وچۆغە، یان شەڕواڵ و مراخانی (کورتەك و شەڕواڵا)، هەموو (پ.م)ی ئەو هێزەی لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا بوون، هەروەها پێشمەرگەی هێزەکانی ناوچەی بادینان کورتەکو شەڕواڵیان لەبەر دەکرد..
* جلی خاکیی پێشمەرگە لەدوای ساڵانی (١٩٦٤)ەوە لەناو هێزەکانی ناوچەی بادینان بوو بەباو.
ئەو لێپرساوانەی پ.د.ك کە لە بێتواتە بوون، دوای من بەیەك دوو مانگ جلی خاکیی پێشمەرگەیان لەبەرکرد، لەگەڵ یەلەك و لەقوماشی خاکیی نیوەبریقەدار دروست کراو، بەڵام پێشمەرگەکانی سەر بەهێزەکانی ناوچەی سۆران بەشی زۆریان جلی خاکییان لەبەردەکرد.

برایەتی و یەکدگیریی پ.م:
لەساڵانی شەستەکاندا لەگەڵ ئەوەشدا کەپێشمەرگە بەردەوام ڕەچاڵ ونەبوو بوو، بیروباوەڕی کوردایەتی و خۆشەویستی خاکی نیشتمان پاڵ پێوەنەر بوو، کەخۆڕابگرین لەبەردەم هەموو بارودۆخێکی سەخت و نالەباردا. ئەو سات و ڕۆژانەی سەرکەوتنێك لەبەرەکانی شەڕدا وەدی دەهات، بەهەستێکی برایەتی و یەکدگیری، ئەوپەڕی شادی و خۆشی دەکەوتە ناو سەرجەمی پێشمەرگەکانەوە.

خزمەکاری میللەتی کورد:
جارێکیان لەساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ عەلی عەسکەری لەخزمەتی سەرۆك بارزانی دا دانیشتبووین، نامەیەکی نووسی بۆ عەباس ئاغای مامەند ئاغا، کە خوێنیەوە لەکۆتایی نامەکەوە نووسیبووی خزمەتکارتان بارزانی مستەفا.
عەلی عەسکەری توورەبوو هەستایە سەرپێ کە دانیشتنەکە بەجێ بهێڵێ، وتی تۆ سەرۆکی کوردی، بۆ ئەوەندە تەوازووداری؟ خزمەتکار یانی چی؟ فەرمووی شێتە دانیشە! من خزمەتکاری هەموو کوردپەروەرێکم و خزمەتکاری میللەتی کوردم و هینی هەرکەسێ چاکەیەك بەرامبەر کورد بکات، ئەگەر کورد ئەو خزمەتگوزاریەم پێ رەوا ببینێ، شانازییەو سەربەرزیە، نامەکەی پێچایەوەو رەوانەی کرد. بەم بۆنەیەشەوە ئەمە دەڵێم: لەسەرەتای شۆرشەوە هەتا دەوروبەری کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ عەلی عەسکەری لەگەڵ بارزانیدا بوو، پابەندی پتەوکردنی حیزبایەتی بوو، بوونی ئەو لەنزیك بارزانیەوە سوودبەخش بوو. ئەوکاتەی لە (دۆڵی خواکورك) بووین، عومەر دەبابە هات بەشوێنیدا، عەلی عەسکەری لەگەڵ خۆیدا کێشایەوەو بردیەوە بۆ ناوچەی (ماوەت و م.س لەمالومە)، سەرۆك بارزانی ئەم هەڵوێستەی (م.س/مالومە)ی دانا بەپچراندنی (خۆیان و م.س) لەبارزانی و دوورەپەرێز راوەستانیان و خۆخۆیی کردن.
* بەهەمان شێوەی سەرەوە، دوای ماوەیەکی کورت، (م.س/مالومە) بەنامەی دەستی (عبداللە ئاغا پشدەری)یان ئاگادار کرد، خۆی و هێزە تایبەتیەکەی بەرەو بارەگای (م.س) بگەرێنەوە بۆ ناوچەی (ماوەت)، ئەوکاتە هێزە تایبەتیەکەی عبداللە ئاغای پشدەری هێزی پاڵپشت بوو لەبەرەی شەڕ لەناوچەی لۆلان. کە سەرۆك بارزانی دڵنیا بوو لەم باس و خواسە، عبداللە ئاغا پشدەریی ئاگادارکرد کە گوێرایەڵی فەرمانی ئەم بێت و نامەکەی (م.س/مالومە) بخاتە پشت گوێ و جێ بەجێی نەکات. جارێکی دیکەش بارزانی دڵگرانی و پەژارەی خۆی دەربڕی لەو هەڵوێستەی هەڤاڵانی (م.س)ی ئەوکاتە.

سەرەتای ساڵی ١٩٦٣

کانونی دووەم/ ١٩٦٣:
ئەو یادەوەریانەی لەبیرنامەکەمدا نووسیومە لەخوارەوە بەرێنووسی ئێستا ئاماژەی بۆ ئەکەم:
* لەرۆژی ١٩٦٣/١/١ سەرۆك بارزانی سەردانی گوندی (بێتواتە)ی کرد.
* رۆژی چوارشەممە ٢/کانونی٢/١٩٦٣، لەگەڵ بارەگای گەرۆکی سەرۆك بارزانی لەدێی (کونە فلوسە)ین لەناوچەی (هیران)/شەقڵاوە.
* رۆژی پێنجشەممە ٣/کانونی دووەم، لوقمان بارزانی گەیشتۆتە ناوچەی (بەرواری باڵا)و ئێستا لەگەڵ عُبیداللە بارزانی برایەتی لەبارەگای لەشکری یەك لای اسعد خۆشەوی لەگوندی (قومری) بەرواری باڵا.
* رۆژی هەینی ٤/کانونی دووەم/١٩٦٣ لەبیرنامەکەمدا نووسیومە، ئەو رۆژەی کە هەست بەنائومێدی ئەکەم و هیچ هیوایەکم نامێنێ، پێویستە ئاخر رۆژێ لەرۆژانی ژیانم.
* رۆژی چوارشەممە ٩/کانونی دووەم، چالاکیی لەشکر لەدەوروبەری ناوچەی هەولێر: ئەمشەو هێزێکی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر مەخفەری (دەربەندگۆمەسپان).
* رۆژی پێنجشەممە ١٠/کانونی دووەم، عبدالکریم قاسم لێبووردنی گشتی دەرکرد بۆ ئەو کوردانەی چەکیان هەڵگرتووە دژی رژێمەکەی، گوایە پێویستە لەماوەی دە رۆژدا چەك دابنێن و خۆیان تەسلیم بەحکوومەت بکەن بێ قەیدو شەرت.
* رۆژی هەینی ١١/کانونی دووەم، ئەمشەو شەڕ زۆر گەرمە لەنێوان لەشکری کوردستان و هێزەکانی جەیش و جاش لەسەری ئاکرێ و لەمانگێش (دهۆك)و لەچواردەوری ئامێدی. ورەی لەشکری کوردستان بەرزە، نان و خۆراك کەمە.
* رۆژی سێشەممە ١٥/کانونی دووەم، سەر لەئێوارە گەیشتینە گوندی (چێوێ). سەرۆك بارزانی لەماڵی حاجی بەدری میوانە. ماوەی حەوت رۆژە قوتابیانی کۆلێج و قوتابخانەکان مانیان گرتووە، داوای بەربوونی بەندە سیاسیەکان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئەکەن، بەشێوەیەکی دیموکراسیانە.
* کورە گەورەکەی حاجی بەدری لەشاخی چێوە بێچوە پڵنگێکی بەهەڵە کوشتبوو، گوتی لەهەمان چیا ئاسکی گەورەی شاخ چوکڵەداری لێیە واتە (فیلەگێژە، ئاسکی رەننە). ئەو بۆ راوی ئەم چەشنە کێویانە لەسەر کانییەك پێش مەلا بانگدان خۆی حەشاردابوو، کاتێك دەزانێ لەسەر کانییەکەوە لەژێر تارمایی بەرەبەیاندا دەعبایەك بەرەو کون و کەلەبەری بەرامبەر بەکانیەکە دەروات و خۆی ئەشارێتەوە.
بەماتە ماتە دەچێتە بەردەمی کونەکەو بەتاپرەکەی گوللەیەك دەنێ بەناو کونەکەدا، وتی: وەختێ کە زریکەی لێ هەستا، زانیم ئەوە دەنگی پڵنگە، زۆر ترسام و لەپەنا بەردێکدا خۆم شاردەوە، کە دنیا رووناك بووەوە تەماشام کرد بێچووە پڵنگێکی دوو

سالانەیەو مرداربۆتەوە و بەکێشم کردو لەو شوێنە دوورم خستەوە. پێستەکەی گورو بوو و لەدیوەخانەکەیان دانابوو، پێستەکەی زۆر جوان و ڕەنگاورەنگێکی تایبەت بوو و لەهەرلایەکەوە تەماشات بکردایە بەجۆرێکی سەرنج ڕاکێش دەبریقایەوە.
* ڕۆژی چوارشەممە ١٦/کانونی دووەم، ئەمرۆ گەیشتینە گوندی (بێتواتە)، سەرۆك بارزانی لەماڵی ئەنوەربەگی بێتواتە دابەزیوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە سەرۆك بارزانی لەناوچەی بێتواتە بوو، ماڵەکەی ئەنوەربەگی بێتواتە بارەگای بارزانی و هێزە تایبەتیەکەی بوو.
ئەنوەر بەگ چاوساغی سەرۆك بارزانی بوو، هەر ناهەقییەك دژی دانیشتوانی ناوچەکە کرابوو، ئەم دەیخستە بەردەمی بارزانی بەوپەڕی بێ لایەنییەوە، دوواتر ئەمە زۆر کەوت لەسەری، چ لەلایەن دامودەزگای ئەوکاتەوەی پارتیەوە چ لەلایەن میرییەوە، دوواتر کەوتە ژێر فشاری میرییەوە کە چەك هەڵبگرێ، بەڵام پەیوەندی نهێنیی بەردەوام بوو لەگەڵ بارزانیدا.
* ڕۆژی هەینی ١٨/کانونی دووەم، ئەمشەو مەخفەری (دەربەند گۆمەسپان) کەلەپشت شاخی سەفینەوەیە تەسلیم بەهێزی پێشمەرگە بوون بەخۆیان و چەکیانەوە.
* ڕۆژی شەممە ١٩/کانونی دووەم، لەدوێنێ شەوەوە مەخفەری (دێگەڵە)ی نزیك (کۆیە) لەژێر ئابلۆوقەی پێشمەرگە دایە.
* ڕۆژی یەکشەممە ٢٠/کانونی دووەم، ئەمرۆ مەخفەری (دێگەڵە) بەچەکەکانیانەوە تەسلیم بوون.
* ڕۆژی چوارشەممە ٢٣/کانونی دووەم، ئەمرۆ خۆپیشاندانە لەسەرانسەر موسڵ و هەولێرو بەغداد دژی ڕژێمی عبدالكريم قاسم. میللەت داوای دیموکراسی و ئازادیی بیروڕاو بەردانی بەندە سیاسیەکان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی دیموکراسی ئەکەن.
* ڕۆژی شەممە ٢٦/کانونی دووەم، ڕەشید لۆلان لەئیستگەی بەغدادەوە بانگەوازی دەرکرد، کە پێویستە گوێڕایەڵی لێبووردنە گشتیەکەی بەغداد بین.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٣١/کانونی دووەم، لەو ڕۆژەوەی بەیاننامەی لێبوردنی گشتیمان بۆ دەرچووە، تەنانەت ٤-٥ چەکداریش خۆیان تەسلیم بەحکوومەت نەکردووە، لە زۆر شوێنی کوردستانەوە شەڕ گەرمتر بووەو دەستکەوتمان زۆرە.

مانگی شوبات ١٩٦٣:
* ڕۆژی هەینی ١/شوبات/١٩٦٣، ئەمرۆ (بێتواتە)مان بەجێ هێشت و بەسەر دێی (شکارتە)دا گەیشتینە گوندی (سەروچاوە) لەدەشتی بیتوێن بەرامبەر چیای (ناڵەشکێن). ئەمرۆ حەوتەم ڕۆژی ڕەمەزانە، بارزانی بەرۆژووە، دوای ئیفتار هەندێ بروسکەم بۆ برد، قورئانی لەبەردەستدا بوو، دوای تەواوکردنی لاپەڕەی قورئانەکە دەستی کرد بەخوێندنەوەی بروسکەکان.
* ڕۆژی شەممە ٢/شوبات، ئەمرۆ بەناو دێی (چۆڵیاوا- میرەبەگ و پاش کۆتەڵا) دا تێپەڕ بووین و گەیشتینە (کانی بناو) لەسەر ڕوباری (شاور)و لەنێوان چیای (شاور)و چیای (کێوەڕەش)دا.
* ڕۆژی یەکشەممە ٣/شوبات، دوێنێ شەو نزیکەی ٣٠٠ چەکدار بەسەرۆکایەتی کمال موفتی چوونە سەر محەتەی شەمەندەفەر لە (سلمان پاك)و ژمارەیەکی زۆر پۆلیس و عەسکەریان گرت لەگەڵ ئەفسەرێکی پۆلیس و نۆبەچیی ناو شەمەندەفەرەکە، کە هەموویان بەچەکەوە بوون.
* ڕۆژی دووشەممە ٤/شوبات، دوێنێ بەیاننامەی عبدالكريم قاسم بەسەرماندا خرایە خوارەوە، ماوەی خۆ تەسلیم کردنەوەی درێژە پێدا هەتا دواڕۆژی ڕەمەزان.
* ڕۆژی چوارشەممە ٦/شوبات، ئەمرۆ لەنزیك (باداوەو خانزاد) پشت هەولێر، لەشکر لەقافڵەیەکی عەسکەریان دا، هەشت کوژراوو ڕەئیس ئەوەڵێك بریندار کرا لەگەڵ چوار جاش و پۆلیسێکدا.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٧/شوبات، ئەمرۆ (کانی بناو)مان بەجێ هێشت و بەسەر (پاش کۆتەڵ و دەلالان و شیان)دا ڕابووردین بۆ سەر شاخی (کێوەڕەش)و لەلای ڕاستەوە دێی (هەنجیرەو تیتۆکە) دیارەو هەروەها ڕانیە نیوسەعاتێك بەپێ لەئێمەوە دوورە. گەیشتینە (مەمکان و جەلکان)و لەگوندی (زەنگڵە) ماینەوە.

*کودەتای بەعس*:
* ڕۆژی هەینی ٨/شوبات/١٩٦٣، ئەمرۆ لەسەعات هەشتی بەیانیەوە هەتا سەعات دوانزدەی نیوەڕۆ لەئیستگەی بەغدادەوە هەشت بەیاننامە خوێنراوەتەوە، گوایا عبدالكريم قاسم کوژراوەو کودەتاکەیان سەری گرتووە. وادەردەکەوێ ڕێرەوەکەیان (عربی اشتراکی و قومی) بێت، ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری سوپاو ئەفسەری پۆلیس دەرکران و دوومانیان لەشوێن دانرا. عبدالسلام عارف خۆی دانا بەسەرۆك کۆمار و احمد حسن بکر بەڕەئیس وزراو بەوەزیری دفاع، حسین تالب شبيب

وزیری خارجیە، علی صالح السعدی وەزیری داخلیە، تاهر یەحیا بەرەئیس ارکانی سوپا، رشید مصلح بەحاکمی عەسکەری عام، مدحت عبدالله بەمدیری ادارە، عقید روکنی جَو عارف عبدالرزاق کرا بەقائد قوەی جوی.
* ئەمڕۆ گوندی (دووگۆمان)مان بەجێ هێشت، بەسەر دێی (گرتك)و لەروباری (گافرێن) پەڕیینەوە بۆ گوندی (شەیدان). بەفەرمانی بارزانی دوێنێ شەو مام جەلال تاڵەبانی چووە لای قایئمقامی پشدەر و بڕیاری بارزانی پێ ڕاگەیاند کە ئێمە شەڕ ناکەین هەتا ماوەیەکی دیکە و چاوەڕوانی بەجێ هێنانی هەنگاوی حکوومەتین بۆ دانان بەمافی ڕەوامان‌دا.
* ڕۆژی ٨/شوبات/١٩٦٣، کە کودەتای بەعس ڕوویدا، ئەو کاتە بارزانی لەگوندی (دوو گۆمان) بوو لەناوچەی ڕانیە، شەو تابەرەبەیان نەدەنووست، لەمەلا بانگاندا گوندەکەی بەجێ هێشتبوو، لەپەنا بەردێکی گەورەدا نوستبوو، گوێمان لەبێتەلەکانی میری دەگرت، وەزعیان تەواو نەبوو، ڕۆژ تازە هەڵاتبوو، گوێم لەڕادیۆکەی دەستم گرت، ئێستگەی ڕادیۆی بەغداد بەشی عەرەبی، بەیاننامەی ژمارە (١)ی دەخوێندەوە، بەڵام بەشە کوردیەکەی گۆرانیی ئاسایی لێ ئەدا. لەو کاتانەدا دوو فڕۆکەی ئیلیوشن بەسەر ناوچەکەدا بەبەرزیەوە چەرخەیان دەکرد، بێ ئەوەی بوردوومان بکەن. ئاگاداری پاسەوانەکانی بارزانیم کرد کە لەبەغداد کودەتا بووە، بارزانی لەخەو هەستێن، هیچیان بۆ ئەم کارە ئامادە نەبوون، ناچار خۆم لای سەری بارزانیەوە و بەنزمی وتم: قوربان لەبەغداد ئینقلاب بووە، زۆر لەسەرخۆ بێ داچڵەکان چاوی کردەوە، داوای ڕادیۆکەی خۆی کرد، سەر لەنوێ بەیاننامەی ژمارەی (١)ی دەخوێندەوە، فەرمووی: دڵنیام داوای گفتوگۆمان لەگەڵدا دەکەن.
لەگوندی (دووگۆمان) دوو زەلکاو هەبوون، دانیشتوان خۆیان و مەڕو ماڵات و گاوگوتاڵیان دەچوونە سەر ئەو دوو گۆمە بۆ ئاو خواردنەوەو ئاو بەکێش کردن بەکونگەو شەڵتە، گۆمەکان ئاویان لەسەر نەدەڕۆیشت و لەقەراغەوە پڕ بوون لەشیاکەو تەرسی وڵاخ. لەکاتی ڕێکەوتننامەی ئازاردا ١٩٧١ بارزانی داوای لە (خوالێخۆشبوو نوری شاوەیس)کرد ئەو کاتە یەکێك بوو لەوەزیرەکانی شۆڕش لەبەغداد، بیرێکی ئیرتیوازی لەگوندی (دووگۆمان) لێ بدات بۆ دابین کردنی ئاوی پاك بۆ دانیشتوانی ئەو گوندەو مەڕو ماڵاتیان.
دیواری خانوەکان بەبەرد هەڵچنرابوو، واتە وشکە کەڵەك بوو، بێ ئەوەی قوڕ یان گەچ لەنێوان چینی دیوارەکاندا یان بۆ ناوکار، بەکارهێنرابێ، هەندێ لەدیواری خانوەکان لەدیوی دەرەوە بەشیاکە سواغ درابوو، هەندێکی دیکەیان سواغی پێوەنەبوو، مشك و جروجانەوەر بەئارەزووی خۆیان لەنێوان کونی دیوارەکانەوە ئەمدیو ئەودیویان دەکرد.
کاتێك لەگوندی ناوبراو بووین، سەرۆك بارزانی نیازی وابوو بچێت بۆ ناوچەی (پشدەر) بۆ چاوپێکەوتنی هەندێ لەئاغاکان کە دژایەتیی شۆڕش نەکەن و کەمتەرخەمی نەکەن لەپشتگیریی پێشمەرگە. یەکێك لەئاغاکانی پشدەر پێش کودەتاکەی بەعس گوتبووی: مەلا مستەفا بارزانی ناگاتە لای ئێمە، یان نەخۆش دەکەوێ یان بارودۆخ تێك دەچێ، ئەمەیان بۆ بارزانی گێڕایەوە.
* ڕۆژی دووشەممە ١١/شوبات/١٩٦٣، عبدالسلام عارف بڕیاری دەرکرد کە هەرچی گەورەپیاوان وکەسایەتیی ناسراوی حیزبی شیوعی هەیە بکوژرێن و ئەندامانیان بەند بکرێن. لەهەموو لیواکان کوشتن وگرتن و ڕاوەدوونانی شیوعیەکان بەردەوامە، ئەو ئەندامانەی دەستگیرنەکران ڕوویان کردە شوێنە ئازادکراوەکانی کوردستان.
* ڕۆژی سێشەممە ١٨/شوبات/١٩٦٣، گەیشتینە گوندی (قەلاوا، سیدەڵان، شەروێت) خەڵکی ئەم دێهاتانە لەعەشیرەتی مەنگوڕن. ئێستا لەدێی (توتمە)ین لەپەنا چیای (کورەش و پانەسەر).
* ڕۆژی چوارشەممە ١٣/شوبات/١٩٦٣، چەند کەسێك لەلایەن سەرۆك بارزانی و حیزبەوە نێرران بۆ بەغداد کەداوای مافی ڕەوای میللەتی کورد بکەن لەڕژێمی تازە.
* ڕۆژی پێنجشەممە ١٤/شوبات/١٩٦٣، لەسەر فەرمانی بارزانی و داوای حکوومەتی بەغداد، بێتەلەکەمان کەوتە ئیش کردن لەگەڵ بێتەلێکی حکوومەتدا و لەگەڵ زەعیم فوئاد عارف سەبارەت بەبەردەوامیی گفتوگۆ لەنێوان بارزانی وحکوومەتدا، کات وشوێنی پەیوەندیمان دیاری کرد.
* ڕۆژی شەممە ١٦/شوبات/١٩٦٣، شەوی ڕابردوو لەبەغداد (عەقید رکن ماجد محمد امین) بەدەستی ڕژێمی تازە کوژرا، دوێنێ لەبەغدادەوە بەهیلوکۆپتەر لوقمان بارزانی و سالح یوسفی و بەهامڕای رئیس أول کریم قەرەنی گەیشتنە دێی (سپیرۆ)ی پشت (قەڵادزە).
* ڕۆژی یەکشەممە ١٧/شوبات/١٩٦٣، ئێستا لەدێی (بەستێ)ین.
* ئەمڕۆ جەلال تاڵەبانی و ساڵح یوسفی بەوەفدی تایبەتیی بارزانی چوون بۆ بەغداد لەگەڵ نوێنەری حکوومەت (کریم قەرەنی).

*داخوازیەکانی سەرۆك بارزانی لەبەعس بەناوی کوردەوە*:
(١) دانان بەحوکمی زاتی بۆ کوردستان، بڵاوکردنەوەشی لەئیستگەی بەغداد و لەڕۆژنامەی ڕەسمیداو چەسپاندنی ئەم مافە لەدەستوری هەمیشەیی عێراقداو وێنەی بدرێ بە [ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان].

(٢) سنوری کوردستان: لەباکورەوە تورکیا، لەڕۆژهەڵاتەوە ئێران، لەڕۆژئاواوە سوریا، لەباشورەوە زنجیرە شاخی (حەمرین).
(٣) زمـانی کـوردی زمـانی ڕەسـمی دەبێ لەکوردسـتاندا، هەروەهـا زمـانی خوێنـدن دەبێ لەقوتابخانەکانـدا، ئەو شـوێنانەی دانیشتوانیان کورد نین بەزمانی خۆیان دەخوێنن شان بەشانی زمانی کوردی.
(٤) {أ}حوکمی زاتی لەسەر ئەساسی پەرلەمانی دیموکراتی دەبێت، نائبی سەرۆك کۆمار و نائبی سەرۆکی وەزیران کورد دەبن. کـورد مەجلیسی- نیشـتمانیی خـۆی دەبێ، وەزارەتەکانی: دەرەوەو بەرگـری و مـالیە (مەرکەزی) دەبـن، بەڵام بـۆ هەریەکەیـان لەکورد، وەزیرێکی دەوڵەت دابنرێ.
{ب}ژمارەی وەزیرەکانی کورد لەکابینەی بەغداد هاوتا دەبێ لەگەڵ ڕاژەی نفوسی کورد لەعێراقدا.
{ج}جێگیرکردنی ڕاژەیەکی دیاریکراو لەسوپا:
١) (هاوڕاژەبێ لەگەڵ ژمارەی هاووڵاتیانی کورد)، واتە تێکڕای سەربازو دەرەجەدارو ئەفسەرانی هێزەکانی سوپا لەکوردسـتان کورد دەبن.
٢) بەشە سوپاکەی بۆ کورد دیاری دەکرێ بریتی دەبێ لەهەموو سنووفەکانی سوپا: هێزی ئاسمانی، پیادە، دروع، موخابەرە، هەندەسە، وەحداتی دژە ئاسمانی.
٣) دامەزراندنی موئەسەساتی سەربازی وسوپایی لەکوردستاندا هاوتای ئەو موئەسەساتە عەسکەری و سوپاییانەی لەبەغداد دادەمەزرێنرێت.
٤) میزانـیەی کوردسـتان: وارداتی زەریـبە، گـومرگ، ڕسـومی هەمە چەشـنە لەگەڵ وەرگـرتنی ڕاژەیەکی عـادل لەداهـاتی نەوت بەمەرجێ لەڕاژەی [٢لەسەر ٣)کەمتر نەبێ.
٥) هێشـتنەوەی هێزەکانی پێشـمەرگە لەکوردسـتاندا، هەتـا ئەوکاتەی میلاکاتی سـوپا تەواو دەبێ، مـووچە وخـواردن وجـل وبەرگیان دەدرێتێ لەمێژووی ئەمڕۆوە.
٦) دامەزراندنی حکوومەتی زاتیی مووەقەت لەکوردستان.
* ڕۆژی سێشـەممە ١٩/شـوبات/١٩٦٣، ئەمڕۆ لەدێی (بەسـتێ)وە ڕۆیشـتین بـۆ دێی (بەڵـك) لەسـەر ڕوبـاری (ژاراوە) پشـت قەڵادزەو خەڵکی ئەم گوندانە لەعەشیرەتی (مەنگوڕ)ن.
* ڕۆژی چوارشـەممە ٢٠/شـوبات/١٩٦٣، ئەم نیـوەڕۆیە گونـدی (بەڵـك)مـان بەجێ هێشـت و بەسـەر گونـدی (ڕێشـوان و سرێجە)دا ڕابوردین وگەیشتینە دێی (چۆم خڕکە)و لەماڵی (محمود ئاغای عباس ئاغای میراودەلی)ین، لەبەرەی بابکر ئاغای پشدەریە.
* ڕۆژی هەینی ٢٢/شوبات/١٩٦٣، ئەمڕۆ چووینە ناو شاری (قەڵادزە)وە.
* ڕۆژی چوارشەممە ٢٧/شوبات/٦٣، ئەمڕۆ (قەڵادزە)مان بەجێ هێشت بەسەر دێی (ژاراوەو سوڵتانە دێ و سەنگەسەر)دا ڕابوردین ولەگوندی (دەربەند) ماینەوە. دوێنێ لەسەر داخوازیی وەفدەکەی بارزانی، حکوومەتی نوێی بەغدا ژمارەیەکی زۆر لەکوردە بەندکراوەکانی ئازاد کرد.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨/شوبات/٦٣، حکوومەتی نوێ دەستی کردووە بەزیندووکردنەوەو هێنانە پێشەوەی ئەو ڕووداوانەی کاتی خۆی لەناوکەرکوك وموسڵ دا بەناوی شیوعیەکانەوە دژی هاووڵاتیان کرابوو، مەبەست بەڵگە دۆزینەوەیە بۆ گرتن و کوشـتنی هەمـوو ئەوکەسـانەی لەگەڵ ڕژێـمی عبـدالکریم قاسـمدا بـوون، یـان بەدیموکراسـیخواز نـاسراون. نـزیکەی ٤٠-٤٢ڕۆژنـامەو گۆڤـاری سـەر بەتەیـاری عەرەبی قەومی بڵاودەکـرێتەوە، لەهەمـان کاتـدا خـاوەن بـیروڕا دیموکراتیەکان ڕاوەدوو دەنرێن و بەند دەکرێن و دەکوژرێن. حکوومەتی نوێ هێزێکی قەومیی پڕ چەك کردووە و ناوی (حرس قومی) بەسەردا بڕیوە: بۆ ئەنجامدانی گرتن وکوشتنی کەسانی چەپڕەوو دیموکراتیخواز. ئەم ڕژێمە نوێیە بەسەر زارەکی ئامادەیە هەموو داخوازیەکانی ئـێمە سـەبارەت بەمـافە دیاریکراوەکانی کـورد بسـەلمێنێ، بەڵام جـارێ هـیچی نەداوە بەدەسـتەوە، بەردان و ئـازادکردنی ئەو کوردانەی بەناوی پارتی و کوردایەتیەوە گیراوان بەردەوامە، لەهەمـان کاتـدا مـیری دەسـتی کـردووە بەدوورخستنەوەی سـوپا لەبەرەکانی شەڕ بەرەو دوا دەکشێنەوە بۆ دەوروبەری شارەکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوك و موسڵا. لەوە دەچێ بۆ مەبەستی پێك هێنانەوەی ڕیزەکانی خۆی و هەروەها بۆ مەبەستی خۆکۆکردنەوە بۆ هەر ڕووداوێکی داهاتوو.

مانگی ئازار(مارت)/١٩٦٣:
* ڕۆژی هەینی ١/ئازار/٦٣، ئەمڕۆ دێی (دەربەنـد- چوارقورنە- گرجان-قەرەنیاغا)مان بەجێ هێشت، ئێستا لەگونـدی (کانی مـاران)یـن، لەبەردەم شـاخی (شـێخ زەرد)کە ئەچێـتەوە سـەر زنجـیرە شـاخی (قـووچی خۆشـناو). دانیشـتوانی ئەم گونـدانە لەعەشیرەتی (بلْباس)ن.

* ڕۆژی دووشەممە ٤/ئازار/٦٣، ئەمڕۆ فوئاد عارف (وەزیری دەوڵەت)و بابا علی شێخ محمود و تاهر یەحیا (سەرۆکی ئەرکانی سوپا)و چەند لێپرسراوێکی دیکەش بۆ گفتوگۆ هاتن بۆ لای سەرۆك بارزانی لەدێی (قولەی کانی ماران) لەناوچەی (بیتوێن) لەسەر جادەی (ڕانیە- سلێمانی) نزیکەی چوار سەعات و نیو لەگوندی ناوبراو کۆبوونەوەکەیان بەردەوام بوو. سەرۆك بارزانی دوا یادداشتنامەی پوختەکراوی داخوازیەکانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش بەوەفدی حکوومەت کرد:

(١) داننان بەمافەڕەواکانی میللەتی کورد، لەسەر ئەساسی (ادارەی زاتی)، ئەم دان پیادانانە لەدەستوری موەقەتدا بنوسرێ ودوواتر بخرێتە ناو دەستووری دائیمیەوە، کاتی تەشریع کردنی دەستور، ئەم مافانە لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشەوە ڕوون دەکرێتەوەو دەستبەجێ ئیشی پێ دەکرێ.

(٢) بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەشدارییان لەکێشەی کورددا کردووە.

(٣) پاك کردنەوەی دامودەزگاکانی حکوومەت لەهەموو ئەو کەسانەی زیانیان بەکوردو ناوچەکانی کوردستان گەیاندووە.

(٤) لابردنی حجز لەسەر موڵك و پارەی ئەو کوردانەی هاوبەشی شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە.

(٥) لابردنی گەمارۆی ئابوری لەسەر کوردستان.

(٦) کێشانەوەی هێزەکانی سوپا لەسەرانسەر کوردستان.

* ڕۆژی هەینی ٨/ئازار/٦٣، ئەمڕۆ شۆڕشێکی قەومی عەرەبی لەسوریا ڕووی دا.

سەعات (دەونیو)ی سەر لەبەیانی وەفدە شەعبییەکەی جاری پێشوو، بۆ دووهەم جار هاتنەوە بۆ لای بارزانی لەدێی (چوارقورنە) نزیك (ڕانیە).

ئەندامانی وەفدە شەعبییەکەی حکوومەت ئەمانە بوون: رزا الشبیب، فائق السامرائی، حسین جمیل، عبدالعزیز الدوری، زید احمد عوسمان، فیسل حبیب الخیزران.

* ڕۆژی شەممە ٩/ئازار/٦٣، ئەمشەو لەڕادیۆی بەغدادەوە بەیان بڵاوکرایەوە کە حکوومەت لەچوارچێوەی عێراقدا دان دەنێ بەمافی میللەتی کورد لەسەر بنەمای (حوکمی لامەرکەزی).

* ڕۆژی شەممە ١٦/ئازار/٦٣، ئەم سەرقۆڵانەی لای خوارەوە لەگەڵ هاشم حاجی حسن عەقراوی لەناوچەی (ئامێدی)یەوە کەوتنە ڕێگا بەرەو (کۆیە) بۆ ئامادەبوون لەو کۆبوونەوەیەدا کەدەکرێ بۆ گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی ڕێککەوتن لەسەر مافی نەتەوایەتیمان:

١)اسعد خۆشەوی، ٢)احمد حاج شعبان، ٣)عگید سدیق، ٤)رشید سعید دوسکی، ٥)عبدالواحد حاج ملو، ٦)سلیمان حاجی بدری، ٧)توفیق بەگ بەرواری، ٨)خیری سعید بەگ یزیدی، ٩)محمد تاهیر حاجی سادق، ١٠)محمد حاجی سادق برۆ.

* ڕۆژی یەکشەممە ١٧/ئازار/٦٣، ئێستا لەگوندی (کانی بناو)ین. ئەمڕۆ بەفرێکی زۆرباری.

لەشاری کۆیە:

لەڕۆژی یەکشەممە ١٩٦٣/٣/١٧، لەشارۆچکەی (ڕانیە)وە بەتراکتۆر بەسەر چیای (هەیبەت سوڵتان)دا ڕۆیشتین بۆ شاری (کۆیە)و لەماڵێك (بارەگای بێتەلی ئاراس)مان دامەزراند، دامودەزگای میری لەناو شارەکەدا بوون.

گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعس بەردەوامە، بێتەلەکانی بەڕێوەبەرایەتی (کۆیە)و ئاسایش لەژێر موراقەبەی بێتەلەکەماندان. ئەو بروسکانەی میری دەیناردن تێکرا بەشیفرە بوون، لەنێوان (کۆیە)و بەغدادو کەرکوك وهەولێرو سەعات بەسەعات ئێمە وەرمان دەگرت و دوای شیکردنەوەی بروسکەکان دەمخستنە بەردەست سەرۆك بارزانی.

* ڕۆژی پێنجشەممە ٢١/ئازار/٦٣، حکوومەت داوای هەموو ئەو چەك و بێتەلانەمان لێ دەکاتەوە کە ساڵ ونیوێکە پێشمەرگە بەفیداکاری لەشەڕدا بەدەستی هێناوە. ئەمڕۆ لەشاری (کۆیە) جەژنی نەورۆزە.

* ڕۆژی هەینی ٢٢/ئازار/٦٣، لەنێوان ئەو (٣٠)کەسەی لەکۆبوونەوەدا هەڵبژێرران، ژمارەیەکیان نێرران بۆ بەغدادو داخوازیەکانی لەکۆبوونەوەی دوێنێدا باسکران، بۆ چەند جارێکی دیکە دەیخەنەوە پێش چاوی لێپرسراوانی میری.

* ڕۆژی سێشەممە ٢٦/ئازار/٦٣، ئەمڕۆ بروسکەی حکوومەت هات بۆ بارزانی، داوا ئەکەن سەری ئەم مانگە وەفدی مفاوەزات لەبەغداد ئامادە بێت.

* ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨/ئازار/٦٣، بارزانی موافەقەتی کرد کەوەفدی گفتوگۆ: هاشم عەقراوی و عگید ئامێدی و جەلال تاڵەبانی بڕۆن بۆ لای حاکمی عەسکەریی عام.

مانگی نیسان/ ١٩٦٣:

* ڕۆژی پێنجشەممە ٤/نیسان/٦٣، ئەم بەیانیە پێشمەرگە عومەر نگڵی کوێستانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لای ئێمەی بەجێ هێشت و بەکاروباری کوردایەتی بەرەو ئێران کەوتە ڕێ. ناوبراو لەگەڵ هەڤاڵەکانی احمد توفیق

دابوو، لەبارەگای گەڕۆکی بارزانی فێری هەندێ تەکنیکی بێتەل و شیفرەسازیمان کرد، بەو هیوایەی ئەم کارە سود بگەیەنێت بەهەر جموجۆڵێکی کوردایەتی لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا سەر هەڵبدات.
لەسەرەتادا و پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول، بارزانی بڕیاری دابوو کە شۆڕشی کورد لەناو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ بکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش، چەند جارێك بارزانی کۆبوونەوەی نهێنی و گرنگ دەکات لەگەڵ احمد توفیق و هەندێ لەهەڤاڵەکانی لە هەوارگەی چالوێ لەچیای شیرین بەئامادەبوونی: عارف قەرەچەتانی، وئەم کەسانەی لەم وێنەیە دان.
ڕاپەڕینی ناوەختی ئاغاکان و خاوەن زەوی وزارەکانی سلێمانی و هەندێ لەناوچەکانی دیکەی کوردستان بەئاگاداری (م.س)ی ئەوکاتە بووە هۆی بەجێ نەهێنانی پلانەکەی سەرۆك بارزانی.
* ڕۆژی دووشەممە ٨/نیسان/٦٣، وەفدی مفاوەزاتمان لەبەغدادە، پێشنیارێکیان دا بەوەفدی عەرەبی و حکومەتی عێراق کە ئێستا لە(قاهرە)ن، پێویست وابوو نوێنەری کورد لەگەڵ ئەو وەفدەدا بوایە، یان ئێستا بوار بدەن کورد نوێنەری خۆی بنێرێ بۆ (قاهرە)و بەشداری کۆبوونەوەکان بکات، چونکە لە (تقریری مەسیری عێراق)کوردیش بەشدارە. لەپێشنیارەکەدا نوسرابوو، هەرچەندە ڕەنگە ئەو نوێنەرانەی عێراق لەقاهیرە بەنوێنەری عێراق بژمێرڕێن لەناحیەی یاسای دەستورییەوە، بەڵام بۆئەوەی برایەتی کوردو عەرەب زیاتر بچەسپایە، دەبوایە نوێنەری کوردیش بەشدار بوایە. ئێستاش ئەگەر لە کۆتایی ئەو گفتوگۆیەی قاهرە {عێراق وەك خۆی مایەوە، ئەوا کورد ڕازیە بە (لامەرکەزییەت)}، بەڵام ئەگەر لەنێوان عێراق و میسرو سوریادا اتحادی فیدراڵی کرا، ئەوا پێویستە (حوکمی زاتی بدرێت بەکورد)، وەئەگەر بڕیاری (وحدە)درا لەنێوان عێراق و سوریادا، پێویستە کوردیش خاوەنی {اقلیمی چوارهەم بێت}و مافی چارەنووسی بدرێتە دەست خۆی، بێ ئەوەی لەعێراق جیابێتەوە.
لەئێوارەی ١٩٦٣/٤/٢٥، پێش ئەوەی شاری کۆیە بەجێ بێڵین، هەموو پێشمەرگەکانی سەر بەهێزە تایبەتیەکەی سەرۆك بارزانی یەکیان گرتەوە.
* ڕۆژی هەینی ٢٦/نیسان/٦٣، لەئێوارەدا شاری کۆیەمان بەجێ هێشت و کەوتینە ڕێگە. بڕیاروابوو بەدوو شەو بگەینە گوندی (سرێشمە) لەنزیك (گەلی عەلی بەگ).
دوای دوو سەعات گەیشتینە دێی (میرسەید)کە بریتیە لەچوار پێنج ماڵێك، چیای (چنارو میرسەید)ئەکەوێتە پشت ئەم گوندەوە.
* ڕۆژی دووشەممە ٢٧/نیسان/٦٣، بەلای گوندی (جەلی)دا ڕابوردین، ئێستا لەدێی (سکتان)ین، بەرامبەر شاخی (ئاوەگرد)، شاخی (مام خۆشناوو داروشان) دەکەوێتە پشتیەوە.
حاجی حاجی:
لەگوندێك لەدۆڵی بالیسان، ئەوەی سەرنج ڕاکێش بوو: لەسەر داروردەختی ناو گوندەکەو لەسەر هەر چوار سووچی سەربانی مزگەوتی دێیەکە، دەیان هێلانەی حاجی لەق لەق لێبوو، ژمارەی حاجی لەقلەقلەکان لەسەد زیاتر بوو. پیاوەکان و بەساڵداچووەکانی گوندەکەش دەتوانم بڵێم زۆربەیان (حاجی) بوون و حەجیان کردبووو هەندێکیان لەسەر پشتی بێشکەوە ناویان نرابوو (حاجی): گوێم لێبوو پیاوێك بەناوی (حاجی حاجی)ەوە بانگیان دەکرد.
* شەوی یەکشەممە ٢٨/نیسان/٦٣، کەوتینە ڕێ، فەرمان وابوو جگەرە نەکێشرێ ولایتی دەست بەکارنەهێنرێ وهەتا دەتوانرێ کەس نەکۆکێ و قسە لەگەڵ یەکتر نەکرێ و کەس بانگی کەس نەکات و هاوار لەئێسترەکان نەکرێ، چونکە ئەو لاڕێ و قەدپاڵانەی پێدا دەڕۆیشتین زۆر نزیك بوون لەسەنگەرەکانی سوپای عێراقەوە، تەنانەت ئێسترەکانمان و بارگیرەکەش کەئامێرو کەلوپەلی بێتەلەکەیان لەسەربوو پرمەیان لێوە نەدەهات و لەکاتی هەڵنووتاندا زۆر بەبێ دەنگیی خۆیان ڕاست دەکردەوەو هەڵدەسانەوە سەر چوارپەل.
دوای ماوەیەك گەیشتینە دێی (چیوەی سەروو).
* ڕۆژی دووشەممە ٢٩/نیسان/٦٣، ئەمڕۆ بەفەرمانی بارزانی (عبداللە ئاغای پشدەری) لەگەڵ هێزێکی تایبەتدا نێرران بۆ چیای (سپیلك و بەنی هەریر)و لەوێ جێگیربوون.
* ڕۆژی سێشەممە ٣٠نیسان/٦٣، بەسەر دێی (دەراش و بالوکا وتوتمە)دا ڕابوردین و ئێستا لەگوندی (خەتێ)ین.

مانگی مایس/٦٣:
* ڕۆژی پێنجشەممە ٢/مایس/٦٣، ئەمڕۆ بەسەر گوندی (هەروتە کۆن و توتمە)دا ڕابوردین و ئێستا لەگوندی (شارەستێن)ین بەرامبەر چیای (هەریر).

بەگوێرەی ئەو بروسكانەی لەبێتەلەكانی میریەوە وەری دەگرین و شی ئەكەمەوە، حكومەت نیازی خراپەو هەنگاو بەرەو شەڕ هەڵگیرساندنەوە دەنێ.
* ڕۆژی شەممە ٤/مایس/٦٣، سبەینێ بەسەر ئەم گوندانەدا بەرەو (سرێشمە) ئەكەوینە ڕێ: بناوێ، گردكۆك، ئالانە، كانی ڕەش، كانی وەتمان، دەشتیلۆك، سرێشمە.
* ڕۆژی یەكشەممە ٥/مایس/٦٣، ئەو سەرقۆڵ و لێپرسراوانەی لەناوچەی بادینانەوە هاتبوون بۆ ئامادەبوون لەكۆبوونەوەكانی شاری (كۆیە)، سبەینێ هەموویان لەگوندی (سرێشمە)ەوە كە ئێمەی لێین، بەرەو (بادینان) دەگەڕێنەوە. سەرۆك بارزانی كۆبوونەوەی لەگەڵداكردن و ئەو ئامۆژگاریانەی بۆ ئاشتی و دۆخی شەڕ پێویستە بەووردی و خۆی ئاسایی ڕوونی كردەوە بۆ ناوبراوان.
كاتێ گەیشتینە گوندی (سرێشمە)، یەكەم شەو لەماڵێ بێتەلەكەمان دامەزراند، بەڕێكەوت (عومەر ئاغای سورچی)یش لەهەمان ماڵ بوو، سەر لەئێوارێ (عومەر ئاغا) خاوەن ماڵەكەی نارد لەناو گوند یەك سەبەتە هێلكەی كڕی، بەشێكی لێ كرا بەهێلكەوڕۆن وخوورا، بەشەكەی تریش كوڵێنراو هەڵگیرا بۆ بەرچایی بەیانی.
* ڕۆژی پێنجشەممە ١٦/مایس/٦٣، ئەمڕۆ جەلال تاڵەبانی و وەفدی كورد جارێكی تر لەكوردستانەوە ڕۆیشتن بۆ (قاهرە) بۆ گفتوگۆكردن دەربارەی چارەنووسی میللەتی كورد، پاش ئەوەی بەیاننامەی (وحدە اتحادیە)كرا لەنێوان عێراق و میسرو سوریادا.
* ڕۆژی سێشەممە ٢١/مایس/٦٣، ئەمڕۆ دێ (سرێشمە) بەجێ ئەهێڵین و ئەڕۆین بۆ (خەلان)، لەڕێگەماندا تەنها گوندی (هەنارە) هەیە بەلای چەپدا و بەسەر ڕوباری (خەلان)دا تێ دەپەڕین.
* ڕۆژی یەكشەممە ٢٦/مایس/٦٣، ئێستا لەدێی (هەنارە)ین لەبناری شاخی (برادۆست)، ئەمڕۆ سەرۆك بارزانی بەسەردان ڕۆیشت بۆ (بارزان).
پەتی درۆ كورتە:
لەمانگی مایس/ساڵی ٦٣، لەچیای برادۆست بووین، لەتەنیشت بێتەلەكەوە دانیشتبووم خەریكی شیكردنەوەی بروسكەی هێزەكانی ڕژێم بووم، شەڕ زۆر بەگەرمی بەردەوام بوو، بێتەل حەمە ڕەزا عبدالرحمن چاودێری ئێستگەی بێتەلی فیرقەی دووی دەكرد، بروسكەی كراوەی دەنارد بۆ چەند ئێستگەیەكی تر، دەیگووت: "معاون شەوكەت گەڕاوەتەوە لامان ئەوەتا لەتەنیشتمەوەیە"، كەگوێم لەو درۆ گەورەیە بوو هاتمە وەڵام و بەدرۆخستنەوەیان، ناچار بێ دەنگ بوون. لەشكر بەرەو چیای پێرس كشا.

*ڕژێمی بەعسی مفاوەزاتی پووچەڵ كرد*:
مانگی حوزەیران/ ١٩٦٣:
* یەكشەممە ٩/حوزەیران/٦٣، ئەمشەو دوای شیكردنەوەی بروسكەكانی سوپای عێراق بەتەواوەتی دڵنیابووین كە میری بڕیاری شەڕی داوەو پلانی هێرشەكانیانم گەیاندە دەست بارزانی.
* ڕۆژی دووشەممە ١٠/حوزەیران/٦٣، سەرەتا جەیش و جاش بەشێوەیەكی بەربڵاو لەهەولێرەوە بەرەو (شەقڵاوە) هێرشیان هێنا.
"ڕژێمی بەعس" بەسەرۆكایەتی عبدالسلام عارف لەڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠، لەئێزگەی بەغدادەوە بە بەیاننامەیەك پووچ كردنەوەی گفتوگۆی نێوان بارزانی و ڕژێمی بەعسی- ڕاگەیاندو بڕیاری شەڕی دەركرد، لەهەمان ڕۆژدا كەوتە هێرش و پەلاماردانی شارو شارۆچكەو دێهاتی كوردستان. دەستیان كرد بەگرتن و ڕەشەكوژیی كوردان، هێرشی سوپا و جاش ئێقلیم گیر بووو بۆ سەر هەموو ناوچەكانی: دهۆك، زاخۆ، بارزان، مێرگەسوور، كۆیە، چەمچەماڵ، سلێمانی، ڕانیە، قەڵادزە، دەشتی گەرمیان، قەرەداغ، خانەقین، كفری، كەلار، دەربەندیخان، هەڵەبجەو شارەزوور..
دوو هێزی (سوپای سوریا) گەیشتنە ناوچەی دهۆك وزاخۆ بۆ هاوكاریی سوپای عێراق لەهێرشەكانیاندا بۆ سەر كوردستان، هەردوو هێزەكان بریتی بوون لەپوختەی كۆماندۆی سوپای سوریا بەناوی (قوات یرموك)و (قوات بردی) لەگەڵ جاشی عەشایەری (بەدو)، بەدشداشەو عەگالەوە، دشداشەیان بەدەستێ هەڵكردبوو و هاواریان دەكرد، (احنا البدو، وین العدو) واتە ئێمە بەدەوین، دوژمن خۆت دەرخە (دوژمن لەكوێ یە). لەیەكەم هێرشیاندا، چل جاشی بەدو كوژران، دواتر میری گوندەكانی ئەمبەرو ئەوبەر جادەی (سێمێل و زاخۆ)ی بەدانیشتوان چۆڵ كرد، كە هەموویان كورد بوون، لەشوێنی ئەمانە (عەشایەری بەدو)ی نیشتەجێی ئەو گوندانە كرد. بەهۆی توندو تیژی هێرشەكانی بەعس بۆ سەر بارزان و مێرگەسوور، ناچار ئەوكاتە بارزانی لەگەڵ هێزە تایبەتیەكەی خۆیدا گەڕایەوە بۆ چیای (پێرس).

* ڕۆژی سێشەممە ١١/حوزەیران/٦٣، شەڕوپێکدادان لەنێوان لەشکری ئێمەو هێزەکانی سوپاو جاشدا لەسەر ڕێگەی هەولێر-شەقڵاوە بەتوندی بەردەوامە. بەگوێرەی ئەو بروسکانەی ئێمە وەری دەگرین، جەیش وجاش لەژێر ئاگری تۆپباران و فڕۆکەی هێرشبەرو بۆمباهاوێژدا لەسەرانسەر شارەکانی کوردستاندا بەتوندی دەستیان بەهێرشی بەربڵاو کردووە.
* ڕۆژی چوارشەممە ١٩/حوزەیران/٦٣، ئەمڕۆ بەسەر دێی (مەندان و زەردەگۆمان و سۆرانکێ وکانی دان و شانەدەر)دا ڕادەبوورین وئەچین بۆ (ڕێزان).
گوندی (سۆرانکێ) لەبناری شاخی (برادۆست)ە بەرامبەر ڕوباری (شین) (زێی گەورە). شەڕ زۆر بەتوندی بەردەوامە لە(حوجران وکۆڕێ) و ڕووبەرەو (شەقڵاوە).
* ڕۆژی هەینی ٢١/حوزەیران/٦٣، ئەمشەوگەیشتینە گوندی (ڕێزان)و لەماڵی سەرۆك بارزانی میوان بووین. دووگەلی هەیە لەپشت (ڕێزان)ەوە: یەکەم گەلیی بێدارون ودووهەم: گەلیی ڕێزان.
* ڕۆژی شەممە ٢٢/حوزەیران/٦٣، ماوەی دوو ڕۆژە (ئەنوەر مائی)و قۆڵەکەی لەنزیك گوندی (بەریانکێ) لەنێوان گوندی (سکرین و سوارەتوکە) ئابڵوقەی سریەیەك عەسکەریان داوە، ئەم ئێوارەیە فڕۆکەی هێرشبەر سەنگەری (ئەنوەر مائی)و قۆڵەکەی دایە بەر ڕاکێت لەئاکامدا (ئەنوەر مائی) شەهید کرا.
*ڕۆژی یەکشەممە ٢٣/حوزەیران/٦٣، ئەمڕۆ هێزی سوپاو جاش توانیان (لیوای پێنج) بگەیەننە ناو شاری (کۆیە)، هێزی ئێمە نەیانتوانی توتنە فەحسکراوەکان و فەحس نەکراوەکان ببەنە دەرەوەی شار، لەبەرئەوە ناچاربوون ئاگری تێ بەردەن، نزیکەی هەزار فەردە بوو.
* ڕۆژی دووشەممە ٢٤/حوزەیران/٦٣، ئەمڕۆ لەشکری ئێمە ڕێگەی (سەلاحەدین- شەقڵاوە)یان بەردا، پێشەکی هێزی جاش چوونە ناو (شەقڵاوە).
* ڕۆژی چوارشەممە ٢٦/حوزەیران/٦٣، لەبەرەکانی شەڕ لە(سپیلك)، ئەم فەرماندانەی پێشمەرگە بەدەستی دوژمن بریندار کران، عبداللە ئاغای پشدەری، عریف یاسین چەپی، عومەر ئاغای خدر ئاغای سورچی.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧/حوزەیران/٦٣، ئەم ئێوارەیە لەسەر لوتکەی چەپی شاخی (پێرس)، سەرقۆڵە (مەلا شینی بارزانی)و پێنج پێشمەرگەی دیکەی بارزانی بەگوللە تۆپی دوژمن شەهید بوون.
* ڕۆژی هەینی ٢٨/حوزەیران/٦٣، ئەمڕۆ لوتکەی لای چەپی چیای (پێرس) بەرامبەر ناحیەی (بیرەکەپرە) لەسەمتی پشتەوە کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی سوپاو جاشەوە.
* ڕۆژی یەکشەممە ٣٠/حوزەیران/٦٣، ئەمڕۆ مقدم عزیز عەقراوی وهێزەکەی پشتی هێزەکەی (عقید کافی نبوی)ی لەبەرەی شەڕ لە (سپیلك) بێ شەڕ بەرداو گەرانەوە بۆ چیای (گۆڕس ونواخین) بەشکاوی. (عقید کافی نبوی) کە فەرماندەی گشتی جەبهەی سپیلك بوو دوای شەڕوکوشتارێکی جوانمەردانە، ناچار بەپلانی عەسکەری مودەببەر و مونەزەم بەرەو دواوە کشایەوەو هێزەکەی ڕزگار کرد.
ڕاوەدوونانی ئەندامانی حزبی شیوعی:
لە ٨/شوبات/٦٣، بەعس کەوتە ڕاونان و گرتن و کوشتن ولێدانی ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی لەناو میللەت و سوپاو دامودەزگای دەوڵەتیدا. لەیەکەم ڕۆژی کودەتای بەعسەوە، شیوعیەکان بەلێشاو ڕوویان کردە کوردستان و خۆیان دەگەیاندە ئەو گوندانەی هێزەکانی بارزانی لێ بوو، چونکە لەناوچەکانی دیکەی کوردستان دەسگیردەکران، بە فەرمانی (م.س)ی ئەوکاتە ماوەیەك بەبەندی دەهێڵرانەوە. لیژنەی ناوەندییان لەگوندی (دەرگەلە)ی سەر بە (گەلاڵە) جێگیر بوون و دەستیان کردەوە بەڕێکخستنەوەی خۆیان و پێکەوەنانی هێزێکی سەربازی لەژێر چاودێریی و فەرمانی سەرۆك بارزانیدا چالاکییان سەرنج ڕاکێش بوو، دەسکەوتیان لەچەکی نیمچە قورس بۆ ئێمە سوود بەخش بوو، بەتایبەتی لەبەرەی شەڕ لەچیای (هەندرێن و زۆزك).
بەعسیەکان پێوەندیی خۆیان لەگەڵ سۆڤیەت پچڕاندو بەغداد هەموو پەیمان و ڕێکەوتننامەکانی نێوان عێراق و سۆڤیەتی ڕاگرت. فڕۆکەی جەنگیی سوریا (بن کلکیان و ژێر سکیان سووربوو) بەچاو لەفڕۆکە جەنگیەکانی عێراق جیادەکرانەوە، ناوبەناو دەهاتنە سەرمان و بۆدرومانیان دەکردین، بەشەو فڕۆکەی تایبەت لەسنوری تورکیاوە دەهاتە سەرمان و بەبەرزیەوە دەفڕین بۆ دەستنیشان کردنی ئەو شوێنانەی هێزەکانی بادینان جموجۆڵی بەرگریی و فریارەسیی یەکتریان ئەنجام ئەدا. کەڕۆژ دەبووەوە فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق هێرشی ئاسمانیان دەکردە سەر شوێنە دیاریکراوەکان، یان هەمان شەو، دوای کشانەوەی ئەو فڕۆکانەی لەتورکیاوە هاتبوون دەدرایە بەر لێشاوی تۆپە دوورهاوێژەکانی سوپای عێراق. لەڕۆژی ١٨/١٠/١٩٦٣، عبدالسلام عارف دژی بەعسی. فەرمانڕەوا کودەتای کردو دەستی بەسەر دەوڵەتی عێراقدا گرت ودامودەزگاو دەسەڵاتی بەعسی ڕووخاند.
بەگوێرەی دەنگوباس کەلەودیو سنوری تورکیاوە پێمان دەگەیشت، تورکیا بەردەوامە لەهەڵچنینی ئەشکەوتەکانی کوردستانی ژوورو بەکۆنکرێت و پڕکردنەوەو ڕوخاندنیان و دەستنیشان کردنی کانیاوەکان و سەرلەنوێ دروست کردنی نەخشەی کەنتوریی گوندەکانی کوردستان و لوتکەی چیاکان و شیوو دۆڵەکان بەمەبەستی سەربازیی و ڕامیاری.

*سەرۆك بارزانی داوای هێزی فریاڕەسی نەدەکرد*:
لەمانگی حوزەیران/١٩٦٣، لەکاتی شەڕی بەعسدا کە سەرانسەر ناوچەی مێرگەسوور و چیای پێرسی گرتبووە، هێزەکانی ناوچەی سۆران سەرگەرمی وەڵامدانەوەو خۆڕاگرتن بوون دژی سوپای بەعس، هێرشەکانی سوپای عێراق دڕندانەو بەربڵاوبوون لەسەر ناوچەی سۆران، بۆیە بەهیچ جۆرێ نەیاندەتوانی هێزی فریادڕەس بنێرن بۆ پشتگیری و یارمەتیی هێزەکانی ژێر فەرماندەی سەرۆك بارزانی لەچیای برادۆست و گەلی عەلی بەگ و ناوچەی مێرگەسوور. هێزەکانی بادینان لەشوێنی خۆیان مابوونەوەو لەشەڕدا بوون، دوور لەسنوری تورکیا. لەکاتی پێویستدا، بارزانی داوای هێزی فریادڕەسی لەناوچەکانی دیکەی کوردستان نەدەکرد، بەڵکو گەنجان و لاوانی دیکەی گوندەکانی سەر بە (بارزان و مێرگەسوورو ئەرگۆش)ی پرچەك دەکردو دەیناردن بۆ بەرەکانی شەڕ. لەو شەڕانەدا بەردەوام بەتۆپ و فڕۆکە گوندەکانی ناوچەی مێرگەسوورو بارزان ئاگر باران دەکران.
بەختەوەرانە تەنانەت یەك کەسیش لەدانیشتوانی ئەو گوندانە نەکەوتە بەردەست هێزەکانی دوژمن، یان ڕاپێچ بکرێن و ڕەوانەی زیندانەکانی بەعس بکرێن، چونکە گوندەکانی ناوچەی بارزان و مێرگەسوور بەرلەوەی هێرشی سوپاو جاش بگاتە سەریان، دانیشتوان چۆڵیان دەکردو دەکشانەوە بۆ گوندەکانی ناوچەی ئەرگۆش.
لەکاتی شەڕی بەعسدا جگە لەسوپای سوریا، پسپۆڕانی شەڕی پارتیزانی (جەزایری)و فڕۆکەوانانی (یەمەنی) ژورووش بەشداریان لەشەڕەکەدا دەکرد، هەروەها پسپۆڕانی هێزی ئاسمانی سەر بە (هندستان و پاکستان) زۆر جاریش بۆ مەبەستی ئەردپێوانی لەئاسمانەوە (المسح الجوی) پێکەوە هەڵدەسان بەدروست کردنی (نەخشەی کانتۆری)ی نوێ و دەست نیشان کردنی شیوو دۆڵ و لوتکەی چیاکان و شوێنی گوندەکان، بۆ مەبەستی سوپایی و ئەرزناسی. ئەو بروسکانەی وەرمان دەگرتن ئەم ڕاستییانەیان پشت ڕاست دەکرد.
ڕۆڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە شۆرشی ئەیلوول دا:
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەلات لەساڵی ١٩٥٩ کەوتە بەرپەلامارو ڕاوەدونانی داموودەزگای (ساواك) هەندێ لەکەسایەتییەکانیان وەك (غەنی بلوریان وعەزیزی یوسف ودکتۆرمەولەوی )دەسگیرکران .نزیکەی٣٠٠ سێ سەد ئەندامی حیزبی ناوبراو ڕویان کردە کوردستانی عیراق . لەشارەکانی پێنجوین وچوارتاو ڕانیەو سلێمانی پێشوازییەکی کوردانەیان لێ کرا بەتایبەتی لەلایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان )یشەوە بەئاماژەو ڕاسپاردەی (مەلا مستەفا بارزانی) .
لەناو شاری سلێمانی لەنزیك گەڕەکی (ئەسحابەسپی )خانوویەکی گەورەیان بەکرێ گرت وەناویان نا (کۆمیۆن) ئەوئەندام و خوێندەوارانەی لەو حەوشەگەورەیەدا بوون دەست بەکاری سیاسەت بوون نەخوێندەوارەکانیشیان دەستیان دایە کارو کاسبی و ژمارەیەکی دیکەیان لەلایەن ڕژیمی عبدول کەریم قاسمەوە مانگی دە دینار مووچەی مانگانەیان بۆدیاری کرابوو ،دوای چەندمانگێك میری موچەکانیانی بڕی و ئەم ژمارە یەشیان کەوتنە ناوبازاڕەوە بۆ کرێکاری و ئیشی. دیکەی سەرپێی و کەوتنە ژێر ڕاوەدونانی پولیس، ناچار بەرە بەرە و یەك یەك و دوو دوو
سلێمانییان بەجێهیشت و ڕویان کردەوە گوندەکانی سەرسنوری عێراق لەدیوی ئێرانەوەو ژمارەیەکی تریشیان بەرەووڵاتەکانی ئەورپا کشان . دواکۆمەڵیان چارەنووسی خۆیان بەستەوە بە شۆڕشی ئەیلوولەوە و بەردەوام پەیوەندیداربوون بەمەلامستەفا بارزانییەوە .لەسەرەتاوە دوای پاشەکشەی عبدولکەریم قاسم لەکورد و جێبەجێ نەکردنی برگەی سێ لەدستوری کاتی و کاتێ هەندێ لە عەشایەرەکان لەدژی ڕژیمی عبدولکەریم قاسم واصلاحی زراعی جادە سەرەکییەکانیان لەهێزەکانی حکومەتی عیراق گرت و ژمارەیەك لەچەکدارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەشاخی (ئەزمەر)بەرەیەکی شەڕیان پێك هێنا وەژمارەی (٣٠)چەکداری لێهاتویان لەژێر سەرپەرشتی کەسانێ وەك توفیقە سور و حەمەی مینە عبداللە و کویخاکەریم و سەعە سێتیر و عەلی عەجەم و لێپرسراوان وکادرانی حیزبەکەش وەك ئەحمەد توفیق و فائق و مەلاباقی و قادر شەریف وشێخ جەمیل مەردۆخی وە مەلا عبدالرحمان و مەلا سید ڕەشید و عومەری وەستا ڕەئوف کەوتنە گەڕان بۆ ناوچەی پشدەر و دۆڵی ئاکۆیان و کۆبوونەوە ئەنجام دان لەگەڵ عەباس ئاغای مامەند ئاغاو شێخ حسین بۆسکێن وسەردانی ناوچەی پێنجوین وبینینی حەمە ڕەشیدخان و کەسان وشوێنانی دیکەی کوردستانیان دەکرد .
لەڕۆژی ٩\ئەیلوولی \ ١٩٦١ فڕۆکە هێرشبەرو تۆپەکانی سوپای عیراق دەستیان دایە هێرش کردنە سەر کۆمەڵگاکانی عەشایەرەکان و لەماوەیەکی کورتدا چەکدارەکان بڵاوەیان لێکرد وچونەوەگوندەکانی خۆیان و ئەندامە ئاوارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕویان کردە ناوچەی گوندەکانی (قەڵا چوالان) لەپەنا (کویخاحەمەد ئەمین و قادر تەگەرانی ) دا حەوانەوەو دوای مانگ ونیوێك شوێنی خۆیان گواستەوە بۆ گوندی (مەروێ)و(عبداللە ئاغای مەروێ) میوان داریان ئەکات . ئەحمەد توفیق وهەڤاڵەکانیان بڕیار ئەدەن لەسەرەتای وەرزی بەهاردا هەموویان بڕۆن بۆلای مەلا مستەفا بارزانی و هیزە چەکدارەکەی و بچنە ڕیزی پێشمەرگەوە. ئەوکاتە لەسلێمانی هێزی پێشمەرگە دروست نەبوو بوو وەلایەنێکی سیاسیش نەبوو کەخۆی بەخاوەن شۆڕش بزانێت .

ئەحمەد تۆفیق و هەڤاڵەکانی لەگەڵ(ڕەشەی قاچاخچی ) بەلا ڕێدا بەرەو هێزەچەکدارەکەی مەلا مستەفا بارزانی کەوتنە ڕێ و دوای (١٧) حەڤدە ڕۆژگەیشتنە لای مەلا مستەفابارزانی و لەناوچەی بادینان لەنزیك (گەلی زاویتە ) گەیشتنە لامان و لە وکاتـانەدا لەگەڵ (ئەحمـد توفیـق) یەکترمـان نـاسی.ئەحمـد توفیـق دەنگوبـاسی ناوشـاری سـلێمانی ودەورو بەری بەمەلامستەفا بارزانی ڕادەگەیاند.
بارزانی فەرمان ئەدات بە ئەحمد توفیق کەخۆی بگەیەنێتە دەرەوەی وڵات و بۆ هەرشوێنێ کەدەتوانی بچێ درێغی نەکات ودەنگوباسی شۆڕش و دەنگی بارزانی بەدەرەوەی وڵات بگەیەنێ. بەگەڕانەوەی ئەحمد تۆفیق بۆناوشاری سلێمانی بڵاوکراوەی (دیسان بارزانی ) دەرچوو.
کورد پەروەرانی سلێمانی خۆیان دابەشیان ئەکرد و تامەزرۆی بیستنی دەنگوباسی سەرهەڵدانیشۆڕش بوون. ئەحمەد تۆفیق وشێخ جمیل مەردۆخی لەڕێگەی (هەورامان ) ەوە دەچن بۆشاری (سنە) وەلەوێوە (ئەحمەد تۆفیق) خۆی دەگەیەنێتە شاری کرماشان بۆ بینینی کۆنسوڵی ئەمەریکا (ولیام ئیگڵتۆن)دوای ماوەیەك ئەحمد توفیق هات بۆلامان و لە ناوچەی بەرواری باڵاو چەند گەشتێکی دیکەی کرد بۆ(تاران)ودواتر بۆ (سوریا و لوبنان) وەلە (بەیروت )، ( عسمت شەریف وانلی ) بانگهێشت ئەکات وبەنـاوی(مەلا مسـتەفا بـارزانی) ەوە دەنگـو بـاسی شـورش بڵاو ئەکاتەوە وە چـاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنوسـان و ڕۆژنامەگەرانـدا سـاز ئەدات وە تـوانی ڕۆژنـامەنوسی سـەربە(نیویۆرك تـایمز) دانـا ئـادەم شـمیت لەگەڵ خویێبهێنیـت بـۆ کوردسـتان و چـاوی بە مەلامسـتەفا بـارزانی بکەوێـت. لەمـانگی ٦\١٩٦٢ دا ئەحمـد توفیـق گەڕایەوە بـۆ گونـدی (تەگەران )یپشت شاخی (ئەزمەڕ) و بەنامە هەمـوو هەڤاڵەکانی خۆی ئاگادارکرد کەپێویسـتە خۆیـان وکەلوپەلی چاپەمەنی و ڕۆنیـۆ و لەماوەیەکی کورتدا لای ئەو ئامادەبن و دواتر ژمارەیەك لەئەندامان و لیپڕسراونی حیزبی دیمووکراتی کوردستانی خـۆرهەڵات خۆیان گەیاندە هێزەکەی مەلا مستەفا بارزانی لەناوچە (لۆلان)وتێکەڵ بە لەشکری شۆڕشگێری کوردستان بوون. لەساڵی ١٩٦١ کەشۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد هەتا ساڵانی ١٩٦٣و ١٩٦٤خەباتێکی پڕ توانایی و لەخۆبردەیان ئەنجام ئەداو دوای ئەم مێژووە لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هەندێ مرۆڤی گوماندار خۆیان کرد بەناو ئەم تیکۆشـەرو خەبات کەرانەدا بۆمەبەستی بەئاوادانی تێکۆشان و خەباتی ئەحمەد توفیق و هەڤاڵەکانی، ئەو قارەمانیەتیە و لەخۆبوردەییەی ئەندامان و کادرانی حیزبی دیمـوکراتی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات لەسـەرەتای شـۆڕشی ئە یلـوولەوە هەتاسـاڵی ١٩٦٤ پێویسـتی بەنوسـینێکی سـەربەخۆیەو (حـیزبی دیمـوکراتی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات )یـش ڕۆڵی خـۆی ببیـنێ لە تۆمـارکردنی ئەوکـات و سـاتە پـڕ نـاهەمواری وپـڕ تەنگەشەیەدا .
ئەحمەد تۆفیق و باربوو:
لەسەرەتای مانگی حوزەیران/١٩٦٣، ئەحمەد تۆفیق لەکوردستانی ڕۆژهەڵات گەڕایەوە، ١٠-١٥ باری ئێستر جل و بەرگ و پاڵتۆو گۆرەویی و پوزەوانەی خوری و کڵاوگۆرەی مەرەزەو لایت و پاتری بۆ لایتەکان و پێڵاوی زۆری بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو، چۆن منالان بەجل وبەرگی جەژن خۆشحاڵ دەبن و دەگەشێنەوە ئێمەی پێشمەرگەش بگرە لەو مندالانە زیاتر بەو شتانە خۆشحاڵ بووین و گەشاینەوە..

وشەی بەروار:
ئەوکاتەی ئێمە لە (بەرواری باڵا)و دواتر (بەرواری ژێر) بووین، ئەحمەد تۆفیق نامەیەکی نارد بۆ عبدالرحمن زەبیحی لەکۆتایی نامەکەدا نوسیبووی (بەرواری ١٩٦٢/٢/٢) کە وەڵامەکەی بۆ هاتەوە زەبیحیش لەکۆتایی نامەکەیدا نوسیبووی (بەرواری ١٩٦٢/٦/٤) دواتر ئەم ووشـەی (بەروار)ە لەبریتی {ڕۆژ یان (ڕۆژی)، مێژوو}بەکارهێنرا، لەوەو پێش ئەو وشـەیە بەم واتایە بەکارنەهێنرابوو، لێرەدا بەخوێنەری هێژا ڕادەگەیەنم ئەو بەروارانەی سـەرەوە بۆ نموونە هێناومەتەوە ئەگینا لەڕاستیدا ڕۆژو مانگەکەم لەیاد نەماوە.
بەداخەوە لەم سـاڵانەی دواییـدا عبـدالرحمن زەبـیحی لەلایەن زۆڵە کـوردێکی نـاسراوەوە ئاشـکراکرابـوو کەلەدەرەوەی عـێراق لە(بەیـروت) چـاوی بەلێپرسراوێکی کـورد کەوتـووە، کە گەڕایەوە بەغـداد، لەفرۆکەخـانەی بەغـداد، ئەو زۆڵە کـوردەو بـراکەی ناجەوانمەردانە (عبدالرحمن زەبیحی)یان دەستگیر کرد، دوای ماوەیەکی کەم بەدەستی دامودەزگای میری شەهید کرا.
بڵاوکراوەی (دیسان بارزانی):
ئەحـمەد تۆفیـق لەگەڵ (٦) پێشـمەرگەی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا (یەکێکیـان تەنهـا دەسـتێکی کاری دەکـرد واتە گـۆج بـوو) بەڕۆنیۆیەکی نیوەگیان بڵاوکراوەیەکیان دەردەکرد بەناوی (دیسان بارزانی).
دەستەی بەڕێوەبەرانی (بڵاوکراوەی دیسان بارزانی) ئەم کەسایەتیانە بوون: ئەحمەد تۆفیق (عبداللە اسحاق)، فایق ئەمین (سلێمان معینی)، شێخ جمیل مەردۆخی سـەرچاوە، عمر سادق نگڵی، مەلا سید رشید سەرشیوی سـەقز، مەلا عبدالرحمن

سەقزی، نۆ ژمارەی لێ دەرچوو، ژمارەکانی ١-٦ لەناو شاری سلێمانی لەماڵێك لەگەڕەکی قەزازەکان دەردەکرا، ژمارە (٧، ٨) لەگوندی (گەناو) سەر بەقەڵادزەو، ژمارە (٩)ی لەگوندی (نورالدین)ی پشت قەڵادزە، ئامادەکرابوون. ئەحمەد تۆفیق توانیی بەنهێنی و لەکاتی خۆیدا هەموو نوسخەکان بگەیەنێتە دەست کوردەکانی بەغداد.

شەڕی بەربڵاوو هێرشی سوپای بەعس بۆ سەر کوردستان

لەیەکەم هەفتەی حوزەیران مانگی ١٩٦٣/٦ بەدواوە، لەشکری بارزانی لەشەڕێکی بەربڵاودایە لەبەرەکانی شەڕ: گەلی عەلی بەگ، مازنە، مێرگەسوور، چامە، چیای پێرس، بلە، بارزان: ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەوژمی هێرشەکانی سوپای بەعس چڕتر دەبوو. پەیتا پەیتا بارزانی هێزەکانی لەشکری سەر لەنوێ ڕێك و پێکتر دەکردەوەو لاوان و گەنجانی ناوچەکانی بارزان دەهاتنە ناو ڕیزی پێشمەرگەوە. گوندەکانی ناوچەی بارزان هەردەم سەنتەری هێزی ڕدێف و هامەیاری و فریادڕەس بوون، بەتایبەتی بۆ ئەو لەشکرەی لەژێر فەرماندەی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانیدا بوو، بەگوێرەی پێویست لێشیان دەنێردرا بۆ ناوچەکانی دیکەی بادینان.

بەدەگمەن، سەرۆك بارزانی پلانی شەڕی بەسەر هێزەکانی دیکەی پێشمەرگەدا دادەسەپاند، هەر هێزە بەرپرسیار بوو لەپاراستنی ناوچەی خۆی و بەرگری لێ کردن و بەرهەڵستی کردنی هێرشەکانی سوپای عێراق، بەڵام لەهەمان کاتدا هەوڵی ئەدا هێزەکانی پێشمەرگە لێك نەپچڕێن. بەدرێژایی شۆڕش بواری نەدا هێزی سوپا یان جاش پشتمان لێ بگرێ، ئەگەر هێزەکانی دوژمن، هەرچێ چەندێ بچوکیش بوایە، پێ دزکەی بکردایە بۆ ناوچەیەکی پشت هێزەکەمان، بارزانی لەشوێنی خۆی دەکشایەوەو پێچەبەدەورەی دەکردو لەپشتەوە ئابلۆقەی ئەو هێزەی ئەداو دەیشکاند، ئینجا ئەگەڕایەوە سەر بەرەکانی شەڕی ڕووبەڕوو، واتە: پشتی هێزەکەی خۆی پاکسازی و هەدار دەکرد ئینجا بۆ بەرەکانی پێشەوە دەهاتە دەست. ئەگەر پێویستی بەچەکداری زیاتر بووایە زۆر بەنهێنی پێوەندیی بە (شێخ احمد بارزانی)یەوە دەکردو بەگوێرەی پێویست داخوازیەکەی و هەڵوێست گەنجان و لاوانی فریا دەخست.

* ڕۆژی چوارشەممە ٣/تەمموز/٦٣، ئەمڕۆ لەبەغداد محاوەلەی انقلاب کرا، جارێ بۆ ئێمە ڕوون نەبۆتەوە چ لایەنێك ئەو هەوڵەی داوە، حکومەت لایەنە چەپڕەوەکان وحزبی شیوعی بەرپرس دەکات.

لوتکەی بوك و زاوا:

ڕۆژی هەینی ١٩٦٣/٧/١٢، سەرۆك بارزانی لەدامێنی چیای (پێرس)، سەرپەرشتی شەڕی دەکرد، ژمارەیەکی زۆر بروسکەی گرنگم پێشکەش کرد لەبارەی پلانی هێرشی سوپای بەعس بەرەو لوتکەی (بوك و زاوا)، لەچیای پێرس.

مەسعود بارزانی لەتەنیشتیەوە دانیشتبوو، فڕۆکەش بەچەکی هەمەچەشنە بۆردومانی شیوودۆڵ و لوتکەکانی دەکرد، وەرەبەرزی و خۆڕاگریی لەسەردەم و چاویان بوو، بەدووربینیش تەماشای هێرش و دایفی فڕۆکەکانیان دەکرد.

* لەهەمان دانیشتندا، سەرۆك بارزانی دەستی کرد بەنووسینی نامەیەك بۆ (شێخ محمد خالد بارزانی) و بە (مەسعود بارزانی) فەرموو: سەلامی تۆشم لەنامەکەدا نووسیوە.

* ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥/تەمموز/١٩٦٣، ئەمڕۆ حکومەت چەند کەسێکی ناردووە بۆ لای هەباس ئاغای مامەند ئاغای ئاکۆیان وئاغاکانی ناوچەی بشدەر بەناوی مفاوەزاتەوە. بارزانی نامەی تایبەتی نارد بۆ هەباس ئاغای مامەند ئاغا کەمەبەستی حکومەت ناکۆکی دروست کردنە لەناو کورددا و ئەم جموجۆڵەی میری بۆ اغفال کردنی کوردەو هیچ سوودێکی گشتی

تیادانیە. لەهەمان کاتدا حکومەت پەیوەندیی کردووە بەچەند لایەنێکی دیکەی کوردەوە، بێگومان بۆ هەمان مەبەستی گێرەشێوێنیە.
گەزی چی و جاوی چی؟:
لەسەرەتای شەڕی سوپای بەعس و گەمارۆدانی هەموو ناوچەکانی بارزان و بادینان، ڕژێمی بەعس دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ {مەکتەبی سیاسی پارتی} لە {مالومە} خستبووە سەرپشت و داوای ووتوێژی لێ دەرکردن. ڕۆژی {١٩٦٣/٧/٢٥} لەبێتەلی (پیرمام) لە (مالومە)وە بەناوی (م.س)ەوە بروسکەیەك هات بۆ بێتەلی (ئاراس) ئاراستەی سەرۆك بارزانی کرابوو، تێیدا هاتبوو: ڕژێمی بەعس دەیەوێت مفاوەزاتمان لەگەڵدا بکات و بۆ ئەم مەبەستەش پێوەندییان پێوەکردووین، ئایا ئێوە ڕاتان چییە؟ ئەوکاتە ئێمە لەگەرمەی شەڕی سوپاو جاشی بەعسدا بووین، ناوچەی {مێرگەسوورو مازنەو جامە} لەلایەك و ناوچەی {شانەدەرو، بلەو بارزان و سەرتاسەری چیای پێرس} لەلایەکی دیکەوە لەژێر ئابلۆقەو گەمارۆدا بوو، شەڕی مان ونەمان دەکرا، هێشتا شەڕ لەناوچەی سۆران دەستی پێ نەکردبوو، دوای شیکردنەوەی بروسکەکەو خستنەبەردەست بارزانی، فەرمووی:
وەڵامیان بەم شێوەیە بدەرەوە: ڕژێمی بەعس دەیەوێ ئێوەو هێزەکانتان بەناوی مفاوەزاتەوە خەریك وگیرۆدە بکات و بەهەموو هێزێکی لەئێمە بدات و کەئێمەی لەناوبرد ئینجا هێزەکانی خۆی بەرەو لای ئێوە دەکێشێتەوەو پێتان دەڵێ گەزی چی و جاوی چی؟ من درێژەم دابوو بەبروسکەکە، بەهەمان ئەو واتایەی بارزانی مەبەستی بوو، دوای چەند ڕۆژێك، گفتوگۆی نێوان (م.س)و بەعس ڕاوەستا، شەڕو هێرش گشت لایەکی کوردستانی گرتەوە.
دژە پلان:
ساڵی ١٩٦٣ کاتێ بۆ یەکەم جار بەعس هاتە سەر حوکم، ڕۆژی واهەبوو دە پانزدە جار شفرەکانیان دەگۆڕی.
سێ بنکەی بێتەلی تایبەت بە (ئێران و تورکیاو سوریا) لەناو شاری کەرکوك و هەولێرو موسڵ دامەزرێندرابوون، لەژێر چاودێریی کۆمەڵێ ئەفسەرانی هەیئەی ئەرکانی ئێران و تورکیاو سوریادا بوون، ئامیرێکی بێتەلی دیکەش لەچیای سەری ئاکرێ لەژێر چاودێریی {جەنەراڵ علی علی عامر} ڕەئیس ئەرکانی (میسر.)دا بوو، بۆ سەرپەرشتی کردنی بەرەکانی شەڕ دژی هێزەکانی لەشکری کوردستان. بروسکەکانی میری تایبەت بوون بەوەزارەتی بەرگری، وەزارەتی ناوخۆ، پۆلیس، ئاسایش، ئیستخبارات، حەرەکات، هێزی ئاسمانی... شیتەڵ کردنی ئەو بروسکانە دەبوونە هۆی پاراستنی پێشمەرگەکان و دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان و گیانی سەرۆك بارزانی. بروسکەکان کورتە چیرۆکی مێژوی شۆڕشی ئەیلوولن.
ئەمانە جگە لەوەی پلانەکانی سوپامان لێ ئاشکرا دەبوو، دەست بەجێ بارزانی لەلای خۆیەوە دژە پلانی دائەناو پلانی سوپای پووچەڵ ئەکردەوە.
* ڕۆژی سێشەممە ٣٠/تەمموز/١٩٦٣، ئەمرۆ لەگوندی بارزانەوە بەرەو ناوقەدی (چیای شیرین)کەوتینە ڕێ وگەیشتینە سەرکانی و ئاوێك و لەوێدا بارەگای بێتەلەکەمان دانا، سێ کانی لەنزیك ئێمەوەیە، ناویان (سۆلینێ، سرکێ، تاتوکێ)یە، کانی وئاوێکی تریش هەیە لەسەرووی شوێنەکەمانەوە، ناوی (چاڤرەبیا)یە. بەگوێرەی بروسکەکانی سوپای عێراق، لەسەدا نەوەدی هێزەکانی پیادەو جاش و تۆپی هەمەچەشنەو دەبابەو ئۆتومبێلی زرێ پۆش و هەندەسەی عەسکەری لەسەرانسەر عێراقەوە بەرەو کوردستان هێناوە، وێکرای دوو هێزی کۆماندۆی سوپای سوریا، فرۆکەکانی بنکە سوپاییەکانی (شوعەیبەو حەببانیەو بەغدادو موسڵ و کەرکوك) سەرجەم تەرخان کرابوون بۆ شەڕی کوردستان، بێجگە لە پاڵپشتی بەردەوامی فرۆکەی هەمە چەشنەی (سوریاو میسرو تورکیا)، هەرچەشنەیان بۆ مەبەستێکی دیاری کراو.

شێخ شەفیع کوڕی شێخ بابۆ بارزانی:
ڕۆژی سێشەممە ١٩٦٣/٧/٣٠، من لەپێش برادەرانی بێتەلەکەمانەوە بەپێ دەرۆیشتم و بەسەر دامێنی چیای (شیرین)دا سەردەکەوتین.
حەمە ڕەزای بێتەل ماندوو بوو، لەبەرئەوە بەسواری یەکێك لەوڵاخەکانەوە بوو، من لەپێش هەموویانەوە گەیشتمە ئەو شوێنەی بۆمان دیاری کرابوو لەنزیك هاوینەهەواری (ئابشخۆر). برادەرێکی بارزانی بەدووربینەکەیەوە ڕاوەستابوو، دیاربوو چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد.
کە گەیشتمە لای، خۆی پێ ناساندم، وتی: من ناوم شەفیعە واتە (شێخ شەفیعی کوڕی شێخ بابۆ بارزانی) لێی پرسیم، کەی معاون شەوکەت دەگات، ئەو برادەرەی بەسەر وڵاخەکەوەیە ئەوە معاون شەوکەتە؟ وتم: نەخێر، من معاون شەوکەتم، دوایی وتی: وام ئەزانی تۆ پیاوێکی قەڵەوو تەتەمەنیت، نەمزانی بۆچوونەکەم هەمووی بەپێچەوانەوە بوو... هتد.
جاران پێش ساڵانی ١٩٦٠ بەشی زۆری ئەفسەرەکانی دامودەزگای پۆلیس لەدوای تەمەنی ٤٠-٥٠ ساڵیدا دەگەیشتنە پایەو پلەی ئەفسەری پۆلیس و بەقەڵەوو بەساڵداچوو ناویان دەرکردبوو، پێ یان دەوترا (مەسلەکی)واتە لەمفەوەزی تەختەو

نەجـمەی لا مـل و پلەپـلەوە دەبـوون بەئەفسـەری پـۆلیس. سـاڵی ١٩٦٠ ئـێمە یەکەم دەورەی ئەفسـەرانی پـۆلیس بـووین کەلەدواناوەندییەوە چووبووینە کۆلێجی پۆلیس و تەواومان کردبوو.

ساوەری بێ خوێ و ڕۆن:
لەسەرەتای ساڵانی شەستەکاندا کوردستان زۆر نەداربوو، پێشمەرگە زۆر جار تووشی برسیەتی زۆرو سەرماو گەرما چەشتن و نەهامەتی دەهات. بەڵام کەسێکمان هەستمان بەناڕەحەتی و بێزاری نەئەکرد، بەڵکو بەشانازیەوە باسمان دەکرد. لێرەدا باسێکی کەمی برسیەتی دەنووسمەوە نەك لەبەر وشەی (برسێتی)یەکە، بەڵکو بۆئەوەی خوێنەری هێژا بێتەوە یادی، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بەچەند بارودۆخی سەخت و ناخۆشدا تێ پەڕیوون.
لەهاوینی ١٩٦٣، لەناوچەی بارزان بووین لەنزیك ڕوباری (چامە) لەگەڵ هەندێ پێشمەرگە کەوتبووینە ڕێگا، لەمەلابانگدانەوە تا عەسرێکی درەنگ خواردنمان نەخواردبوو، برسیەتی ماندووی کردین و لەنزیك گوندێکەوە لەپەنا بەردێکدا دانیشتین بۆ حەواندنەوە، لەو شوێنەدا دیتم سەگێك زۆر لاواز و بێ هێز لەبن بەردێکدا کەوتبوو دیمەنی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، زانیم ئەو سەگە زۆر برسیە، بۆیە هێزی جوولانەوەی نیە، یەکێ لەپێشمەرگەکان ناوی ساڵح بامەڕنی بوو، پێم گووت: "ئەرێ هیچمان هەیە بیدەین بەو سەگە؟" وتی: "بڕێ ساوەرمان پێیەو هیچی تر"، وتم: "کەمێکی بکوڵێنە کەخوسایەوە بیخە بەردەمی ئەو سەگە باهێزی تێ بگەڕێ و بتوانێ بەدوای خواردنی تردا بگەڕێ". بەو شێوەیە ساوەرەکە کوڵاو خرایە بەردەمی سەگەکە، هەمووی خواردو هەستایەوە سەرپێ، هەتا چەند ڕۆژێکیش لەدەروپشتمان ئەسووڕایەوە..
بوو بەئێوارە پێشمەرگەکان بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە لامان و لەگوندەکان هیچیان دەست نەکەوتبوو، چونکە ئەو گوندانە چۆڵ کرابوون، ئێمەش برسێتی زۆری بۆ هێنایین ناچار (ساڵح بامەڕنی)م بانگ کرد وتم: "لەو ساوەرەی بۆ سەگەکەت دروست کرد ئەگەر ماوە بۆ (خۆشمانی بکە).. ساوەرەکەی بەبێ خوێ و ڕۆن لەئاودا لەسەر چیلکەو چەواڵ کوڵان و دەستمان کرد بەخواردنی".

گوندی (بیە):
یەکەم شەو بوو گەیشتبووینە گوندی (بیە) لەسەرووی گوندەکەوە، ئەشکەوتێك هەبوو، قووڵ نەبوو بۆ ناوەوە بێتەلەکەمان لەبەردەم ئەشکەوتەکە دانا، کاتێکمان زانی درایینە بەر گوللە تۆپ لەڕەخی (مێرگەسوور)ەوە، لەوەدەچوو چاوەچاویان لەسەر یەکێك لەچیاکانی نێوان (چامەو مێرگەسوور) دانابێ، گوللە تۆپەکان دای بەتەنیشتماندا و چراکەمان لێ کوژایەوە، ناچار چووینە ناو ئەشکەوتەکەوەو بەپەلە بێتەلەکەشمان بردە ژوورەوەو دەستمان بەکارکردن کردەوەو تۆپیش هەر گرمەی دەهات.

شەڕی دەستەویەخە:
ڕۆژێ لەڕۆژانی هاوینی ١٩٦٣، لەسەر پردی چامە شەڕێکی زۆر کوشندە ڕوویدا، سەربازو جاش تێکەڵاو بەهێزی پێشمەرگە بوون، لەو شوێنەدا بواری تەقە نەماو کەوتنە پەلاماری یەکتر، هەندێ لەپێشمەرگەکان بەخەنجەر دەستەو یەخەی جاشەکان و سەربازەکان دەبوونەوە یان پاڵیان پێوەدەنان بۆئەوەی ئەوەندە دوور بکەونەوە کەبتوانن تەقەیان لێ بکەن، لەهەمان ڕۆژدا لەبروسکەیەکی سوپادا وەرم گرت ئەڵێ: "هێزەکانمان بەیارمەتی (فرسان صلاح الدين) واتە: جاشە کوردەکان دەستەویەخە زۆرانبازی لەگەڵ (عصاە) واتە: هێزەکانی لەشکری کوردستان" دەگرن.

گۆشتی بزن و کەشك و بەڕوو:
لەهاوینی ساڵی ١٩٦٣دا، کاتی هێرشی ڕژێمی بەعس بۆ سەر ناوچەی بارزان، مەڕو ماڵاتی ماڵی خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزانی دابەش کرا بەسەر میللەتداو لێی نێردرا بۆ بەرەکانی شەڕ، بۆ ئێمەش شەش بزنیان ناردبوو لەگەڵ تووورەکەیەك کەشك و تووورەکەیەك بەڕوو، پرسیارم لەتەتەرەکە کرد ئەم (کەشك و بەڕووە) بۆ چیە؟ گوتی: ئێوە دەمێکە برسین، ئەو کەسەی لەسەر برسیەتی گۆشتی بزن بخوا تووشی سك چوون ئەبێت، لەبەرئەوە کە سکتان چوو کەشکەکە بخۆن، ئەگەر سوودی نەبوو بەڕووی پیشاو بخۆن یەکاویەکە. ئاخاوتنەکەی ڕاست دەرچوو، بەڕووی پیشاومان زۆر خوارد.

تاگیان هەبێ ئومێد هەیە:

لەساڵانی ١٩٦١، ١٩٦٢، ١٩٦٣دا، پێشمەرگە زۆر ڕەچاڵ ونەبوو بوو، بەڵام بیروباوەڕی کوردایەتی و خۆشەویستی خاك و نیشتمان پاڵ پێوەنەر بوو، کە خۆڕابگرن لەبەردەم هەموو بارودۆخێکی نالەباردا، ئەو ڕۆژو ساتانەی سەرکەوتنێك بەدی دەهات لەشەڕێکدا بەهەستێکی برایەتی و یەکدگیری ئەوپەڕی شادی و خۆشی دەکەوتە ناومانەوە، لەگەڵ ئەو سەرکەوتنانەشدا (سەرۆك بارزانی) بەهەستی لەخۆبایی بوونەوە ڕەفتاری نەدەکرد.

قەرەچا:
لەهاوینی ساڵی ١٩٦٣، لەسەر ڕوباری (چامە) بووین، ماوەی ١٥-٢٠ ڕۆژبوو چامان نەخواردبووەوە زۆرجار وام دەزانی شتێکم لێ وون بووە، لەپڕ وەبیرما دەهات هیچم لێ وون نەبووە بەڵکو (چا)م لێ وون بووە. دوو پێشمەرگەی شارەزام نارد بۆ گوندەکانی سەر سنووری تورکیا گوایە لەوێ چەرچی دەگەڕێ و شەکرو چا دەست دەکەوێ.
ئەو کاتە ڕژێمی بەعس گەمارۆی خستبووە سەر هەموو خۆراك و پێداویستیەکانی دیکە لەسەر ناوچە ڕزگارکراوەکان. دوای چەند ڕۆژێك پێشمەرگەکان گەڕانەوە پڕ بەیەك پەرداخ "قەرەچا" یان دەست کەوتبوو کەتاڵاوێکی ڕەش ئەداتەوە، شەکریان دەست نەکەوتبوو. چادەم کراو پەرداخێکیان بۆ منیش هێنا زۆر بەتاسووقەوە ئەو چا تاڵەم ئەخواردەوە. یەکێك لەپێشمەرگەکان لەدواییدا بۆی گێڕامەوە خواخوای دەبێ ئەو پەرداخەی بەردەم من لاببات و لێی بچێژێ بزانێ چایەکەی من شەکری تێدایە یان وەکو چایەکەی ئەوان تاڵە... چونکە من بێ ئەوەی خۆم گرژبکەم لەتاڵی چایەکە زۆر بەئاسایی ئەمخواردەوە، دوایی لەبنەکەی دەچێژێ بۆی دەردەکەوێ چایەکەی منیش وەك ئەوەی ئەوان بێ شەکرەو تاڵە... ئەو کاتە پێشمەرگە و سەرکردە لەبارودۆخێکی ناڕەحەت و زەحمەت دا دەژیان و هیچ کەسێ سکاڵای نەدەکرد و ناڕەزایی نەبوو، چونکە ژیانی هەمووان وەك یەك بوو.

شێخ محمد خالید بارزانی:
ساڵی ١٩٦٣، زۆر بەگەرمی شەڕ لەناوچەکانی بارزان و مێرگەسوور بەردەوام بوو، شێخ محمد خالید بارزانی خۆی و ژمارەیەك پێشمەرگەی بارزانی بەرگرییان لەجەبهەی گوندی بارزان دەکرد، دژی هێزی سوپاو جاش ڕاوەستابوون. تۆپ وتەیارەش بێووچان بۆمبارانی دەکردن، چەند ڕۆژێ بەم چەشنە، دوایی سەرۆك بارزانی فەرمووی: "جاشەکان هەوڵ و تەقەلای ئەوەیانە بگەنە بارزان و بیستووتێن، کە گوندی بارزانیان سوتاند ئەو تاووتینەیان نامێنێ پشتی سوپا بەرئەدەن. "خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەد بارزانی فەرمانی داکە شێخ محمد خالید بەری بارزان بەربدات، لەئەنجامدا فەرمودەکەی سەرۆك بارزانی دەرچوو، کە گوندی بارزانیان سوتاند، ئەو هەڵمەت و شاڵاوەیان نەما، میری بەزۆرە ملێ و نووکەشەقی پۆستاڵ شەڕیان بەسەربازو جاشەکان دەکرد.

مەسیحیەکانی ناوچەی بارزان:
لەناوچەی بارزان، لەدێرزەمانەوە ژمارەیەك دێهاتی سەر بە (ئاینی مەسیحی) لەسەر گوندەکانی خۆیان دەژیان، بەوپەڕی ئازادی و سەربەستیەوە ژیانی ئاسایی خۆیان دەبردە سەر. تەنانەت بەگوێرەی ئاکارو نەریتی خۆیان بۆ مەبەستی ئاینی و بۆ سەرگەرمی و کەیف خۆشی خۆیان شەرابیشیان دروست دەکرد.
لەساڵی ١٩٦٣، دوای هێرشی بەردەوامی بەعسیەکان بۆ سەر ناوچەکانی بارزانو دەوروبەری ئەو چەند گوندە مەسیحیانە بەویست و خواستی خۆیان گوندەکانیان بەرداو بەرەو هەولێرو هەندێکیشیان بەرەو موسڵ و بەغداد کشان و لەو شارانەدا جێگیربوون.
ئەو مەسیحیانەی لەکوردستاندان ئینجیلەکەیان بەخەت و زمانی ئارامی نووسراوەتەوە، گوایا حەزرەتی عیسا (د.خ) بەزمانی ئارامی ئاخاوتووە، هەروەها یەکەم تەوراتی جوولەکەکان هەر بەزمانی ئارامی نووسراوەتەوە.

بنە جوو و نۆ موسڵمان:
لەناوچەی بارزان چەند خێزانێك هەن ناودەبرێن بە (بنەجوو)واتە بەڕەگەز جوولەکە بوون و بەهۆی حەزو حەزلێکەری نێوان لاوان و دەستەکچان و بەویست وئارەزووی کچە جوولەکەکە، یان کوڕە جوولەکەکە، هاتوونەتە سەر ئاینی ئیسلام و ژیانی ساکارو ئاسایی خۆیان لەناوچەکەدا بردۆتە سەر. لەناوچەی (بەرواری باڵا) لەماڵێ میوان بووم، کەیبانووەکە بەڕەسەن

(مەسیحی) بوو، هاتبووە سەر ئاینی ئیسلام، بەڵام ئەم دیاردەیەم لەدێهاتەکانی ناوچەی سەر بەبارزان نەبینیوە کەبنەماڵەیەکی نۆ موسڵمان هەبێ و لەوەو پێشتر (مەسیحی) بووبن و لەژێر فەرمانڕەوایی بنەماڵەی بارزانیدا بووبن بەئیسلام.
لەهاوینی ساڵی ١٩٦٣ لە(چیای شیرین) بووین، عبدالواحد بارزانی کورتە باسێکی خوالێخۆشبوو (شێخ محمد شێخ عبدالسلام بارزانی) باوکی مەلا مستەفا بارزانی بۆکردم کە زۆر لای سانایی بووە، لەماڵی (مەسیحی)یەکانی نیشتەجێی بارزان نان بخوات و دەستنوێژی گرتووەو نوێژیشی. کردووەو لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی (ڕەچەی نەقشبەندی) بووە، واتە (تەریقەتی نەقشبەندی)، خۆی و موریدانی ئەم ڕچەیە ئەوسا و ئێستاش بنەماڵەکەی بەردەوام دژی درۆو دەلەسەو دزی و پیاوکوشتن و زەبرو ستەم کردن بوون. شێخانی بارزان سەریان دانەنەواندوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی و دواتر دژایەتی فەرمانڕەوایی ئینگلیزیان کردووە لەناوچەکەیاندا و لەهیچ چاخێکدا سەریان بۆ ڕژێمەکانی عێراقیش دانەنەواندوەو ملکەچی زۆرو ستەم نەبوون.
شۆڕشەکانی بارزانیان لەساڵانی ١٩٠٧، ١٩٠٩، ١٩١٣، ١٩٢٠، ١٩٢٢، ١٩٣١، ١٩٣٢، ١٩٤٣، ١٩٤٥و ڕۆڵی دیاری مەلا مستەفا بارزانی لەخەباتی نەتەوەیی هەتا دواهەناسەی ژیانی لەمێژووی کوردا شاهێدی ئەم ڕاستیانەن. دەوڵەتی عوسمانی و ڕژێمەکانی یەك لەدوای یەکی عێراق بەم شۆڕشانەی عەشایەری (بارزانیەکانیان) دەووت: جموجۆڵی چەتەگەری و ڕاووڕووت و خۆ بەسەر کورددا سەپاندن.
ئەمەش زیاتر لەبەرئەوەی باج و خەراجیان بەدەوڵەتی عوسمانی و دواتر بە دەوڵەتی عێراق نەداوە، داواکاری ئەوەبوون باج وخەراجیان بۆ پێداویستی ناوچەکە سەرف بکرێ و لەپاڵ ئەمەدا بۆ ئازادی و خۆی بوون تێ دەکۆشان و خەوی ئارام و هەداریان لەچاوی کاربەدەستانی عوسمانی و دواتر عێراق تاڵ کردبوو و هەرکاتێ هەلیان بۆ بڕەخسایە پەلاماری دامودەزگای میرییان ئەداو دامودەزگای دەوڵەتیان ناچار بەملکەچی داواکانیان دەکرد، کەم یان زۆر.

هێرشی سوپاو جاش بۆ سەر ئەو شوێنەی بارزانی لێ بوو:
لەهاوینی ساڵی ١٩٦٣ هێرشی سوپاو جاش لەچیای پێرس و ڕێگەی سرێشمەو شانەدەرو هاودیان وکووران بەرەو مازنەو ڕووباری چامە شەوو ڕۆژ بەردەوام بوو، سوپا هەرچی چەك و جبەخانەی هەبوو ڕووی کردبووە ناوچەکانی بارزان و مێرگەسوور. فڕۆکەجەنگیەکان لەسەرەتای گزنگی بەربەیانەوە هەتا دوا زەردەپەری ئێوارە بێ ووچان بەدوای یەکدا بۆردوومانیان دەکرد، فڕۆکەی ڤەنم و ئیلیوشن و هۆکەر هەنتەر و باجەر بەرمیلی تێزاب و قەتران و بەنزینیان دائەباراند بەسەر مەیدانەکان و سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا و ئەو گوندانەی ئەکەوێتە ناوچەکەوە. کەبۆمباکوژەکان دەکەوتنە ناو سەنگەری پێشمەرگەکانەوە لاشەی شەهیدو خۆڵ و داروبەردی ناوسەنگەرەکە وەك مەنجەڵ قوڵپی ئەدا، دووکەڵەکەشی دەبووە هۆی سەرتاپا ڕەش کردنی سەروچاوی ئەو پێشمەرگانەی لەولاترەوە بوون، هەندێ لەگوللە تۆپەکان کە دەگەیشتنە ئاستی سەنگەرەکان بەسەر سەنگەرەکاندا دەتەقینەوە. ئەو بۆمبایەی دەگیرانە ناو دارستانەکان بەڕاست و چەپدا دەیان نارنجۆکی لێ جیادەبووەوە فیشکەفیشك زمانەی ئاگرەکەی دارودرەختی تەڕو ووشکی پێکەوە دەستووتاند، بەڵام ئەو بۆمبایانەی دەگیرانە پێشمەرگە جەنگاوەرەکان کە دەتەقینەوە بزمارو دەمەچەقۆی بەچواردەوری خۆیدا دەهاویشت.
سوپا بەتۆپ وفڕۆکە جەنگیەکان لەهەموو شتێکی ئەدا بجووڵایەوە، وەك ڕانەمەڕ، گاگەل، وڵاخ ئەمە بێجگەلە خەڵکی گوندەکان و جوتیارو شوانەکان، هەروەها بۆمبای سووتێنەری دەگرتە ناو دارستانەکان و لێڕەوارەکان و دەغڵاودان وخەرمان، تەنانەت ناو مەزراو بێستان و ڕەزەکان. بەشەو دارستانەکان و لێڕەوارەکان وگوندەکان بەردەوام ئاگریان لێ هەڵدەستا وەك شاروشارۆچکەی بەگڵۆپ ڕازاوە دەهاتنە پێش چاو، بەڵام گڵۆپی خەم و مەینەت وپەژارەو وێرانکاری بوو.
ئەگەر فڕۆکە جەنگیەکان بۆ ماوەی نیوەکاتژمێرێ بێ دەنگ بوونایە، دەستبەجێ تۆپە گەورەکان و زرێپۆشەکان شوێنەکانیان ئەدایە بەر لێزمەو ڕەهێڵەی گوللە تۆپ.
وەك ئەرکی بەردەوامم هەموو شەوێك پلانی هێرشەکانی میریم وەردەگرت، یەکێ لەو پلانە گرنگانەی لەبروسکەیەکی شفرەکراودا وەرم گرت: هێزێکی تایبەت لەسوپا وجاش بەشارەزایی و سەرپەرشتی (ئەسعەد شێتنە) گەیشتبوونە گوندی (بێدارون)، نیازیان وابوو شەو لەدوای کاتژمێر (١٢)ەوە لە(بێدارون)ەوە هەڵکوتنە سەر ئەو شوێنەی بارەگای بارزانی و خودی خۆی لێبوو، لەنزیك لوتکەی چیایەك لەسەر (روباری چامە)، بەرامبەر گوندی (بیە) بروسکەکەم دا بەسەرۆك بارزانی، دەستبەجێ سەرقۆڵەیەك کەخۆی خەڵکی بێدارون بوو لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگە نێردران بۆگەرووی بێدارون، پلانەکەی سوپا پووچەڵ کرایەوە، سەرقۆڵەکە ناوی (مام حارس بێدارونی) بوو، ئەوکاتە تەمەنی ٥٠-٥٥ ساڵ دەبوو، باڵا بەرزو لەسەرخۆو هەمیشە لەگەڵ بارزانیدا بوو.
شەوانیش هەتا نزیکەی بەرەبەیان تۆپە گەورەکان تۆپ بارانی ئەو شوێنانەی سەرەوەیان دەکرد، زۆر جار شەو ناچار ئەبووین چرا هەڵبکەین بۆ مەبەستی نووسین یان خوێندنەوەی بروسکە، لەگەڵ ڕووناکی چراکە دیاربووایە یەکسەر ئەدراینە بەر گوللە تۆپ.

هەندێ لەڕووداوە گرنگەکانی مانگی ٨ ئاب/١٩٦٣:
* ڕۆژی شەممە ٣/ئاب/١٩٦٣، بەسەر (چیای شیرین)دا سەرکەوتین بۆ (ناڤسەر و کانی کەلیگە)و گەیشتینە گوندی (ڕاوەشا) پشت شاخی شیرین. ئاوی (کانی کەلیگە) لەئاوی کانیەکانی ناوچەی مێرگەسوور ساردترو سازگارترە.
* ڕۆژی یەکشەممە ٤/ئاب/٦٣، سەعات ٤٥:١٢گوندی بارزان کەوتە دەست دوژمن، هەرچەندە شەڕو کوشتار ئێجگار توندبوو و لەشکری ئێمە شەڕێکی زۆر ئازایانەی کرد، بەڵام تۆپباران و هێرشی فڕۆکەی هەمەچەشنە بەڕاکێت و بۆمبای ناپاڵم و قەتران و بەنزین بەسەر سەنگەری لەشکردا، لەهەموو لایەکەوە بۆ ماوەی پێنج دەقیقەش کرو بێدەنگ نەدەبوو، بەگوێرەی ئەو بروسکانەی لەهێزی سوپاوە بەهۆی بێتەلەکەمانەوە وەردەگیرا و شیم ئەکردنەوە، زانیم هێزەکانی جەیش لەدۆڵی (نەهلە)و چیای (پێرس)شان بەشانی هەیئەی ئەرکانی جەیشی. عێراق کۆمەڵێ ئەفسەری بیانی دیکەیان لەگەڵدایە، وەك ئەفسەرانی سوری وئەردەنی لەژێر فەرمانەدەی (جەنەڕاڵ عەلی علی عامر)
{رەئیس ارکانی جەیشی ئەردەن} دان.
* ڕۆژی هەینی ٩/ئاب/٦٣، دوێنێ نیوەشەو دوای شیکردنەوەی بروسکەکانی ئەو هێزە سەربازییەی لەناو گوندی (بلە) دایە، زانیمان کەنیازیان وایە هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکانی لەشکر لە (هۆستان و هەسنەکا)، ئەمڕۆ مەلابانگدان فەوجێك عەسکەرو جاش هێرشەکانیان کرد، بەڵام نەیان توانی بگەنە شوێنی مەبەست، کوشتارێکی زۆریان لێ کرا و بەشکاوی گەڕانەوە بۆ مۆڵگەکانی خۆیان لەگوندی (بلە)دا.
* ڕۆژی شەممە ١٠/ئاب/٦٣، ئەمڕۆ دوای شەڕێکی گەرم وکوشتارێکی زۆر لەجەیش وجاش هێزی دوژمن توانیان بچنە ناو مەرکەزی قەزای (مێرگەسوور)ەوە، دانیشتوانی گوندەکانی (باوە، شێخ سەیدە، خوشکان) کە نزیك مێرگەسوورن باریان کردووە و هەموو لەپردی سەر ڕووباری (چامە) پەڕیونەتەوە ئێستا لەپشت (چیای شیرین)ەوە جێگیربوون. دوابەدوای چۆڵ کردنی گوندەکان، جاش چوونە ناویانەوەو سوتاندیان.
* ڕۆژی پێنجشەممە ١٥/ئاب/٦٣، ئەمڕۆ هێزی دوژمن گەیشتنە ناو ناحیەی (خورماڵا) لەلیوای سلێمانی.
* ڕۆژی شەممە ١٧/ئاب/٦٣، دوێنێ شەڕێکی گەرم روویدا لەنێوان هێزی ئێمەو هێزەکانی سوپاو جاش لەبناری چیای شیرین لەلایەك ولەلایەکی ترەوە لەجەبهەی مێرگەسوور. لەشکرمان توانی دوژمن بشکێنێ، ژمارەی کوژراوو بریندار بەم شێوەیەیە: لاشەی ٢١ سەربازو جاش لەگۆڕەپانی شەڕەکەدا بەجێ ماوون، ٢٥ سەربازو جاش بەسەختی بریندار کراون.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢/ئاب/٦٣، بەسەر گوندی (کانی بوت وبییە)دا ڕابوردین، ئێستا لەگوندی (بێخشاش)ین، بەرامبەر چیای (شیرین و هەڵبت)، چیایەك لەپشتیەوەیە پێی دەڵێن (پی)، روباری (چامە)نیو سەعات لەخوار ئێمەوەیە، لەو ڕوبارە کەدوو گوندی لێیە بەناوی (زرارو لێرەپی)ەوەن.

* ڕۆژی شەممە ٢٤/ئاب/٦٣، جەیش وجاش و ژمارەیەکی زۆر تانك و تۆپی قورس گەیشتنە گوندی (کوران) ئەمڕۆ شەڕێکی گەورە ڕووی دا لەنێوان هێزی ئێمەو جەیش و جاش لەسەر ڕێگەی (مێرگەسوور و گۆڕەتوو)، هێزی دوژمن ئەیەوێت بگاتە سەر پردی (چامە)، بەڵام لەشکری ئێمە لێیان هاتنە دەست و بەرەنگاریان بوون، کوشتارێکی زۆریان لێ کرا.
* ڕۆژی هەینی ٦/ئەیلوول/٦٣، ماوەیەك لەمەوبەر (فەرماندەی هێزی زاخۆ عیسا سوار) دوو بازوکای بۆ ناردین ئەمڕۆ لەسەر فەرمانی بارزانی هێزێکی تایبەت چوو بۆ (کووران) بۆ شەڕکردن وبەرەنگاربوونەوەی تانك و زرێپۆشەکانی کەتیبەی خالد کە لەگەڵ لیوای سێ و لیوای پێنج دان.
* ڕۆژی سێشەممە ١٧/ئەیلوول/٦٣، ئەمڕۆ لیوای سێ ولیوای پێنج و ٣٠٠ جاش هێرشیان هێنایە سەر سەنگەرەکانی لەشکر لەسەر چیاو گوندەکانی دەوروپشتی ڕوباری (ڕۆکچك) لەنزیك پردی (چامە)، ئەوندە نزیك بوونەوە لەشکری ئێمە نەیدەتوانی تفەنگ بەکاربێنێ و کەوتنە زۆرانبازی لەگەڵ یەکتریدا.
هەر پێشمەرگەیەکی ئێمە دە دوانزدە عەسکەرو جاشی تێ وورکابوو، زیاتر لەپەنجا عەسکەرو جاش بەخەنجەر و قۆناغە تفەنگی لەشکری ئێمە کوژران و زیاتر لەسەد عەسکەرو جاش بریندار کران، پەنجا تفەنگی هەمە چەشنە کەوتە دەست لەشکری ئێمە لەگەڵ فیشەك و جبەخانەیەکی زۆر.

بارزان گۆڕەپانی بێ لایەن:
لەشەڕی سوپای بەعسدا، ناوچەکانی بارزان لەسێ لاوە کەوتبووە ژێر گەمارۆو ئابڵوقەی سوپاو جاشەوە، دوای دەیان شەڕی کوشندەو پاڵەوانانە، ڕای بارزانی و شێخ احمد بارزانی یەکدگیر بوو کە ماڵ و منداڵ و خێزانەکان و ناوچەکە نەکەونە ژێر بێ بەزەیی و دڵڕەقی و نادادپەروەریی سوپا و جاشەوە. شێخ احمد بارزانی فەرمانی دا ناوچەکە ببێ بەگۆڕەپانێکی بێ لایەن و

هێزەکەی مەلا مصطفى بارزانى لێ بچێتە دەرەوە. ڕژێمی بەعس ئاگاداری پێ گەیشت کە ناوچەکەمان بەجێ هێشت...، شێخ احمد بارزانى بوو بەباوك و لێپرسراوی سەرەکی خێزانی پێشمەرگەکان لەژێر چاودێریی شێخ عوسمان بارزانی و شێخ محمد خالید بارزانیدا، ورەو وزەی پێشمەرگەکان و دانیشتوانی ناوچەکە وەك خۆی توندو پتەو مایەوە.
بارزانی فەرمووی: گرنگ ئەوەیە ئێمە سەر بۆ سوپای بەعس دانەنەوێنین، لێرە شەڕ ناکەم، دەچمە ناوچەیەکی دیکە شەڕیان دەکەم، دوژمن هەمان دوژمنە، لێرە نا لەوێ، لەسەنگەرە تاك و دابڕاوو لاوازەکانیان و کاروانەکانیان ئەدەین، ئەگەر دەسەڵاتمان نەبوو، بزمارو ووردە شووشە لەسەر ڕێگەی هاتوچۆی کاروانەکانیان ڕۆدەکەین بەڵکو ئوتومبێلەکانیان پەنجەر بێ..، گرنگ ئەوەیە پشوومان درێژ بێت، لەئاردا بمێنینەوەو وڵاتانی دەرەوە تێ بگەیێنین ئێمە مافی ڕەوای نەتەوەی کوردمان دەوێ و هاتنەکایەوەی ڕژێمێ بەدڵی هەموو میللەتی عێراق بێت، ڕۆڵەکانی میللەت براو کوڕی ئێمەن، ژیانیان بەفیڕۆ نادەین.
* ڕۆژی یەکشەممە ٢٢/ئەیلوول/٦٣، لەسەر فەرمانی شێخ احمد بارزانی، شێخ سلێمان شێخ عبدالسلام بارزانی و شێخ محمد خالید شێخ احمد بارزانی چوون بۆ لای قائد فرقەی دوو لەسەر پردی ڕووباری (چامە) بۆ مەبەستی وتووێژکردن سەبارەت بەمانەوەی ناوچەی بارزان وەك گۆڕەپانێکی بێ لایەن وئەوەندەی بتوانرێ حکومەت ناچار بکرێ دەرگای وتووێژ لەکورد بکاتەوە و ملکەچی بەرژەوەندی گشتی بێت و چی دی خوێنی ڕۆڵەکانی میللەت نەڕژێت لەنێواندا.

*پێنج خشتەکی*:
دوای مات بوون و کپ بوونی هەریەکێ لەشۆڕشەکانی بارزان، دامودەزگاکانی ئاسایش و موخابەرات و ئیستخباراتی سوپای عێراق یان هەندێ ئەفسەری خاوەن پلەی بەرز لەو دامودەزگایانەدا نامیلکەیەکی دەردەکرد بۆ شێواندن و تاریك کردن و لنگەوقوچ کردنی مێژوی شۆڕشگێڕانەی بارزانیانی کوردپەروەر، جاری واهەبووە کەسانی هاومەبەست (عەرەب یان کورد) بەناوی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی بیروڕاوە بەشێوەی پێنج خشتەکی ئەو نامێلکانەیان سەر لەنوێ هۆنیوەتەوەو تۆختر کردووەو تەنانەت لەنووسینە لنگەوقووچەکانیاندا وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ئاماژەیان بۆ ئەو نامێلکە چرووکانەی میری کردووە.
* ڕۆژی سێشەممە ١/تشرینی یەکەم/٦٣، لەشکری ئێمە دوای شەڕێکی جوامێرانە لەبناری چیای (مەتینا) تۆپێکی جەبەلیان گرتووە لەگەڵ ژمارەیەك گوللە تۆپ دا. لەناو سەنگەرەکانیاندا (١٥) لاشەی سەربازو جاش بەجێ هێڵرابوو، وەك داب و دەستووری یاسایی لەشکری ئێمە لەهەمان شوێندا بەبەردو خۆڵی دەرووپشت سەنگەرەکانیان دادەپۆشران.
* ماوەیەکە مام جەلال تاڵەبانی لەدەرەوەی وڵاتە و بەناوی شۆڕشەوەو نوێنەرایەتی سەرۆك بارزانیەوە ڕاگەیاندن بڵاودەکاتەوە، بارزانی دەفەرموێ: من ئاگاداری ئەم چوونە دەرەوەی ئەو نیم.
* ڕۆژی هەینی ١٨/تشرینی یەکەم/١٩٦٣، مام جەلال گەڕایەوە بۆ وڵات، دوابەدوای هاتنەوەی ئەو ابراهیم احمد و عمر دەبابە، بێ ئاگادارکردنی سەرۆك بارزانی لەمەبەستی گەشتەکەیان، ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی کوردستان. بارزانی دەفەرموێ: ئەم جموجۆڵە سەربەخۆییانەی مەکتەبی سیاسی و ئاگادارنەکردنی من لە مەبەست و لەئەنجامەکانی ئەو گەشتانەو کەلاکردنی من... جۆرێکە لەخۆخۆیی و خۆجیاکردنەوەو دوورکەوتنەوە لەڕێبازی سەرەکیی شۆڕش.
* ڕۆژی هەینی ١/تشرینی دووهەم/١٩٦٣، لەئەمڕۆوە هێرشی بەربڵاوی جەیش و جاش بۆ سەر ناوچەی (ئاغجلەرو هێزی ڕزگاری و بنکەی چەمی ڕێزان) زۆر بەتوندی دەستی پێ کرد.
* ژمارەیەکی زۆر سوپاو جاش عارەب بەزرێپۆش و تۆپی قورس و فڕۆکەی جەنگی هێرشیان کردە سەر (چەمی ڕێزان، هێزی ڕزگاری و ئاغجلەر).
بەهۆی ئەو بروسکانەی وەرمان دەگرتن لەبێتەلەکانی میری و شیم دەکردنەوە، سەعات بەسەعات دەمخستنە بەردەستی بارزانی و بەردەوام ئاگاداری بارودۆخەکەیان بوو، فەرمووی: ئەگەر هێزی ڕزگاری و چەمی ڕێزان بتوانن یەك هەفتە خۆیان ڕابگرن و بەرگریی ئەو هێرشە گەورەیە بکەن، مانای وایە زۆر ئازاو لێهاتوون. دوای چەند شەڕێکی کوشندەی بەردەوامی چوار ڕۆژە، هێزی ناو چەمی ڕێزان کەوتە کشانەوەو دوای ئەوان بەدوو ڕۆژ کەوتە ژێر چنگی سوپای بەعسی ئەوکاتە.
لەشەشەم ڕۆژدا سەرجەم پێشمەرگەی هێزەکە، لەژێر فشاری هێرشەکەدا لەناوچەکەوە بەرەو چیای (سورداش) کشانەوە. چەمی ڕێزان بارەگای سەرەکیی (هێزی ڕزگاری) بوو لەژێر فەرماندەی مام جەلال تاڵەبانیدا.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٧/تشرینی دووهەم/١٩٦٣، دوای تێکڕای شەش ڕۆژ شەڕی قارەمانانە لەناوچەی ئاغجلەرو چەمی ڕێزان ودەوروبەری بنکەی سەرەکیی چەمی ڕێزان، ئەمڕۆ هێزی جەیش وجاش چوونە ناو سەنگەرو ئەشکەوتەکانی (چەمی ڕێزان)ەوە، بەگوێرەی ئەو بروسکانەی بێتەلەکەمان لەدامودەزگاکانی سوپاوە وەری دەگرێ و شی ئەکەمەوە، سوپا ژمارەیەك

پلانی داناوە بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەی (ماوەت و پشدەر)و لەلایەکی تریشەوە ڕەتڵێك جەیش و جاش و زرێپۆش و تۆپی گەورە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئەدەن لەناوچەی (قەرەداغ).
هێرشەکانی سوپا بۆ سەر ناوچەی هێزی ڕزگاری و چەمی ڕێزان، لەژێر چاودێری و فەرماندەی کۆمەڵێ ئەفسەرانی هەیئەی ئەرکانی ئێران و تورکیادا بوو، شان بەشانی هەیئەی ئەرکانی سوپای عێراق و ئەفسەرێك لەهەیئەی ئەرکانی سوپای سوریا، بنکەی سەرەکیی بێتەلەکانیان لەبارەگای فیرقەی دوو بوو لەناو شاری (کەرکوك)و لەژێر موراقەبەی بێتەلەکەماندا بوون.

سوتاندنی ئەمارەکانی توتن:
دوای سوتاندنی ئەمارەکانی توتن لە (ڕانیە)، ساڵی ١٩٦٣ میری بڕیاری دا توتن لەو ناوچانەدا فەحس بکرێ کەلەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە، دوواتر کەلیژنەی فەحسی- توتن لەقەڵادزەو ڕانیە دەرەجەی بەرزیان دا بەتوتنەکان، میری بڕیاری دا ئەوەندەی بتوانن متمانە نەکەنە سەر توتنی کوردستان، بۆئەوەی ئەم داهاتە گرنگە لەکوردستان ببڕن، بۆیە دواتر میری لەدەرەوەی وڵات توتی دەکڕی، لەتورکیاو یۆنان و بولغاریاو میسرو شوێنانی دیکە. جووتیارو توتنەوانەکانی (دەشتی بیتوێن و قەڵادزەو ڕانیە) بارە توتنیان بەکەرو وڵاخ دەبرد بۆ ناو شارە گەورەکان بۆ بەردەم لیژنەی خەملاندن لەو شوێنانەی دامودەزگای میری لێبوو.
لەڕێگەوباندا دەکەوتنە ژێر هێرشی تۆپ و بۆردومانی هێلوکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگیەوە، یان سەربازی ناو سەنگەرەکان بەهەمان مەخسەرەیان دەبردن. لەڕاستیدا سوتاندنی ئەمارەکانی توتن لە(ڕانیە) ساڵی ١٩٦٣ زیانێکی گەورەی گەیاند بە جووتیارو توتنەوانەکانی ناوچەی پشدەرو ڕانیەو دواتر سەرجەم کوردستان.
* ڕۆژی شەممە ٩/تشرینی دووەم/١٩٦٣، ئەمڕۆ فەرمانمان بۆ هات کەناوچەی (بارزان) بەجێ بهێڵین، بەیانی زوو لە (چەمی حەساران)ەوە بەسەر ڕوباری (چامە)دا کەلەسەر نەخشە نووسراوە (ڕۆکوچك) ڕادەبوورین و لەگوندی (زرار) لەگەڵ (لوقمان بارزانی)دا چاوەڕوانی هاتنی سەرۆك بارزانی ئەکەین.
* شەممە ١٠/تشرینی دووهەم/١٩٦٣، ئەمشەو لەنزیك ڕوباری (چامە)ەوە هەتا بەرەبەیان گیرمان خوارد بەدەست وڵاخەکانمانەوە. وڵاخەکان زۆر ماندوو کەشەنگ بوون، ئەو پێشمەرگانەی لەبارەگای گەرۆکی بێتەلەکەمان بوون لەدانیشتوانی گوندی (دری) سەر بەناوچەی دێهاتەکانی بارزان بوون. پ.م ساڵح سەلیم بامەڕنی، ئازاو هەمیشە گورج وگۆڵ بوو، باروبنەی سەرپشتی وڵاخەکانی داگرت و ئالیکی خستە بەردەم دوو ئێسترەکان و بارگیرەکەش.
* ڕۆژی دووشەممە ١١/تشرینی دووهەم/١٩٦٣، بەسەر گوندی (بەردەری)دا ڕابووردین و شەو لەگوندی (خێرەزۆك) کە بەرامبەر گوندی (کەکلە)یە ماینەوە، هەتا ڕۆژ بووەوە.
* ڕۆژی سێشەممە ١٢/تشرینی دووهەم/٦٣، بەسەر گوندی (بابکە)دا ڕابووردین و لەدێی (کاولۆکان) شەوێك ماینەوە، بەرەبەیان لەگەڵ (لوقمان بارزانی)و ئەو ژمارە بارزانیانەی لەگەڵ ئەودایە کەوتینە ڕێ.
* ڕۆژی چوارشەممە ١٣/تشرینی دووهەم/٦٣، بەسەر گوندی (میە)دا ڕابووردین و لەنزیك ڕوباری (بێرکمە)ەوە شەومان بردە سەر. بەدرێژایی شەو بروسکەی هێزەکانی سوپامان وەردەگرت، هێزی حەرەس قەومی لەبەغداد جۆرە کودەتایەکیان ئەنجام دا دژی ڕژێمی عبدالسلام عارف.
* سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ١٤/تشرینی دووهەم/٦٣، کەوتینەوە ڕێ و بەسەر گوندی (سیدەکان و سوری)دا ڕابووردین، شەو گەیشتینە گوندی (گەزنە).
* ڕۆژی شەممە ١٦/تشرینی دووهەم/٦٣، گوندی (کاولان و دزۆو ڕۆست)مان بەجێ هێشت، شەو لەگوندی (گرتك) بووین، لەدامێنی شاخی (حەسارۆست).
بێتەلەکەمان لەماڵێ دامەزراند و دەستمان کرد بەوەرگرتنی بروسکە. باشترین داری بەردار هەیە لەم گوندانە، بەتایبەتی سێوو هەرمێ.
درەختی هەرمێکان (لەسەر درەختی بەهێ موتوربەکراون)، زۆر گەورەو ئاودارو بەتامن. لەناو تاقێکی ژووری دانیشتەکەماندا چرایەکی گەورەی سەرنج ڕاکێشی- تێدابوو، عەمباری بنی چراکە نزیکەی دوو قاپ نەوتی دەگرت، لەهەمان کاتدا لەژێرەوە ئامێرێکی ڕادیۆی پێوە چەسپ کرابوو، کەچراکە پێ دەکرا، دوای گەرم بوونی بۆڕیی چراکە، دەتتوانی ڕادیۆکەش دابگیرسێنی وگوێ لەئیستگەکانی ڕادیۆی دەرەوەی وڵاتیش بگری، مارکەو شوێنی دروست کردنی چراکەو ناوی ئیستگەکانیش بەپیتی ڕوسی نوسرابوون.
* ڕۆژی یەکشەممە ١٧/تشرینی دووهەم/٦٣، بەسەر دێی (تالان- دیگە- شێرکاوا- گوێزان)دا ڕابووردین، ئێوارە گەیشتینە گوندی (دارالسلام).

لەم ڕۆژانەدا لەکاتی شەڕدا، بارگیرێك دەسکەوت بوو، ساچمەیەکی گوللە تۆپ بەرچاوی کەوتبوو، چاوێکی کوێر بووو برینەکەی لەوە دەچوو درەنگ چاك بێتەوە، بەخشیمان بەخانەخۆیەکەمان.
خاوەن ماڵەکە، کابرایەکی پیرو بەساڵداچوو بوو، کاتێ بێتەلەکەمان خستە ئیش و ویتەویتی دەست پێ کرد، کابرا شڵەژاو ویستی بەجێمان بهێڵێ، دواتر کە هەندێ شتمان بۆ ڕوون کردەوە، زۆر پێخۆشحاڵ بوو کەکورد شتی وا سەیری هەیە.
* ڕۆژی دووشەممە ١٨/تشرینی دووهەم/٦٣، لەبەغداد عبدالسلام عارف کودەتا بەسەر کودەتا دژی (حەرەس قەومی)و دژ بەحزبی بەعسی بەرپاکرد.
هەتا ئێستا هیچ بەیاننامیەکیان بڵاونەکردۆتەوە سەبارەت بەکێشەی کورد.
* ڕۆژی سێشەممە ١٩/تشرینی دووهەم/٦٣، (گەڵاڵە)مان بەجێ هێشت. بەسەر پردی ڕوباری (چۆمان)دا دەربازبووین، شەو گەیشتینە گوندی (ناوەندە).
* ڕۆژی چوارشەممە ٢٠/تشرینی دووهەم/٦٣، دێی (دەربەندی ڕایات وبەکراوا)مان بەجێ هێشت و شەو لە گوندی (ڕایات) بێتەلەکەمان دامەزراند.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٢١/تشرینی دووهەم/٦٣، دێی (ڕایات)مان بەجێ هێشت و شەو چووین بۆ گوندی (خەلانی ڕایات).
* ڕۆژی هەینی ٢٢/تشرینی دووهەم/٦٣، گەیشتینە دێی (زینوە شێخ)، ئەم گوندە جووڵانەوەیەکی ئابووریی سەرنج ڕاکێشی تێدایە، هەموو چەشنە دانەوێڵەیەك و شەکرو چاو پێویستیی لەشکری کوردستانی لێ دەست دەکەوێ، دانیشتوانی گوندەکە لەئێرانەوە دەیهێننە ئەمدیوو کڕین و فرۆشتنێکی باش لەم شوێنەدا بەڕێوە دەچێ.
* ڕۆژی شەممە ٢٣/تشرینی دووهەم/٦٣، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (جۆن کەنەدی) لەکاتێکدا دەیویست بەئوتومبێل بڕوات بۆ شاری (بۆستن) بەتفەنگی (ئەنگاوتەری دووربین لەسەر) کوژرا. گوایا ئەم سەرۆکەی ئەمەریکا، ئاشتیخوازە و زیاتر لایەنگری وڵاتە عەرەبیە نەوتیەکانە وەك لەپێوەندیەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئیسرائیل دا.
* ڕۆژی سێشەممە ٢٦/تشرینی دووهەم/٦٣، لەدێی (زینوەشێخ)ەوە گەڕاینەوە بۆ (دەربەندی ڕایات).
* ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨/تشرینی دووهەم/٦٣، ئەمرۆ عبدالسلام عارف بەیاننامەی لێبووردنی گشتیی دەرکرد، بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە (شۆڕشی ئەیلول)دا بەشدارن، بەهەمان لەهجەی عبدالکریم قاسم.
* ڕۆژی یەکشەممە ١/کانونی یەکەم/٦٣، عبدالسلام عارف سەرکۆماری عێراق، بەهۆی شێخ احمد بارزانیەوە، جوابی ناردووە بۆ سەرۆك بارزانی و ئامادەیی خۆی پیشان ئەدا بۆ دەستکردنەوە بە وتووێژ لەسەر بنچینەی (لامەرکەزی) بۆ کوردستان.
* ڕۆژی دووشەممە ٢/کانونی یەکەم/٦٣، گەیشتینە دێی (شیوەڵۆك).
* ڕۆژی سێشەممە ٣/کانونی یەکەم/٦٣، بەسەر گوندی (گورون)دا ڕابوردین و دواتر گەیشتینە دێی (وەڵاش)و لەماڵی (مستەفا بەگی وەڵاش) میوانین، لەپشت ئەم گوندەوە گردۆلکەیەکی پڕ دارودرەختی تەلبەندکراوی قەدەغەکراوی لێیە، لەناوەڕاستی دارودرەختەکاندا، قەبرێکی بەبەرد هەڵبەستراوی تێدایە. (مستەفا بەگی وەڵاش) گوتی: کاتی خۆی لەسەرەتای ڕژێمی پاشایەتی عێراقدا ئەفسەرێکی پلەبەرزی بەریتانی بەسەردان و ئیشی ڕەسمیی خۆیان هاتووە بۆ ئەم ناوچەیە، لەسەر وەسیەتی خۆی دوای مردنی لەبەریتانیا سووتێنراوەو خۆڵەمێشەکەیان هێناوە بۆ ئەم دێیەو بەئەرز سپێرراوە، وتی: چەندەها جار، ساڵانە لەبەریتانیاوە، یەکێك دەهات بۆ سەر ئەم قەبرە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە، ئەو سەردانیە نەماوە.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٥/کانونی یەکەم/٦٣، چووین بۆ (گەڵاڵە). ڕۆژی دووشەممە ٩/کانونی دووهەم/٦٣، (گەڵاڵە)مان بەجێ هێشت، بەسەر گوندی (ڕەژدوور)دا تێپەڕ بووین و لەدێی (ڕێزانۆك) مانەوەو بێتەلەکەمان خستەوە ئیش، ئاگاداری جموجۆڵی (سوپاو جاش)ین.
* ڕۆژی دووشەممە ١٦/کانونی یەکەم/٦٣، ئەفسەرێکی پلە بەرز بەناوی (زعیم اسکندر) لەڕەواندوزەوە هات بۆ لای سەرۆك بارزانی لەگوندی (ناوکێلەکان)، هەندێ ڕاسپاردەی (عبدالسلام عارف)ی بۆ سەرۆك بارزانی هێناوە، سەبارەت بەکردنەوەی دەرگای ووتوێژ.
* ڕۆژی چوارشەممە ١٨/کانونی یەکەم/٦٣، گەیشتینە دێی (خانەقا) نزیك دێی (ڕەژیکەران). سەرۆك بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی و نوری شاوەیس ڕۆیشتن بۆ گوندی (زێوە) بۆ وتووێژکردن لەگەڵ نوێنەرەکانی میری. شێخ احمد بارزانی وەك بارمتە لە(ڕەواندوز)ە، تا ئەوکاتەی وەفدەکەی میری ئەگەڕێتەوە بۆ ڕەواندز.
* ڕۆژی هەینی ٢٠/کانونی یەکەم/٦٣، ئەمرۆ سەرۆك بارزانی لەگەڵ وەفدی وتووێژی میری لەگوندی (زێوە)کۆ دەبێتەوە، ئێوارە بەرەو گوندی (وەرتێ) دەکەوینە ڕێگا، شەو لەم دێیە دەمێنینەوەو ڕۆژی دوایی بەرەو (ڕانیە) دەکەوینە ڕێ. لەوانەیە لە (ڕانیە) درێژە بەوتووێژەکە بدرێ.

گوندی (وەرتێ) لە چیای (کاورۆخ)ەوە نزیکە، بەگوێرەی سەرگورشتەی کۆن کە لەم گوندە لەباووباپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، گوایا ئەسکەندەری مەکدۆنی کاتێ لەگەڵ جەنگاوەرەکانیدا گەیشتوونەتە ناو دۆڵ و بێشەڵانی گەرووی (چیای کاورۆخ) کە لەسەرێکەوە داخراوەو دەبێ بەحەساریکی بەرزو سەخت و پڕ شکێڕ، ئالەوێدا جەنگاوەرانی کورد زەفەریان پێ هێناوون و (ئەسکەندەری مەکدۆنی) دەستگیر دەکەن و لای خۆیان دەسبەسەری دەکەن، لەئاکامدا، خۆی بڕیار ئەدات لەناو کوردەکاندا بمێنێتەوەو ژن دەهێنێ و دوای تەمەنێك بەنەخۆشیی گرانەتا دەمرێ و لەنزیك گوندی (وەرتێ)وە دەنێژرێ، وشەی (کاورۆخ) لەوانەیە پیتگۆڕکەی وشەی (کوردۆس)ی یۆنانی بێ، کەواتای وشەی (کورد) دەگرێتەوە.
* ڕۆژی یەکشەممە ٢٠/کانونی یەکەم/٦٣، ئەمڕۆ بەسەر گوندی (پڵنگان)دا تێپەڕ بووین و شەو لەگوندی (بەردانگە) ماینەوە، لەدۆڵی (شاور).
* دووشەممە ٢٢/کانونی یەکەم/٦٣، لەدوێنێ شەوەوە بەفر دەبارێ هەتا نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەدەوروپشتی ئەم دێیەو دۆڵی (شاوەر) نزیکەی مەترێك بەفرباریوە.

گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٣
* ڕوخاندنی هێزەکانی (حرس قومی) بەدەستی عبدالسلام عارف و کزکردنی دەسەڵاتی بەعسیەکان لەسەرانسەر عێراقدا.
* گۆڕانی بیروڕای کۆمۆنیستەکان بەرامبەر شۆڕشی گەلی کوردو هاریکارییان لەڕیزەکانی لەشکری کوردستاندا بەدڵ وبەگیان، شان بەشانی پێشمەرگەکان، بەڵام بەشێوەیەکی سنوور بۆ دانراو.
* دانان و کردنەوەی ئیستگەیەك بۆ شۆڕشەکەمان بووە بەبۆچوونێکی دڵنیا کەبەم زووانە دەنگی ئیستگەکە بگاتە هەموو لایەکی کوردستان و عێراق و لەوانەیە دەرەوەی عێراقیش.

بارزانی و شێخ مەحمود:
ئەو کاتەی شێخ مەحمودی حفید بەیەك لانە بانگەوازی حکوومەتی کوردستان و سەربەخۆیی کوردی دەرکرد، لەسەر فەرمانی شێخ احمد بارزانی، مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ ٨٠-٩٠ چەکداری چاپوك و لێهاتوو گەیشتنە لای شێخ مەحمود لەسلێمانی وەك پشتگیرییەك بۆ پەرەپێدان و یەکگیرکردنی شۆڕشی بارزانیان و شۆڕشی شێخ مەحمود نەمر.

بەرەی خۆخۆر:
لەهەڵوێستێکدا بارزانی فەرمووی:
"بۆ گلەیی لەشێخ مەحمود دەکەن، شێخ محمودیش خاوەنی ئەم میللەتە بووکەئێستا ئێمە هەمانە". دیسان فەرمووی: "ئێمەی کورد، هیچمان بەهیچ نەکردووە، کەچی هەریەکە لەئاستی خۆی هەوڵ ئەدات ملی ئەویتر بشکێنێ".

کاکڵە:
لەساڵانی ١٩٦٢،١٩٦١ هەتا ساڵی ١٩٦٤یش برادەرانی مەکتەبی سیاسی (لەپیرمام) دەیانفەرموو شەوکەت ئێمەی خستۆتە ئیستراحەتەوە، هەر زانیاریەك هەبێ لەسەر دوژمن و جموجۆڵی سوپا پێویست بەئێمە ناکات بینێرین بۆ بارزانی، ئەو زوو هەمووی کاکڵە دەکات و دەیگەیەنێتە ئەنجام. ماوەیەك هاتووچۆ هەبوو لەنێواندا وکلیلی جفرەم دەنارد بۆ مامۆستا ئیسماعیل سەرهەنگ لەئێستگەی بێتەلی پیرمام، ئەویش ئەوانەی لای خۆی بۆ دەناردم، ئەتوانم بڵێم بەهەردووکمان ئیش و کاری دامودەزگایەکی فراوانمان ئەنجام ئەدا.

ڕێککەوتنامەی عبدالسلام عارف و کورد -لامەرکەزی-:
حاجی عبدالرزاق محمود پارێزگاری سلێمانی، لەسەرەتای مانگی (١/١٩٦٤)ەوە پەیامنێرو پەیامبەری نێوان عبدالسلام عارف و بارزانی بوو. لەڕۆژی ١٩٦٤/١/٢٥ لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی لە (بێتەلی ئاراس)ەوە بەبروسکەیەکی کراوە، ئاگاداری هەموو هێزەکانی س.ش.ك و بارەگاکانی پ.د.ك لەسەرانسەری کوردستاندا کرا کە خۆیان لەڕێگاوبانەکانی هاتوچۆی سەربازی ڕژێم دووربخەنەوە، دوای شەش ڕۆژی تر، واتە لە ١٩٦٤/١/٣١ بەفەرمانی بارزانی ئاگاداری هێزەکانی س.ش.ك و بارەگاکانی پ.د.ك کرا بۆ ڕاگرتنی هەموو چالاکیەك دژی سوپای عێراق. ڕۆژی ١٩٦٤/٢/١٠ لەئێزگەی بەغداد ڕێککەوتنامەی نێوان عبدالسلام عارف و سەرۆك بارزانی بڵاوکرایەوە. لەهەمان کاتدا شای ئێران زۆر لەجەمال عبدالناسر و باس وخواسی یەکێتی عەرەب دەترساو هەوڵی ئەدا پەنجە بخاتە ناو شۆڕشی کوردەوەو پشتگیری خۆی پیشان ئەدا بۆ یارمەتی کورد بەمەرجێ کورد

شەڕ ڕانەگرێ بەگژ ڕژێمی عبدالسلام عارفدا بچێ. بارزانی پێی وابوو ئەمە بەئاگاداری ئەمریکاو لەوانەیە ڕووسیاش بێ، لەلایەکی دیکەشەوە دەیفەرموو: ئەگەر ئەمەریکا، یان ڕووسیا و ئەمریکا هەردوولایان پێکەوە بیانەوێ کورد مافی نەتەوایەتی خۆی وەربگرێ ئەوا ئەرێ ونەرێ دراوسێکانمان مەرج نیەو بایەخی پێ نادرێ، لەبەرئەوە زۆر هەوڵی ئەدا ویست و ئارەزووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ کێشەی کورد ڕابکێشێ و جارجار پرس و ڕای ئەدا بەگوێیاندا. بارزانی دەیزانی ئاشتی لەگەڵ عبدالسلام عارف دا تاسەر نیەو هەداری ناچێتە سەر.

* کۆمەڵێ ئەفسەری عەرەب هاتبوونە ریزی شۆڕشەوەو لە (قەڵادزە) نیشتەجێ کرابوون، مانگانەو یارمەتیم بەسەریاندا دابەش ئەکرد، لەهاتنێکی حاجی عبدالرزاق دا بۆ لای بارزانی لەڕانیە، لەسەر فەرمانی بارزانی ناوی هەموویانم کرد بەلیستەیەك و ناوی دوو ئەفسەری کوردیش کەخۆیان ئارەزوومەند بوون بگەڕێنەوە لای میری تێهەڵکێشم کردو دامە دەست حاجی عبدالرزاق نوێنەری ڕژێم بۆئەوەی بگێڕێنەوە سەر وەزیفە. هەموویان چوونەوە سەر وەزیفە، لەناو هەمان لیستەدا ناوی (ئەفسەرێکی پۆلیس)یشم نوسیبوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قسەخۆش بوو بەڵام لای بارزانی زۆریان بۆ تێچاندبوو.

* ڕۆژی هەینی ٢١/شوبات/١٩٦٤، سەرۆك بارزانی لەڕانیە لەماڵی (کانەبی ئاغا) میوانە، ئەمڕۆ متەسەریفی سلێمانی (حاجی عبدالرزاق) لەگەڵ عقید سالم محمد امین و دوو ڕۆژنامەگەری میسری هاتن بۆ خزمەت بارزانی لە (ڕانیە).

دۆستی کورد:

* ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧/شوبات/١٩٦٤، ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەگەرو نوێنەرانی میدیاکانی عالەمی هاتن بۆ لای سەرۆك بارزانی لەڕانیە.

لەناو ڕۆژنامەگەرەکاندا سەر لەنوێ نوێنەری (نیویۆرك تایمز). ڕۆژنامەگەر (دانا ئادەم شمیت) هاتەوە بۆ لای سەرۆك بارزانی لە(ڕانیە).. ئەو کاتەش من وەرگێڕ بووم لەنێواندا، ناوبراو زۆر بەرێکوپێکی باسی کوردو کێشەی کوردی دەخستە بەرچاو میللەتی ئەمریکاو خۆی بەدۆستێکی کورد دەزانی.

* ڕۆژی شەممە ٢٩/شوبات/١٩٦٤، ابراهیم احمد و سید عزیز و عومەر دەبابە لەدەرەوەی وڵات گەڕانەوە بۆ (ماوەت)، بارزانی فەرمووی: دڵنیام ئەمانیش وەك مام جەلال تاڵەبانی هیچ دەنگوباسێك نادەن بەدەستەوە و ئاکامی گەشتەکەیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ من باس ناکەن، بەڵام من لای خۆمەوە بۆ هەموو وتووێژێك لەنێوان ئێمەو حکوومەتدا بانگیان دەکەم و گوێ لەڕایان دەگرم.

*سەرۆك بارزانی لەکاتی ئاشتیدا*:

دوای هەموو ڕاگرتنێکی شەڕو پشوودان و بەرپابوونی ئاشتی لەنێوان شۆڕش و میریدا، پێوەندی کردن بەدانیشتوانی شارو دێهاتەکانەوە ئاسانتر دەبوو، لەکاتی ئاشتیدا و بەهۆی ئەو پێوەندییانەی بەمیللەتەوە دەکرا، بارزانی بۆی دەردەکەوت ئایا ڕێکەوتننامەکەیان لاپەسەندە یان نەو. هەروەها بۆ میللەت دەردەکەوت، ئایا میری سوورە لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ڕێکەوتننامەکە، یان دەستی دەستیمان پێ دەکات. لەدوای هاتنی هەر ڕژێمێکی نوێ، بارزانی ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ گفتوگۆ، بۆئەوەی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات ئاشکرا بێ، کورد ئاشتیخوازەو دەیەوێ بەگفتوگۆ کێشەی نەتەوەی کورد جێبەجێ بکرێ. هەردەم ملکەچی میللەت بوو بۆ سەلماندنی پرۆژەی ئاشتی وبەمافی نەتەوایەتی گەیشتن. بەرە بەرە بۆی دەردەکەوت ڕژێم سستیی دەکات لەبەئەنجام گەیاندنی ڕێککەوتننامەکە. لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی میللەت بەتەمای مافی نەتەوایەتی زیاترن، هەلومەرجی دەست دانەوە چەك دەهاتەوە پێش، کەشۆڕش دەستی پێ دەکردەوە سەدان گەنجی دیکە دەکەوتنە شوێن شۆڕش و دەهاتنە ریزی س.ش.ك: {سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان}، شۆڕش لەپێشووتر پتەوتر و بەهێزتر دەبوو و بەرەکانی شەڕ و ناوچە ئازادکراوەکان بەهێزتر دەکران.

لەکاتی ئاشتیشدا سەرلەنوێ ڕیزەکانی س.ش.ك ، ڕێکخستن و ئاڵووگۆڕی زیاتری تێدا دەکراو پتەوتر دەکرا، فەرماندەی هێزەکان دەهاتنە لای بارزانی و وورەیان بەرزتر دەکرایەوەو ئامۆژگارییان دەکراو باشتر لەبارزانی تێ دەگەیشتن. ئەو گیروگرفتانەی لەئارادابوون باسی دەکران چارەیان بۆ ئەدۆزرایەوە، دەیان ڕۆژنامەگەری بیانی دەهاتنە کوردستان و کێشەی میللەتی کوردیان تێ دەگەیێنراو بەدرێژی بۆیان باس دەکرا، جاری واش هەبوو بەنامەی تایبەتی یان زارەکی، بارزانی ڕجاوتکای خۆی ئاڕاستەی سەرۆکی دەوڵەتان دەکرد بەهۆی ئەو ڕۆژنامەنووسانەوە زیاتر کێشەی کوردی دەخستە سەر مێزی دامودەزگای وڵاتان. دەیویست لەمیللەتی کوردو عێراق و وڵاتانی دەرەوەش بگەیەنێ کەکورد شەڕخواز نیەو بارزانی مەبەستی دابین کردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردە. بارزانی دەرگای گفتوگۆی دانەدەخست بەو هیوایەی میری ملکەچی پەیمان و ڕێکەوتننامەکە بێ و کورد دووچاری ناهەمواریی شەڕ نەبێ.

کاتێ ڕێکەوتننامەی لامەرکەزی نێوان بارزانی و عبدالسلام خوێنرایەوە، بارزانی فەرمووی: ئەو کەسانەی بەمنیان دەووت شۆڕشی کوردی بەمۆزو پرتەقاڵ فرۆشت، لەناو شاری سلێمانیدا لەسەر دەهۆڵ و زوڕنا هەڵدەپەڕین و شادمانیان دەردەبڕی

بەرامبەر ڕاوەستانی شەڕ و بەدیهێنانی لامەرکەزی، دەهۆڵ و زوڕنا تەواو بووبوو، ئەوان دەستیان لەهەڵپەڕکێ بەرنەئەدا. لەوکاتانەدا، لەژێر چاودێریی (حاجی عبدالرزاق محمود)کە پارێزگاری سلێمانی بوو، بەزیلی سەربازی ئازووقە دەنێردرا بۆ بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەو میوەش دەهات بۆ بارەگای بارزانی، بەو هۆیەوە هەندێ کەسان لەناو وڵات و دەرەوەی وڵات کەباسی بارزانیان دەکرد، دەیانگوت: شۆڕشی کوردی بەمۆزو پرتەقاڵ فرۆشتووە، لەئەو سەردەمەدا، لەهاوینی ساڵی ١٩٦٤ بارەگای بێتەلی ئاراس لەقەڵادزە بوو، هێژا (کمال فوئاد) لەئەڵمانیاوە بەسەردانیی هاتبووەوە وڵات، بۆ ماوەیەکی کورت هاتە لامان و دانیشت، وتم: اسماعیل عارف لەئەڵمانیا گەڕاوەتەوەو ئێستا لەسلێمانیە، کاسێتێکی تۆمارکراوی هێناوەتەوە و دەنگی فلان کەسی تێدایەو لەکۆبوونەوەکەدا دەڵێ: مەلا مستەفا شۆڕشی کوردی بەمۆزو پرتەقاڵ فرۆشتووە، بەدڵگرانیەوە فەرمووی: لەسلێمانی فابریقەی درۆ دانراوە!

لابردنی سەرۆك بارزانی:
جەلال تاڵەبانی ئەندامی (م.س)گەشتێکی بۆ دەرەوەی وڵات کردو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەریی سازئەدا..، هەروەها مامۆستا ابراهیم احمد لەگەڵ کاربەدەستانی بیانی دانیشتنی دەکرد، دواتر گەشتێکی کرد بۆ ئەمەریکاو ڕووسیا. لەچوون و گەڕانەوەیاندا ئاگادرای بارزانییان نەدەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەرەبەرە هۆکارەکانی دووبەرەکی زیاتر پەرەبسێنێ.
لەڕۆژانی ٤ هەتا٩/٤/١٩٦٤، م.س لە(مالومە) کۆنفراسێکیان سازدا لەو کۆنفراسەدا (م.س) لەمالومە بەچەند خاڵێك سەرۆك بارزانیان لەهەموو دەسەڵاتێکی فەرماندەی شۆڕش و سەرۆکایەتی پ.د.ك داماڵی. بارزانی بروسکەکەی خوێندەوە، فەرمووی: من بەبڕیاری ئەوان نەبووم بەفەرماندەی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆم ئەم کارەم گرتۆتە ئەستۆ، بۆ لابردنی زۆرو ستەم لەسەر ئەستۆی میللەتی کورد، بەردەوام و سوور دەبم لەسەر سەندنی مافی کورد. فەرمووی: لەئاکامی خەباتی خۆمدا نوێنەرانی میللەت وکورد کردوومیان بەسەرۆکی پارتی. لەدوای بڕیارەکانی (م.س) لە(مالومە) دژی بارزانی... ئەم لای خۆیەوە فەرماندەی نوێی دانا بۆ هێزەکانی ناوچەی سۆران.
* ڕۆژی یەکشەممە ٣/مایس/١٩٦٤، ئەمشەو لەئێستگەی بەغدادەوە دەستوری کاتیی عێراق بڵاوکرایەوە، هیچ ڕوونکردنەوەو دەست نیشانکردنی مافی نەتەوایەتی کوردی تێدا نەبوو.
* ڕۆژی دووشەمە ٤/مایس/١٩٦٤، لەسەر بڕیاری سەرۆك بارزانی، کۆبوونەوەیەکی گشتی دەکرێت لەنوێنەرانی میللەتی کورد، بۆ دراسەت کردنی دەستورە کاتیەکەی میری و یادداشتێك ئامادە دەکرێ و بەدەستی ژمارەیەك نوێنەرانی هەڵبژێراوی کورد دەنێررێت بۆ کاربەدەستانی میری و هەروەها پێشکەش کردنی سەرجەم داخوازیەکانی نەتەوەی کورد بەمیری.
* ڕۆژی سێشەممە ٢/حوزەیران/١٩٦٤، سەرۆك وەزیر {تاهیر یەحیا، و قائد فرقەی دوو (ابراهیم فەیسەڵ الانساری)و بەڕێوەبەری گشتیی استخباراتی عەسکەری (هادی خماس)و چەند لێپرساوێکی دیکەی میری}، ئەو مەشروعەی حکوومەت بۆ کوردی داناوە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان و دایانە دەست سەرۆك بارزانی.

سەلامی سەربازیانە بۆ عیسا سوار:
کاتێ لەڕۆژی ٢/٦/١٩٦٤، تاهیر یحیی بەنوێنەرایەتی ڕژێم لەگەڵ ابراهیم فیصل الانصاری هاتن بۆ لای بارزانی لە (خەلەکان)، انصاری قائد فرقەی دوو بوو، کەمتابێژێ باسی ئەو شەڕانەی کرد کە لەژێر فەرماندەی خۆیدا بووە دژ بە س.ش.ك. بەسەرۆك بارزانی ووت: زۆر حەز ئەکەم (عیسا سوار: فەرماندەی هێزی زاخۆ) ببینم و لەبەری هەستم و سەلامێکی سەربازیانەی بۆ بکەم بەرامبەر ئازایەتی و ئەو پلانانەی شەڕ کەدایدەنا بەرامبەر هێزەکانی سوپای عێراق لەناوچەی زاخۆ، ڕێزی لێ دەگرم بۆ ئەو لێهاتوویی وتواناییەی کە بەرهەڵست و بەرگریی پلانەکانی دامودەزگای ئەرکانی سوپای عێراقی دەکرد. دوای ئەوە وتی: لە (چیای سپیلکی
هەریرو باتاس) دوو فەرماندەی پێشمەرگە بەرامبەریان بوون، یەکێکیان (عقید رکن کافی نبوی)و ئەوی دیکەیان (مقدم رکن عزیز عقراوی) بوو، گوتی: پلانمان دانا بۆ هێرش کردنە سەر سەمتی ڕاست و چەپی شوێنەکانی پێشمەرگە.
بەفەرماندەی هێزەکانی سوپام ووت: عقید کافی زاناو دانایە لە هونەرو تاکتیکی شەڕداو مرۆڤێکی هێمنە، پێشەکی بەهەموو توانایەکمانەوە هێرش دەکەینە سەر ئەو بەرەیەی ئەو فەرماندەیەتی، وتی: کە (عقید کافی) شکا، مقدم عزیز عقراوی بێ شەڕ شوێنەکانی خۆی چۆڵ دەکات، چونکە کەللەیی و توندە میزاج و کەم پشوو ڕاڕایەو بێ پلانە، وتی: بەشتا لەگەرمەی شەڕدا

بووین دژ بەهێزەکەی عقید کافی و هێشتا نەشکابوو، لەولاوە مقدم عزیز کەوتە پێ دزکەو شوێنەکانی خۆی بەرداو پاشەکشەی کردو پلانەکەمان سەری گرت. دواتر ابراهیم فیصل الانصاری، وتی: (کافی بس اسمه کاف)، واتە: عقید کافی ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی بۆ لێهاتوویی.
* ڕۆژی چوارشەممە ٣/حوزەیران/١٩٦٤، ئێمەش مەشروعێکمان ئامادەکرد، سەبارەت بەیەك لەدوای یەکی مافەکانی میللەتی کورد. تەسلیم بەمیری کرا، بێ چەندو چوون میری ڕەفزی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی وای بەباش زانی کەوەفدێك ئامادە بکرێ و بنێررێن بۆ بەغداد، بۆ مەبەستی درێژەپێدانی وتووێژ.
بنیاتنانەوەی پارتی، پێش کۆنگرەی شەش:
لە١٩٦٤/٦/٣،لەسەرفەرمانی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی، لەناو شاری سلێمانی لیژنەیەکم دانا بەناوی لیژنەی ناوچەی سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ناوشارو خزمەت کردنی میللەت و بەڕێوەبردنی کاری پارتایەتی، تا ئەوکاتەی کۆنگرەی شەش دەگیرێ. لیژنەکە پێکهاتبوو لەئەفسەری پۆلیس کمال احمد برقی و علی ابراهیم دەروێش و حەمە عزیز و حەمە دەروێش نادر. دوای چەند ڕۆژێك هەندێ کەس بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە فەرمانێك یان ڕاسپاردەیەك هەبێت لەلایەن شۆڕشەوە، دەستیان کرد بەکوشتن و ڕاوەدوونانی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیست لەناو شاری سلێمانی دا، لەسەرفەرمانی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی دەست بەجێ لە قەڵادزەوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی و ئەندامانی لیژنەی ناوبراو نێردران بۆ بنکەی (بێتواتە) بۆ لێکۆڵینەو ە. خوالێخۆش بوو (عەونی یوسف) دانرا بەسەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەوکارە ناهەموارە. ئەوکارەساتە هیچ پێوەندیی بە(بنکەی کانی ماسی)ەوە نەبوو، کە پاشماوەی بارودۆخی لەوەو پێشتر بوو. دوای ماوەیەك (بنکەی کانی ماسی) هەڵپێچرا. هەروەها لەسەرفەرمانی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی لیژنەی ناوچەی (قەڵادزە)م دانا. (ڕەسوڵ مامەند) لێپرسراویان بوو، لەهەمان کاتدا ناوبراو سەرپەرشتیی لیژنەی ناوچەی ڕانیەشی دەکرد.
* ڕۆژی هەینی ٥/حوزەیران/١٩٦٤، لەم ڕۆژانەدا لە (ڕانیە) کۆنگرەیەکی عەسکەری دەگیرێ بەسەرۆکایەتی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی.

لەئەمریکا جاش بەڕێزە:
لەهاوینی ساڵی ١٩٦٤، ڕۆژنامەگەرێکی ئەمەریکی ناوی (ستیفنسن) بوو، لەگەڵ سکرتێرەکەیدا بەناوی (ڕۆژنامەی مڵ وەوکێ)یەوە چەند ڕۆژێ لەسەریەك چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بارزانیدا کرد، من وەرگێڕ بووم لەنێوانیاندا. داوایان کرد خۆیان بشۆن، گەرماوێکم لەناو شارۆچکەی (ڕانیە)دا بۆ قۆرخ کردن و ژووری خۆ ڕووتکردنەوەو ژوورە گەرمەکەو جۆرنەی ئاوی ساردو گەرمم پیشان دان. دوای خۆشتن، کە هاتنە دەرەوە (ستیفنسن) ئەوکاتە وتی: سەد ساڵ پێش ئێستا دوا گەرماوی گشتی لەئەمەریکا قەدەغەکراوە. کەباسی (جاش) کرا، وتی: لەئەمەریکا جاش بەختەوەرە، بۆ ڕەزاڵەت کردن ناوی ئەو وەك ناووناتۆرە بەکارناهێنن و هەمووکەسێ توانای ڕاگرتنی جاشی نیە، تەنیا ماڵی پیاوە گەورەکان و دەوڵەمەندەکان لەباخەکانیاندا ڕای دەگرن و مناڵەکانیان خزمەتی دەکەن، تەنانەت حزبی دیموکراتی ئەمەریکی دروشمەکەیان وێنەی (کەرە)، کاتی خۆی ئەم حزبە ویستوویانە پێوەندیی ئەمریکا لەبەریتانیا جیا بکەنەوە.

قوتابخانەو خولی برین پێچی و نەشتەرگەری:
لەساڵانی ١٩٦٤ بەدواوە، تەنانەت لەکاتی مفاوەزاتە تەمەن کورتەکانیشدا دەرگای قوتابخانەکان بۆ کچان و کوران دەکرانەوە، سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، بۆ نموونە: لەقوتابخانەی ناوەندیی و دواناوەندیی گەڵاڵە کچ وکوڕ پێکەوە بوون، ئەم هێژایانەش وانەیان دەووتەوە: دوکتۆر محمود علی عوسمان، نوری شاوەیس، هاشم عەقراوی، و منیش وانەی ئینگلیزیم دەووتەوە. نەخۆشخانەکان و تیمارخانەکان چ لەپەنای چیاو دۆڵەکاندا، چ لەناو ئەشکەوتەکاندا،لەساڵی ١٩٦٦بەدواوە ،لەژێر چاودێری دکتۆر محمودددا بێ گیروگرفتی گرنگ بەڕێوە دەبران و خولی برین پێچی و فریاگوزاریی لەناکاو بۆ برینداری و نەخۆشیی تەشەنەکەر، بەردەوام بوو. (دکتۆر تاهیر بابان) لەساڵی ١٩٦٣و بەدواوە ، لەناوچەی بارزان بەتەنیا نیمچە نەخۆشخانەیەکی لەگوندی (هافنکا) لەدامێنی چیای (شیرین) لەسەر ڕوباری (شین/زێی گەورە)کردبووەوە و نەشتەرگەریی بچووکیشی تێدا دەکرد. جارێکیان کابرایەکی کوێر، کچەکەی چاوساغی دەبێ و بۆ وەرگرتنی دەرمانی سك ئێشە دەچێتە لای دکتۆر تایەر بابان، دەرمانەکەی ئەداتێ و پێشی. دەڵێ ڕوخسەتم بدە تەماشای چاوەکانت بکەم، کابرا بەدڵخۆشیەوە بواری ئەدا نەشتەرگەری لەهەردوو چاویدا بکات. بەدەرزی سەرخڕ دکتۆر دەست ئەکات بەلابردنی بەشێ لەتانەکانی سەر بیلبیلەی چاوی نەخۆشەکەو چاوەکانی هەڵدەبەستێ، دوای ماوەیەك پەڕۆکە لەسەر چاوی لا دەبات و ڕوناکی و سۆمایی نیوە بەنیوەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەم باسە دەگاتە گوندەکانی دوورتر.

لەدێهاتی ئەودیو سنوری تورکیاشەوە خەڵکان بۆ چارەسەری نەخۆشی دەهاتنە لای. بەرێکەوت ئەو کچەی بۆ چاو ساغی لەگەڵ باوکیدا دەبێ، پارچە خاڵێکی رەش لایەکی سەر گۆنای داپۆشیوەو لێی بووە بە کێشەیەك. دکتۆر تایەربابان بەهەمان شێوە خاڵە رەشە پانەکە لەسەر روومەتی کچەکە لادەبات و دوای دوو سێ مانگ کچەکە شوو دەکات. لەناوچەی بارزان، کابرایەك تووشی نەخۆشیی گەری Leprosy دەبێ، کە دەرمانەکەی تەنها لەناو خەستەخانەکانی میریدا سەرف دەکرێ و لەبازاردا فرۆشتنی قەدەغەیە، ئەمیش زۆر بەنهێنی یەکێك دەنێرێ بۆلای دکتۆرێکی برادەری خۆی، لەشاری (کوت)ەوە دەرمانەکەی بۆ دەنێرێ و نەخۆشەکەی پێ چاك دەکاتەوە.
* چاك کردن و پان کردنی رێگای نێوان گوندەکان بەردەوام بوو، ئەمەش لەژێر چاودێری (خ.ل) نوری شاوەیسدا و هەروەها لەکاتێکدا وەزیری (اشغال واسکان) بوو لەبەغداد، هەستا بەپان کردن و راست کردنەوەی پێچەکان و جادەی (هاملتۆن) لەنێوان هەولێرو حاجی هۆمەراندا. لەو نێوانەدا ئەوەندەی بتوانرایە داوو دەرمانی بەیتاڵسازی و بەربەست کردنی نەخۆشیی ئاژەڵ و ماڵات پەیدا دەکراو دەخرایە بەردەست خاوەن مەڕو ماڵات و گاوگۆتاڵ.
خولی کادری پارتی دەکرایەوە (پارێزەرو نووسەر جەرجیس فتح الله شماس) سەرپەرشتیی دەکرد.

کوردی پاك هەموویان لەخۆمانن:
لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولداو کاتێ (م.س) لە (مالومە) بوو، کابرایەکی دێهاتی دەچێتە لای مامۆستا ابراهیم احمد ئەیەوێ ببێ بە (پ.م)و داوای چەکێکی لێ دەکات، ئەویش لێی دەپرسێ: تۆئەندامی، واتە تۆ ئەندامی (پ.د.ك)یت؟ کابرا ئەڵێ: قوربان تۆ چەکێکم بدەرێ ملی سەد ئەندام ئەشکێنم. لەناوچەی (م.س/مالومە) ئەگەر کەسێ ئەندامی پ.د.ك بووایە پێیان دەوت (لەخۆمانە)و ئەگەر ئەندامی پ.د.ك نەبوایە ئەیانگوت (لەخۆمان نیە)، وایان لەبارزانی گەیاندبوو...! بارزانی زۆر جار، ئەو کاتانە، نارەزایی خۆی بەرامبەر ئەم باسە دەردەبڕی و دەیفەرموو: کوردی پاك هەموویان (لەخۆمانن).
رۆژێکیان، دوای رێککەوتنامەی ئازار لای (خ.ل) ئیدریس بارزانی دانیشتبووم، پێشمەرگەیەکی بەتەمەن هاتەلای، وتی: قوربان ناوم بخەرە لیستەی شەهیدانەوە، ئەمیش فەرمووی: تۆ زرپ و زیندوویت، بۆچی ناوت بخەمە لیستەی شەهیدانەوە؟ پێشمەرگەکە وتی: ئاخر، مووچەی خێزانی شەهید پێنج دیناری زیاترە لەمانگانەی پێشمەرگەی زیندوو.

سازدانی کۆنگرەی شەشی پارتی:
* رۆژی چوارشەممە ۱/تەمموز/۱۹٦٤: لەمرۆوە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دەست پێ کرا لەشاری (قەڵادزە) بەسەرۆکایەتی مەلا مصطفی بارزانی، ژمارەی (٦۳۹) ئەندام ئامادەبوون، هەریەکەیان نوێنەری (۲٥) ئەندام بوو.
کاتێك بریار درا کۆنگرەی شەشی پارتی لەقەڵادزە بگیرێت، هەرچەند بەرێوەبەری گشتی (مخابرە) بووم لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی ئەرکی ئەو کۆبوونەوەیە بوو لەسەر شانی من بوو، وەك کۆکردنەوەو بانگ کردنی ئەندامان و پاڵێوراوان لەهەموو لایەکی کوردستانەوە بۆ قەڵادزە. ئامادەکردنی شوێنی کۆنگرەو چاك کردنی هۆڵی کۆبوونەوە. دابین کردنی شوێنی نووستن و حەوانەوە بۆ هەموو میوانەکان، دابین کردنی خۆراك و پێویستیەکان بۆ هەمووان. دابین کردنی ئازووقە، رێکخستن وتەدارەك کردن و بەرێ کردنی ئەندامەکان لەقەڵادزەوە بۆ بارەگاکانی (پ.د.ك) و (س.ش.ك) لەدوای تەواو بوونی کۆنگرەکە.

هێزی پێشمەرگە کەوتە رێ بەرەو (م.س/مالومە):
لەرۆژی ۷/۱ تەمموز/۱۹٦٤، کاتێ کۆنگرەی شەش لەقەڵادزە دەست پێکرا بەئامادەبوونی سەرۆك بارزانی، دوابەدوای کۆنگرە لەرۆژی ۱۹٦٤/۷/۱۷ بەفەرمانی بارزانی هێزی پێشمەرگە کەوتە رێ بەرەو (م.س/مالومە)و لەماوەی حەفتەیەکداو بێ شەڕو تەقەو کوشتار هەموو پێشمەرگەو فەرماندەکانیان هاتنە ناو ریزی سوپای شۆڕشگێری کوردستان.
ژمارەی ٤۰۰-٤٥۰ پ.م وکادری حزبی لەگەڵ هەندێ لەئەندامانی (م.س/مالومە) لەهەمان حەفتەدا ناوچەکەیان بەجێ هێشت و شەوی ۱۹٦٤/۷/۲٤ چوونە ناو ئێرانەوەو دوواتر لە (هەمەدان) جێگیربوون.

مامۆستا ابراهیم احمد:
پێش دەربازبوونی باڵی (م.س/مالومە) بۆ دیوی ئێران بە مێژووی ۱۹٦٤/۷/۲٤، وتارێکی بۆ فەرماندەی هێز و بەتالیۆن و پێشمەرگەکان ئاراستە کردبوو، دەڵێ: {من نامەوێ کورد، کورد بکوژێ، نامەوێ لەگەڵ هێزەکەی مەلا مستەفا بارزانی کە بەرەو (مالومە) دێت چنگ بخەینە ناو خوێنی یەکترەوە، ئێمە دەچین بۆ دیوی ئێران، هەر لێپرساوێ یان هەر پێشمەرگەیەك دەیەوێ بمێنێتەوەو بچێتە پاڵ بارزانی دەرگا لەسەر پشتەو ئێوە ئازادن و ئەوەی لەگەڵ ئێمەش ئەمێنێتەوەو شوێنمان

ئەکەویٚ هەمدیس ئازادە، ئێمە ناتوانین پێشبینی بکەین چیمان بەسەریەت لەناو ئێراندا. هەر (پ.م) یان ئەندامێکی (پ.د.ک) یش دەچێتەوە ماڵی خۆی و سەر ئیش و کاری ئاسایی خۆی، هەمدیسان ئازادە...}.
* لەسەر فەرمانی بارزانی، بارەگاکانی س.ش.ك لەناوچەی هەولێرو سلێمانی ئاگادارکران، کە بەهەستی ڕێزو لێبووردنەوە دەستی برایەتی درێژ بکەن بۆ لایەنگران و کەسانی سەر بەسەرکردایەتی باڵی دابڕاوی م.س و هیچ کەسێ بۆی نیە دەستدرێژی بکاتە سەر ژیان و ئازادییان و مانەوەیان لەژێر سێبەری شۆڕشدا جێی ڕێزو ستایشە.
* ٢٦/ئەیلول مانگی ١٩٦٤/٩، لەڕۆژی (٢٨)ی ئەم مانگەوە کۆنگرەی میللی لە (قەڵادزە) ئەگیرێت، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی میللەت، بۆ بەشداری کردن لەمەجلسی قیادەی شۆڕش لەسەرتاسەری کوردستان.

غازی ژەهراوی:
دوای کشانەوەو ئاودیوبوونی باڵی م.س جەلالی بۆ ئێران، عەقید نوری مەلا مارف کرا بەسەرکردەی ئەرکانی (س.ش.ك). ڕۆژێکیان بروسکەیەکی نارد بۆ هەموو هێزەکانی (س.ش.ك) چاودێریی خۆیان بکەن کە شەڕ هەڵگیرسایەوە ڕژێم غازی ژەهراوی بەکاردێنێ. بارزانی بروسکەکەی خوێندەوە، زۆر نائارام وتووڕە بوو، فەرمووی ئێمە هێشتا لە وتووێژداین و شەڕ لەئارادا نیە، چۆن ئەبێ بەهەواڵی لەم جۆرە ورەی میللەت بروخێنرێ، لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەك نیە کەڕژێم ئەم جۆرە غازانە بەکاربهێنێ.

سەبەتەیەك هێلکەو لابردنی گومرگ:
ساڵی ١٩٦٤، بارزانی بۆ گەڕان بەناو کوردستاندا، گەیشتبووە شارۆچکەی (چوارتا)، لەماڵێك میوان بوو، کابرایەك بەخۆیی و سەبەتەیەك هێلکەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی بچێتە ژوورەوە بۆ لای بارزانی، کە گەیشتە ژوورەوە، وتی: قوربان ئەم سەبەتە هێلکەی مریشکی کوردیەم بۆ بەرێزتان هێناوە، لەوەڵامدا بارزانی بەکابرای ووت: من پێویستم بەهێلکە نیە، بەڵام دیارە تۆ مەبەستێکی دیکەت هەیە، کابرا وتی بەڵێ: خێزانەکەم ماوەیەکە هێلکەی مریشکەکانمان کۆدەکاتەوەو ئەمڕۆ بەرەو سلێمانی کەوتمە ڕێ بیفرۆشم. لەناو (چوارتا) دەرچووم، گومرگی جەنابتان پسووڵەی نیو دیناریان بۆ کردم و پارەکەم دا، گەیشتمە نزیك (ئەزمەر)، ووتیان ئەم پسووڵەیە ناخوات، دەبێ نیو دیناری دیکە گومرگ بدەیت، ئەو نیو دینارەشم ڕەق کردەوە، دڵنیام لە (دەباشان)ی نزیك سلێمانی بەدینارێکیش لەدەستیان ڕزگار نابم، بەباشترم زانی سەبەتە هێلکەکە بەرەو (چوارتا) بهێنمەوەو پێشکەش بەئێوەی سەرۆکی ئەم شۆڕشەی بکەم.
بارزانی زۆر دڵگیر بوو، لەهەمان کاتدا پێخۆشحاڵ بوو کە ئەم باسە ڕاستەو ڕاست هاتە بەردەستی.
لەسەر فەرمانی بارزانی خۆی، بروسکەیەکم کرد بۆ هەموو بنکەکانی (س.ش.ك)و بارەگاکانی (پ.د.ك): لەئەمڕۆ بەدواوە گومرگ و باج و هیچ جۆرە ڕسوماتێکی گومرگ لەهاووڵاتیان ناسەندرێ، تەنیا لەبارە توتن باج وەردەگرن کاتێ کەدڵنیا دەبن دەچێتە ناو شارەکانەوە بۆ فەحس کردن و فرۆشتن، بۆ ئەم مەبەستەش ئامۆژگاریتان پێ دەگات.
دەیفەرموو: میللەت، ئەوانەی چەکیان دژی کورد هەڵنەگرتووەو دژی ئەم شۆڕشە ڕەفتار ناکەن هەموو بەپێشمەرگە دەژمێردرێن، لەبەرئەوە پێویست ناکات باج و خەراج و ئابوونەیان لێ بسەندرێ، ئەگەر کەسێ زەکاتی شەرعی لەسەر بێ و بەئارەزوو و ویستی خۆی بیدات بەپێشمەرگە، ئەوا ئەو کەسە جێی ڕێزو ستایشە و خودا لێی ڕازی بێ و زەکاتەکەی لێ قبوڵ بکرێ.

بارزانی بەردەوام ئاگاداری دەنگوباسی دنیابوو:
بارزانی حەزی دەکرد گوێ لەڕادیۆ بگرێ و بەردەوام ئاگاداری دەنگوباسی دنیابوو، گوێی لەو ئیستگانە دەگرت کە بەزمانی عەرەبی، ڕوسی یان فارسی دەئاخاوتن. لەکاتی گەڕان بەشوێن ئێستگەیەکدا ئەگەر میلی ڕادیۆکە بچوایە سەر (قورئان)لای نەدەبرد، و وازی لەو ئیستگەیە دەهێنا کە بەشوێنیدا دەگەڕا، هەتا دوا ئایەت گوێی لەقورئانەکە دەگرت.

ڕۆژانی کۆنگرەی شەشی پ.د.ك (١٩٦٤/٧/١):
ئەو کاتانە بارودۆخی ناو سلێمانی زۆر ئاڵۆز بوو، کەتاریك دادەهات دەست دەکرا بەدزی و جەردەیی و چوونە سەرماڵان و دوکانان بۆ پارە کێشانەوەو تاڵان کردنی ماڵی هاووڵاتیان، دوای ئەوە ئەو پیاو خراپانە کەوتنە لێدان و کوشتن و دیل کردنی خەڵکی بێ تاوان. هەندێ لەو کەسانە تێکەڵاو بەپارتی ئەو سەردەمە ببوون و لەگوندی (کانی ماسی) نێوان سلێمانی و تانجەرۆ بەندیخانەیان دانابوو. لە ١٩٦٤/٧/٥ لەکاتی کۆنگرەدا بڕیار درا من بچمەوە بۆ سلێمانی لەگەڵ پەلێ پێشمەرگەی بارزانیدا.

بەیارمەتی کەسانی دیکەی پێ لایەن لەناو شاری سلێمانی ئەو بارودۆخە نالەبارە ڕاست بکەینەوە. تەنانەت وەزعی قوتابخانە ناوەندیەکان و دواناوەندیەکان زۆر ئاڵۆز بوو، مامۆستاو دەستەی بەڕێوەبەرانی ئەو قوتابخانانە بەچەقۆ و بەدەمانچە لەناو پۆلدا پێ ڕێز دەکران.
لەماوەیەکی کەمدا توانیمان ئەو پیاوخراپانە دووربخەینەوە، دزو جەردەکانیش دەستگیرکران، هەندێکیان لیستەیان لەباخەڵ دا بوو بۆ کوشتنی ئەم وئەو لەپیاوو ژن. شەوو ڕۆژ کارم دەکرد بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە نابەجێ یە لەناو شاری سلێمانیدا، لەئەنجامدا ئەو ئاڵۆزیەمان نەهێشت.

مامۆستا قانع:
لەگەڵ ئەوەدا بارزانی سەرقاڵی کاری سیاسەت و پێشمەرگایەتی بوو، هەمیشە
میواندارێی پیاوانی کوردی کردووە لەهەموو چینەکانی کوردستان و هەروەها عەرەب و تورکمان. لەکۆڕەکەیدا باسی گەلێ شتی جۆراوجۆر دەکرا، هەریەکەو تاموچێژی خۆی هەبوو.
هاوینی ١٩٦٤، لەبارەگای بارزانی لە (سەنگەسەر)، (مامۆستا قانع) کۆڕی دانیشتنەکەی گەرم کردبوو، باس ڕۆیشت و باس هات مامۆستا قانع وتی: قوربان واز لەم برایەتیەی کوردو عەرەب بێنە، تەنانەت خواش لەقورئاندا جنێوی بەعەرەب داوە!
بارزانی فەرمووی: کوا قورئان جنێوی تێدایە؟
قانع وتی: ئەی ئەوە نیە لەسورەتی (التوبە)دا خوا دەفەرموێ: الاعرابُ أَشَدُّ کُفراً ونفاقاً!
بارزانی فەرموی: جائەوە کەی جنێوە؟
لەوەڵامدا مامۆستا قانع وتی: قوربان جنێوی خوا هەروا دەبێ، خۆ نافەرموێ واوا لەدایکی عەرەب؟ بارزانی لەبەرخۆیەوە وتی: دەگوێی لێ بگرن چی دەڵێ!
* ڕۆژی هەینی ١٣/تشرینی دووهەم/١٩٦٤، لیوا ڕوکن (تاها محمد امین) کرا بەقائد فرقەی دوو.
* ڕۆژی شەممە ١٤/تشرینی دووهەم/١٩٦٤، گۆڕانکاری کرا لەنێوان وەزارەتەکانی بەغداد: {تاهیر یەحیا: رەئیس وزرا، ناجی تالب: خارجیە، سوبحی عبدالحمید: داخلیە، محسن حسین الحبیب: دفاع، عبدالکریم فرحان: سەقافەو ارشاد، محمد جواد العبوسی: مالیە، عبدالستار علی الحسین: عدل، شوکری ساڵح زەکی: تربیە، عبدالعزیز الوتار: نەوت، عزیز حافز: اقتصاد، شامل السامرائی: تەندروستی، عبدالصاحب علوان: اصلاح زراعی، عبدالفتاح الالوسی: اشغال، عبد المحسن زلزلە: تەختیت، عبدالمجید سعید: مواصلات، هدیب الجادر: سەناعە، عبدالهادی الراوی: زراعە، فوئاد الراوی: بلدیات، عبدالکریم الحانی: عمل، موصلح النقشبندی: اوقاف، عبدالرزاق محی الدین: شؤون الوحدە، مسعود محمد: وزیر الدولە (لەسەر لیستی کورد)}.
بڕیاری سەرۆك بارزانی وابوو کە من تەرشیح بکات بۆ یەکێك لە ئەو وەزارەتانە، بەڵام لەوکاتانەدا، ڕۆژنامەنوسێکی بیانی هاتە لای بارزانی لە (سەنگەسەر)، وتی: لایەنێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، فڵان کەسیان لاپەسەندە، بکرێ بە وەزیر ئیتر نازانم هەتا چ ڕادەیەك ئاخاوتنی ئەو ڕۆژنامەنووسە ڕاست و دروست بوو.
* ڕۆژی چوارشەممە ٩/کانونی یەکەم/١٩٦٤، (شێخ احمد بارزانی)و عقید رکن عزیز توفیق و زعیم عزیز چلبی هاتن بۆ لای سەرۆك بارزانی لە (ڕانیە).
* ڕۆژی پێنجشەممە ١٠/کانونی یەکەم/١٩٦٤، بارزانی فەرمووی: خۆت تەرشیح بکە بۆ ئەندامەتی مەجلسی سەرکردایەتی شۆڕش.
* ڕۆژی یەکشەممە ١٣/کانونی یەکەم/٦٤، عقید سلیم فخری و موسا کازم الجبوری و ژمارەیەکی دیکە لە ئەفسەرانی پایەبڵندی سوپای عێراق و ئەندازیار سامی محمد عبدالرحمن، کە لەدەست ڕژێمی بەغداد ڕایان کردبوو، لەقەڵادزە بوون، لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی خانوویەکم بەکرێ بۆ تەرخان کردن، لەگەڵ مووچەی مانگانەدا بۆ هەریەکێکیان و مووچەش بۆ ملازم عبداللە محمد لاوە (دواتر بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی ١١ئازار/١٩٧٠ بوو بەرائد لە بەغداد، بەدەستی کەسێکی نەناسراو (شەهید کرا)و عەقید لەتیف (لەکاتی ڕژێمی عبدالکریم قاسم دا سەرکردەی جەیشی. شەعبی سەر بەحزبی شیوعی بوو) لەکاتی مفاوەزاتدا، لەسەر داخوازی من و ڕەزامەندیی سەرۆك بارزانی (عەقید لەتیف)یان گێڕایەوە بۆ سوپای عێراق، دواتر (حاجی عبدالرزاق محمود) لەبەردەمی سەرۆك بارزانیدا گلەیی لێ کردم کەئەو ئیشەم پێ ئەنجام داوە.
(عەقید سەلیم فخری) لەڕێگەی (قەرەداغ)ەوە ڕۆیشتبوو بۆ بەغداد، شەوی یەکشەممە ١٣/کانونی یەکەم/١٩٦٤ ڕادیۆی اسرائیل بڵاوی کردەوە گوایا (عەقید سلیم فخری)و ژمارەیەك ئەفسەری پلە بەرز لەبەغداد اعدام کراون، بەتاوانی بەشداربوونیان لەپلانی کودەتایەکی سەربازیدا دژی ڕژێمی عبدالسلام عارف.

شەڕو پێکدادان لەنێوان (سوپای عبدالسلام عارف و س.ش.ك):
لەدەوروبەری ١٩٦٥/٤/١، شەڕو پێکدادان لەنێوان (سوپای عبدالسلام عارف و س.ش.ك)دا دەستی پێ کردەوە، میری پاشگەزبووەوە لەجێبەجێ کردنی (ڕێکەوتننامەی لامەرکەزی). میللەت سەر لەنوێ پشتگیری شۆڕشی کرد بۆ سەردانەنەواندن و سووربوون لەسەر چەسپاندنی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد. پێشمەرگە لەشارو شارۆچکەکان کشانەوە بەرەو شوێنی قایمتر و هەروەها بۆ مەبەستی دوورخستنەوەی دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکانە لەزەبرو زەنگی سوپای عێراق. دەیان ئەفسەرو سەدان سەربازو پۆلیس و گەنجان هاتنە ڕیزی (س.ش.ك)ەوە.
* ڕۆژی شەممە ١/کانونی دووهەم/١٩٦٥، لەدوای سەعات سێ و نیوی پاش نیوەڕۆوە، شەڕێکی توند ڕوویدا لەسەر ڕێگای سلێمانی- کەرکوك، لەنێوان لقێکی پێشمەرگەو سوپادا، لاشەی هەشت عەسکەر بەجێ هێڵرا، بەگوێرەی بروسکەی سوپا، هەشت سەربازیش بەسەختی بریندار کراون. سوپای عێراق ڕێگای کەرکوك- سلێمانی داخست.
* ڕۆژی یەکشەممە ٣/کانونی دووهەم/١٩٦٥، ڕێگەی سلێمانی- کەرکوك لەدوای سەعات یانزدەی سەر لەبەیانیەوە دەکرێتەوە هەتا سەعات شەشی ئێوارە هاتووچۆ ئازادە.
* ڕۆژی یەکشەممە ١٠/کانونی دووهەم/١٩٦٥، ئێستا جارێ لەناو شاری (قەڵادزە)ین، ئەمڕۆ باران زۆر باری.
* ڕۆژی سێشەممە ١٩/کانونی دووهەم/١٩٦٥، میری هاتوچۆی پیاوو نێرینەی قەدەغە کردووە لەنێوان کەرکوك- سلێمانی و سلێمانی- قەڵادزە، تەنها ژن بۆی هەیە هاتوچۆ بکات.
* ڕۆژی چوارشەممە ٢٠/کانونی دووهەم/١٩٦٥، وەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، لەسەر بڕیاری (کۆنگرەی شەشی پ.د.ك)، کە لەقەڵادزە ئەنجام درا، هەروەها ڕەزامەندیی سەرۆك بارزانی، ئەمڕۆ لەگەڵ (پەلێك پ.م)ی بارزانیدا چووم بۆ ناو شاری سلێمانی بۆ پاکسازی کردنی بنکەی (کانی ماسی) کە پاشماوەی (پ.د.ك)ی سەردەمی (م.س)ی (مالومە) بوو. هەروەها بۆ ڕزگارکردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی لەو مەفارزی دزوجەردەو پیاوخراپانەی لەناو شارەکەدا بڵاوبووبوونەوە ئازاری خەڵکیان ئەداو سەرانەیان وەردەگرت.
* ڕۆژی چوارشەممە ٣/شوبات/١٩٦٥، بەشی زۆری دزو جەردەو پیاوخراپەکانی ناو شاری سلێمانی گیران. بۆ دڵنیا کردنی هاووڵاتیان، لەناو ئوتومبێلدا لەناو شاری سلێمانیدا سووڕێنرانەوە، بنکەی دزو جەردەکان لەناو دێهاتەکان و گەڕەکەکانی دەوروپشتی سلێمانیدا بوون.
* ڕۆژی چوارشەممە ١٠/شوبات/١٩٦٥، لەناو شاری سلێمانی بازاڕودوکانەکان داخرابوون، واتە خەڵکەکە مانیان گرتووە دژی ئەوەی ماوەی ساڵێك تێپەڕیووە بەسەر ڕاوەستانی شەڕدا، لەنێوان سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و ڕژێمی عێراقدا، بێ ئەوەی هیچ مافێك بۆ کورد ڕوون کرابێتەوە. میری ناردنی نەوت و بەنزینی قەدەغە کرد لەکەرکوکەوە بێت بۆ سلێمانی، هەروەها میری ڕێگەی (سلێمانی- دەربەندیخان)ی داخست.
* ڕۆژی چوارشەممە ١٧/شوبات/١٩٦٥، لەبەردەم مزگەوتی خانەقا، لەناو شاری سلێمانی، کۆمەڵێ چەکداری نەناسراو، دەستڕێژیان کرد لەخۆم و ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵمابوون، (پ.م نەسرەدین)ی شۆفێر و (پ.م شێخ ڕەشید) بریندار کران، ڕۆژی دوایی لەسلێمانی یەوە گەڕامەوە بۆ (قەڵادزە)، شەو چووم بۆ خزمەتی بارزانی و ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، پڕ بەدڵ پێی ناخۆش بوو.
سەرەتای ناهەمواری:
لەدوای تەواوکردنی ئەو کاروبارە لەسلێمانی، نێردرام بۆ ناوچەی (شوان) لەدەوروبەری کەرکوك، چونکە لەوێ هەندێ لە لێپرسراوانی شۆڕش کاری سەربەخۆیان دەکردو ئاڵۆزیان دەخستە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و میریەوە. لەوکاتەدا لەگفتوگۆ کردندا بووین، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە فەرمانم لە بەرزانیەوە بۆ هات، کەبۆ ماوەیەك لە (کەرکوك) بمێنمەوەو بەیارمەتی ئەفسەرێکی فرقەی دوو گەشتێ بکەین بەناوچەکەداو چی گیروگرفتێ دروست بووە لەنێوان دامودەزگای سوپای و پێشمەرگەدا چارەسەر بکرێ، هەروەها گێڕانەوەی ئەو ئوتومبێلە سەربازیانەی لەکاتی (گفتوگۆ)دا ڕفێنرابوون. دوای چەند جارێك هاتووچۆ و چارەسەرکردنی دەیان گیروگرفتی لەم بابەتە، هێواش هێواش نێوان ئێمەو میری دوورتر دەکەوتەوە. پێش دەست پێکردنەوەی شەڕ لەدوا چوونمدا بۆ کەرکوك هەستم کرد ئەمڕۆ بەسبەیم پێ دەکەن، ئەو داخوازیانەی هەمان بوو بۆ سوودی شۆڕش هیچیان جێبەجێ نەئەکردو داوایان لێ کردم ئەبێت بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لەو کێشانە بچم بۆ بەغداد، لەبەغداد داوایان لێ کردم نەگەڕێمەوە بۆ ناو شۆڕش و هەرچی کارێکم دەوێ بمدەنێ. منیش زوو تێگەیشتم ئەمە داوێکی گەورەیەو بەتەنها ناتوانم لێی ڕزگار ببم، وتم: "باشە ئەمێنمەوە بەمەرجێ ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتم بکەن". دڵنیابووم کە تازە ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ ناو شۆڕش و بارودۆخەکە شڵەژاوە. لێرەدا مەبەستی میری ئەوەبوو لەشوێنێ دام بنێت و بروسکەی شۆڕشم پێ حەل بکەن. هەروەها دوورم بخەنەوە لەو بەرهەمە سوود بەخشەی هەمە بۆ شۆڕش.

لەبەغداوە نامەیەکم نووسی بۆ بارزانی و بارودۆخەکەی خۆم بۆ ڕوون کردەوە، بەهۆی خوشکمەوە نامەکەم بۆ نارد، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵم ئەدا یەکێ فریام بکەوێ و بتوانێ لەبەغدا ڕزگارم بکات و بگەڕێمەوە کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە ڕووم کردە ئەفسەرێکی کورد (کریم قرنی) لەبەغدا. وتی: "ئەوەندەی لەتوانامدا بێ هەوڵ ئەدەم دەربازت بکەم"، دوای کاتژمێرێك لەگەراجی ناو ماڵەکەیەوە پێکەوە سواری ئوتومبێلەکەی بووین، کە هاتینە دەرەوە دوور بەدوور ئوتومبێل وەستا بوون، دوورو نزیك دوامان کەوتن، (کریم قرنی) هەتا ئەیتوانی ئوتومبێلەکەی خێراتر لێدەخوڕی و ئەم کۆڵان وئەو کۆڵانی پێدەکردم. لەدڵی خۆمدا وتم: "مەحاڵە ئەو دوو ئوتومبێلە بماندۆزنەوە". لەدواجار بردمیە بەردەمی ماڵێك وتی: "ئەم ماڵەش هی خۆمانەو ئێستا کەسی لێ نیە. ڕۆژی دوایی هات بەشوێنمدا سەیری کرد ئەملاوئەولای ماڵەکە بەئەمن و ئیستخبارات گیرابوو، پێی ڕاگەیاندم بردنە دەرەوەم لەبەغدا زۆر زەحمەتەو میری کون بەکون بەدووامەوەیە، ئیتر هیچ هیوایەکم نەما کە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، نامەیەکی ترم نارد بۆ بارزانی بۆم نوسیبوو بەگەیشتنم بۆ ئەوروپا پەیوەندی دەکەم بەبرادەرانەوە تاوەکو یارمەتیم بدەن بۆ گەڕانەوەم بەرەو کوردستان، میری داینام بەمعاون ملاحف لەباڵیۆزخانەی عێراق لەئەسینا (یۆنان).

من لەهەوڵ و تەقەلای ئەوەدابووم دەستم بگات بە لایەنێك کە یارمەتیم بدەن بۆ گەڕاندنەوەم. یەکەمجار نامەیەکی (مسجل)م نارد بۆ (دوکتۆر کمال فوئاد) ئەوکاتە لەئەڵمانیا بوو، وام ئەزانی نامەی تۆمارکراو (مسجل) زووتر ئەگات وەك لەنامەی ئاسایی. وەڵامی دکتۆر کەمال فوئادم بۆ هاتەوە، ئێستاش لەیادمە نوسیبووی: نامەی ئاسایی خێراتر ئەگات وەك لەنامەی تۆمارکراو، ئامادەیی هاریکاریی خۆی دەربڕیبوو و ڕێگای پیشان دام چۆن بگەمە ئەڵمانیا. لەهەمان کاتدا ئەفسەرێکی عەرەب بەخۆی و جانتایەك بروسکەی جفرەکراوی شۆڕشەوە هات بۆ (ئەسینا)، پێی گوتم: ئەو بروسکانەم هێناوە کلیلەکانیمان بۆ بدۆزەرەوەو لەماوەی دوو سێ هەفتەدا تەواوی بکە. "بەڕاستی ئەو هەڵوێستەم لازۆر ستەم و قورس بوو".

دەستبەجێ بڕیارم دا پەیوەندی بەچەند لایەنێکی دیکەشەوە بکەم کە بەڵکو لەناو یۆنانەوە یارمەتی دەرچوونم بدەن، چونکە لەڕاستیدا ئەوەندەم پارە پێ نەبوو بەشی چوونم بکات بۆ ئەڵمانیا. ناچار لە ئەو ئوتێلەی کە لێی بووین گواستمانەوە بۆ ئوتێلێکی هەرزانترو جانتا بروسکەکەشم لەگەڵ خۆم برد. پەیوەندیم بەباڵێوزخانەوە پچڕاند، هەتا چوار پێنج شەو لەگەڵ خێزانەکەمدا لەناو بانیۆی گەرماوی ئوتێلەکەدا ئێمە بروسکەکانمان ئەسوتاند. دڵنیابووم ئەگەر لەهەرچی شوێنێ بەیارمەتی باڵیوزخانەی عێراق بگیرێم بەو بروسکانەوە ئەوکاتە تاوانبارم ئەکەن بەوەی نهێنی باڵیوزخانەم بردووەو تووشی گیروگرفتی گەورەتر ئەبم.

شەوێکیان سەرقاڵی بروسکە سوتاندن بووم لەپڕ بانیۆکە قرچەیەکی کردو تەقی، ئەو شەوە تابەرەبەیان هەرچی جێگە کاغەزی سوتاو بێ نەمهێشت و گەرماوەکەم پاك کردەوە، بۆ سبەینێ ئەو ئوتێلەشم بەجێ هێشت چوومە ئوتێلێکی دیکەو بەخاوەنەکەیمان ووت ئەڕۆین بۆ ئیتاڵیا. بەو شێوەیە نزیکەی سێ هەفتە ماینەوە، تەنها بۆ تەلەفۆن کردن یان خواردن کڕین لەئوتێل ئەچوومە دەرەوە چونکە لەناو ئوتێلەکەوە تەلەفۆنم بۆ هیچ لایەنێك نەدەکرد.

دواجار کە تەلەفۆنم کردەوە بۆ ئەو لایەنەی دۆستی سەرۆك بارزانی، مژدەی دامێ، وتی: "سبەینێ ئوتومبێلێك دێت بەشوێنتانداو ئەتانبات بۆ فرۆکەخانە لەوێشەوە بۆ تاران"، ئەو شەوە دنیام لا ڕۆشن بووەوە خواخوام بوو زوو ڕۆژ بێتەوە. دوای ئەوە گەیشتینە تاران لەوێوە بەئوتومبێل گەڕامەوە بۆ کوردستان. ئەوکاتە بارزانی لەحاجی هۆمەران بوو لە (بەردەکلۆر)، چوومە خزمەتی بەسۆزی باوکێکی بەنرخ و دڵسۆزەوە پێشوازی لێ کردم و بەفرمانی ئەو خۆم و خێزانەکەم لەگەڵ ماڵ و خێزانی بەڕێزی بارزانیدا ماینەوە.

لەسەر فەرمانی بەڕێزیان لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ناو کوردستان بڵاوکرایەوە بەئاگاداری و فەرمانی بارزانی چوومەتە دەرەوەی وڵات بۆ ماوەیەك، دواتر گەڕاومەتەوە کوردستان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاسایی لەناو شۆڕشدا.

ئەو ماوەیەی لەیۆنان بووم بەفەسڵ کراویی ماومەتەوە وەك لەنوسراوی وەزارەتی مالیەدا هاتووە، لەژێر ژمارە (٧٤٩٠٤/ قسم الشرطه ١١٤٧١٤ فی ١٩٨٠/١١/٢٧)و ماوەکەش تەنها چوار مانگە. جا پێش ئەوەی بەفەرمانی بارزانی بچم بۆ ناوچەی کەرکوك و ناو کەرکوك وەك لەوەو پێشتر باسم کردووە، ڕۆژێك لەنزیك ڕانیە (مام جەلال)م بینی، فەرمووی: "پیرۆزبایت لێ دەکەم و مژدەت ئەدەمێ بڕیار وایە شۆڕش تۆ هەڵبژێرێت و ببیت بەوەزیر، تۆ یەکەم وەزیر دەبیت بەناوی شۆڕشەوە". کە لە (بارزانی)م پرسی فەرمووی "تۆ زۆر ماندوو بوویت و بەرهەمی کۆششی- خۆتە کە دەمانەوێ بتکەین بەوەزیر، دوا جار فەرمووی: دەبێ تۆ لەگەڵ من ناوت بچێتە مێژووەوە".

ئەوەی کە بەسەرم هات و هێنرایە ڕێگام پیلانێك بوو دژی بوونم لەناو شۆڕشدا و دوورخستنەوەم لەشۆڕش و لەخزمەتی میللەتی کورد.

بارزانی نەمر زۆرجار دەیفەرموو: "تۆ (من)ت هەیە. منیش هەمیشە قەرزاربار ڕێزو خۆشەویستی و باوکایەتیی سەرۆك مەلا مصطفی بارزانی نەمرم".

* لەبیرنـامەی سـاڵی ١٩٦٥، بەشـێوەی یەك لەدوای یەك، ڕۆژ بەڕۆژ ڕووداوەکـانی ئەو سـاڵەم بەم شـێوەیەی خـوارەوە نووسیوەتەوە.
* ڕۆژی دووشەممە ١٥/ئازار/١٩٦٥، لەبەغداد لە (ئوتێل شتورە) دابەزین.
* ڕۆژی چوارشەممە ٣١/ئازار/١٩٦٥، ژمارەیەکی زۆر جەیش و جاش و زرێپۆش چوونە ناو شاری سلێمانی و دەستیان کرد بەتەقەی کوێرانە بەناو خەڵکدا. لەیەکەم هێرشیاندا (٥٧)کەس لەدانیشتوانی ناو شار کوژران، لەناو کوژراوەکاندا پێنجیان ئافرەت بوون.
* ڕۆژی یەکشەممە ٤/نیسان/٦٥، میری نوسراوی ڕەسمیی دەرکرد، گوایە بەپلەی مولاحز منیان گێڕاوەتەوە بۆ سەر وەزیفەو بگوێزرێمەوە بۆ سەفارەتی عێراق لە (ئەسینا/ یۆنان).
* ڕۆژی دووشـەممە ١٢/نیسـان/١٩٦٥، لەبەغـدادەوە نێررام بـۆ (ئەسـینا لەیۆنان)و لەسـەفارەتی عێراق دانرام، خلیل الچلبی سکرتێری یەکەمەو خەسرەو ڕەشید جودەت ژمێریاری سەفارەتە.
* ڕۆژی هەیـنی ٧/نیسـان/١٩٦٥، ڕژێمی عـێراق لێبـووردنی گشـتیی دەرکـرد بـۆ هەمـوو ئـەو کەسـانەی لەشـۆڕشی ئەیلوولـدا بەشدارن و چەکیان دژی ڕژێم هەڵگرتووە.
* ڕۆژی شەممە ٢٢/مایس/١٩٦٥، لەبەغدادەوە ئەفسـەرێکیان ناردووە بۆ سەفارەتی عێراق لە ئەسینا، ناوی (احمد محمود الشـماع)ە، ژمـارەیەکی زۆر بروسـکەی شـیفرەکراوی کوردسـتانی لەگەڵ خـۆی هێنـاوە بەو هیـوایەوەی کەگوایا مـن شـیيان بکەمەوە و بیباتەوە بۆ وەزارەتی بەرگری عێراق، هەوڵ ئەدەم ئەوەندەی بتوانم زووتر یۆنان بەجێ بهێڵم.
* ڕۆژی هەینی ٤/حوزەیران/١٩٦٥، سەفیری ئێران زۆر لەگەڵما خەریك بوو، کە بەڵێنیان بدەمێ لەئێران بمێنمەوەو لەگەڵ دامودەزگای ئەواندا ئیش بکەم، کە زانیان مل نادەم ئینجا بەڵێنی پێ دام لەڕێگەی ئێرانەوە بەرەو کوردستان بمانگەڕێنەوە.
* ڕۆژی سێشـەممە ٨/حـوزەیران/١٩٦٥، سـەعات شـەش و نیـوی ئەم ئێـوارەیە، لە (ئەسـینا)وە بەفـڕۆکە ئەچین بـۆ (تاران)و لەوێشـەوە ئەگەڕێینەوە بـۆ کوردسـتان. سـەفیری ئێران کـوردە و خەڵـکی دەوروبەری (سابڵاغ)ە، بەدەم قسـەی خـۆش و باسی کەرەو پەنـیرو دۆی کوردسـتانەوە، لەگەڵ سـکرتێرەکەیدا پـێکەوە هەتـا فڕۆکەخـانەی (ئەسـینا) لەگەڵمانـدا هـاتن. لە(تـاران) ئێمەیان بردە ئوتێلێکی پلە باڵا ناوی (ئوتێل ڤەنەك) بوو، ڕۆژی دوایی نوێنەری بارزانی (شەمسەالدین موفتی) هات بۆ لامان، تەدارەکی گەڕانەوەمانی کرد بەرەو کوردستان هەتا (حاجی هۆمەران).
* ڕۆژی پێنجشـەممە ١٧/حـوزەیران/١٩٦٥، لە(تـاران)ەوە بەئوتـومبێلێکی تـایبەت، بەرەو (کوردسـتان/ حـاجی هـۆمەران) کەوتینە ڕێ.
* ڕۆژی یەکشـەممە ٢٠/حـوزەیران/١٩٦٥، لەسـەر فەرمـانی سـەرۆك بـارزانی و بەوپەڕی هەسـتی بـاوك و فەرزەنـدەی و پڕ ئەمەکیەوە، ئێمەیان برد بۆ شکێرو پەنابەردەکانی (چیای بەردەکلۆر)و لەڕیزی خێوەت و ڕەشماڵەکانی ماڵی سەرۆك بارزانیو سـەرجەم خـاووخێزانی کوڕەکانی خـۆی لەقەدپاڵێکـدا خێوەتیـان بـۆ ئـێمەش هەڵـدابوو، بەنـوێن و پـێخەف و پێویسـتیی ژیـانی ساکاری ئەوکاتانەوە.
* ڕۆژی دووشـەممە ٢١/حـوزەیران/١٩٦٥، فەرمانـدەی بەتالیۆنێـك لەبروسـکەیەکدا نوسـیبووی: فڕۆکەیەکمـان خسـتۆتە خوارەوەو فڕۆکەوانەکەش بەدیل گیراوە، لەسەر فەرمانی بارزانی بەبروسکە داوامان لەفەرماندەی بەتالیۆنەکە کرد کە هەندێ پارچەی فڕۆکەکە لەگەڵ فڕۆکەوانەکەدا بنێرێ. لەوەڵامدا دەرکەوت گوایە بۆ بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگە ئەم بروسکە کـراوەیەی بڵاوکـردۆتەوە، دوای دەرکەوتـنی ئەم ناڕاسـتیە فەرمانـدەی بەتـالیۆنەکە لەچەك کـراو ومـاوەیەکی زۆر بێ ئـیش و فەرمان مایەوە.
* ڕۆژی دووشەممە ٢٨/حوزەیران/١٩٦٥، ئەم ئێوارەیە فڕۆکەی بۆمباهاوێژ هاتە سەرمان و حەوت بۆمبای هەرە قورسی بەردایەوە، بـۆ سـەر خێوەتـوو ڕەشـماڵەکانی مـاڵی سـەرۆك بـارزانی. شـەڕ لەنێوان سـوپای شۆڕشـگێڕی کوردسـتان و جەیش و جاشدا لەهەموو شوێنێکی کوردستاندا بەگەرمی بەردەوامە.
* ڕۆژی یەکشەممە ٤/تەممووز/١٩٦٥، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی پێمان ئەگات، ناکۆکی و ئاڵۆزی کەوتۆتە نێوان وەزیرەکانی ڕژێمی بەغدادو، هەندێ لەوەزیرەکان ڕۆیشتوون بۆ (قاهیرە)و پەنایان بردووە بۆ (جەمال عبدالناصر).
* ڕۆژی دووشـەممە ٥/تەممـووز/١٩٦٥، لەنـاو شـاری سـلێمانی کەسـانێکی نەنـاسراو دەسـتڕێژیان لە (ناهیـدە خـانی شـێخ سـەلام)کردووەو برینداریانکراوە، ناوبراو خێزانی (نوری شاوەیس)ە، کە لەگەڵ سـەرۆك بارزانیدایەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیە، لەوەو پێشتر (ناهیدە خان) خۆشی ئەندامی لیژنەی مەرکەزیی (پ.د.ك) بوو.
* ڕۆژی سێشـەممە ٦/تەممـووز/١٩٦٥، لەبەغـداد (١٠) وەزیـری ڕژێم دەسـتیان لەکارکێشـایەوە، هـادی خمـاس و سـوبحی عبدالحمید و عبدالرزاق عارف محاوەلەی کودەتایان کردووە.

باڵی (م.س)ی دابڕاو:
بارزانی ڕێگەی دا بە (باڵی م.س)ی دابڕاو لەئێران بگەڕێنەوە بۆ وڵات، مانگی حوزەیران/١٩٦٥ کەبرادەرانی دابڕاو لەهەمەدان گەڕانەوە بۆ کوردستان، لەگەڵ ئیدریس بارزانی سەرپەرشتی دامەزراندن و جێگیرکردنی پێشمەرگەکانمان دەکرد. دوای ماوەیەك لەژێر فەرماندەی ئیدریس بارزانیدا هێزێکی تایبەت دروست کراو جەبهەیەکی گرنگ سپێردرا بەپێشمەرگەکانی م.س باڵی جەلالی، هێرشێکی پاڵەوانانەیان کردە سەر سەنگەرەکانی سوپا لەچیای (هەندرێن)و پیرۆزییەکی گرنگیان بەدی هێنا، چەندان شەهیدو برینداریشیان دا، خۆزگە ئەو دەست لەناو دەست و برایەتیە پچڕپچڕ نەبوایەو بەردەوام پتەوتر بوایە.
لەڕاستیدا نامەوێ لەم چەند لاپەڕەیەدا بچمە قووڵایی باسی ڕووداوو بەسەرهاتی ڕامیاری، چونکە زۆرشت هەیە جارێ بەنهێنیەکانی شۆڕشی کوردی ئەزانم و باس کردنیم لاپەسەند نیە. هەندێ شتی تریش کەنامەوێ لیێ بدوێم لەبەرئەوەیە نەمویستووە و نامەوێ ئاگری دووبەرەکی خۆش بکەم، هەمیشە دژی جیاوازی و دووبەرەکی و براکوژی بووم، لەو بوارەدا هیچ ڕۆڵێکم نەبووە، ئاواتەخوازی یەکگرتوویی و تەبایی بووم لەناو میللەتدا، کینەم لەو جۆرە کەسانە بووە حەزیان بەئاژاوە نانەوەو تۆمەت دروست کردن بووە بۆ مەبەستی خۆیان یاخود گەشانەوەی ئاگری دووبەرەکی.

پسووڵەی ڕوخسەتنامە:
کاتێ باڵی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکان لەهەمەدان وتاران گەڕانەوە بۆ (حاجی هۆمەران) لە نزیك بارەگای بارزانیەوە، ژمارەیەکیان داوای پسووڵەی ڕوخسەتنامەیان کرد بچنەوە بۆ دەوروبەری سلێمانی بۆ چاوپێکەوتنی خێزانەکانیان، من ئەم ڕوخسەتنامانەم لەبارزانی وەرگرت، لەوەش زیاتر، لەگەڵ چەند کەسێکیاندا پێشمەرگەشم نارد تا ناو شارۆچکەی (ماوەت). دواتر لەسلێمانیەوە نامە هات بۆ بارزانی کەئەو کەسانە لەپشت (پ.د.ك)ەوە دەستیان کردووە بەدانانی پێشمەرگەی ناوشار و بۆ مەبەستی ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی خۆیان هاتونەتەوە ناو سلێمانی نەك بۆ چاوپێکەوتن و سەردانی ماڵ و منداڵیان.
لەجاری دووهەمدا، داخوازیی ژمارەیەکی دیکەی (پ.م)ی (باڵی م.س)یان بەبارزانی ڕاگەیاند کە دەیانەوێ بچنەوە بۆ ناو شاری سلێمانی، بارزانی فەرمووی: هەندێ لەوانە بۆ کاروباری ڕامیاری دژ بەشۆڕش دەچنەوە ناو شارەکان، جارێ ناتوانین ڕوخسەتیان بدەین تائەو کاتەی نیازو مەبەستیان ڕوونتر دەبێتەوە. ئەگەر ئەو برادەرانە پێویستیان بەم جۆرە داخوازیانە هەبوایە، پێشنیارەکانیان ئەدا بە خ.ل ئیدریس بارزانی و هیچ پێشمەرگەیەکیان یەکەو ڕاست نەدەچوو بۆ لای خودی سەرۆك بارزانی. جارێك بارزانی، بێ تیلەو توانج، فەرمووی: هەر لایەنێکی سیاسی بیەوێ بە ناشارەزایی لایەنێکی نەیاری خۆی پتەو بکات، مانای ئەوەیە لایەنە سیاسیەکەی خۆی لاواز دەکات.
* لەبیرنامەکەی بەرباخەڵمدا بەم شێوەیەی خوارەوە هەندێ ڕووداوم یادداشت کردووە:
* ماوەیەك لەمەوبەر، سەرۆك بارزانی لێبووردنی گشتیی دەرکرد بۆ هەموو پێشمەرگەو لێپرسراوانی سەر بە (باڵی دابڕاوی/م.س ناسراو بە "جەلالی").
ئەمشەو سێشەممە ٦/تەمموز/١٩٦٥، ژمارەی (١٨٠) پێشمەرگە و لێپرسراوانی سەر بە (باڵی دابڕاوی پارتی/جەلالی) لە (هەمەدان)ەوە گەڕانەوە بۆ (حاجی هۆمەران).
* ڕۆژی پێنجشەممە ٨/تەمموز/١٩٦٥، ژمارەیەکی دیکە پێشمەرگەو لێپرسراوانی سەر بە (باڵی دابڕاوی پارتی/جەلالی) لە (هەمەدان) گەڕانەوە بۆ (حاجی هۆمەران). سەرۆك بارزانی کۆبوونەوەی لەگەڵدا کردن. لەپێناو بەرژەوەندی گشتی کوردستاندا، بەئەوپەڕی ڕێزەوە لەگەڵیاندا دەئاخاوت، وەکو هیچ هەڵەیەکیان بەرامبەر کوردو شەخسی بارزانی نەکردبێ.
* ڕۆژی یەکشەممە ١١/تەمموز/١٩٦٥، سەرۆك بارزانی فەرمانی پێ دام کەلەوەکالەتی بەرێزیانەوە بچم بۆ دێی (حاجی هۆمەران وزینوەشێخ)و لەگەڵ (مقدم کمال موفتی)، کەئەویش لە(هەمەدان)ەوە هاتۆتەوە، بچین بۆ لای سەرجەم پێشمەرگەو لێپرسراوانی (باڵی دابڕاوی پارتی/جەلالی)، بۆ بەخێرهاتنەوە لێکردنیان و دابین کردنی پێویستیەکانیان. لەمڕۆبەدواوە دەچنەوە ڕیزی پێشمەرگەی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان بێ جیاوازی.
* دووشەممە ١٢/تەمموز/١٩٦٥، ئەمشەو (ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی) تۆپە قورسەکانیان برد بۆ تاقی کردنەوە، پێش ئەوەی بەفەرمانی سەرۆك بارزانی ڕەوانەی بەرەی شەڕ بکرێن، لەدەوروبەری (ڕەواندوزو هاودیان).
* ڕۆژی پێنجشەممە ١٥/تەمموز/١٩٦٥، دوو ڕۆژنامەگەری فەرەنسی هاتن بۆ لای سەرۆك بارزانی لە (چیای بەردەکلۆر)، هەردووکیان سەر بەڕۆژنامەی لۆمۆندو (پاری ماچ)ن، من وەرگێڕ بووم لەنێوانیاندا، ئەوەندەی بێتەوە یادم یەکێکیان ناوی (جان شۆڤێلا)بوو.
* ڕۆژی یەکشەممە ١٨/تەمموز/١٩٦٥، شەڕ لەناوچەی (هێزی سەفین)بەگەرمی بەردەوامە.

* ڕۆژی دووشـەممە ١٩/تەمموز/١٩٦٥، بەگوێرەی ئەو بروسـکانەی کەبێتەلەکەمـان لەپەیوەنـدیەکانی نـاوخۆی مـیریەوە وەری دەگرێ، دوێنێ لەسلێمانی لە نزیك (بەکرەجۆ)وە، مەفرەزەیەکی استخباراتی سوپا چوار دەوری هەردوو (پ.م عوسەی ئامەو حسەینی فارس)یان داوە و دوای ئەوەی هەشت سەربازیان کوشتووە، پ.م عوسەی ئامە شەهیدکراوەو پ.م حسەینی فارس بەبریندارى دەسگیرکراوەو لەژێر ئەشکەنجەدا ئەمیشیان شەهید کردووەو لەناو شاری سلێمانیدا لاشەکانیان بەپشتی زرێپۆشەوە بەستووەو بەسەر شەقامەکاندا ڕایانکێشاوون.
* ڕۆژی سێشەممە ٢٠/تەمموز/١٩٦٥، ئەمڕۆ دوو فڕۆکە بەڕاکێت هێرشیان کردە سەر ئەو دوو ڕۆژنامەگەرە فەرەنسیەی سەر بەڕۆژنامەی (لۆمۆندو پاری ماچ)ن، بەڵام باش بوو نەئانگاوتران.
* ڕۆژی چوارشەممە ٢١/تەمموز/١٩٦٥، شەڕ بەگەرمی لەناوچەی (چوارتا) بەردەوامە، وەرەی هێزی پێشمەرگە بەرزە.
* ڕۆژی شەممە ٢٤/تەمموز/١٩٦٥، هەردوو ڕۆژنامەگەرە فەرەنسیەکان لەبەرەکانی شەڕی لەناوچەی چیای (بێشێ و زۆزك و دواتر چیای هەندرێن) گەڕانەوە بۆ لای سەرۆك بارزانی، ڕۆژی دوواتر لەڕێگەی (حاجی هۆمەرانەوە چوون بۆ ئێران).

نامەی بارزانی بۆ جەنەڕاڵ دیگۆڵ:
ڕۆژی پێنجشەممە ١٥/تەمموز/١٩٦٥، کاتێ ئەو دوو ڕۆژنامەگەرەی سەر بە (لۆمۆند و پاری ماچ) هاتبوون بۆ لای بارزانی لە(بەردەکلۆر- حاجی هۆمەران)، لەو سێ چوار دانیشتنەدای من وەرگێڕ بووم لەنێوانیاندا، چاوپێکەوتنەکە بەزمانی ئینگلیزی بوو، بارزانی داوای لێ کردن بارودۆخی کوردستان بخەنە بەردەم (جەنەڕاڵ دیگۆلا). یەکێکیان ناوی (جان شۆڤێلا) بوو، گوتی: باشـتر وایە ئێـوە بەنـاوی خۆتـانەوە، نـامەیەك بـۆ دیگـۆڵ بنووسـن، بـارزانی داوای لەڕۆژنامەنووسـەکە کـرد کەئەو نـامەکە بگەیەنێتە شوێنی مەبەست. بەدەم زەردەخەنەوە، ڕۆژنامەگەر وتی: ئێوە چیتان پێویستە؟ بارزانیش بەهەمان زەردەخەنەوە لێی پرسی، ئێوە (پارە) لەچی دروست ئەکەن؟ ڕۆژنامەچیەکە وتی: لەگەڵای دار (پارە) دروست ئەکەین، بارزانی فەرموی: باشـە ئـێمە گەڵای داربەڕووتـان ئەدەیـنێ بۆمـان بـکەن بەپـارە. دوای چاوپێکەوتنەکـان بـارزانی بـۆ هەریەکەیـان چەقـۆیەکی بەرباخەڵی (چوار- پێنج دەمی) بەدیاری پێشکەش کردن، ئەوانیش هەریەکەیان فرانکێکی دەرهێناو بەبارزانیان گووت: ئێمە ئەوا ئەم دوو چەقۆیەمـان لەتـۆ کـڕی بەدوو فرانـك، گووتیـان: لای ئـێمە ئەگەر برادەرێـك چەقـۆ بەدیـاری ببەخشێـ بەبرادەرەکەی، ڕەشبینی لێ دەکەین و ئەڵێین دۆستایەتیەکەمان دەپچڕێ، ئینجا بۆئەوەی بەگەشبینیەوە دیاریەکە وەربگرین، بەپارەیەکی ڕەمزی دەیقەبڵێنین بەو هیوایەی دۆستایەتی ئێمەو ئێوە نەپچڕێ؟ بارزانی بەپێخۆشحاڵیەوە دوو فرانکەکەی لێ وەرگرتن و قەڵەمبڕەکانی دایە دەستیان.
* ڕۆژی یەکشەممە ٢٥/تەمموز/١٩٦٥، لەڕێگەی حاجی هۆمەرانەوە ژمارەیەك چەکی سووك وقورسمان بۆهات، فڕۆکە زۆر بەتوندی بۆردوومانی حاجی هۆمەران و دەوروبەری چیای (بەردەکلۆر)ی کرد.
* چوارشـەممە ٢٨/تەممـوز/١٩٦٥، بـۆیەکەم جـار، ئەمشـەو فـڕۆکەی بۆمباهـاوێژ بۆردوومـانی بەرەکـانی شـەڕی کـرد، لەدەوروبەری (ڕەواندوز)، هەندێ لەبۆمباکان دابووی بەدەوروبەری سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا.

ڕۆنی بەردو قوزەڵقورت:
لەچیای (بەردەکلۆر) بەرامبەر شارۆچکەی (حاجی هۆمەران)، سێ شت سەرنجی ڕادەکێشام، لەقەدپاڵ چیاکە تاشەبەردی شینی مەیلەو قاوەیی لێیە، توێ توێ دەتوانرێ لێك جیابکرێنەوە، وەك پارچە مقەبا، ڕۆنێکی شل وزەرد و زولاڵ وەك ڕۆن زەیتون لەناو دووتوێی بەردەکاندایە، دواتر بیستم بەم شلەمەنیە دەڵێن (ڕۆنی بەرد)، بایەخێکی کیمیایی و پیشەسازیی تایبەتی هەیە، دووهەم شـت: دوو جـۆرە مشـکم دەبیـنی، جـۆری یەکەمیـان هەردوو چـاوی کـوێرو بەپێسـت داپـۆشراوو بێ گـوێ، لەکـونەکەی خـۆی دەهـاتە دەرەوەو نـزیکەی یەك مەتـر ڕێکاورێـك دووردەکەوتەوە، چەنـد بـنجێ گیـای بەپەلە دەقرتانـدو ئەیخـواردو لەسـەر هەمـان ڕێگەی هـاتنە دەرەوەی دەگەڕایەوەو دەچـووەوە نـاو کـونەکەی، کەجـارێکی تـر دەهـاتە دەرەوە بەهەمان شێوە بەلایەکی دیکەدا ئەم هاتوچۆیەی دەکرد. دەوروپشتی کونە مشکەکە پاك ولووس بوو بەئەندازەی بازنەیەکی پەنجا سانتیمەتر گژوگیای پێوەنەمابوو.
جۆری دووهەمیان: چەشنە جرجێکی سپی بەفرین وگوێ قووت و خۆشڕەوتە و جارجار هەڵدەسێتە سەر هەردوو پاشووو تەماشای ئەملاوئەولاو دوور دەکات و ملی قیت دەکاتەوەو دەکەوێتە ڕاکردن بەرەو کون وکەلەبەری ژێر بەردو دارەکان و خۆی دەشاردەوە.
سێهەم شت: جۆرێ کرم بوو، لەشی بەقەد یەکەم جومگەی پەنجە تووتەی زەلامێك لەناو قاوغێکی لەپوش دروستکراودایەو لەکاتی خۆخشاندا ئەم چەترۆکە پووشەی بەکۆڵەوەیەو بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێت، گوایا ئەگەر ئاژەڵ لەگەڵ پووش و پەڵاش وگیادا بیخوات، یەکسەر ئاژەڵەکە مردار دەبێتەوە، لەناوچەی (حاجی هۆمەران) پێی دەڵێن (قوزەڵقورت).

لەهەمان چیا گژوگیاو گولیلکی پزیشکی هەمە چەشنەی لێیە، لەهەندێ فەرهەنگی گژوگیای پزیشکیدا لەو جۆرە گژوگیاو گولیلکانە دێنە پێش چاو.
جۆرێ گوڵە زەردەی لێیە، دەکرێ بەچەپك و بەوشکیش پەڕەی گوڵەکانی سیس نابن و هەڵناوەرێن و ڕەنگی ناگۆڕێ و بۆنی خۆشە، دەیخەنە ناو جل وبەرگەوەو ڕشك وئەسپێ وکێچ دەکوژێ و بۆنی جلەکانیش خۆش دەکات. جۆرێکی پێی دەڵێن: (گوڵە ڕوون، گوڵە ڕووین Afsenteen) بۆ زۆر مەبەستی پزیشکی لەناو کوردەواریدا بەکارئەهێنرێ.
* ڕۆژی هەینی ٣٠/تەمموز/١٩٦٥، سەرۆك مەلا مصطفی بارزانی و مەسعود بارزانی هێزە تایبەتیەکەی بەرەو (چیای هەندرێن) کەوتنە ڕێ، سەعات حەوتی سەرلەبەیانی لەگەڵ بارەگای گەڕۆکی (ئاراس) ئێمەش دوابەدوایان کەوتینە ڕێ.
پلانی تۆپ باران کردنی سوپا:
* ڕۆژی هەینی ٣٠/تەمموز/١٩٦٥، سەرۆك بارزانی و مەسعود بارزانی لە (بەردەکلۆر)ی (حاجی هۆمەران)ەوە کەوتنە ڕێگە بەرەو چیای هەندرێن. بۆ دانانی پلانێکی هێرش بردنە سەر هێزەکانی میری لەڕەواندوز و جوندیان و دیانا و دەشتی بەردەم گەلی عەلی بەگ، هەروەها دەشتی هاودیان و دامێنی چیای زۆزك و گەردن حوشتر بەدیوی دەشتی (هاودیان)دا.
سەرۆك بارزانی پلانی هێرشەکەی داناو شوێنی شەش تۆپەگەورەکانی دەست نیشان کرد، دوو تۆپی گەورە لەچیای هەندرێن و چوارەکەی دیکەشی لەچیای زۆزك و گەردن حوشتر جێگیرکرد. من و هەڤاڵەکانم نیوکاتژمێر ڕێ لەکاروانەکەی بارزانی دابڕابووین، من کەوتمە پێش برادەرەکانم، بە لەلای چەپی چیای (هەندرێن)دا سەرکەوتم کەلەبەرزیەوە بەدووربین ڕێچکەی هێزەکەی بارزانی بدۆزمەوە و بێمەوە لای برادەرەکان و یەك بگرینەوە و زووتر بگەینەوە بارزانی. ڕۆژەکە زۆر گەرم بوو، دێمکەی ئاوەکەم بەپاشکۆی وڵاخێکەوە بوو لای برادەرەکانم، لەسەرکەوتن بۆ چیاکەو هاتنە خوارەوەمدا لەبرادەران دابڕام.
دەیان چاڵی قووڵ و شوێنی داڕووخاوم دەبینی، لێی نزیك ئەبوومەوەو بەشوێن ئاودا عەوداڵ بووم، لەناو ئەو چاڵانەدا باڵندەی جۆراوجۆرم دەبینی، خۆیان دابوو بەناو ئەو چاڵانەدا، دیاربوو ئەوانەش هەر بۆ ئاو خواردنەوە بوو، هەموویان مردار ببوونەوە.
چیای هەندرێن کانیاوی کەمە، و لەدەیان شوێنەوە داڕووخاوەو گابەرد بەسەرگابەردا کەوتووە، ئەو چەند کانیاوەی لێیەتی لەشوێنی نەدیودایە. گەیشتمە سەر ڕێگا ئاساییەکەی ناو چیاکە، بەتەواوەتی ماندوو بووم، لەتینوودا ناودەمم بوو بەپەڵاس، هێدی هێدی هێزو توانام لەبەر بڕا، بەچەکەکەم دوو سێ تەقەم کرد بەئاسماندا بەڵکو برادەران یەکێکیان بێن بەدەنگمەوە.
دوایی وام لێ بیستنەوە گوێیان لەتەقەکان بووە، بەڵام وای بۆچوون کەتەقەی ڕاوچیە. پەڵاسی تینوویەتی گەیشتە گەرووم و لەرز دایگرتم، توانای بەر سێبەری بەردەکەم نەما بەپەلەپرووزە خۆم گەیاندە بەرهەتاوەکەو چاوم کەوتە ڕەشکەوپێشکەو جارجار بێ هۆش دەبووم و ڕادەچڵەکیم، یان لەکاتی بێ هۆشیەکەمدا خەوم بەجامە ئاوو دۆی ساردەوە دەبینی، لەگەڵ دەمم بۆ جامەکە دەبرد ڕائەچڵەکیم و پەل وپۆم دەهاویشت. هەرچی چۆنێ بوو هەموو هێزو توانای خۆم بەکارهێنا. دوو تەقەی ترم کرد بەئاسماندا، ئەو فیشەکانەی پێم مابوون بۆ ئەوەم دانا ئەگەر شەوم بەسەرداهات و دڕندە هاتە سەرم بتوانم لەخۆمی دووربخەمەوە. دڵنیاش بووم ئەگەر شەوم بەسەردا بهاتایە ئەو توانایەم نەئەما هیچ تەقەیەك بکەم. زۆر شت بەخەیاڵمدا ئەهات حەزم دەکرد وەسیەت نامەیەك بنووسم بەڵام هێزی ئەوەم نەمابوو بتوانم پێنووس بگرم بەدەستەوە، ووردە ووردە ئومێد بڕبووم و یەك تەختە بووم لەوێدا، لەولاشەوە برادەرەکانم نیگەرانی ئەوە ببوون کەبۆ پێم ناگەنەوە، چونکە من لەو سەرکەوتن و دابەزینەدا لەسەر چیاکە گەلێ پێشیان کەوتبووم، لەگەڵ ئەوەشدا پێش ئەوەی تینوویەتی پەکم بخات چووبوومەوە سەر کاروانە ڕێگەکە. دەنگی پێی وڵاخ هاتە گوێم، بەڵام توانای ئەوەم نەبوو هەستمە سەرپێ، ووردە ووردە دەنگەکان نزیکتر بوونەوە و گوێم لەدەنگی برادەرەکانیشم بوو کەمنیان بەو شێوەیە دی زیاتر دڵگران بوون. یەکێ لە برادەرەکان پێشمەرگەیەك بوو خەڵکی قەرەداغ شارەزای کونە بەفری شاخ وداخ بوو، بەناو ڕەنا پاسارو کونە بەردەکاندا گەڕابوو هەتا کوونە بەفرێکی دۆزیبووەوە، ئەو کاوکۆتەڵ و پووش و پەڵاشەی بەردەم کونە بەفرەکەی گرتبوو لای بردبوو. ئاگریان کردەوە و کتلیەکیان پڕ کرد لەبەفر و خستیانە سەر ئاگر، ووردە ووردە دەممیان پێ تەڕ ئەکرد، بەڵام من خواخوام بوو کتلیەکە بنێم بەسەرمەوە، ئاوەکە لەدەمما زۆر تاڵ بوو، زیاتر لەئاوی گوژاڵك ئەچوو. دیسانەوە لەرز دایگرتمەوە، هەرچی چۆنێك بوو هێزم دایە بەرخۆم و بەیارمەتی برادەران گەیشتینەوە بەهێزەکەی بارزانی، بارزانی کەڕووداوەکەی بیست، پێی ناخۆش بوو، منیش لەدوای ئەو ڕووداوەوە بۆ هەرچی شوێنێك بچووما یە مەتارەی ئاوەکەم لەگەڵ خۆم هەڵدەگرت.

کۆڕو مەجلسی بارزانی:
کە بەناوچەکانی کوردستاندا تێپەڕ دەبووین وبارزانی دەیبیست ناکۆکی و ناتەبایی لەنێوان ئەم بنەماڵەیەو بنەماڵەیەکی دیکەدا هەیە، پێکی دەهێنانەوەو پاداشی هەردوو لایانی دەکردو دوای دڵنیابوون ناوچەکەی بەجێ دەهێشت.
لەناو کۆڕو مەجلیسدا بەگوێرەی پلەی زانیاری دانیشتوان دەدوا، کەهەستی دەکرد مرۆڤێکی تێهەڵقورتاو لەکۆڕی دانیشتنەکەدایە، باسی ڕامیاری و پلانی شەڕی نەدەکرد، زیاتر باسی ڕاوە بەرازو دڕندەی بەوەزەنگی دەکرد بۆ دانیشتوان،

ئەگەر پێویست بووایە باسی ڕامیاری و مافی نەتەوەی کوردی بکردایە، بەووردی و واقیعی و بەگوێرەی ئەو سەردەمەو ئەو دۆخە بۆچوونەکانی خۆی بۆ دانیشتوان ڕوون دەکردەوە، شوێن خەیاڵات و بیروهزری بێ بنچینە نەدەکەوت، لای ناخۆش بوو، ئەم هەرچی دەڵێ دانیشتوان بڵێن: بەڵێ وایە، دەیفەرموو: حەز دەکەم ڕای خۆتان دەربڕن و ئێوە چی بەڕاست و دروستر دەزانن ڕانماییم بکەن. میوان، ماوەی هەرچێ چەندێ لای دابنیشتایە، ئەم نارەحەتی پیشان نەئەدا، خۆی نائارام نەدەکردو ڕووی گرژ نەدەکرد. جاری وا ڕووی ئەدا، میوانێك چەندین سەعات لای ئەمایەوە بێ ئەوەی هیچ لایەکیان بێئاخەوێ. تەنانەت ئەگەر ئەم نەخۆشیش بووایە یان سەرئێشەیەکی هەبوایە، لەبەردەم میوانەکەدا بەئاسایی و ئارامی دائەنیشت وقسەو باسی درێژە پێ ئەدا. دەیفەرموو: ئەگەر بەمیوانەکە بڵێن (مستەفا) نەخۆشەو ناتوانێ میوانداری خەڵك بکات، بێگومان ئەو کەسە دڵگیرو زویر دەبێ و شوێن بیروهزری خۆی دەکەوێ. لەبەرئەوە، نەیدەهێشت پاسەوانەکانی دەست بنێن بەڕووی هیچ کەسێکەوە.
دەیفەرموو: با من نائارام بم و ئەو کەسە دڵگیر نەبێ. ئەگەر لەژوورەکەدا میوان زۆر بوونایە، جێی خۆی نارەحەت دەکردو جێی میوانەکەی خۆش دەکرد.

شۆڕشی بەردەوام:
لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشەکانی بارزاندا، لەساڵانی ١٩١٣ و١٩٣٢و ١٩٣٣و ١٩٤٣، ئەگەر لەسەر هەمان بنەماو بنچینەی (ئابوریی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی) هاودەم لەشوێنەکانی دیکەی کوردستان شۆڕشێ بەرپابکرایە، بێگومان یەکێك لە ئەو شۆڕشانە سەرتاسەر دەبوو و هەموو خوارووی کوردستانی دەگرتەوە.
* ڕۆژی یەکشەممە ١/ئاب/٩٦٥، هێزی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان توانی چیای (سەفین) لەدوژمن بسەنێتەوەو بەتەواوەتی ئازادکرا.
* سێ چوار ڕۆژە لەسەریەك، فڕۆکە لەبەرزیەوە کەشفی ناوچەی حاجی هۆمەران و چیای هەندرێن ئەکات. ئەمڕۆ سەعات شەش و نیوی سەرلەبەیانی دوو فڕۆکەی هێرشبەر، ڕەشماڵ و خێوەتەکانی خوارماڵی بارزانی بۆردوومان کرد، هەشت کەس بریندار بوون، دوکتۆر حیکمەت چاودێری و چارەسەری برینداەکان ئەکات، ڕۆژی دوایی سەر لەنوێ فڕۆکە بۆردوومانی دێی (زینوی)ی کرد، لەهەموو لایەکی کوردستان شەڕ بەردەوامە، سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان ورەی بەرزە، تۆپەکانمان لەدووریی ٣٢کیلۆمەترەوە نیشانە دەپێکێ.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٩/ئەیلوول/٦٥، دوو فڕۆکەی هێرشبەر، بۆردومانی کۆمەڵێ ڕەشماڵی ڕەوەندەکانی کرد لەخوار ماڵی سەرۆك بارزانیەوە، حەوت ژن وپیاوێك شەهید بوون.
* ڕۆژی دووشەممە ١٣/ئەیلوول/٦٥، هێزی سوپاو جاش گەیشتنە ناو شاری قەڵادزە، لە(سەنگەسەر) شەڕ بەردەوامە لەنێوان (هێزی کاوە)و جەیش و جاشدا.
* ڕۆژی هەینی ١٧/ئەیلوول/٦٥، لەبەغداد محاوەلەی کودەتا کرا، لەژێر فەرماندەیی (عارف عبدالرزاق)دا بەڵام سەری نەگرت.
* لەگەڵ ماڵی سەرۆك بارزانیدا، ماڵی ئێمەش لە(بەردەکلۆر)ەوە باریان کرد بۆ دێی (دیلمان)، خانویەکی لەبەردوقوڕ بۆ ماڵی ئێمەش لەخوار ماڵی سەرۆك بارزانیەوە دروست کراوە.
* ڕۆژی شەممە ٢/تشرینی یەکەم/٦٥، حکومەت (شێخ بابا عەلی شێخ محمود)ی ناردووە بۆ کردنەوەی دەرگای وتووێژ.
* ڕۆژی یەکشەممە ٣/تشرینی یەکەم/٦٥، حکومەت بەیاننامەی لێبووردنی گشتیی دەرکرد بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەشدارن.
ماوەی لێبووردنەکە هەتا ڕۆژی ١/تشرینی دووهەم بەردەوام دەبێ.
* ڕۆژی یەکشەممە ١٠/تشرینی یەکەم/٦٥، بەسەردان هاتبوومەوە بۆ ماڵەوە لەگوندی (دیلمان)، ئیدریس بارزانی نامەی بۆ ناردم کە بگەڕێمەوە بۆ لای سەرۆك بارزانی لەنزیك گوندی (ڕێزانۆك) بۆ سەرپەرشتی کردنی گوێ گرتن لەئیستگەی بێتەلی بنکەکانی سوپای میری، دەستبەجێ گەڕامەوە.
* ڕۆژی پێنجشەممە ١٤/تشرینی یەکەم/٦٥، ئەمڕۆ میری سەرژمێری گشتی ئەکات، لەهەموو لیواو قەزاو ناحیەکانی عێراقدا، بێگومان ناتوانن بێن بۆ شوێنە ئازادکراوەکان.
* ڕۆژی شەممە ١٦/تشرینی یەکەم/٦٥، ئەمڕۆ فڕۆکەی بۆمباهاوێژ چووە سەر گوندی (دیلمان)و گوندەکانی دەوروپشتی و بەچڕی بۆمبای قورسی بەردایەوە، خەڵکان وایان دەزانی فڕۆکە هاتووە بەیاننامە دەخاتە خوارەوە.

* ڕۆژی یەکشەممە ٢٤/تشرینی یەکەم/٦٥، ئەمرۆ ڕەئیس ئەرکانی جەیش و موتەسەڕیفی هەولێر چوون بۆ لای (شێخ احمد بارزانی)و داوای لێ ئەکەن ئاگاداری سەرۆك بارزانی بکات کەحکومەت ئامادەیە وتووێژ لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا بکات، شەڕ زۆر بەتوندی بەردەوامە، لەچیای (حەریرو زینەتیر).
* ڕۆژی هەینی ٣/کانونی دووەم/٦٥، نزیکەی مانگێکە لەخزمەت بارزانیدا لەناوچەی (پێنجوێن)ین.
* ڕۆژی یەکشەممە ٥/کانونی یەکەم/٦٥، میری زۆر بە پێداگرتنەوە داوا ئەکات بارزانی وتووێژیان لەگەڵدا بکات، بارزانی دەفەرمووێ: دەبێ حکومەت پێشەکی اعلانی حوکمی زاتی بکات بۆ کورد ئینجا شەڕ ڕادەوەستێنین.
* ڕۆژی یەکشەممە ١٩/کانونی یەکەم/٦٥، لەخزمەت بارزانیدا لەپێنجوێنەوە گەڕاینەوە بۆ گوندی (دیلمان) لەناوچەی (گەڵاڵە).

صالح بەگی میران هاوڕێی بارزانی:
پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆو زیرەك بوو، لەسەرەتای شۆڕشەوە هەتا ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٥ بەنوێنەرایەتی و ناوی بارزانیەوە سوڵحی عەشاریی دەکرد، کێشەی نێوان ئاغاو کەسانی دیکەی حەل دەکردو ڕاسپاردەو ئامۆژگاریی بارزانی پێ ڕادەگەیاندن، جێی ڕێزو خۆشەویستی بارزانی بوو و هاوڕێی بوو، بەردەوام لەدەوروپشتی بنکەی بێتەلی ئاراس بوو.

لە (عبدالسلام عارف)ەوە بۆ (عبدالرحمن عارف):
ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٣، عبدالسلام عارف لەفڕۆکەیەکی هێلیکۆپتەردا بەربوە خوارەوە و سووتا، هەواڵی مردنی ڕاگەیەندراو عبدالرحمن عارفی برای هاتە شوێنی، بووە سەرەك کۆمار. هەندێ لەڕۆژنامەکانی ئێران بەمانشێتی گەورە نوسیبوویان: فڕۆکەکەی عبدالسلام عارف بەگوللەی یەکێك لەبراکانی مەلا مستەفا بارزانی بەردراوەتە خوارەوە، بارزانی ئەم خەبەرەی بەدرۆ خستەوە. لەڕۆژی ١٩٦٦/٥/٢ ڕژێمی نوێ دەستی کرد بەئەنجام دانی پلانەکانی سەرۆك کۆماری سووتاو، هاوسوێندەکانی هێرشەکانیان لە(چیای زۆزك وهەندرێن)ەوە دەستی پێ کرد، بەپلانی خودی بارزانی و سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانی س.ش.ك لەچیای هەندرێن و زۆزك، هێزەکانی میری تێکشکێنران و پیرۆزیەکی سوپایی و ڕامیاری مێژوویی وەدی هێنراو میری ملکەچی گفتوگۆ بوو ڕێی ئاشتی کرایەوە.
* شەڕی (چیای هەندرێن)، شەوی ١٢/مایس/١٩٦٦ لەنێوان سوپاو هێزەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان دا ڕوویدا، سوپای عێراق نوشوستی هێنا، دواتر ڕێکەوتننامەی ٢٩/حوزەیران دەرچوو، لەکاتی فەرمانڕەوایی (عبدالرحمن عارف)و سەرۆك وەزیران عبدالرحمن بەزازدا.
یەکێك لەو ئەفسەرە گەنجانەی لەچیای هەندرێن کوژرابوون لەبیرنامەکەی بەرباخەڵیدا بە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٥/١٣ نوسیبووی: (قَجِیتُ لیله تعیسه، اللهُم افرجها علینا وعلی الشقاه)، واتە (شەوێکی ناخۆشم بردەسەر، خوایە دەرگای ڕزگاریی لەسەر ئێمەو یاخی بووەکان بکەیتەوە..!). دوای چەند ڕۆژێك میری نوێنەری خۆی نارد بۆ لای سەرۆك بارزانی و ئامادەیی خۆی بۆ مفاوەزات پیشان دا. بارزانی چوو بۆ چیای زۆزك و لەوێوە خۆی وپاسەوانەکانی لەچیاکە دابەزینە خوارەوەو خۆیان کرد بەناو بارەگای پێشەوەی سەربازگەی (هاودیان)دا. عبدالرحمن عارف و ئەفسەرەکان و سەربازەکان بەهەلهەلەو هۆسەی کەیف و شادیەوە چوون بەپیر بارزانییەوە...، خ.ل ئیدریس بارزانی فەرمانی دا بەهەموو فەرماندەو پێشمەرگەکانی چیای زۆزك و دابەزنە ناو سەربازەکان بۆ پاراستنی بارزانی و بەشداری کردن لەپێشوازی ئاشتی.
جارێکی دیکەش بارزانی بۆ میللەت و بۆ دەرەوەی وڵاتی ئاشکرا کرد: کورد ئاشتی خوازە و شەڕی ناوێ، مافی ڕەوای نەتەوەی خۆی دەوێ و ڕژێمێ کە نوێنەری هەموو میللەتی عێراق بێت. بارزانی بڕوای بەچارەسەری سیاسی و ئاشتیانەو گرتنەبەری ڕێگەی گفتوگۆ بوو، تەنانەت ئەگەر سوپای ڕژێم شکستیی بهێنایەو میری داوای وتووێژی بکردایە، ئەم یەکودووی لێ نەدەکردو ئامادەیی ئەرێی خۆی پیشان ئەداو ڕێگەی گفتوگۆی پەسەند دەکرد. وەك دانوستانی ١٩٦٦/٦/١٣ لەگەڵ عبدالرحمن بەزازدا، کەلەڕۆژی ١٩٦٦/٦/٢٩ گەیشتە ڕێکەوتننامەیەکی (١٢) برگەیی بەناوی (لامەرکەزی) بۆ کوردستان، وەك هەنگاوێکی گەورە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلوول و هیوای سەرەکیی کورد.
لەدوای مانگی ١٩٦٦/٦، شەڕی کورد وکورد بەناوی (مەلایی و جەلالی) پەرەی سەند، هەردوو لایەن ڕۆژنامەی ئۆرگانی خۆیان پێ درابوو لەبەغداد: ڕۆژنامەی (برایەتی/التاخی) سەر بەشۆڕشی ئەیلوول و بارزانی بوو، ڕۆژنامەی (النور) سەر بەباڵی جەلالی بوو، بارزانی وەك سەرکردەیەکی بەرپرسیار لە مافی نەتەوەیی وئایندەی کورد ڕەفتاری دەکردو لەکانگای دڵەوە قایل نەبوو بەو لامەرکەزیە و چاوەڕوانی دڵنیابوونی میللەتی دەکردو هەلومەرجێکی نوێ بۆ زیاتر پێ داگرتن لەسەر داخوازیەکانی میللەت.

نازناوی شێخی بارزان:

لەساڵی ١٩٦٦، بەڕێزەوە لەبارزانیم پرسی "قوربان بۆچی باوکت و براکانت نازناوی (شێخ)یان هەیە، وەك شێخ محەمەدو شێخ عبدالسلام و شێخ ئەحمەدو شێخ بابۆ، ئەی جەنابت بۆ شێخ مستەفا نەبوویت؟" فەرمووی: "پێش لەدایك بوونم مەلایەکی زۆر بەئایین و لەخواترس و پیاوچاك لەبارزان بووە، خەڵکەکە زۆر ڕێزیان لێ گرتووەو خۆشەویست بووە لەلایان، کە من لەدایك بووم لەسەر ناوی ئەو پیاوچاکەوە ناویان ناوم "مەلا مصطفی".
شێخ عبدالسلام بارزانی سەرۆك عەشیرەت و شێخی عەشایەری بارزان و براگەورەی مەلا مصطفی بارزانی کەوەفات دەکات، شێخ احمد بارزانی کوڕی شێخ محمەد بارزانی دەبێ بەسەرۆك عەشیرەت و شێخی عەشایەری بارزان، شێخ بابۆ نازناوی خۆشەویستیە پێش ئەوەی لەدایك بێ، بەچەند ڕۆژێ، باوکیان دەمرێ و لەسەر ناوی خ.ل شێخ محەمەد بارزانییەوە ناودەنرێ (شێخ بابۆ)، مەلا مصطفی بارزانی کوڕی شێخ محەمەد بارزانی کوڕی شێخ عبدالسلام بارزانی گەورەیە.

پەناگیری و پەنهانی:
لەکاتی هاتنی ڕۆژنامەنووسانی بیانیدا بۆ لای بارزانی، داوام لێ دەکردن وێنەی من و برادەرانی بێتەلی ئاراس و دامودەزگاکەمان نەگرن و باسی ئیش وکارمان نەکەن لەڕۆژنامەکانیاندا بۆئەوەی کاروبارەکەمان بەنهێنیی و پەنهانی بمێنێتەوەو ئەوەندەی بتوانرێ میری نەزانێ شیفرەی بروسکەکانیان شی دەکەینەوە و شۆڕش سوودی لێ وەردەگرێ. خۆشم نەدەچوومە بەردەم کامێراکانیان تەنانەت لەو کاتانەشدا کە لەتەنیشت بارزانییەوە دادەنیشتم و گفتوگۆیەکانم وەردەگێڕا بۆ ئینگلیزی یان لەئینگلیزی یەوە بۆ کوردی.

هەتا جاش کەمتر بێ کورد بەڕێزترە:
لەساڵی ١٩٦٦ دا ڕۆژنامەنووسێکی بیانیی، لەبارزانی پرسی، ژمارەی (پ.م) چەندە؟ ئەوکاتە بارزانی فەرمووی: بیست هەزار پێشمەرگەمان هەیە، ڕۆژنامەنووسەکە وتی: بەڵام لای میری (٣٠ سی هەزار چەکداری کوردی هەیە)، کورد جارێ دژی مافی نەتەوەیی خۆی ڕەفتار ئەکات، ئەمەش ئەوە ڕادەگەیەنێ کورد نەگەیشتۆتە ڕادەی ئەم چەرخەی میللەتانی دیکەی تێدا دەژین، وتی: ئەبێ ئێوە هەوڵ بدەن ئەو چەکدارانەش بێنە لای ئێوەو پشتی ڕژێمی عێراق بەربدەن. هەوڵ بدەن لەناوچە ئازادکراوەکانەوە کورد نەڕواو بێ بەجاش، ئەگەر ژمارەی کوردی نەیار بەشۆڕش گەیشتە ڕادەیەکی کەم، ئەوا ڕادەی پشتگیری وڵاتانی دەرەوە بەرامبەر خەباتی کورد زیاتر دەبێ، هەتا جاشتان کەمتر بێ، ڕێزتان زیاترە.

لەگەڵ بارزانی دا قۆناغ بەقۆناغ:
جارێ لەکاتی مفاوەزاتدا، برادەرێك بەبارزانی ووت: "قوربان هەق نییە جەنابتان بەناوی خۆتانەوە نامە ئاراستەی لێپرسراوی بەڕێوەبەرایەتییەك بکەن بۆ دامەزراندنی فەراشێك یان گێڕانەوەی پۆلیسێ بۆ سەرکار".
فەرمووی: "ئەگەر من لەحکومەت دڵنیابم خۆم لەگەڵ ئەو کەسەدا دەچم بۆ سلێمانی یان هەولێرو کەرکوك و لەبەردەم دەرگای لێپرسراوی بەڕێوەبەرایەتیەکەدا ڕادەوەستم تا بوارم ئەدرێت بۆ ئەو مەبەستە و دەچمە ژوورەوە (تکاکار دەبم)، کە کاری ئەو کوردە جێبەجێ بکرێ".
هەروەها دەیفەرموو: "هەر کوردێك بەئیشێکی من یان بەخزمەتێکی من دڵخۆش بێ، من دڵی خۆش ئەکەم"، بارزانی ئەیفەرموو: "کە سێ کورد سەر دەنێن بەیەکەوە، یەکێکیان دەبێت بەدوژمن دوانەکەی تریش ڕای خۆیان ناکەن بەیەك".
ئەگەر چی من دەزانم لەبارەی ژیانی سەرۆك بارزانییەوە پەرتوك ونووسراو زۆرە، بەڵام منیش خۆشحاڵ دەبم هەندێ لەو بیرەوەریانە تۆمار بکەم.
بارزانی لەکاتی برسێتی دا بۆ هاوەڵەکانی بەم شێوەیە بوو، بۆ نموونە، گەر یەك نانی پێ بووایە دەیکرد بەدوو لەتەوە، لەتێکی بۆ ئەو کەسەی کە برسیەتی و لەتەکەی تری هەڵدەگرت، لەووچانێکی تردا لەتەکەی تریشی. ئەدا بەبرسیەکی تر.. بەم شێوەیە خۆی بەبرسێتی ئەمایەوە.
لەبواری تریشدا بەم شێوەیە بوو: پارەو پوولی بۆ خزمەتی میللەت دەویست و بۆ پێشمەرگەی خەرج دەکردو هەردەم بەپێشمەرگەی دەووت: (کوڕی میللەت).
کەسایەتی خۆی چاوی لەپارەو پلەو پایە نەبوو، ئەیفەرموو: " ئەگەر لەڕۆژێکا لە سێ جار زیاتر نان بخۆم نەخۆش دەکەوم، ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش سێ جارخۆم بگۆڕم پێم دەڵێن نائاساییە، و هەرگیز بەتەماش نیم زێڕو پارە لەگەڵ خۆم ببەمە گۆڕەوە". زۆر بەئیمانیش بوو، هەمیشە نوێژی دەکرد، چەندەها جار لەکاتی نوێژدا بووە کەفرۆکە دەهاتە سەرمان بۆ بۆردوومان، جارێك لەجاران نەمدی نوێژەکەی ببڕێ لەبەر بۆمباران، لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆزیشدا بەڕۆژو دەبوو و قورئانی

پیرۆزی دەخوێندەوە، بەتەفسیرەوە. کە بەسواری وڵاخیشەوە بوایە کاتی بۆمباران نەمدی بشڵەژێ و لەسەر وڵاخەکە بێتەخوارەوە، ئەگەر دووربینی پێبوایە کاتی بۆمباران بەدووربینەکەی تەماشای فڕۆکەکانی دەکرد.
زۆر جاران دەیفەرموو: "هیچ جیاوازی یەك نیە لەنێوان من وکوردێکی دیکەدا بۆ تێکۆشان، بەڵام باهەموو ئەوە بزانن من تەسلیم بەدوژمن نابم"، گەلێکیش خۆم ڕادەگرم بەرامبەر بەنارەحەتی لەپێناوی میللەتدا.
لەکاتی دانیشتندا بۆ زیاتر بیرکردنەوە لەگیروگرفتی کورد داری دائەتاشی بەچەقۆیەکی تیژ، هەندێ جار دارجگەرە، جاری واش هەبوو لەشێوەی خەنجەر دروستی دەکرد، یان وەك چیلکەی دان ئاژنین. ترسی نەبوو، نە لەبۆردومانی فڕۆکە نەلە تۆپ باران نە لەهێزەکانی میری.
بەشەو نەدەنووست، دوای ڕۆژبوونەوەش ئەگەر ئیش وکاری گرنگ هەبوایە، یان هێرشی دوژمنان لەسەر بوایە ئەو ڕۆژگارەشی دەبردە سەر، دەیفەرموو: "نووستن بۆ کاتی بێ ئیشیە، کەئیش هەبوو، نووستن پێویست نیە".
سەرۆك بارزانی، ئەو تاقیکردنەوانەو ئەزموونانەی لەژیانیدا بەدەستی هێنابوو، لەشێوەی بیروڕایەکی جواندا دایدەڕشت و بەشێوەیەکی خۆی ئاسایی و تێکەڵاو بەو بیروهزرانەی لەژیانیدا فێری بووبوو، لەیەك بۆدەقەی نوێدا دایدەڕشت و دەری دەبڕی، ئامۆژگاری و ڕێنمای بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی بەرامبەرەکەی دەکرد، ئەگەر ئامۆژگاریەکە ڕەق بوایە بەشێوازێك دەیکرد کەئەو کەسە دڵگیر نەبێ و دانیشتوانیش تێ نەگەن مەبەستی کێیە.
حەزی لەئاخاوتنی ناڕاستەوخۆو پەنهان بوو، باس وخواسی دەخستە قاڵبێکی چیرۆك ئاساو بەشێوەیەکی کورت و پڕچێژ دەری دەبڕی و کاریگەر دەبوو لەسەر دانیشتوانی دەروپشتی. بۆ هەموو هەڵس وکەوتێکی پێویست ئایەتێکی قورئانی لەبەر دەخوێندەوە، یان کۆپلە شیعرێکی مەلای جەزیری. لەکاتی خوێندنەوەی شیعردا هەست وهزری دەچوە ناخی شیعرەکەوە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ وەك بڵێیت ئەو هەستەی شاعیرەکە دەری بڕیوە یەکسەر لەگەڵ هەست و نەستی ئەمدا دەئاخاوێ.
ڕێزی تایبەتی هەبوو بۆ شاعیرو ڕۆشنبیران و مەلای ئاینی. بچووینایە هەر گوندێ کات ودەرگای ژوورەکەی ئاوەڵەو لەسەر پشت بوو بۆ ئەو کەسانە. کاتی ئاخاوتن بەدەنگێکی ساف و زوڵاڵ دەپەیڤی، دەنگی نێر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەدەنگی بەرزنەدەکردەوە، لەدووری ١٠-١٥ مەترێکیشەوە دەنگی دەبیستراو بەڕوونی مرۆڤ لێی تێ دەگەیشت.
لەکاتی کۆبوونەوەی گرنگدا، کەپێویست وابوو، ئاخاوتنێ یان وتارێ پێشکەش بکات، ئاوازی دەنگی خۆی نەدەگۆڕی، ڕەخنەی لەو کەسانە دەگرت کەکاتی وتارخوێندنەوە خۆیان سوورو کوور دەکەنەوەو دەیکەن بەهاوارو نەڕەنەڕو پەل هاویشتن بەملاولادا.
گەلێ جار خەڵکی دەهاتنە لای بارزانی و قسەیان بۆ یەکتر ئەهۆنیەوەو هەریەکە ئەیویست بەدەستی پێشمەرگە ملی نەیارەکەی بشکێنێ، ئیتر هەرکەسەو بەجۆرێ، لەسەر ئەم، وتی و وتیەوە، بارزانی فەرمووی: "ئەگەر لەسەر (وتی وتی و ئەڵێن و دەڵێن)ی خەڵك، پاکسازیی دەوروپشتم بکەم، کاتێ خۆم دەبینمەوە بە تەنها لەسەر چیایەکم قەل وداڵ بەسەرمەوە دێن و دەچن، لەهەڵێك دەگەڕێن چاوم دەربێنن".

کورد شایەنی خزمەتە:
لە هەڵوێستێکی تایبەتدا وتم قوربان: میللەتی کورد وەك کوورەی ئاسنگەر وایە، هەتا لێوەی نزیکتر بیت زیاتر پڕیشکی ئاگرت بەردەکەوێ.
هەتا زیاتر خزمەت بکەیت تانەو تەشەری زیاترت شوێن دەخەن، فەرمووی: " منیش زۆر جار تووشی ئەو نیگەرانیە بووم، بەڵام ئەو خاوەن تانەوتەشەرانە ئاکار نزمن و ژمارەیان زۆر کەمەو نوێنەری میللەتی کورد نین. کورد شایانی ئەوەیە خزمەت بکرێت".

بارزانی و میللەت:
بارزانی: بوونێکی سادەی ئاسایی نەبوو، بەڵکو خۆی لەخۆیدا قوتابخانەیەك بوو لەبیروباوەڕی نەتەوایەتیی تایبەت بەکوردو سەرجەمی کوردستان. هاوڕێیەتی و دۆستایەتی لەگەڵ هەموو چینەکانی میللەتدا دەبەست، سەردانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی دەکرد، بۆ زیاتر پێوەندی کردن لەگەڵ جەماوەردا، بەجوتیارو شوان و گاوان و ئاغاو بەگ و سەرۆك عەشیرەتەکان و مەلای دێهاتەکان و شێخ و موریدەوە، بۆ توندکردنی دۆستایەتی و چەسپاندنی هەستی کوردایەتی لەناویانداو کۆتایی پێ هێنانی ناکۆکیی نێوان ئەم سەرۆك عەشیرەت و ئەو سەرۆك عەشیرەت و ڕوون کردنەوەی بارودۆخی کوردستان بۆ دانیشتوانی ژێر سێبەری شۆڕش.
لەهەر ماڵێ میوان بوایە، لە ٤-٥ ڕۆژ زیاتر نەدەمایەوە، یان هەتا ئەو کاتەی دەگەیشتە کۆتایی جێبەجێ کردنی کێشەی ناوچەکە، هەروەها مەبەستی لەم گەڕانەی بەناو دێهات و چیاو دەشت و دۆڵەکانی کوردستاندا بۆ چۆنیەتی دانانی پلانی شەڕ

بوو، لەکاتی پێویستدا. لای بارزانی مەرج نەبوو سەر لق، فەرماندەی بەتالیۆن یان هێز، ئەندامی پارتی بێت یان نەبێ، ڕێزو ستایشی. بۆ هەموو کوردێك هەبوو کەئامادەبێ خزمەتی میللەت بکات یان بێتە ڕیزی پێشمەرگایەتیەوە یان لەژێر سێبەری شۆڕشدا بێ.
زۆر گرنگی ئەدا بەئیمامی مزگەوتەکان و مەلای گوندەکان و ڕێزی لێ دەگرتن و هانی ئەدان لەکاتی خوتبەی هەینیدا باسی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بکەن، دابودەستوری کوردایەتی و خووڕەوشتی جوان و هەستی نەتەوایەتی لەناویاندا بچەسپێنن و زاخاوی بدەنەوە. پیاوە ئاینیەکان ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان هەبوو، لەکاتی میوانداری و کۆڕو ڕۆژانی جەژندا ئامۆژگاریی نەتەوایەتیان ئاڕاستەی خەڵکان دەکرد.
مرۆڤی بەئایین و پاك دەبێ کوردێکی پاك و نیشتمان پەروەرێکی پاك بێ و هەروەها قەشەی کەنیسەکان و پەیرەوانی ئێزیدیەکان بەهەمان ڕۆڵ هەڵسن. بەو شێوەیە، بارزانی سەرۆکێکی سوپایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، مرۆڤێکی هەردەم پێویست بوو و نەدەتوانرا وازی لێ بهێنرێ، میللەت لەگەڵ هەموو بڕیارێکیدا بوو.

دەست بەسەرداگرتنی شاروشارۆچکە:
ڕای بارزانی وابوو کەئەوەندەی بتوانرێ شارو قەزاکان نەگیرێن و دەستیان بەسەردا نەگیرێ، چونکە پێشمەرگە چەکی دژە فڕۆکەو دژە تانکی نیە کە بەرگری لەو شاروشارۆچکەو قەزایانە بکات. گرتنی شاروقەزای بەهەڵە دادەنا، لەهەموو ڕوویەکی شەڕی پارتیزانی و سوپایی وئابووری و کۆمەڵایەتیەوە، دەیفەرموو: ئەوەندەی بتوانین خۆمان تووشی شەڕی بەرەیی (جەبهە) نەکەین لەگەڵ سوپادا، ئەبێ هەوڵ بدەین هەرجارە لەلایەکەوە لەهێزی میری بدەین، بۆئەوەی ناچار بن  هێزەکانیان دابەش دابەش بکەن و دواجار لەکات و هەل و مەرجی ڕەخساودا لەکاروان و شوێنە لاوازەکانیان بدەین.
بەرەی شەڕ پێویستی بەچەك و تەقەمەنی و دابین کردنی ئازوقەو ئاو، وڵاخ یان ئوتومبێل هەیە، بەڕادەیەك نزیك لەئامرازە سوپاییەکانی میریەوە. ئەمەش ئێستا ئێمە نیمانە. گرنگ بەردەوامیی شۆڕشەو مانەوەو هێشتنەوەی میللەتی کورد لەباروودۆخی شۆڕشدا، تائەو کاتەی دەوڵەتە گەورەکان ووڵاتە یەکگرتووەکان حسابێکمان بۆ ئەکەن. بەدرێژایی شۆڕش دژی ڕزگارکردن و دەست بەسەرداگرتنی ئەو شاروشارۆچکانەی نزیك بوون لەسەنتەری شارە گەورەکانەوە و لەناوچە تەختیی و دەشتاییەکان، لەبەر ئەوەی دوای ئازادکردنیان، پێشمەرگە بەگوێرەی پێویست چەکی قورسی نەبوو دژ بەهێزی ئاسمانی و تانك و زرێپۆش.
دەیفەرموو: شارو شارۆچکەیەك کە نەتوانین بیپارێزین بۆچی دانیشتوانی بخەینە ژێر ترس و مەترسیەوە، بەدەستەوەدانی ئەو شوێنانەش دەبێتە هۆی نزم کردنەوەی ورەی خەڵکان و پێشمەرگە. دوو سێ جار، کەخۆم وەرگێر بووم لەنێوان بارزانی و هەندێ ڕۆژنامەگەری بیانیدا، دەیانگوت: ئەبێ ناوچەیەکی دیاریکراوتان بەدەستەوەبێ و بیپارێزن هەتا ئەگەر لەناو شیوو دۆڵ و قەدپاڵ چیاکانی کوردستاندا بێ. بەردەوام ناوچەیەکی وامان بەدەستەوە بوو.

نائارامی و گرژیی دەروونی:
سەرۆك بارزانی لەکاتی دانیشتنەکانی وتووێژدا لەگەڵ نوێنەرانی میری، تووڕەیی و نائارامی و گرژیی دەروونی خۆی تێکەڵاو بەدانیشتنەکە نەدەکرد. دەیفەرموو: بەرژەوەندیی میللەت ئەرکێکی گەورەیە لەسەر شانمان، نابێ توندە میزاجیی و تووڕەیی و هەڵچوون ئەو بەرژەوەندییە بئاڵۆزێنێ و تێکی بدات، بەتایبەتی بۆ وەدیهێنانی سوودو بەرژەوەندیی گشتی و مافی نەتەوەیی.
سەرۆك بارزانی: کەدەستی ئاشتی و تەبایی دەخستە ناو دەستی لێپرسراوانی ڕژێمەوەو پەیماننامەو ڕێکەوتننامەی ئیمزا دەکرد، دەستی خۆی لەناو دەستی ئەو لێپرسراوانەی میری ڕانەدەکێشا ئەگەر میری دەستی خۆی ڕانەپسکانایە.
جارێکیان لەکاتی وتووێژدا و بەڕێ کردنی پیاوێکی گەورەدا لەکاتی تەوقەکردن و پێش دەست لەناو دەست دەرهێنانـدا بەلێپرسراوە گەورەکەی ووت: ئێستا من دەست لەناو دەستت دەردەهێنم بەڵام تکاکارم و وای دانێ کەدەستم هەر لەناو دەستتدایە و بەرم نەداوە.

ئامانجی شۆڕش:
دەیفەرموو: ئامانجی ئەم شۆڕشەی میللەتی کورد هێنانەکایەوەی ڕژێمێکی دیموکراسیە بۆ هەموو میللەتی عێراق کەلەژێر سێبەریدا کوردیش بگات بەمافی نەتەوایەتی ڕەوای خۆی... و ئەگەر گەلی عێراق لەناوەڕاست وباشووری وڵاتدا شوێنی هەڵەمووت و چیاو دۆڵیان هەبووایە، ئەوانیش لەڕژێم هەڵدەگەڕانەوەو دەستیان ئەدایە چەك دژی زۆرو ستەمی ڕژێم.
دەیفەرموو: هەر ڕژێمێکی نوێ لەبەغداد هاتبێتە سەر فەرمانڕەوایی، دوای چەسپاندنی دامودەزگای خۆی، لە ئێمە هەڵگەڕاوەتەوەو هێرشی کردۆتە سەر خاکی نیشتمانی کوردو لەپەیمانی ڕێکەوتن و تەبایی پاشگەز بوونەتەوەو مافی نەتەوەی کوردیان پێشێل کردووە. ئێمە لەپێناوی پاراستنی خۆماندا هەرگیز دژایەتیی میللەتی عێراقمان نەکردووە، ڕژێم دەبێ نوێنەرو

جێی باوەڕی هەموو میللەتی عێراق بێ. لەسەرەتای هەموو وتووێژێکدا لەگەڵ ڕژێم داوای ئەوەی دەکرد، کورد مافی ڕەوای خۆی هەبێ، مافی ژیانی ئازادی خۆی هەبێ، خێروبێری کوردستان و بەروبوومی بۆ کوردستان تەرخان بکرێ و چیی لێ مایەوە بدرێ بەخەزێنەی سەرەکیی دەوڵەت...

ئاوازی شمشاڵ:
بارزانی حەزی لەئاوازی شمشاڵ بوو، هەروەها گوێی لەدەنگ وسەدای خۆش دەگرت. لەسەرەتای شۆڕشدا کاتێ لەگوندی (بێدوهێ) بووین لەناوچەی (بەرواری باڵا) سترانبێژێکیان هێنابووە ئەو ماڵەی بارزانی لێ بوو، سترانبێژەکە لەدەرەوەی ژوورەکە گۆرانیی دەووت و ئەمیش لەژوورەکەی خۆی دانیشتبوو و گوێی لێ دەگرت، دیاربوو دەنگەکەو لاوکەکەی بەدڵ نەبوو، چونکە دوای یەکەم ستران دەستی کرد بەخوێندنەوەی ئەو بروسکانەی خستبوومە بەردەستی و کەوتە باسی هەندێ ڕووداوی بەرەکانی شەڕ. حەزی لەقەوان و تۆماری کاوێس ئاغا دەکرد، بەڵام زۆر جار دەیفەرموو: خۆزگە لەلاوکەکەیدا نەیدەگووت: کورد خائینە!.

فرە حیزبی:
بارزانی نەمر بڕوای بەفرە حیزبی هەبوو، ئەو حیزبانەی لای میری قەدەغەکرابوون، لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بارەگاو مەڵبەندی خۆیان هەبوو، لەسەر ڕێبازو ئامانج وسوودو خزمەتی گەل و نیشتمان خەباتیان دەکرد. ڕێزیان لەئامۆژگاریەکانی بارزانی دەگرت بۆ سوودی گشتی و بێ جیاوازی، یارمەتی و چەك وتەقەمەنی یان پێ دەدراو دەستکەوتەکانی شەڕ بۆ خۆیان دەمایەوە، ئەگەر چەکی قورس و نیمچە قورسیان دەست بکەوتایە، دەیاننارد بۆ بارەگای سەرەکیی س.ش.ك بۆ زیاتر سوود لێ وەرگرتنی لەکات و شوێنی پێویستدا.

کوڕی میللەت:
دەیفەرموو: ڕژێم لەکاتی شەڕدا دەیان ڕۆڵەی میللەت بەکوشت ئەدات، هیچ دەربەست نیەو دەیان ڕۆڵەی دیکە دەخاتە جێگەیان بۆ ناو ئاگرو گوللە باران، لەبەرئەوە زۆر جار کوشت و کوشتار کاریگەر نیە بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕ، بەڵام سەبارەت بەهێزی ئێمە، ئەو پێشمەرگانە شەهید دەکرێن کەئازایانە چوونەتە پێشەوەی مەیدانی شەڕو شەهید بوونیان کاریگەرە لەسەر بەرەی شەڕ.
میری گوێ ناداتە ئەو زەرەرو زیانەی لێی دەکەوێ، دابین کردنی چەك و تەقەمەنی و هێزی فریادڕەس و هێنان و بردنی هێزەکانی ئاسانە، بەڵام سەبارەت بەئێمە هەموو ئەو مەرج و پێداویستیانە بەپێچەوانەیە، ئێمە ورەو پشوومان هەیەو میللەتی کورد پشتیوانمانە، نابێ ڕۆڵەکانمان لەدەست بچن، کاتی شەهیدبوونیان بەزەحمەت و درەنگتر جێیان پڕ دەکرێتەوە.

قسەی خۆش و بارزانی:
بارزانی کەم پێدەکەنی، بەڵام ئەگەر قسەوباسێکی بەدڵ بووایەو پێبکەنیایە، ئەوەندە پێدەکەنی هەردوو چاوی پڕ دەبوون لەئاو، فرمێسك بەهەردوو چاویدا دەهاتە خوارەوەو جارێکی دیکەش باسەکەی دەگێڕایەوەو دوو ئەوەندەی تر پێدەکەنی.
* جارێك گوێم لێ بوو ئەم باسەی دەگێڕایەوە:
کابرایەکی موسڵاوی سەگێك و تووتکە سەگێك ئەباتە بازاڕ بیفرۆشێ.
زەلامێك لەکابرا دەپرسێ، ئەم سەگە بەچەندە؟ ئەڵێ: بەپێنج دینار.
ئەی تووتکەکە بەچەندە؟ ئەڵێ: بە دە دینار.
کڕیارەکە دەڵێ: بۆچی دایکەکە بەپێنج دینار، بەڵام تووتکەکە بە دە دینار؟
فرۆشیار دەڵێ: ئاخر، ئەمەیان سەگە، بەڵام تووتکەکە سەگی کوڕی سەگە. (بارزانی ئەم باسەی بەعەرەبی لەهجەی موسڵاوی دەگێڕایەوە).
کاتێك کەلەڕووسیا دەبن، لەسەرەتاوە، دەوڵەت بارزانیەکان فێری خوێندن و نووسینی کوردی ئەکات وەك (محو الامیه)، مامۆستای وانەی کوردی، ناوی (مەلا حمە امین) دەبێ و خەڵکی ناوچەی ڕانیە، فێرخوازێ هەڵدەسێ و پرسیارێکی لێ دەکات، فێرخوازەکە دەرسەکەی ڕەوان نابێ، مەلا حەمە امین، تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: سبەینێ دەرسەکەت ڕەوان نەکردبێ، شەپازلەیەکت لێ ئەدەم دەشتی بیتوێنت پێ ماچ ئەکەم!
بارزانی، کەئەم باسەی دەگێڕایەوە، بەدەم پێکەنینەوە دەیگووت: مۆسکۆ تۆ لەکوێیت و بیتوێن تۆ لەکوێ!!

مەلا حمە امین یەکێك بوو لەو کەسانەی لەگەڵ بارزانیدا چووبوون بۆ رووسیا، پیاوێکی لاوازو قسە خۆش بوو، بۆیە زیاتر بەوشەی (شەپازلە)کەی پێ دەکەنی.
جارێکیان فەرمووی: لەکاتی، لاویمدا، زۆر جار دایکم دوعای خێری بۆ دەکردم و دەیگوت: ئینشاڵڵا عومرت (بەچەل وچیاوە) دەبێ، واتە ئینشاڵڵا تەمەن درێژ دەبی، من درێژایی تەمـەنم (بەچەل وچیاوە) بردە سـەر، واتە هەمـوو تەمەنم لەشـاخ و داخ بردە سەر.

جل و بەرگ:
بارزانی ئەوەندەی لەژیاندا بوو، لەکوردستان، جل و بەرگی کوردیی لەبەردەکرد، جلەکانی ساکارو پاك و تەمیز بوو، بریتی بوو لەپەشم و بەرگویز یان قاتی پێشمەرگەو بەسەریدا یەلەکێکی ڕەنگ سپات وماتی لەبەردەکرد. پشتێنی تەخت سپی گوڵی وردی ڕەنگ شین یان ڕەش و بەسەر پشتێنەکەدا فیشەکدانی دەبەست، هەمیشە خەنجەری دەبانی دەکرد بەبەر پشتێنەکەیەوە، جلەکانی لەبابەتی جلی پێشمەرگە (خاکی) بوو یان مەیلەو خاکی، دوو جامانەی سووری بەهەڵگەڕاوەیی (دیوە چنراوەکەی) دەبەسـت. ئەگەر دەوروبەری میـوانی لێ نەبـوایە کڵاوو جامـانەکەی دادەگـرت و لەتەنیشـت خـۆیەوە دایـدەنا. گـۆرەوی و پووزەوانەی خووری خۆماڵی لەپێ دەکرد، قایشی سەعاتەکەی دەستی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش پان بوو، لەهاویناندا کڵاشی هەورامی لەپێ دەکـرد، سـەرو ڕیشی۔ بەچەقـۆ ئەتـاشی، پێش سـەرورپیش تاشـین چەقـۆکەی بە مەسـەو بەهەسـان تیژو ئامـادە دەکرد.
جگەرەی دەکێشا، بۆ جگەرەکێشان دارجگەرەی بەکاردەهێنا، زۆربەی جار خۆی جگەرەی بۆخۆی تێ ئەکرد (بەپێچانەوە)و لەوێنەی کەڵلە شـەکردا. تفەنگی بڕنەوی (ژمارە ١٧)ی دەکـرد بەشـانیەوە ونـزیکەی ٥٠-٦٠ فیشـەکی هەڵـدەگرت، تەنها بـۆ نووسین و خوێندنەوە چاویلکەی بەکاردەهێنا.

سوارچاك:
بـارزانی سـوارچاك بـوو، لەکاتی سـواریدا هەرچی چەنـدێ وڵاخەکەی سـەرکێش و بزێـو بـوایە، ئەم هـێزی بەسـەریدا دەشـکا، ئەژنۆکانی لەلاتەنیشتی زینەکە دوور نەدەکەوتەوە، هەردوو باڵی لەلاتەنیشتی خۆی توند ئەکرد لەکاتی جڵەو کێشان یان جڵەو توندکردنا، کە لەوڵاخەکە دادەبەزی دوو سێ جار بەلەپی دەست ئەیدا بەلا ملی ئەسپەکەیدا وەك سوپاسگوزاری.
کە بــارزانی بەپێ هــاتوچۆی دەکــرد لەڕۆیشــتندا ســنگ بەرزو مــل بەرز بــوو، نە بەپەلە دەرۆیشــت نەهێــواش، یەکێ لەپاسـەوانەکانی لەپێشـیەوە دەرۆیشـت، ئەم بەگـوێرەی ڕەوتی ئەوسـەری ڕێگـاکەی دەگـرت، کە مانـدوو بـوایە بەزۆری لەسەرکەوتندا لەچیاکان هەڵوەستەیەکی دەکرد بۆ پشوودان، بەڵام لەکاتی پشوودانەکەیدا کورتە باسێکی دەگێڕایەوە، زۆرجار لەبارەی گژوگیای چیاکەو سوودو زیانی و هەندێ جاریش باسی ئەو ناوچەیەی دەکرد کەپیایدا تێپەڕ ئەبووین.
ڕێی نەئەدا کەسێ لەخـۆیەوە تەقە بکـات، ئەیفەرمـوو: هەتـا دڵنیـا نەبـن بێ مشـتوگرتنەوە فیشـەك نـەتەقێنرێ، هەر پێشمەرگەیەك لەکاتی شەڕدا ٥٠-٦٠ فیشەکی پێ بێت دەتوانێ بەرەنگاری دوژمن ببێتەوەو بیشکێنێ، بێگومان ئەمە سەرکەوتن و پیرۆزی و سەرفرازی بەدەست دێنێ وبەرامبەرەکەی دەشکێنێ. لەشەڕی ڕووبەڕوو ١٠-١٥ پێشمەرگەی لەم بابەتە دەتوانن سەرکەوتن بۆ بەرەی شەڕ بەدی بهێنن، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ بەردەوامی شەڕ لەبەرەیەکدا نان و ئاو بەهەمان ڕادەی فیشـەك و تەقەمەنی گرنگ و پێویستە.

نهێنیەکانی شۆڕشی ئەیلوول:

ئەو نهێنیانەی شـۆڕش کەلای بارزانی بوو، لای هیچ کەسێ نەیدەدرکاند، جارێکیان فەرمووی: تەنانەت بۆ نـزیکترین مـرۆف (لەخـۆمەوە) لەسـەدا شەسـتی نهێنیەکانی شۆڕشم باس نەکردووەو نەمخسـتۆتە ڕوو، ناڕەحەتیی و دژواری و قـورسی و گـرانی دیبلۆماسیەتی کێشەی کورد ئەم بارودۆخەی بەسەر مندا زاڵ کردووە.

شەڕی پارتیزانی کوردەواری:

ڕای بـارزانی وابـوو کەلەئەوپەڕی دارزان و لاوازیـدا سـوپای مـیری سـەربازی زیـاترو چەك وتەقەمەنی زیـاتر و پـارەو پـوولی پەسمەندەو پێویستی لەخەزنەدایە، بێجگەلە تانك و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی و ماشێنی هاتووچۆ و پاڵپشت و پشتگیری وڵاتانی دەرەوەو هەروەها بەزەیی نەهاتی میری بەگەنجان و لاوانی سوپاو بەکوشتن دانیان بێ پەروا..
بۆ کورد، مەرج نیە هەمـوو سـوپای عـێراق تێك بشـکێنێ، گرنـگ ئەوەیە شـۆڕشی کـورد پایەدارو بەردەوام بێ و ئەوەنـدەی دەتوانێ لەدوژمنی بدات، کەلەتواناو وزەدا نەما، پێشمەرگە پێ دزکە بکات و بەڕێکوپێکی و بێ خۆشڵەژاندن پاشەکشە بکات و خۆی بۆ گەڕێکی دیکەو بۆ هەلێك ئامادەبکات.
* بارزانی زۆر جار ئەم خاڵانەی خوارەوەی ڕەچاو دەکرد:
١)دیاری کردنی ئامانجمان لەو هێرشەی کەدەمانەوێ پێی هەستین.
٢)دیاری کردنی ئەو دوژمنەی کەدەمانەوێ هێرشی بکەینە سەر.
٣)چوونە بـنج وبناوانی سروشـتی ئەو دوژمـنەی بەرامبەرمانە و خـەملانـدن و هەڵسـەنگاندنی امکانیاتی بەشـەری وسـەربازی و ڕێگەی هاتۆچۆکردنیان.
٤)دەستنیشان کردن و لێ تێگەیشتنی ئەو ئەرزەی دوژمن خۆی لەسەر قایم و سەنگەر بەند کردووە.

پێشمەرگە کێن:
جارێکیان ڕۆژنامەنووسێ لەبارزانی پرسی پێشمەرگە کێن؟
فەرمـووی: لاوان، پیـاوی کامـڵ وتەنـانەت پیرەسـاڵا، خوێنـدەوارو نەخوێنـدەوار، جوتیـارو کرێکار، ئاغـاوبەگ، واتە لەهەمـوو چینەکانی گەل، بێ جیـاوازی چینـایەتی و بیروبـاوەڕی سـیاسی و نەتەوەیی، چەپـڕەوی... هتـد. لەنـاو ئەمانەشـدا دەیـان کـادری قاڵبوو پێگەیشتوون، ئەرکی سوپایی و سیاسیان گرتۆتە ئەستۆ بۆ مافی نەتەوەیی کورد.
بارزانی ئەوپەڕی ئازادی و سەربەستی ڕای دابوو بەفەرماندەی هێزەکان و بەتالیۆنەکان، کەخۆیان کات وشـوێنی هێرش کـردنە سەر سوپاو جاش دیاری بکەن، بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی کەخۆیان بۆیان دەگونجێ ولایان پەسەندە.
مرۆڤی خاوەن ڕێزو شکۆ ئەو کەسە بوو کە زیاتر ئازایەتی و مەردایەتی لێ دەوەشایەوە لەبەرەکانی شەڕدا، ئەو کەسە بوو کە زیاتر شـەونخوونی دەکـرد بـۆ بەرژەوەنـدی شـۆڕش، زیـاتر خـۆی دەگـرت بەرامـبەر برسـێتی و نەبـوونی و نائـارامی و دژواری ڕۆژانی شۆڕش.

بارزانی و وڵاتانی بیانی:
پێوەندی بارزانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، لەسەر یەك بنەماو یەك بنچینە بوو، دەیفەرموو: کورد پێویسـتی بەیارمەتی ماددی و مەعـنەوی و پشـتگیری وڵاتـانی دەرەوە هەیە، لەبەرئەوە مـن وەکـو خوازیـارێ لەپێنـاوی کـورددا هەردوو لەپی دەسـتم پـان کردۆتەوە بۆ پێشەوەی خۆم بۆ هەر پشتگیری و یارمەتییەك وڵاتێ لەوڵاتانی دەرەوە یارمەتیی کورد بدات، ناڵێم تۆ کێیت؟ ئایا خوازیار کەخێری پێ دەکرێ لەخێرەومەندەکە دەپرسێ وەرە کابرا ناوت چیە بۆ یارمەتیم ئەدەیت؟ تەنانەت لەم بارودۆخەشدا خۆم نابەستمەوە بەهەلومەرجی هیچ لایەنێك و خێراندارێکەوە، دەیفەرموو: من خزمەتکاری میللەتی کوردم، هیچ دەربەست نەدەهات کەبەئەم خزمەکاریەی میللەتی کورد دەووترا نۆکەرایەتی بێگانە.
زۆرجاریش دەیفەرمـوو: لەناچاریدایە بەو وڵاتانە دەڵێم دۆسـت، دەمەوێ تێیان بگەیەنم کورد جەردەو پیاوکوژ نین، شـوێن مافی نەتەوایەتی خۆیان کەوتوون، هەروەها بۆئەوەی لەداهاتوودا کورد هەمان گلەییم لێ نەکەن کە چۆن بۆ شێخ محمودی قارەمانیان ڕێکخسـت (گـوایە): کەتەوقەی لەگەڵ ئینگلیزەکان کـردووە، فەقیانەکەی لەدەسـتی خـۆیەوە ئاڵانـدووە بۆئەوەی دەستی گڵاو نەبێ...)، وڵاتی بیانی بەدەستی چەپ نان وئاوت ئەداتێ و بەدەستی ڕاست چاڵت بۆ هەڵدەکەنێ!.

چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە:
دەیفەرمـوو: ئەگەر چاکەیەکـت کـرد لەگەڵ کەسـێکدا، ڕۆژێ لەڕۆژان مەیـدەرەوە بەڕوویـدا، یان لای ئەمـوئەو بـاسی مەکە، هەروەها ئەگەر خێرێکیشت کرد لەڕاهی خودادا، نابێ ئاشکرای بکەیت و بیدرکێنیت، بەچاودا دانەوەی چاکە یان باس کردنی، بەفیڕۆدانی چاکەکەیە لای ئەو کەسەو لەوانەیە لای خواوەندیش.
چەواشەکردن:

بارزانی کە هەستی دەکرد مرۆڤێکی گومان لێکراو لەکۆڕەکەدا دانیشتووە، یان ئەو ڕۆژنامەنووسەی هاتۆتە لای جێگەی گومانەو بۆ مەبەستێکی دیکە هاتووە، وەڵامی پرسیارەکانی بەساویلکەیی ئەدایەوە، بۆ چەواشەکردنی ئەو کەسەو لەهەڵوێستێکی دیکەدا بەقووڵی ودیبلۆماسیەتەوە وەڵامی ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی ئەدایەوە.

ڕایەخ و پێخەف:
کە لەسەر زەوی دادەنیشت بەتانیەك یان دوو بەتانیان بەسەریەکەوە بۆ ڕادەخست لەبری دۆشەك، جل وبەرگە زیادەکانیشی لەناو توورەکەیەکی درێژکۆلەدا دەکردە سەرین و بەرۆژیش وەك پاڵپشت بۆیان دائەنا، چوار مشقی دادەنیشت و پشت ڕاست و پاڵی نەئەدایەوە بەبالیفەکەوە، بەو شێوەیە چەند سەعاتێك دەمایەوە، بێ ئەوەی قاچی ئەمدیوئەودیو پێ بکات یان سڕبی و ماندوویێتی پێوە دیاربێ.
کاتی نان خواردن لەسەر سفرەو خوان یان سینی، لەسەرخۆو بێ هەڵپەکردن نانی دەخواردو قسەی نەدەکرد، حەزی دەکرد یەك دوو کەسی دیکەش هاوبەشی بکەن لەسەر هەمان سینی، بەیانیان: خواردنی سەرەکیی نان وماست بوو، زۆرجار کەسەرتاسەری ڕۆژ لەکەژوکێو دەمایەوە، هەر سێ ژەمەکەی هەر نان وماست و چابوو. هەتا خواردنیان نەخستایە بەردەم، خۆی داوای نەدەکردو پرسیاری نەدەکرد، بەڵام کە (چا) لەبەردەم میوان یان خۆیدا نەبوایە، سەری هەڵدەبڕی و بەیەکێ لەپاسەوانەکانی دەووت: داوای چامان بۆ بکە، زۆرجار چایەکەی بەردەمی سارد دەبووەوە، ئەگەر بۆیان نەگۆڕیایە، خۆی داوای لابردنی چایە ساردەکەی نەدەکرد، کاتێ نان دانان پێی ناخۆش بوو پێشەکی خواردن لەبەردەمی ئەودا دابنێن، ئەگەر خورادنەکە لەسەر سینی بوایە، دەیفەرموو بۆ منتان جیاکردۆتەوە، با یەك دوو کەس بێن نانم لەگەڵدا بخۆن.
زێڕو ئەڵماس و یۆرانیۆم:
بارزانی زۆر گرنگی ئەدا بەجۆری ئەو (کان)انەی لەچیاکانی کوردستاندا هەن، نموونەی کریستاڵی سروشتی چیای (مامەڕووتە)و ئەسپەس و خەڵووزی بەردینی ناوچەی (ماوەت) و نموونەی (زێڕ)ی کانیاوی (دیلمان)ی دەنارد بۆ ئەزموودە، لەدەرەوەی وڵات، کە نموونەی بەردەکانی چیای (مامەڕووتە) نێررا بۆ دەرەوەی وڵات دوای ماوەیەك وەڵام هاتەوە، دەڵێ: لەژێر کریستاڵەوە ئەڵماس هەیە، لەکریستاڵەکەش دەتوانرێ شتی نایاب دروست بکرێ، تەنانەت بەئامرازو ئامێری دەستیی دەتوانرێ شتی نایابی لێ دروست بکرێ.
* بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی بەدەستی هێنابوو، لەم شوێنانەی خوارەوە (کانی یۆرانیۆم) هەیە، لەناوچەی (پێنجوێن و چەمی شلێر)، گوندی (مڕان)، لالۆمەرەو (شێنێ) لەقەڵادزە.

وەچەی هەڵکەوتوو:
دەیفەرموو: باشترو چاکتر وایە بەرگری لە (منداڵ بوون) نەکرێ، هەرچەندە منداڵ زیاتربن باشترە، چونکە لەناویاندا یەکێکیان هەڵبکەوێ، کەلێن و جێی هەموویان پڕ دەکاتەوە بۆ دایك وباوك، لەوانەیە بۆ خزمەتی میللەتیش، دەیفەرموو: ساڵەهای ساڵە لێمان دەکوژرێ، با (وەچە) زۆربن و کورد لەبن نەیەت و پەرەبسێنێ.

شەڕی بەرەیی و ڕووبەڕوو:
دەیفەرموو: هێزی پارتیزان نابێ خۆی تووشی شەڕی ڕووبەڕوو بکات، مەگەر بەناچاری و لەبەرەیەکی دیاریکراودا، هێزی پێشمەرگە هەرچی چەندێ بەهێز بێ لەچەند هەفتەیەك زیاتر ناتوانێ خۆی بەرامبەر شەڕی بەرەیی گەورە ڕابگرێ. کە لەهێڵێکەوە دوژمن هات، ئەم نابێ لەدۆخی بەرگریدا بمێنێتەوە، دەبێ بە (دەستە)و (پەل)و (لق) لەلاتەنیشتەوە یان لەدوواوە لەو هێزە بدرێ، ئەگەر نەیتوانی ئەمە بکات، پەلە نەکات، شەڕی خۆبەزێن نەکات گرنگ ئەوەیە هێزی پێشمەرگە لەئارادا بمێنێتەوەو بەرقەرار بێ، لەشوێنێکەوە بەرەنگاری هێزی سوپا بێ کەلەتوانایدا بێ، بەم شێوەیە ڕژێم هێزەکانی خۆی پرش و بڵاو دەکاتەوەو کاروانی بردنی ئازوقەو تەقەمەنی لەزیادبووندا دەبێ و هیلاك وماندوو دەکرێ. بۆ هەر کاروانێ پێویستی بەهێزی ڕەدیف هەیەو ئەرك وخەرجی شەڕ زۆر دەکەوێ لەسەری، قافڵەکانی دەکەونە ژێر ڕەحمەتی هێزی پێشمەرگەوە، لەم دەڤەرە دەچینە دەڤەرێکی دیکە، جەیش وجاش سەنگەرەکانیان بڵاودەبێتەوەو ناچاری هاتوچۆ دەبن، لەم دەرفەتانەدا لێیان بدرێ نەك هەڵکوتانە سەر سەنگەرەکانیان. ئەوان لەسەنگەری توندوتۆڵ و قایمدا خۆیان مات داوەو، لەشیان بەدەرەوە نیەو ئاسانتر دەتوانن زەفەر بەپێشمەرگەکانمان بهێنن، لەکاتی لێدانی کاروانیاندا دەسپێشکەری هێرشەکەمان بەدڵی خۆمان دەبێ.

- ڕۆژانی ١٩٦٧-

پیرێژنەکەی دەشتی کەرکوك:
لەساڵی ١٩٦٧، ڕۆژنامەگەرێ ئەم پرسیارانەی لە بارزانی کرد:
ڕۆژنامەگەر: ئەو کەسانەی دێنە ڕیزی پێشمەرگە تەمەنیان چەندە؟
بارزانی: لە ١٤ساڵ تا ٨٤ ساڵا.
ڕۆژنامەگەر: بەڕای جەنابتان ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن لەشۆڕشدا کامانەن؟
بارزانی: لەو پیرێژنەوە دەست پێدەکات کە لەنزیك کەرکوکەوە چاو.. یان.. گوێی لێیە تەیارەکان دێن بۆ بۆردومان کردنی کوردستان لەبەرخۆیەوە ئاخ هەڵدەکێشێ و دوعای سەلامەتی بۆ پێشمەرگەکان دەکات.
ڕۆژنامەگەر: تەمەنت چەند ساڵە؟
بارزانی: بەدانیشتنەوە نزیکی ٧٠ ساڵم، کە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا هەڵدەستم بۆ خزمەتی میللەت ٣٥ ساڵم.
لەو دانیشتنەدا بارزانی ڕووی کردە ڕۆژنامەگەرەکەو فەرمووی:
"بۆچی وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتگیریمان لێ ناکەن مافەکانی خۆمان وەرگرین؟"
ڕۆژنامەگەرەکە لەوەڵامدا وتی: "بەداخەوە کە کورد داوای مافی خۆی دەکات، نیوەی کورد دەبێت بەدوژمنی نیوەکەی دیکە، کورد جارێ بیروڕای هاوچەرخی نیە کەیەکگرتوو بن و بتوانن مافی خۆیان وەربگرن".

جێبەجێ کردنی گیروگرفت:
لەساڵی ١٩٦٧ لەگوندی (دیلمان) بەیانیان هەتا دەمەدەمی ئێواران لەگەڵ مەسعود بارزانی و جارجار لەگەڵ خ.ل ئیدریس بارزانی هەڵدەساین بە لێکۆڵینەوە و جێبەجێ کردنی گیروگرفتی ئەو هاوڵاتیانەو پێشمەرگانەی لەهێزەکانەوە دەهاتن بۆ بارەگای بارزانی، بەتایبەتی ئەوانەی تەنگوچەڵەمەو گیروگرفتەکانیان تەنها لەتوانای بارەگای بارزانیدا بوو. ئەوەی بەئێمە جێبەجێ نەکرایە، شەو دەخرایە بەردەم بارزانی و خۆی بەئەنجامی دەگەیاندو هەریەکەیان مەسرەفی هاتووچۆی ڕێگەی ئەدرایەو بەدڵخۆشی دەگەڕایەوە بارەگای هێزەکەی خۆی.

باوك و کوڕ:
ڕێزو خۆشەویستی نێوان من وسەرۆك بارزانی زیاتر لەمیانەی باوك وکوڕ ئەچوو، هەمیشە سۆزم لەچاویا بەدی ئەکرد، منیش ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستی و دڵسۆزیم بەرامبەری هەبووە، لەگەڵ هەموو گەورەیی و دەسەڵاتیدا لەبەرم هەڵدەستا، هەرچەندە من بەوە زۆر شەرمەزار ئەبووم. ڕۆژێکیان یەکێك پێی وتبوو: "شەوکەت لەو تەمەنەدا نیە کە جەنابت لەبەری هەستی"، فەرموو بووی: "شەوکەت هەردوو چاومە و شایانی ئەو ڕێزەیە.."، لەپاشبەندی ئەم کورتە چیرۆکەوە، یەکێك لەو نامانەی سەرۆك بارزانی پیشان ئەدەم کەپڕە لەسۆزی باوك و فرزەندی.
* ڕۆژی دووشەممە ٢٠/شوبات/١٩٦٧، سەرۆك کۆماری عێراق (عبدالرحمن عارف) ڕۆیشت بۆ (تورکیا)، کۆمیتەیەکی کۆماری (مجلس جمهوری) لەشوێن خۆی دانا، بریتین لە: ناجی تالب، رجب عبدالحمید، و شاکر محمود شکری.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٢/ئازار/١٩٦٧، سەرلەنوێ ڕێگەی ناردنە دەرەوەی نەوت بەرەڵا کرا، کەلە (کەرکوك)ەوە بڕوات بۆ سەر (دەریای سپی ناوەڕاست)، ئیتر گیروگرفتی نەوت لەنێوان (سوریا)و کۆمپانیای نەوتی عێراق حەل کرا، دوای ئەوەی ماوەی یانزە حەفتە ئەم ئاڵۆزیە بەردەوام بوو.
* ڕۆژی شەممە ٤/ئازار/١٩٦٧، بەفەرمانی مەلا مستەفا بارزانی دانرام بە (نوێنەری بارزانی) لەشاری موسڵا، بۆ ئەم مەبەستە بەناوی بارزانیەوە بروسکە کرا بۆ وەزارەتی بەرگری و سکرتێری سەرۆك کۆمارو سکرتێری سەرۆك وەزیران و ڕەئیس ارکانی سوپاو بۆ هەموو قائد فرقەکان و متەسەڕفی لیواکان و بۆ فەرماندەی هەموو هێزەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان.
* ڕۆژی یەکشەممە ٥/ئازار/١٩٦٧، لەگوندی (دیلمان)ەوە حەرەکەتم کرد بەرەو (هەولێر)، بۆ خۆ پێناسین و باسی ئیشوکارەکەم چوومە لای قائد فرقەی یەك لەهەولێر (عمید رکن زکی حسین حلمی).
* ڕۆژی سێشەممە ٧/ئازار/١٩٦٧، گەیشتمە شاری موسڵا، پێش نیوەڕۆ چوومە لای (قائد فرقەی چوار عمید رکن عبدالجبار شنشل)و ڕێزو سڵاوی بارزانیم پێ گەیاند، بەشێوەیەکی کاتی بارەگای ئیشوکارم لەئوتێل سەرجۆن دامەزراند.

ڕادیۆکەی مەلا باقی کوێستانی:

مەلا باقی کوێستانی، لەبرادەرە کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە هەتا وەفاتی کرد، لەبارەگاو دەوروبەری بارزانی بوو، ڕادیۆیەکی بچووکی ترانزیستۆری بەملەوە دەکرد، پاتری بچووک فریای نەدەکەوت، لەبەرئەوە (٢-٣) پیلی گەورەی دەخستە ناو لوولە مقەببایەکەوەو دەیبەست بەپشتی ڕادیۆکەوە. دەنگوباسی ٤-٥ وڵاتی بەزمانی فارسی وەردەگرت و شەوان دەچووە لای بارزانی و دەنگوباسەکانی بۆ دەگێڕایەوە، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بەکوردو کێشەی کوردەوە بوو، جێی ڕێزو خۆشەویستی بارزانی بوو، قەبرەکەی لە (بەردەکلۆر)ە بەرامبەر (حاجی هۆمەران)ە.
* ڕۆژی هەینی ١٠/ئازار/١٩٦٧، بۆ مەبەستی چاوپێکەوتن و دەست بەئیشوکار کردن، بەرەو لای (فەرماندەی لەشکری یەك اسعد خۆشەوی) لەناوچەی (بەرواری باڵا)، لەموسڵەوە بەرەو گوندی (بامەڕنی) بەئوتومبێل کەوتمە ڕێ. لەوێشەوە بەپێ چووم بۆ بارەگای (لەشکری یەك)و بەسەر ئەم گوندانەدا دەربازبووم: (تنێ، شرتی، بارزانکە، هەسن پیرکا) ئێوارە گەیشتمە گوندی (دەهێ).
* ڕۆژی شەممە ١١/ئازار/١٩٦٧، لەگوندی (دەهێ)وە بەپێ چووم بۆ بارەگای گشتی لەشکری یەك لەگوندی (قومری)و بەسەر ئەم دێهاتانەدا تێپەڕ بووم: (کانی بلاڤ، بابیر، گرکا، عەقاری سورێ، قومری) دوای کۆبوونەوە لەگەڵ اسعد خلیل خۆشەوی ومەلا حمدی و ڕەمەزان عیساو سلیم اسعد خۆشەوی، بڕیارم دا لەوێوە بچم بۆ لای (فەرماندەی هێزی زاخۆ عیسا سوار). فەرماندەی لەشکری یەك اسعد خۆشەوی، ئەمیش خەباتکەرێکە وەك هەریەکێك لەبنەماڵەی ئەو عەشیرەتانەی سەر بەبارزانیانن، لەباوو باپیرەوە خەباتی کوردایەتی بۆماوەتەوەو یەکێکە لەو خەباتکارانەی لەڕێ پێوانەکەی بارزانیدا چووبوون بۆ ڕووسیا.
* ڕۆژی یەك شەممە ١٢/ئازار/١٩٦٧، بەپێ لەبارەگای لەشکری یەکەوە، بەرەو ناوچەی زاخۆ کەوتمە ڕێ، بەسەر دێی (عەقاری سورێ)دا تێپەڕبووم، لەڕوباری (خاپور) پەڕیمەوەو شەو لەدێی (نەرمکێ) بووم.
* ڕۆژانە ئەچم بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی هاووڵاتیان و هێزەکانی پێشمەرگەی دەوروبەری موسڵا: وەك شێخان، ئاکرێ، دهۆك، زاخۆ.
لە (هەولێرو کەرکوك وسلێمانی)یش نوێنەرانی بارزانی دانراون، شەفیق ئاغا لەکەرکوك، نوری شاوەیس لەسلێمانی، و محسن دزەیی لەگەڵ مقدم نافڤ جەلال لەهەولێر نوێنەری سەرۆك مەلا مصطفی بارزانی بوون.
* ڕۆژی دووشەممە ١٣/ئازار/١٩٦٧، گوندی (نەرمکێ)م بەجێ هێشت، بەسەر ئەم گوندانەدا تێپەڕبووم: (لیڤۆ- شیڤێ- کانی توو- ئاڤهێ- دێرشکێ- باتوفە)، لە (باتوفە) چوومە سەردانی لێپرسراوێکی پێشمەرگەو پارتی بەناوی (مەلا عەلی).
سبەینێ سەرکۆماری عێراق بەسەردان ئەچێت بۆ (تاران).
بەردەوام، لەکاتی وتووێژدا لەنێوان ئێمەو میریدا، وڵاتەکانی دراوسێمان بۆ مەبەستی چقڵ تێ چەقاندن، دەست ئەکەن بەکۆبوونەوەی ئاشکراو نهێنی و دەست تێوەردان و کورت وکوێرکردنی ئەو خاڵانەی کە کوردو ڕژێمی بەغداد، خەریکن لەسەری لێك نزیك ببنەوە.
* ڕۆژی سێشەممە ١٤/ئازار/١٩٦٧، بەرەو لای بارەگای هێزی زاخۆ کەوتمە ڕێ، بەسەر ئەم گوندانەدا دەرباز بووم: لیڤۆ، هیزاوا، و لەوێشەوە بەپێ چووم بۆ دێی بهراڤا، کەبەردك، دیرنیك، شەو لای (فەرماندەی هێزی زاخۆ عیسا سوار) مامەوە، ئەو گیروگرفتانەی لەناوچەکەدا لەوەو پێشتر میری هێنابوونیە پێشەوە، چارەسەرکران، عیسا سوار یەکێکە لەو شۆڕشگێڕانەی لەسەرەتای لاوییەوە لەگەڵ بارزانیدا بووەو لەڕێ پێوانە مێژووییەکەی بارزانیدا هاوبەش بووە. پلانی شەڕەکانی دژی سوپای عێراق کارامەو پێکاوەر بووەو تەنانەت جێی سەرسامیی فەرماندەکانی سوپای عێراق بوو.
* ڕۆژی چوارشەممە ١٥/ئازار/١٩٦٧، لەگوندی (ئارمشت)ەوە بەپێ کەوتمە ڕێ، بەرەو لای (عەلی خەلیل خۆشەوی فەرماندەی هێزی دهۆك) لەگوندی (چران). لەڕێگەدا بەسەر ئەم گوندانەدا دەربازبووم، (دوبانك، ببانك، زیناوا، ئاژانك) ڕادەی گیروگرفت لەناوچەی هێزی دهۆك زۆر کەمە.
عەلی خەلیل خۆشەوی، فەرماندەیەکی زۆر ئیداری و لێهاتووە، لە باوو باپیرانەوە فیداکاریی بۆماوەتەوەو یەکێکە لەو کەڵەمێردانەی لەهەرەتی گەنجییەوە لەگەڵ بارزانیدا بووەو، یەکێکە لەو دەستەکوڕانەی لەڕوباری ئاراس چوونە ڕووسیا.
* ڕۆژی پێنجشەممە ١٦/ئازار/١٩٦٧، ئەمڕۆ بەرەولای بارەگای (حسۆمیرخان دۆڵەمەری) فەرماندەی هێزی شێخان لەگوندی (ئەشکەفتێ) کەوتمە ڕێ. بەماوەی دوو ڕۆژ گەیشتمە گوندی (ئەشکەفتێ). لەڕێگەدا بەسەر ئەم گوندانەدا دەربازبووم: (ئەڵندکێ، براحجرا، کەمەکا، مەمان، ڕشیورێ، کۆڕی گاڤانا، ڕشانکێ، بانی (لەمزوری ژیری)، سورێ، کانی باسکا، گبیرکێ، بای باك، مێزێ، چەمانکێ، کانی مازی)، لەدەمەدەمی ئێوارەدا گەیشتینە گوندی (ئەشکەفتێ). لەگەڵ (فەرماندەی هێزی شێخان/ حەسۆ میرخان دۆلەمەری)کۆبووینەوە، یەکێك لەیاریدەدەرەکانی ناوی (عەلی جوقی یزیدی) بوو.

شـەوێك لەبارەگـای هـێزی شـێخان بـووم و لەگەڵ حەسـۆ میرخـان دۆلەمەری، چارەسـەری ئەو گیروگرفتانەمـان کـرد کە لەنـاوچەکەدا ڕووی دابـوو، ڕۆژی دوایی بەسـەر ئەم دێهاتـانەدا ڕابـوردم: (بێرکیـات، شـیلیا، زیریـا) پـاش نیـوەڕۆ گەیشـتمە (ئەتروش) بەئوتومبێل چووم بۆ (قەزای شێخان)و لەوێشەوە گەڕامەوە بۆ شاری موسڵا.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠/ئازار/١٩٦٧، لەموسڵەوە چووم بۆ (دهۆك)و لەماڵی (عبداللە گەرماڤ) میوان بووم، لۆریەکی پڕ لەڕۆنی زوبەیدە لەنێوان (سێمێل-زاخۆ) ڕووت کرابووەوە، دوای لێکۆڵینەوە، شتە دزراوەکان دۆزرایەوەو کەوتەوە دەست خاوەنەکەی کە خەڵکی شاری موسڵ بوو.
ڕۆژی دوایی ٣١/ئازار/١٩٦٧، گەڕامەوە بۆ موسڵا.
* ڕۆژی پێنجشـەممە ٦/نیسـان/١٩٦٧، بەکارو فەرمانی شـۆڕش لەموسڵەوە چـووم بـۆ نـاحیەی (ئەتـروش)و لەمـاڵی (یـونس جەرجیس) میوان بووم. دوای چەند سەعاتێك بەسەر گوندی (ئارزەخ)دا ڕابوردم و لەگوندی (ئارمشت) جارێکی تر لەگەڵ (فەرماندەی هێزی شێخان/ حەسۆ میرخان دۆڵەمەری) کۆبوومەوە. شەو لای ئەوان مامەوە، هەرچێ گیروگرفتێ لەناوچەکەدا ڕووی دابێ و پێوەندیی بەئیشوکارەکەی منەوە هەبووبێ، پێکەوە چارەسەرمان کرد. ناوبراو مرۆڤێکی ڕوح سوك و وریاو گورج و گۆڵ و ئیداریەو دەستی باڵای هەیە بەسەر هەموو ئەو دێهات و شوێنانەی لەسنووری هێزەکەدایە.
* ڕۆژی هەیـنی ٧/نیسـان/١٩٦٧، لەگونـدی (ئارمشـت)ەوە ڕۆیشـتم بـۆ گونـدی (مرێبا)، ئێوارە گەیشـتمە نـاو شـارۆچکەی (شێخان).
بەویستی خـۆم حەزم کـرد بچمە خزمەت (بابا شێخ)، سـەرگەورەی ئاینی هەمـوو ئێزیدیانی کـوردە، ئەوەنـدەی من شـارەزاییم هەبێ لەمێژووی ئەم دیانەتە هەرە کۆنەی نەتەوەی کورد، ئەتـوانم بڵێم وشـەی (بابا)هاوواتای دەقاودەق وشـەی (پاپا)یەو کاروفەرمانە ئاینیەکانی ئەمیش هەمان کاروفەرمانە ئاینیەکانی پاپای کەنیسەی کاتۆلیکی ڕۆماو پاپای قیپتیەکانی میسرو پاپای کەنیسـەی یۆنـانە. وشـەی (شـێخ)یش بەزاراوەی مـێژوو و بـۆچەنی خـۆم: (هەرە دێـرین) دەگـرێتەوە. بەگـوێرەی میتۆلـۆجی کوردەواری، کە لەناو یەزیدیەکاندا باوە، یەکەم پێغەمبەر کە دوای (ئادەم) هاتووە، حەزرەتی (نوح)ە.
قاڵبی (کەشتیەکەی نوح) گـردێکی تـوورەکە ڕێژە، هەتا ئێسـتا ئاسەواری لەشارۆچکەی (ئێن سفنێ)ماوە، ئەو کەشـتیەی کە بەگوێرەی قورئانی پیرۆز لەکێوی (جودی) گیرساوەتەوەو (شاری نوح) کە ئێستا پیتەکانی لەسەر زمانی ئەم وئەو گۆڕاوە، بووە بە (شـەرنەخ) لەدیـوی کوردسـتانی سـەروو، ئەو شـارۆچکەیەیە کە (نـوح) بنیـاتی نـاوە. بەگـوێرەی ئایـاتی قورئـان لەوێـنەی کەشتیەکەی نوح، {خوا کەشتی تری بۆ قەومی (جودی) دروست کردووە بۆ ئەوەی ژێرئاو نەکەون ولەمردن ڕزگاریان بووە، چونکە قەومی جودی (یەزدانی) بوون، واتە (بڕوایان بەیەکایەتی خوداوەند بووەو خاوەنی زێدی خۆیان بوون). لەشوێنێکی تری ئەم کـورتە چـیرۆکەدا باسـەکەم تەواوکـردووە. کـاتێ چـوومە خـزمەت (باباشـێخ)، سەروسـیمای زیـاتر لەهۆشـەنگ (واتە: فەیلەسوف) دەچوو، زۆر لەسەرخۆ، هێمن و وتەکانی کورت و پڕماناو پێکاوەربوو، کە سەرنجم لەجلەکانی بەری دا، کراسێکی چۆغەی سپیی تەنکی ئاودامانی لەبەردابوو، عەباکەی سەرشانی تەنك و لە مووی قاوەیی کاڵی بزنی مەرەز دروستکرابوو.
کڵاوومێزەرە سپیەکەی سەریشی. خۆماڵی بوو، شوێنی دانیشتنەکەی لەسـەر ئەرز، بریتی بـوو لەپارچە بەڕەیەکی کوردەواری، لەجیـاتی دۆشـەك لبـادێکی لەسـەر ڕاخرابـوو. دوور لەخـۆیەوە جووتێـك کـڵاش کە لەدەزووی لـۆکە دروسـتکرابوو، لەولاوە بەجووتکراوی دانرابوو، دیاربوو هەڵی نەدەکێشاو زیاتر بەسەر پێوەی دەکردن. فەرمووی بەرخێك ئامادەکراوە بکرێ بەبریانی، ئایا یەکێـك لەمرۆڤەکـانی ئـێمە سـەری بـبڕێ، یـان بـرادەرێکی خۆتـان بەگـوێرەی ئـاینی تازەتـان سـەری دەبـڕێ؟ درێـژەی ئاخاوتنەکەی دا وتی: هەموو شتێکی تازەو نوێ خۆشەویستەو پەیڕەودەکرێ! مەبەستی ئاینی تازەی کوردبوو، کەئیسلامەتیە، وتـم: بـابەگوێرەی قوربـانیەکەی بەردەسـتی (حەزرەتی ابـراهیم) بێـت. هەمـوو دانیشـتوان لەسـەریەك سـفرە بـووین، مـن لەتەنیشت (باباشێخ)ەوە دانیشتبووم، لەکاتی نان خواردندا بەدەستی خۆی گۆشتی سەری بەرخەکەی بۆ لێ دەکردمەوە، دوایی پێیان وتم: دانانی سەری بەرخەکە لەبەردەستی مندا، نیشانەی ڕێز لێگرتنە.
* ڕۆژی چوارشەممە ١٢/نیسان/١٩٦٧، ئیش وکاری ڕۆژانەی من بریتیە لەپاراستنی ئارامی و بارودۆخی ناوچەی بادینان، لەنێوان هێزەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و سوپای عێراقدا، بەرەنگاربوونەوە دژی هەر ئاڵۆزیەك کەپێشمەرگەیەك یان لێپرسراوێکی سـوپای عـێراق لەخـۆیەوە پـێی هەسـتێ، بـۆئەوەی ئـێمە لای خۆمـانەوە هـیچ خـاڵێکی لاواز نەدەیـن بەدەسـتەوە کەمیری بیکات بەبەڵگەیەك بۆ شەڕ هەڵگیرساندنەوە، لەبەرئەوە ڕۆژانە لەموسڵەوە ئەچووم بۆ: (ئاکرێ، شێخان، زاخۆ، دهۆك، ئامێدی و دێهاتەکانی سەر بەو شوێنانە)، دوای ئەنجامدانی ئیشەکان زۆرجار ئێواران ئەگەڕامەوە بۆ موسڵا.
* ڕۆژی شـەممە ٢٩/نیسـان/١٩٦٧، نـامەیەکی بارەگـای سـەرۆك بـارزانیم پێ گەیشـت سـەبارەت بەجێ بەجێکـردنی ئیشی-برادەرێکی مەسیحی بەناوی (موشێ عۆدیشۆ)و لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ بەغداد.
* ڕۆژی چوارشەممە ٣٠/نیسان/١٩٦٧، لەموسڵەوە چووم بۆ گوندی (ئەشکەفتێ)، هەندێ گیروگرفت لەنێوان پێشمەرگەو جاشەکاندا ڕووی داوە.

ئەم نیوەڕۆیە لەبەغداد، تەعدیلی وەزاری ڕووی دا، بەسەرۆکایەتی عبدالرحمن عارف و چوار بریکاری بۆ خۆی داناوە. تاهیر یەحیا، اسماعیل مستەفا، فوئاد عارف، عبدالغنی الراوی.
* ڕۆژی پێنجشەممە ١١/مایس/١٩٦٧، گوندی (ئەشکەفتێ)م بەجێ هێشت بەرەو گوندی (بانێ) کەوتمە رێ، بەسەر ئەم گوندانەدا ڕابوردم: بێباد، کاراڤا، کانیکا، ڕەبەتکێ، نسرە، هەسنەکا، کانی باسکا، سورێ، بانێ. ڕۆژی دوایی چووم بۆ گوندی (چران)و لەگەڵ عیسا سوار کۆبوومەوە، ئێوارەکەی چووم بۆ گوندی (بێتاس)و لەماڵی (عەلی محی) میوان بووم، بەتەوژم باران دەباری.
* ڕۆژی یەکشەممە ١٤/مایس/١٩٦٧، لە(زاخۆ) چوومە سەردانی (سلێمان حسین). هەمان ڕۆژ گەڕامەوە بۆ موسڵا.
* ڕۆژی یەکشەممە ٢١/مایس/١٩٦٧، لەموسڵەوە چووم بۆ شارۆچکەی (ئەلقوش) دانیشتوانەکەی هەموویان مەسیحین. فەرماندەی هێزی شێخان/ حسۆ میرخان دۆلەمەری، چاوەڕێی ئەکردم، هەندێ نائارامی و ناکۆکی لەنێوان چەند کەسێکدا ڕووی دابوو، چارەسەر کرا. کۆبوونەوەکەمان لەناو هۆڵی تایبەتدا بوو لەناو کەنیسەکەدا، بەئامادەبوونی قەشەی کەنیسەکە. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە گەڕامەوە بۆ موسڵا.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥/مایس/١٩٦٧، لەموسڵەوە چووم بۆ بامەڕنی و لەوێشەوە چووم بۆ گوندی (دەرگەلە، تشیش، گرکا، بابیور، کانی بلاڤ، دوکەری، ناوئاشکا)، نزیك ئێوارە گەیشتینە گوندی (یەکماڵەی دۆسکی)، دواتر چووم بۆ گوندی (تلاکورو، ئارمشت)و لەوێشەوە، ڕۆژی دووشەممە ٢٩/مایس/٦٧ لە(ئارمشت)ەوە چووم بۆ (زاخۆ)و دوای کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەی هێزی زاخۆ، سەرلەنوێ گەڕامەوە بۆ (ئارمشت)و شەو گەیشتمە گوندی (چران)ی سەر بەدهۆك، کۆبوونەوەکان سەرکەوتوو بوو.

تیرۆکردنی ئەندامانی پ.د.ك ڕۆژهەڵات:
لەسەرەتای شۆڕی ئەیلوولەوە، واتە لەساڵی (١٩٦١)ەوە ژمارەیەك لەئەندامانی باڵای (پ.د.ك)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) هاتبوونە ژێر سێبەری شۆڕشی ئەیلوول و لەگەڵ بارزانییدا بوون، وەك ئەحمەد تۆفیق (عبداللە اسحاق)، مەلا عبداللە مەلا عوسمان، شادرەوان، مەلا ڕەشید، سلێمان موعینی، یەکێکیان لای من دانرابوو کە فێری بەکارهێنانی شفرەو نووسینەوەی بروسکەی نێرراوو بروسکەی هاتوو دارشتنی ناوەرۆکی بروسکە، بکرێ، لەژێر روناکیی ئەو بروسکانەی لەبێتەلەکانی دامودەزگای میریمان وەردەگرتن، دوای شی کردنەوەیان ئەو برادەرە لەتۆمارگەی تایبەتدا دەسنووسی دەکردن، ئەمەش زیاتر بۆ دروست کردنی کادرێکی شارەزا لەم بوارە هونەری و زانیاریەدا، لەسەر داخوازیی ئەحمەد تۆفیق، ژمارەیەکی دیکەش لەئەندامانی باڵای (پ.د.ك)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) لەناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان لەسەر سنووری عێراق-ئێران کاروباری شۆڕشگێرانەی خۆیان دەبرد بەڕێوە.
* شای ئێران داوای لەبارزانی کرد کە (احمد تۆفیق)و هەڤاڵانی تەسلیم بەئێران بکرێن، بەڵام بارزانی ئەم داوایەی خستە پشت گوێ و احمد تۆفیق و چەند ئەندامێکی دیکەی (پ.د.ك)ی ڕۆژهەڵاتی نارد بۆ لای (اسعد خۆشەوی) بۆ ئەوەی دوور لەچاوەزرتەی ساڤاکی ئێران کاروباری نهێنی و پەیوەندیی حیزبایەتیی خۆیان ببەن بەڕێوە.
لەناوچەی فەرماندەی هێزی خەبات ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتی پ.د.ك ڕۆژهەڵات تەسلیم کرانەوە بەسازمانی ئێران، ئەمەش بێ ئاگاداریی و بێ ڕەزامەندی بارزانی.. لەناوچەی (بادینان)یش احمد تۆفیق واتە (عبداللە ئیسحاق)و هەڤاڵەکانی لەگوندەکانی بەرواری باڵا بوون، هەموو ڕۆژێ دەچوون بۆ ڕاوە بەراز لەچیاو قەدپاڵەکان و شیوو دۆڵی ئەو ناوە. ئێواران لەتەنگی بانگی شێواندا ئەگەڕانەوە بۆ بارەگاکەی خۆیان، چەند هەفتەیەك بەم شێوەیەو دوای ماوەیەك خۆیان کردبوو بەناو بنکەیەکی سەربازی سوپای عێراقدا و نێرران بۆ بەغدادو لەژێر چاودێریی و ئاراستەکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی.گشتی دا مانەوە، تا ئەوکاتەی بەدەستی نازم گزار و لێپرساوەکانی لەسەر داخوازی شای ئێران لەناو بران و چوونە ڕیزی شەهیدانی خەباتی کوردەوە.
* ڕۆژی سێشەممە ٣٠/مایس/١٩٦٧، لەدێی (چران)ەوە چووم بۆ (دهۆك)و بەسەر ئەم گوندانەدا ڕابووردم، گلناسکێ، لیناوا، باخرمێ، گەرماڤا، گری قەسرۆك، دهۆك. لەدهۆکەوە بەسەر ئەم گوندانەدا دەرباز بووم، ئالوکا، فایدە، ئەلقوش، بیبان، جراحیە، نسرێ، باعەدرە.
لەگوندی (باعەدرە) چوومە خزمەت (میری ئێزیدیان) (تحسین بەگ سعید بەگ)و شەو لەماڵی ئەوان میوان بووم، مرۆڤێکی لەسەرخۆو پڕ ڕێزو شکۆمەندییە و میری ئێزیدیانە، واتە لێپرساوی هەموو کاروبارو فەرمانێکی دنیەویە. ژێدەری وشەی (میر) لەمێژووی ئاینە دێرینەکانی کورددا، لەوشەی (میهر)ەوە هاتووە، بەواتا خوداوەندی ڕوناکی و خێروبێری سەرزەوی، (میهرەبان- چاودێریکەری میهر). ئێستا لەزمانی کوردیدا ئەم (ناو- Noun)ە لەڕێزماندا بووە بە (ئاوەڵناو- Adjective) بۆ نموونە: (خودای میهرەبان)، خودای پڕبەزەیی، لەزمانی عەرەبیدا ناتوانرێ وشەی سەرەتا بەپیتی بێ دەنگ (Consonant)

بەکاربهێنرێ، لەبەرئەوە وشەی (میر) بووە بە (امیر)، بەواتا: ڕاوێژکاری فەرمانڕەوا بۆ لێ دووان لەگیروگرفتی میللەت و چارەسەرکردنی.
* ڕۆژی چوارشەممە ٣١/مایس/١٩٦٧، بۆ چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفت، چوومە سەردانی ئەم گوندانە: بیرێ، باسفرێ.
* ڕۆژی دووشەممە ٥/حوزەیران/١٩٦٧، شەڕێکی گەورە دەستی پێ کرد لەنێوان اسرائیل دژی میسرو سوریاو اردن و هێزەکانی عێراق لەسوریە.

١٩٦٧/٦/٥ شەڕی شەش ڕۆژەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل:
لەمانگی حوزەیراندا، سەرکۆمار عبدالرحمن عارف پیاوێکی ئاینی و چەند ئەفسەرێکی نارد بۆ لای بارزانی، داوایان لێ کرد ژمارەی ٢-٣ هەزار پێشمەرگە بنێرێ بۆ بەشداری کردن لەشەڕی دژ بەئیسرائیل، بارزانی فەرمووی: حکومەتی عێراق جارێ دانی نەناوە بەمافە ڕەواکانی کورددا و هیچ بەرهەمێکی نەبووە بۆ میللەتی کورد. لەبەرئەوە ئەگەر منیش داوا لەکورد بکەم ڕۆڵەکانی خۆی بنێرێ بۆ ئەم شەڕەو خۆیان بەکوشت بدەن، بێگومان بەقسەم ناکەن، ئینجا فەرمووی: باشتر وایە زوو بگەڕێنەوە بۆ بەغدادو سەرکۆماری عێراق پەیوەندی بەجەمال عبدالناسرەوە بکات دەست بەجێ ئەم شەڕی خۆبەزێنە ڕابوەستێنێ، ئەمە شەڕی ولایەتێکە لەویلایەتەکانی ئەمەریکا لە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)دا، فەرمووی: ئەگەر میللەتی فەلەستین لەناو خۆیاندا یەك بگرن یان هەموو سەرکۆمار و مەلیك وئەمیرەکانی عەرەب چوونە ژێر یەك ئاڵاوە، بێگومان لەشەڕ وسیاسەتدا سەردەکەون. وەفدەکە بەنائومێدی بەرەو بەغداد گەڕانەوە، لەڕێگە دەیان ووت (مەلا مستەفا) خائنە، بەدرێژایی ڕێگەکەش گوێیان بەڕادیۆی ناو ئوتومبێلەکەیانەوە بوو، قۆناغ بەقۆناغ بۆیان دەردەکەوت بەیاننامەکانی شەڕ کە لەڕادیۆی قاهیرەو شوێنەکانی دیکەی وڵاتە عەرەبیەکانەوە دەردەچێ پڕە لەئاخاوتنی هەڵیت و پەڵیت و بێ سەروبەر، هەتا کات دەڕۆیشت ڕایان نەرمتردەبوو بەرامبەر بارزانی.
کە وەفدەکە گەیشتنەوە بەغداد، لەبەرخۆیانەوە وتوویان بارزانی ئاخاوتنەکەی ڕاستە، بەم بارودۆخەی ئێستا عەرەبی تێدایە وڵاتانی دەرەقەتی ئەم شەڕە نایەن، لەسەر هەڕەشە توندەکەی سۆڤیەت لەشەشەم ڕۆژدا ئیسرائیل بەفەرمانی ئەمەریکا شەڕەکەی ڕاگرت لەو ماوەیەدا بەفەرمانی بارزانی هێزەکانی پێشمەرگە چالاکی و جموجۆڵیان ڕاگرت.
* ڕۆژی سێشەممە ٦/حوزەیران/٦٧، لەگەڕەکی (زهور) خانویەکم بەکرێ گرت، وەك بارەگاو بۆ نیشتەجێ بوون.
* ڕۆژێك بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی گوندەکان نزیك موسڵ چووم بۆ فرقە، لەژووری یاریدەدەری سەرۆکی فرقە راید رکن (محمد زهاد قاسم) دانیشتبووم، وتی: "ئێمە هەرگیز لەو بڕوایەدا نین تۆ بتوانیت شفرەی ئێمە شی بکەیتەوە، دڵنیاین کەسانی خائن هەن کلیلی شفرەکانتان پێ دەفرۆشن". منیش وتم: "دەباشە، بروسکەیەکی شفرەکراوم بۆ بهێنە، هەوڵ ئەدەم لێرەدا حەلی بکەم". بەموراسیلەکەی ووت بڕۆ لەبەشی ئیستخبارات بروسکەیەکی شفرەکراوم بۆ بهێنە، لەماوەی چارەکێکدا کلیلی شفرەکەم دۆزیەوە، کابرا زۆر سەرسام بوو، شفرەکەی لەدەست وەرگرتم و بردی بۆ (عبدالجبار شنشل) ئەو کاتە سەرۆکی فرقەی چوار بوو، ئەم ڕووداوە ڕۆژی ١٩٦٧/٦/١٤ بوو، دوای تۆزێ عبدالجبار شنشل ناردی بەشوێنمدا وتی: "وەرە لای ئێمە یەکسەر دەتکەین بەمامۆستای موخابەرەو شفرەکاری لەکۆلێجی ئەرکان"، وتم "با ئینشائەڵلا گیروگرفتی کوردستان چارەسەر بکرێت ئەوسا ئەو باسە دەکەین".
* ڕۆژی شەممە ١/تەمموز/١٩٦٧، بۆ چارەسەکردنی کۆمەڵێ گیروگرفت لەناوچەی (باتوفەو شەرانش) لەموسڵەوە چووم بۆ (زاخۆ)و لەگەڵ قائیمقامی زاخۆ و هەندێ لەفەرمانبەرەکان چووین بۆ (باتوفەو شەرانش).

(حمید بلال) سەرۆك عەشیرەتی عەرەب:
لەدەوروبەری ناحیەی (سمێل)، زەوی و زارێکی زۆری هەیەو گەنم و جۆی تیادەکا، زۆربەی زەویەکانی دەکەوێتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، ئەو ساڵە ڕێگەیان پێ نەدابوو گەنمەکەی بدوورنەوە، کابرا هاتە لام بۆ بارەگا، وتی: من خاوەن عەشیرەتم و بە بەروبوومی ئەو گەنم و جۆیە دەچین بەرێوەو ئێستەش گەنمەکە کاتی دورروونەیەتی و ڕێگامان نادەن بچین بەلایەوە، تکای کرد بەڵکو لەو بوارەدا یارمەتی بدەم.
هەمیشە سەردانی علی خلیل و عیسا سوارم دەکرد، لەسەردانێکمدا بۆ لایان کێشەی ئەو سەرۆك عەشیرەتەم لاباس کردن و ئەوانیش لەسەر داخوازی من، وتیان بابێن بیدوورنەوە، کابرا بەمە زۆر دڵخۆش و سوپاسگوزار بوو. دەغڵ و دانەکەی دووریەوەو کەمپاینەکەشی وەرگرتەوە، دوای ئەوە بەماوەی هەفتەیەك لەگەڵ خێزانەکەیدا هاتن بۆ ماڵمان و دیاری یەکی زۆر بەنرخیان هێنابوو، ڕێزم لێ گرتن بەڵام لەهەمان کاتدا دیاریەکەیانم لاناخۆش بوو، پێم وتن: ئەگەر ئەتانەوێ برایەتیمان

بمێنێ دیاریەکە لەگەڵ خۆتان ببەنەوە، چونکە من هیچ شتێکم نەکردووە، ئەوەی کردوومە چاکەی کوردەو شۆڕشی کورد. خۆیی وخێزانەکەی هەوڵیان دا، بەڵام من هەڵوێستی خۆم نەگۆڕی.
* ڕۆژی پێنجشەممە ٦/تەمموز/١٩٦٧، لەموسڵەوە چووم بۆ (ئامێدی)و لەوێشەوە لەگەڵ قائیمقامی ئامێدی و معاون مدیر شورتەو هەندێ فەرمانبەری تردا، چووین بۆ (کانی ماسی) و ڕۆژی دوایی بەسەر گوندی (دووتازە)دا تێپەڕ بووین و لەگوندی (بێبو) کۆبوونەوەم لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکانی دەوروپشتیدا کرد.
هەتا مەلیك مابوو، قوتابخانەی گوندی (بێبو) ئاوەدان بوو:
* ڕۆژی شەممە ٨/تەمموز/١٩٦٧، بەئیشێ ڕێگەم کەوتە سەر گوندی (بێبو) لەناوچەی (نێروەرێکان)، لەماڵێك میوان بووم دەیڕوانی بەسەر دەشتایەیەکی سەوزو پڕ دارو درەختدا لەنێوان چیاکانەوە، لەدوورایەوە بینایەکی کۆنی داڕوخاو بەدیی دەکرا. خانەخوێیەکەم وتی: خوالێخۆشبوو (سەعید قەزاز) لەزەمانی مەلیکدا پارێزگاری موسڵ بوو، هات بۆ ئەم گوندەو داوامان لێ کرد قوتابخانەیەك بۆ منااڵەکانمان بکاتەوە، ئەو شوێنەی بینا ڕووخاوەکانی تێدایە ئاسەواری قوتابخانەیەکە، لەڕۆژانی بەفرو زەیقەت دا ئازوقەی پێویستیان بۆ دابین دەکرا، قوتابیەکان لەئەو خانووەدا ئەمانەوەو شوێنی نووستنیان هەبوو.
* دووشەممە ١٠/تەمموز/١٩٦٧، لەبەغداد تەعدیلی وەزاری ڕووی دا، بەسەرۆکایەتی تاهیر یەحیا کابینەی نوێ ئەنجام درا.
نوێنەری بارزانی لەموسڵ مانای بەکوردکردنی موسڵە:
* ئەوکاتانەی لەموسڵ بووم میواندارییی دەیان سەرۆك عەشیرەتم دەکرد، لەکوردو عەرەب کە هەڵوێستیان بگۆڕم بەرامبەر بەشۆڕش. ]حمید بلال[ کە سەرۆك عەشیرەتێکی عەرەبە جوابی بۆ ناردم کۆمەڵێك ئەفسەری قەومی لەفرقەی چوار پلانیان داناوە بۆ کوشتنم و ناوی یەکێك لەو ئەفسەرانەشی پێ وتم، کە چووەمە بنج و بناوانی باسەکە، گوایە وەفدێك لەقەومیەکانی موسڵ لای میری نارەزاییان دەربڕیوە وتوویانە: "نوێنەری کوردو بارزانی لەموسڵ مانای بەکورد کردنی موسڵە، ئەبێ ئەم نوێنەرە لێرە نەمێنێ". لەدواییدا بەشێوەیەکی نیمچە ڕەسمی ئاگاداریان کردم موسڵ بەجێ بهێڵم، ناچار ماڵ و حاڵم کۆکردەوە کە بگەڕێمەوە بۆ (حاجی هۆمەران).
* ماوەیەکە، بارودۆخەکەی نێوان (ئێمەو میری) ئاڵۆزە، شەوی شەممە ٢/ئەیلوول/٦٧، لەماڵەوە بووم، دەنگی ئوتومبێلێکی جێب هاتە گوێم لەبەردەم دەرگاکەماندا ڕاوەستا، دوابەدوای ئەو ئوتومبێلێکی دیکە ئەگزۆزەکەی دڕێنرابوو، زوو زوو باك فایەری دەکرد، یەك لەسەریەك کەوتنە لەدەرگادان، ئوتومبێلەکانیشیان نەکوژاندبۆوە، منیش لەوە پێشتر لەگەڵ ئامر هێزەکانی دهۆك و زاخۆو... هتد، ڕێکەوتبووم بەشەو کەس مراجەعەتم نەکات لەبەر باری ئاسایش. تێگەیشتم ئەم هۆڕن و زەنگ لێدانە بەپەلەیەو ئەم ئوتومبێل نەکوژاندنەوەیە کاری شەڕی لەدوایە، دەستم دایە چەکەکەم، چووەمە سەربان، بەبێ ئەوەی گڵۆپی سەربان هەڵبکەم، بەردەرگای حەوشەکەمان بەهۆی گڵۆپی سەردەرگاوە ڕووناك بوو، لەسەربانەوە وتم: فەرموون چیتان دەوێ؟، وتیان: "شەوکەت لەماڵە؟" وتم: "نەخێر لەبارەگاکەیەتی لەئوتێل و هێشتا نەهاتۆتەوە!" وتیان: چووینەتە ئەوێ وتیان ڕۆیشتۆتەوە"، دەستیان کردەوە بەپرسیار، وتیان: "ئەی تۆ کێیت؟" وتم: "من پاسەوانم". ئەوانەی گفتوگۆ و پرسیارەکانیان دەکرد جلی کوردییان لەبەردابوو، بەکوردیش دەئاخەفتن، ماوەیەك لەو ناوەدا هەڵوەستەیان کردو دوای ماوەیەك لێیاندا ڕۆیشتن. بۆ سبەینێ چووم بۆ فرقەی چوارو بەسەرهاتەکەم بۆ یاریدەدەری سەرۆکی فرقە گێڕایەوە، ئەوانیش پاسەوانیان بۆ ماڵەکەم دانا.
* چەند چەکدارێك ویستیان نوێنەری بارزانی لەکەرکوك (شەفیق ئاغا) بکوژن، خۆی ڕزگار بوو، بەڵام دوو پێشمەرگە لە پاسەوانەکانی شەهید کران.
* ڕۆژی شەممە ١٨/کانونی یەکەم/٦٧، ماوەیەکە نێوان ئێمەو میری بەرەو خراپتر دەڕوات، بارزانی بڕیاری دا هەموو نوێنەرەکانی خۆی لەلیواکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێرو موسڵ سەحب بکاتەوە، لەبەرئەوە منیش ئەگەڕێمەوە بۆ لای بارزانی و موسڵ بەجێ ئەهێڵم.
شفرەی فرەکلیل:
لەسەرەتادا (شفرە)ی تایبەت بە هێزەکانی لەشکری کوردستان و بارەگاکانی پ.د.ك، ژمارەکانی ستوونی و ئاسۆیی شفرەکان بەشێوەیەکی نەگۆڕبوو. لەمانگی ١٩٦٧/٩ پێشمەرگەیەکی وردبین و گورج و گۆڵ هاتە لامان، بۆ بارەگای مخابەرەی گشتی و دامان نا بەلێپرساوی نووسینەوەو لەبەرگرتنەوەی شفرەکانی شۆڕش، ڕۆژێکیان پێشنیاری کرد قوڵی ستوونی و ئاسۆیی شفرەکان وا دروست بکەین کە لەڕۆژێکدا بتوانین بەویست و ئارەزووی خۆمان کلیلەکانی بگۆڕین، واتە قوڵەکان نەگۆڕ نەبن. پێشنیارەکەم پەسەند کرد، ئەو پێشمەرگەیە ناوی (فەرەیدون حسین ئەفەندی)ەو لەبارەگای گشتی مخابەرە مایەوە هەتا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول.
کوردستانی باکوور:

سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی پەنجەی نەدەخستە ناو کاروباری ڕامیاری بەشەکانی دیکەی کوردستان، بۆ نموونە کاتێ ئاڵۆزی و ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی قیادیی KDPی کوردستانی باکوور ڕووی دا، گوایە (سعید ایلچی) ئەندامێکی پاك و دڵسۆز نیە و پێوەندیی بەدامودەزگاکانی تورکیاوە هەیە، لەناوخۆیاندا بڕیار ئەدەن و ئەیکوژن، گوایە ئەمە لەسەر بڕیاری (سعید قرمزی تۆپراخ) ناسراو بەدکتۆر شوان بووە. دکتۆر شوان لەناوپردان خەستەخانەیەکی شۆڕشی ئەیلوولی ئەبرد بەڕێوە، لەسەر داخوازیی KDPی کوردستانی باکوور، ناوبراو چووەوە بۆ ناوچەی (هەکاری) لەتورکیاو هەر لەوێ ئەمیشیان لەناوبرد، واتە شەهید کرا.

شۆڕش بۆ میللەتە، بۆ خۆمان نیە:

جارێکیان برادەرێکی (مەکتەبی سیاسی) لەبارزانی پرسی: بۆچی لەهەموو مفاوەزاتێکدا بۆ دابەش کردنی فەرمانبەرێتی گەورەو پلەو پایەی دیکە بەڕێزتان پێش ناوبردنی ئێمە، ناوی ئەو کوردانە دەهێنیتە پێشەوە کە لەبەغداد و شارەکان و دەرەوەی وڵات دانیشتوون، بۆ ئەوەی پایەو پلەی بەرزیان لای میری بدرێتێ؟ بارزانی فەرمووی: ئێمە لەپێناوی میللەتی کورددا بەم شۆڕشە هەستاوین، فیداکاریمان بۆ خۆمان نیە، بۆ هەموو کوردێکە کەهەستی کوردایەتیی هەبێ و بەگوێرەی توانای خۆی پاڵپشت و پشتگیری ئێمەی کردبێ، لەهەر حزب و لایەنێك بێ یان نەبێ، گرنگ ئەوەیە خۆی بەکورد بزانێ و هەستی دەروونی ئەو کەسە بۆ ناخۆشی وناهەمواریی نەتەوەکەی بهەژێ...

پێشمەرگەیەك لەشەڕدا پارچە چەکێکی دەستکەوتبوو، نەیدەویست تەسلیم بە جبەخانەی شۆڕشی بکات، دەیگوت: دەستکەوتی خۆمەو نایدەم بەکەس، ئەم باسە گەیشتەوە لای بارزانی، فەرمووی: هەموو دەستکەوتێکی بەرەکانی شەڕ ماڵی شۆڕشەو دواتر بەگوێرەی پێویست دابەش دەکرێ بەسەر پێشمەرگەی بەرەکانی شەڕدا، فەرمووی: ئەگەر ئەم شۆڕشە نەبوایە ئایا ئەو برادەرە دەیتوانی بەتەنها هێرش بکاتە سەر مەخفەرێ یان سەنگەرێکی سوپای عێراق؟ بێگومان نە.

١٩٦٧-١٩٦٨

گەشتی سەرۆك بارزانی لەناوچەی سلێمانی:

* ڕۆژی سێشەممە ٢٦/کانونی یەکەم/٦٧، سەرۆك مەلا مصطفی بارزانی لەشارۆچکەی (ماوەت)ە، خەریکی گەشت کردنە لەناوچەی سلێمانی، بۆ پەیداکردنی زانیاریی زیاتر لەسەر ناوچەکەو لەنزیکەوە بینینی دانیشتوان و لێپرسراوانی پارتی و پێشمەرگەو نوێنەرانی هەموو چینەکانی گەل. لەسلێمانیەوە چووم بۆ ماوەت و گەیشتمە بارەگای گەڕۆکی بارزانی و ڕۆژی دوایی بارزانی بەرەو سنوری ئێران کەوتە ڕێ. ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە گوندی (ئاوەکورتێ)و لەماڵی (عەلی ئاغای ئاوەکورتێ) میوان بووین.

* لەساڵی ١٩٦٧ کاتێ سەرۆك بارزانی لەگەشتێکدا بوو لەناوچەی شلێرو ناوخوان، لەسەر سنوری ئێران، بارەگای گەڕۆکمان لەگوندی (گۆخڵان) بوو. ئێوارەیەکیان کاتی هاتنەوەی کەرگەل و گاران بۆ ناو ئاوایی، چاوم کەوتە سەر ئێسترێکی ڕەنگ سووری بۆری باڵا کورت و وردیلەی گوێ قووت و خۆشڕەو، بەشکڵ و بیچم وقەبارە تۆزێ لەکەر گەورەتر بوو. لەماڵێك میوان بووین و ئەم سەرنجەی خۆم بۆ خاوەن ماڵەکە باس کرد، وتی: ئەوە کابرایەکی خەڵکی ئەم گوندە، نێرەکەری لەمانگا بەکەڵ پەڕاندووە و ئەو جۆرە ئێسترەی لێ کەوتۆتەوە!، بەنا بەدڵەوە باسەکەی بۆ گێڕامەوە و گوتی ئەمە کارێکە دژی ویژدان و کفری نیعمەتە، گوایا شیرو گۆشتی مانگاکە لەڕێرەوی ئایندا ئیتر حەرامە.

* ڕۆژی یەکشەممە ٧/کانونی دووهەم/٦٧، بارزانی لەگوندی (کانی لان)ە، ئەمرۆ لەگەڵ (شێخ جلال الدین بریفکانی) لەدێ (عیساوێ)وە ڕۆیشتین بۆ دێ (کانی لان)، ڕۆژی دوایی لەدێی (دەرگەڵە) کەلەناوچەی (مەنگوڕ)ە حەرەکەتمان کرد و ئێوارە گەیشتینە دێی (ئەستیرۆك)، بەرامبەر (بۆڵێ)، لەم گوندەوە ڕۆژی دواییتر چووین بۆ دێی (لێوژە) لەڕێگا زۆر بەفرمان لێ باری.

* ڕۆژی پێنجشەممە ١١/کانونی دووهەم/٦٨، دێی (لێوژە) مان بەجێ هێشت وکاتی پێش نیوەڕۆ گەیشتینەوە دێی (دیلمان). ئەمڕۆ (عبدالجبار السعدی) کرا بەمتەسەڕفی کەرکوك.

* ڕۆژی شەممە ١٣/کانونی دووهەم/١٩٦٨، شەش وەزیر دەستیان لەکارکێشایەوە، شەش وەزیری تریان لەشوێنیان دامەزراند بەسەرۆکایەتی (تاهیر یەحیا)، وەزیرەکان: تاها حاج الیاس (تربیە)، عبدالکریم هانی (شئوونی اجتماعی)، جمال احمد حمدی (تەندروستی)، عبدالکریم کمونە (اقتصاد)، یاسین خلیل (شئوون الشباب)، فەیسەڵ شرهان العرس (شئوون الدولە)، اسماعیل خیرالله (خارجیە)، مالك دوهان الحسن (سەقافەو ارشاد)، شامل السامرائی (داخلیە)، عبدالحمید الجمیلی (مواسلات)، عبدالرحمن الحبیب (مالیە). لەبەیانیەوە هەتا ئێستاکەی ئێوارەیە بەفر زۆر بەتەوژم دەباری.

* ڕۆژی چوارشەممە ٣١/کانونی دووهەم/١٩٦٨، (باباعەلی و فوئاد عارف) لەبەغدادەوە هاتن بۆ لای بارزانی لە (دیلمان) بۆکردنەوەی دەرگای وتووێژ. لەناوچەی (خورماڵ و هەڵەبجەو دەربەندیخان) جەلالیەکان هێرش دەبەنە سەر سەنگەری پێشمەرگەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، کوژراوو بریندار لەنێوان هەردوولادا هەیە.

* ڕۆژی شەممە ٢٤/شوبات/١٩٦٨، لەئەمڕۆوە دانرام بە(لێپرسراوی ئیداری) لەبارەگای ڕۆژنامەی (برایەتی-التاخی) لەبەغداد، هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کاری شۆڕش و هەندێ کاروباری تر کە سەرۆك بارزانی پێی سپاردووم. لەگەڕەکی (عیوازیە) خانویەکم گرت بەکرێ، ژمارەی سەردەرگاکە: ٣٦ت١/٢/٢ خاوەنەکەی ناوی (عبداللە محمد السوفی)ە.
* ڕۆژی یەکشەممە ٢٥/شوبات/١٩٦٨، چوار مەلای شیعە هاتن بۆ لای (سەیدا ساڵح یوسفی) بەناوی (قوتابخانەی الامام الشیخ علی کاشف الغگاو)کە لەنەجەف دادەنیشێ، ناوەکانیان: ١-عبید الجنابی ٢-عدنان السامرائی ٣-عبدالجبار السعدی ٤-الشیخ کاظم الجنابی.
* ڕۆژی چوارشەممە ١٧/تەمموز/١٩٦٨، حزبی بەعس هاتە سەرحوکم، سەرکۆمار (عبدالرحمن عارف) دەرکراو ڕەوانەی تورکیایان کرد، ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی (احمد حسن بکر)ە.
ڕۆژنامەی برایەتی (التاخی) لەبەغدا دەردەچوو، کاری من ئەوەبوو سەرپەرشتیی ڕێبازی ڕۆژنامەکە بکەم بەو شێوەیەی بارزانی فەرمانی پێ کردبووم، کە لەڕێبازی شۆڕش دەرنەچێت و کەس لەخۆیەوە دژی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا شت بڵاونەکاتەوە. ڕای بارزانی نەمر ئەوەبوو تەنها لە پەرلەمانێکی ڕاستەقینەی هەڵبژێراوی میللەتدا نوێنەرانی گەل بۆیان هەیە چۆنیەتی ڕەوتی ناوەوەو دەرەوەی حکومەتی کوردستان دیاری بکەن و داڕێژن.

نامەی تایبەت:
بۆ وەرگرتنی نامەیەکی تایبەت لەخوالێخۆشبوو (سەیدا ساڵح یوسفی)یەوە بۆ بارزانی، شەو لەماڵەکەیان هاتمە دەرەوە کە لەگەڕەکی مأمون بوو لەبەغداد، ئەوکاتە ئەو گەڕەکە تازەبوو و خانووی کەم لێ بوو، ئەملاوئەولای جادە قیرەکە زەویی بەتاڵ بوو، ئەو ڕۆژەش بارانێکی زۆر باریبوو، لەبەرئەوە سەر شۆستەی جادەکە پڕ بوو لە قوورولیتاو. برادەرێکی خزمیشم لەگەڵدابوو، ئێستا لەسلێمانیەو مامۆستایە لەزانکۆ، پێکەوە بەسەر شۆستەکەدا ئەڕۆیشتین و بەرەو خوار دەبووینەوە کە بگەینە لای تاکسیەك، جادەکە زۆر ڕوناك نەبوو، کاتێکمان زانی ئوتومبێلێکی قەمەرە، لایتەکانی کوژانبووەوە لەدواوە یەکسەر هێرشی کردە سەرمان، چاوم لەبرادەرەکەم بوو پەڕی بۆ ناو قوورولیتاوەکە، منیش چەند خولەکێك بەسەر بۆنیتی ئوتومبێلەکەوە مامەوە، هەڵی ئەتەکاندم و پەڕیمە ناو هەمان قووروچڵپاو. ئوتومبێلەکە بەخێرایی لەشۆستەکەوە چووەوە سەر جادەکەو پێی پیانا، دوای ماوەیەکی کەم ووریا بوومەوە، خەمی برادەرەکەشم بوو بەئازاری پشت و ناوسکەوە بەرەو لای ڕۆیشتم. ئەویش وەك من گیانی تێك شکابوو، پانتۆڵەکەم و قوڵی چاکەتەکەم دڕابوو، دواجار برادەرەکەم پرسیاری کرد وتی: تۆ بڵێی ئەوە چی بووبێت؟ وتم: کاکە ڕوون و ئاشکرایە کەچی بوو، قەزاو قەدەر نەبوو.
ئەو کاتانە لەبەغداد هەندێ ئیش و کاری تریشم ئەبرد بەڕێوە وەك:
- بەدواداچوونی کاروباری خەڵك کە لەکوردستانەوە دەهاتن بۆ بەغداد و کاریان لەهەندێ دامودەزگا ڕادەوەستا، زۆرجار نامەی تایبەتیم لە (سەیدا ساڵح)ەوە وەردەگرت بۆ لێپرسراوی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کاری ئەو پێشمەرگەیە، یاخود ئەو هاوڵاتیەی لێ گیربووە، بەناوی ئەوەوە یان بەناوی نوێنەری ڕۆژنامەی (برایەتی)یەوە دەچوومە ئەو شوێنانە، وەك: خەستەخانە، بەتایبەتی خەستەخانەی ابن سینا، بۆ چاوساغیی نەخۆش و بریندار، هەروەها دەچووم بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی (احوالی مدنی) بۆ جێبەجێ کردنی کێشەی ئەو هاووڵاتیە کوردانە کە زۆربەیان خەڵکی کەرکوك و خانەقین بوون، بەڵام میری ناوی (تبعیە)ی وەپاڵیان بۆ ئەوەی ڕەوانەی ئێرانیان بکات.
هەوڵم دا هەندێکیان جنسیەی عێراقی وەربگرن. ڕۆژێکیان لەدائیرەی احوال مەدەنی خەریکی مامەڵەی قوتابیەك بووم، هەموویم بۆ گەڵاڵە کردبوو لەعەرەبیەوە بۆ ئینگلیزی و مۆرکردنی لای کاتب عدل، لەسەر ئەوەمابوو بەڕێوەبەری گشتی ئیمزای بکات، قوتابیەکە ئەو مامەڵەیەی بۆ خوێندن لەدەرەوەی وڵات دەویست، سجلەکەیان هێنا دەرکەوت ئەم قوتابیە برایەکی هەیە دوو مانگ لەخۆی گەورەترە، یەکێك لەفەرمانبەرەکان وتی ئەم مامەڵەیە ساختەیە، وەرن بۆ لای بەڕێوەبەری گشتی، خۆتان قسەی لەگەڵ بکەن. کە چووینە ژوورەوە دیتم بەڕێوەبەر دەناسم، کاتی خۆی لەکۆلێجی پۆلیس سەرۆکی بەشی یەك بوو، سەیرێکی مامەڵەکانی کردو وتی: تۆ بۆچی داوای جێبەجێ کردنی مامەڵەی ساختە ئەکەیت؟ چۆن ئافرەتێ ئەمڕۆ کوڕێکی بێ پاش دوو مانگ کوڕێکی دیکەی دەبێ؟ لەوەڵامدا وتم: مامەڵەی ساختەم پێ نیە، ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینی ناوی دایکیان ناویان جیاوازە، باوکی ئەم قوتابیە دوو ژنی هەیە و ئەم دوو برایە هەریەکە لەدایکێکن، خێرا فەرمانبەرەکەی بانگ کرد پێی وت: بۆچی بەووردی لەم مامەڵەیەووردنەبوونەتەوە؟
- هاتووچۆی (مروری عام)م دەکرد بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەی ئەو ئوتومبێلانەی بەڕێگەی نائاسیدا هێنرابوونە کوردستانەوە.
- گومرگی گشتی، بانقی مەرکەزی، سەفەروجنسیە، ئاسایشی گشتی.

- هەروەها ئامادەبوون لەبۆنەكانی باڵیۆزخانەكان، كە داوەتنامەیان دەنارد بۆ ڕۆژنامەی برایەتی، جاری واهەبوو دوو سێ باڵیۆزخانە پێكەوە بۆنەیان دەگێڕا، زۆر لە لێپرسراوانی ڕۆژنامەی برایەتی ئەچوون بۆ هەندێك و منیش ئەچووم بۆ یەكێكی تریان، ئەم چوونەشمان سوودبەخش بوو، كە لەپەناوە باسی كێشەی كورد بكەین.
زۆرجاریش هەندێ كەس بەتەلەفۆن سكاڵای خۆی دەردەبڕی یان لەهەندێ ڕووەوە داوای كۆمەكی لێ دەكردین ئێمە بچین بۆ لای بۆ چارەسەركردنی كێشەكەی. جارێكیان خوالێخۆشبوو سەیدا ساڵح یوسفی بانگی كردم، وتی: بزانە ئەم برادەرە چی دەوێ لەسەر تەلەفۆن. كە قسەم لەگەڵ مرۆڤەكە كرد بۆم دەركەوت لە (فندق الرشید)ە، لەشەقامی (ڕەشید). وتی: "من ئەفسەرێكم خانەنشینم و كێشەیەكی گرنگم هەیە ئەمەوێ یەكێك لە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەكەتان ببینم، داوای لێبووردنی كرد، وتی: "لەبەر چەند هۆیەكی تایبەتی خۆم، ناتوانم بێم بۆ لاتان، هەروەها ناشتوانم لەسەر تەلەفۆن باسی كێشەكەم بكەم.
لەدوای تەلەفۆنەكە قسەكانی كابرام بۆ ساڵح یوسفی گێڕایەوە" وتی: "باشە تۆ بچۆ بزانە چی دەوێت؟"
كە گەیشتمە ئوتێلەكە ناوەكەیم پرسی، وتیان لەژوری ژمارە ئەوەندەیە، لەدەرگاكەیم دا، ڕوانیم كابرایەكی ئاڵۆزی ڕەنگ هەڵبزركاو دەرگاكەی لێ كردمەوە، فەرموو فەرمووی لێ كردم و چوومە ژوورەوە لەسەر كورسیەك دانیشتم، بەڵام ئەو بەپێوەمایەوەو لێی پرسیم، "تۆ كارت چیە لە (التاخی)؟"، منیش وتم: "لێپرسراوی ئیداریم". وتی: "باشە حەز دەكەم بڕۆین بۆ (كەسرەو عگش) و لەڕێگا باسی كێشەكەی خۆمت بۆ ئەكەم". یەكسەر لێی كەوتمە گومانەوەو پێم وت: "ماوەم كەمەو ناتوانم لەگەڵت بێم بۆ دەرەوەی بەغداد و ئەگەر ئەتوانی لێرە كێشەكەی خۆتم پێ بڵێ. هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشا (ئیتر نازانم ڕاست بوو یان درۆ)، زیاتر ڕەنگی هەڵبزركا، وتی: "تەنها یەك برام هەبوو، چەند ساڵێك لەخۆم منداڵتر بوو، كوردەكان لەشەڕدا بەبرینداری گرتیان و كووشتیان". وتم: "دڵنیابە كورد دیل و بریندار ناكوژێ". لەهەمان كاتدا سەرنجم دا بەدەم قسەكردنەوە لەسەرخۆ دەیەوێ پاشەوپاش بگاتە لای قەرەوێڵەكەی. سەرنجم دا سووچی دەمانچەیەك لەژێر سەرینەكەیەوە دیارە. تێ گەیشتم ئەیەوێ لەخوێنی براكەیدا كوردێ بكوژێ، وا من بە ئاسانی هاتوومە بەردەستی. هەستامە سەرپێو وتم: باشە بابڕۆین بۆكەسرەو عگش و زیاتر باسەكەم بۆ ڕوون بكەرەوە، وتی: "نا پێویست ناكات". زۆری لێ كردم دانیشمەوە، زانیم ئەگەر خۆم دەربازنەكەم نیەتی خراپەو ئەیەوێ بمكوژێ.
ناچار وتم: باشە من دائەنیشم، بەڵام دوو برادەرم لەگەڵدایە لەخوارەوە چاوەڕێم دەكەن، بابچم ئیزنیان بدەم و خۆم ئەگەڕێمەوە بۆلات. لەژوورەكە هاتمە دەرەوە و خۆم ڕزگاركرد.
لەبارەگای ڕۆژنامەكە خەریكی گەلێ ئیش وكاری تریش بووم كە زۆر ئاڵۆزاوی بوون، هەوڵی چارەسەكردنیم ئەدا، چونكە بارەگای ڕۆژنامەی برایەتی وەك بارەگای سەركردایەتی شۆڕشی لێ هاتبوو، سەبارەت بەهاووڵاتیان: زۆربەیان نامەی لێپرسراوانی شۆڕشیان دەهێنا لەهێزەكانی پێشمەرگەوە و لە لقەكانی پارتیەوە، هەر داخوازیەك لەچەشنێ بوو، كارێ لەو بابەتە بوایە ئەچووم بەپیریەوە، بەڵام كاتێ كارەكە دەگەیشتە (ئاسایشی گشتی) زۆر لام گران و ناخۆش بوو، ناچاریش دەبوایە بچوومایە، چوونم بۆ ئاسایشی گشتی بۆ جێبەجێ كردنی ئەم كارانە بوو:
١-گیروگرفتی بەندكراو.
٢-پێناسەی (احوال مدنی).
٣-مامەڵەی ئوتومبێل، كە لێپرسراوان بەڕێگەی تایبەتی هێنابوویان.
لەهەمان كاتدا، لەئاسایشی.گشتی چەند ئەفسەرێكم دەناسی كە سێ ساڵ لەكۆلێج پێكەوە بووین، ساڵی ١٩٦٠كۆلێجمان تەواوكردووەو ژمارەمان مایەوە ٢٩ فێرخواز.

نووسراوی دەرچوونم لەكۆلێجی پۆلیس:
امر اداری ٥١٩ العدد ١٠٤٠٧ التاریخ ١٩٦٠/٦/٢، لەكۆتایی ئەم نامێلكەیەوە یادداشت كراوە، ئەو چەند ناوەی لێرەدا دەیان نووسم ئەوانە لێپرسراو بوون لەئاسایشی گشتی و بۆ دەیان ئیش وكاری هاووڵاتیان چوومەتە لایان بەگوێرەی یاسا ئەو كارەی جێبەجێ بكرایە بۆیان ئەكردم: غالب علی الالوسی (تسلسل ٥) مدیر الشؤون الاقتصادیە، قحگان حمد العزاوی (تسلسل ٢٤) مدیر شؤون الشمال، قاسم احمد الداوود (تسلسل ٢٦) معاون مدیر الامن العام، هادی عبدالوهاب (تسلسل ١٤) مدیر حرس الحدود.
جگە لەمانە (عبدالخالق عبدالعزیز)، لەساڵی ١٩٦١ یاریدەدەری ئامر فەوجی هێزی گەڕۆك (قوات الشرطە السیارە) بوو، لەكاتی شەڕدا لە (زاوێتە) خۆی و چەند ئەفسەرێكی دیكە دیل كرابوون، دوای ماوەیەك ئازادكران، ناوبراو بەڕێوەبەری مەكتەبی ئاسایش بوو، دواتر بوو بە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی.
برادەرێك ناوی (مەلا حەسەن بارزانی) بوو، یەكێك بوو لەپاسەوانە تایبەتیەكانی مەلا مصطفی بارزانی، بروانامەی عێراقی نەبوو، لەئەوراقەكانیا نووسرابوو (محل الولادە: قریە جندیان)، ئەم گوندە زۆر دوورە لەبارزانەوە، بگرە سەر بە

مێرگەسووریش نیە، مامەڵەکانی هاتووچۆی زۆری دەویست لەنێوان (بەڕێوەبەرایەتی جنسیەی عێراق و بەڕێوەبەرایەتی احوال مدنی و ئاسایشی گشتی). شان بە شانی ئەم ئیشانە خەریکی کاروباری چەند ئوتومبێلێك بووم کە چاوپۆشییان لێ بکرێ و لەرسومی گومرگی قوتار بن و تۆمارکردنی لەسەر ناوی هەندێ لێپرسراوانی شۆڕش چونکە ئەو ئوتومبێلانە بەشێوەیەکی تایبەتی هێنرابوونە کوردستانەوە، وەك لەوەو پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە.
زۆرجار لەسەر ئەرك و مووچەی خۆم داوەتم بۆ لێپرسراوان کردووە، یان دیاریم بۆ بردوون بۆ ئەوەی کاروباری هاووڵاتیەکی کورد جێبەجێ بکرێ. هەمیشە ئەم ووت: ئێستا فرسەتە و گفتوگۆ لەنێواندا هەیە چەند بتوانین گیروگرفت چارەسەر بکەین باشترە، ئەوەندەی لەتوانادا بووە کەمتەرخەمیم نەکردووە لەهاتووچۆو تکاکردن، کەکاری هاووڵاتیەکم جێبەجێ ئەکرد لەو کەسە خۆشحاڵتر ئەبووم و هیلاکی و چاوەڕوانی بەردەرگای لێپرسراوانم لەبیر ئەچووەوە، کەکارێکیشیان بۆ نەکردمایە و ئەمرۆ بەسبەی و دەستی دەستیان پێ بکردمایە دڵتەنگ ئەبووم.

زەنگ لەدوای زەنگ:
جا چۆن من بەو شێوەیە سەرقاڵ دەبووم (سەیدا ساڵح یوسفی)یش لەبارەگای ڕۆژنامە بەئیش و کارەوە سەرقاڵتر بوو، بەتایبەتی کە خەریکی داڕشتنی (كلمه التحرير) ئەبوو، بەجۆرێکی وا ئەچووە ناو ناخی نووسینەکەوە هیچ ئاگای لەدەوروبەری خۆی نەئەما.
ڕۆژێکیان دوو سێ برادەر هاتن بە میوانی بۆ لای سەیدا ساڵح، ئەویش بەخێرهاتنێکی میوانەکانی کردوو کەوتەوە نووسین: بەدەمیەوە جەرەسێکی لێدا، فەراشەکە هاتە ژوورەوە و ڕاوەستا، دوای تۆزێ جەرەسێکی تری لێدا، ژمێریارەکە هاتە ژوورەوە یەکسەر هاتە قسەو وتی: "سەیدا، جەنابت چیت پێویستە؟" بەبێ ئەوەی سەرهەڵبڕێ وتی: "چا بێنن بۆ میوانەکان"، میوانەکان دەستیان کرد بەپێکەنین وتیان: قوربان دەمێکە ئێمە چامان خواردۆتەوە، بەڵام چایەکەی جەنابت ساردبۆتەوە.
ڕۆژێك لەو ڕۆژانە لەژوورەکەی خۆم لەبارەگای ڕۆژنامە خەریکی ڕێکخستنی لیستەی ناوی ئەو قوتابیانە بووم کە نیاز وابوو ناوەکانیان بدەین بەمیری داخلی خولی (مفەوەزی) ببن بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی ئەو کاتە. دواتر ئەو مفەوەزانە ناونران (مفەوەزی جوجەڵە)، چونکە بەماوەی شەش مانگ خوولەکەیان تەواو دەکردو دەکران بەمفەوەز. گەنجێك هاتە لام ناوی ئەویش بنووسم بۆ ئەو مەبەستە، ئاگادارم کرد، لیستەکە پڕبۆتەوەو شوێنی نووسینی ناوی تر نەماوە، کوڕەکە زویر و ناڕەحەت بوو، وتی: "دەسا وەڵلا ئەچم بۆ لای برادەرانی مام جەلال"، وتم: "شتێکی زۆر چاکە ئێمە بەهەردووکمان خەریکی دەستکەوت بچرینین لەمیری، ئەگەر لەڕێی ئەوانەوە بتوانی بەمەرامی خۆت بگەیت ئەوە شتێکی زۆر چاکەو هەر سەرکەوتوو بیت".
خوالێخۆشبوو (ڕەفیق چالاك) لەتەنیشتمەوە بوو، کەکوڕەکە ڕۆیشت وتی: بەڕاستی وەڵامەکەتم زۆر لاپەسەند بوو، خۆزگە لەوێنەت زۆر بووایە.
* ئەو کاتانەی لەڕۆژنامەی برایەتی بووم لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٨دا، ڕۆژێکیان خوالێخۆشبوو شەوکەت عەقراوی هات بۆلام پێی وتم: برادەرێکی ئەو زانیاری وەرگرتووە، میری فەرمانی گرتنی منی داوە و یەکسەر ڕەوانەی (بەسرە)م بکەن. تکای لێ کردم بەزووترین کات بەغدا بەجێ بهێڵم و بگەڕێمەوە کوردستان. ئاگاداری (سەیدا ساڵح یوسفی)مان کرد، زۆری پێناخۆش بوو، (پێناسە)یەکی تایبەتیان بۆ جێبەجێ کردم (پێناسە)کە بەناوێکی دیکەوە بوو. ئەو کاتانەی لەڕۆژنامەی برایەتی کارم دەکرد بەئێوارانیش لە (زانکۆی مستەنسریە- بەشی زانستی ڕامیاری (علوم سیاسیە)) دەوامم دەکرد، (نەوروز شاوەیس) ئەویش لەهەمان زانکۆ بوو ئاگاداری کردم مەفرەزەیەکی ئاسایش چوون بەشوێنمدا گەڕاوون. دیاربوو ئاسایشی بەغداد ئەیانوویست لەدەرەوەی بارەگای برایەتی بمگرن. ئیتر دڵنیابووم مانەوەم لەبەغدا یا بەگرتن یا بەکوشتن کۆتایی پێدێت.
برادەرێکی خزم دۆست بەگیانی لەخۆبوردەوە کەلوپەلی ماڵەکەمی بۆ کۆکردینەوەو زۆربەی زۆری بردبوو بۆ هەراج خانە و بەپارەیەکی کەم فرۆشتبووی، لەبەرئەوەی بردنەوەی بۆ سلێمانی ئاسان نەبوو.
بەپاسێکی ٢٨ کەسی بەرەو موسڵ کەوتمە ڕێ، هیچ بەتەمای ئەوەش نەبووم بەسەلامەتی بگەم، لەدوای دەرچوونی فەرمانی بەندکردنم زیاتر دڵنیابووم ئوتومبێلەکەی گەرەکی (مأمون) نزیك ماڵی ساڵح یوسفی بۆ مەبەستی کوشتنم بووە.
لەناو پاسەکەدا ڕۆژنامەیەکم بەدەستەوە گرتبوو و چاوێلکەیەکی تاریکیشم کردبووە چاو بۆ ئەوەی کەس نەم ناسێتەوە، ئەوەی باش بوو لەخاڵی پشکنینەکان کەسیان هەستیان بەوە نەکرد پێناسەکەم دروستکراوە (مزەوەر)ە.
لەموسڵ چوومە لای (حمید بلال) کە کاتی خۆی کەمپاین وگەنم و جۆکەم بۆ وەرگرتبووەوە، پێشوازیەکی زۆر گەرمی لێکردم، لەدواییدا کێشەکەی خۆم باس کردو پێم ووت: "هاتووم کەلەناوچەی میری دەربازم بکەیت"، کابرا زۆر مەردانە هاتە دەست بەجێیێك لەگەڵ براکەیدا بەپشت سەیتەرەکاندا منیان گەیاندە بارەگای بەتالیۆنی سەربەهێزی زاخۆ. زۆر سوپاسم کردن و ئەوان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان، منیش ئەو شەوە لەبارەگای ئەو بەتالیۆنەی هێزی زاخۆ مامەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی لەوێوە چیاوچیا بەپێ بڕیم تا گەیشتمە بارزان، کە گەیشتمە بارزان پرسەی خوالێخۆشبوو (شێخ ئەحمەدی بارزانی) مابوو، دوو ڕۆژ بەشداریم لەپرسەکەیدا کردو دوای دوو ڕۆژ بەرەو گەلاڵە کەوتمە ڕێ. بەنزیکەی دوو هەفتە گەیشتمەوە (گەلاڵە).

نامە بۆ مام جەلال تاڵەبانی:
وەرزی هاوینی ساڵی ١٩٦٩ مامۆستا ابراهیم احمد لەگوندی (ناوپردان)ەوە نامەیەکی نووسی بۆ (مام جەلال) لەلەندەن، (لەناو پردان) لەژوورەکەی (بەڕێوەبەری گشتی دادگای تەمیزی کوردستان محامی جرجیس فتح الله شماس) دانیشتبووین، ناوەڕۆکی نامەکەی بۆ باس کردین، وتی: نووسیومە: ئێستاکە من دانیشتووم و ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، لەناوپردانم و لەماڵی خۆم دانیشتووم و بەئەوپەڕی ئازادیەوە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم و هیچ کەسێ بەژوور سەرمەوە ڕانەوەستاوەو ئەم قسانەی بۆت دەنووسم ڕای خودی خۆمە لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەی کورددا و چارەنووسی میللەتەکەمانە. زۆر بەئیلحاحەوە داوات لێ ئەکەم بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان و با ڕابووردوو بخەینە ئەولاوەو پەڕەی یەکگیری، تەبایی هەڵدەینەوە... هتد.

هێرش کردنە سەر بیرەکانی نەوت:
لەئێوارەی ١٩٦٩/٣/١دا، هێزێکی تایبەتی سەر بە س.ش.ك توانیان هێرش بکەنە سەر کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و زەرەرو زیانێکی زۆری لێ بدەن و دەنگی کورد پتر بگەیەنرێتە دەرەوەی وڵات.
لەپێش ئەنجامدانی ئەم کارە، بارزانی لەئەو نیازەی خۆی ئاگاداری وڵاتە گەورەکانی کرد، هیچ یەکێ لەو وڵاتانە ڕازی نەبوون و گوتبوویان ئەم کردارە دژی بەرژەوەندیی ئەوانە لەعێراقدا.

دەست پێکردنەوەی شەڕ:
لەمانگی ١٩٦٩/٤ دا، هێرش و پەلاماری سوپای عێراق دەستی پێ کردەوە بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان. ئێران بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی خۆی و گوشار خستنە سەر ڕژێمی عێراق و سەپاندنی مەرجەکانی خۆی بەسەر ڕژێمی بەعسداو هەروەها بەگوێرەی پلانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا، شای ئێران ڕاستەوخۆ دەرگای تۆپ و جبەخانەی خستە سەرپشت بۆ بەشداری کردن لەتۆپ باران کردنی بەرەکانی سوپای ڕژێمی عێراق لەناوچەی ڕەواندز. ئەم تۆپ بارانە هیچ سوودو بەرهەمێکی نەبوو، بەشی هەرەزۆری گوللە تۆپەکان لەدەشتایی یان قەدپاڵی چیاو گردۆڵکەکان دەکەوتەوە، خەڵکی ئەو ناوچەیە بەم تۆپ بارانەیان دەگووت: نۆکاوەکە!.

پاڵتۆی نۆکەرایەتی:
بۆ مەبەستی داڕشتن و ڕێکەوتننامەی ئازارو چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی لەئارادا بوون، وەك هێشتنەوەی (سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان)و دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی.. ڕۆژی ١٠/٣/١٩٧٠ جێگری سەرەك کۆمار صدام حسین گەیشتە (ناوپردان)و چووە سەردانی بارزانی و کەوتنە گفتوگۆ. دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەی ١١ی ئازار/١٩٧٠، بارزانی پاڵتۆیەکی نایابی پێشکەش بەصدام حسین کردو پێی وت: ئەوا منیش (رداو العماله)م کردە بەری تۆ، بەپێکەنینەوە پاڵتۆکەی کردە شانی صدام. لەوەو پێشتر لەتەلەفزیۆندا کاریکاتێری (بارزانی)یان پیشان ئەدا بەپاڵتۆیەکەوە لەسەریان نووسی بوو(رداو العماله)واتە (پاڵتۆی نۆکەرایەتی ئیستیعمار).
شەوی ١٠-١٩٧٠/٣/١١ کە بارزانی و صدام حسین ڕێکەوتننامەکەیان لە(ناوپردان) ئیمزا کرد، صدام داوای کرد پێشمەرگە تەقەی خۆشی بکەن، بەڵام بارزانی فەرمووی: ئێستا نیوە شەوەو خەڵك نوستووەو بانەیانترسێنین.
بارزانی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو، بۆ یادکردنەوە و بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی خۆش، پێشمەرگە تەقەبکات و فیشەك بەفیڕۆ بدات و خەڵك بەر گوللەی وێڵ بکەون.
دەیفەرموو: یەك فیشەکی پێشمەرگە دوو فەرمان دەبینێ، یەکەم خۆی پێ دەپارێزێ و بەرگری لەڕۆحی خۆی پێ دەکات، دووهەم، دوژمنێکی میللەتی کوردیشی پێ دەکوژێ و بەرگری لەنەتەوەکەی خۆی پێ ئەنجام ئەدا.
بانگەوازی سەربەخۆیی:

ڕێکەوتننامەی ١١ئازار/ ١٩٧٠، بریتی بوو لەجۆرێ ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی نیشتمان و وڵاتی عێراقدا و ئەگەر بمرایە سەر، هەنگاوێکی پان وبەرین و گەورە بوو، بۆ خۆی بوون و سەربەستیی تەواو لەژێر ئاڵای عێراقدا. دراوسێکان و ڕۆژئاواو ئەمەریکا بیانوویستایە و نەیانوویستایە مافی نەتەوەی کوردی دەسەلماند، ئەو ڕێکەوتننامەیە ڕەنگدانەوەو بەرهەمی شۆڕشی ئەیلوول و فیداکاریی میللەتی کوردو وورەو ئازایی و پاکی و کۆڵ نەدانی سەرۆك مەلا مصطفى بارزانی بوو.
ڕێکەوتننامەی ١١ئازاری ١٩٧٠ (ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقدا) ئاکامو بەرهەم و پەرەپێدانی ئەم بەیاننامەو ڕێکەوتننامانەی خوارەوەیە کەبەخەباتی نەتەوەی کورد لەژێر سەرۆکایەتی بارزانی نەمردا هاتە کایەوە، بەیاننامەی شوباتی ١٩٦٣، ١٩٦٣/٢/١٠، ١٩٦٦/٦/٢٩، ١٩٦٨.
بەگوێرەی ئاخاوتنی ئەندامێکی باڵای وتووێژی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار
١٩٧٠ صدام حسین وتبووی: کەم وکوڕی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوولامان، لەئەستۆی ئێمەو ئێوەدایە، ئەمڕۆ من ناتوانم لەمە زیاتر ئیمزا بکەم، دراوسێکان و عەرەب و ڕۆژئاوا لێم ڕاست دەبنەوەو گێرەو کێشە دەهێننە بەردەم مافی نەتەوایەتیتان، بڕۆن لەناو خۆتاندا یەکبن، دەست مەخەنە ناو دەستی وڵاتانی بیانی، وەزیرەکانتان هەموو دەسەڵاتێکیان ئەدرێێ، بابەکاری بهێنن و هەنگاو بەهەنگاو مافی خۆتان بسەلمێنن و بیچەسپێنن و لەسەری بینا بکەن، ناڵێم نە!.

بێچووە ورچی ڕەش وسپی:
لەساڵی ١٩٧٣، ڕاوچیەك دوو بێچوە ورچی ڕەش و سپی لە(چیای کانی خوا) پشت گوندی (حاجی هۆمەران) گرتبوو، بەدیاری هێنابووی بۆ بارزانی، هەردووکیان خەپەرە بووبوون و لەدەوروبەری ژووری میوان لەحاجی هۆمەران دەسووڕانەوەو ماڵی بوبوون. ئەمە ئەوە ڕادەگەیەنێ کە لەو چیایە ورچی ڕەش و سپی لێیە، ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێشە. لەچیاکانی کوردستان گیانەوەری هەمە چەشنە هەیە ئەگەر ڕاوچی و خەڵکی دیکە بن بڕیان نەکەن، وەك: {ورچ، پڵنگ، و وێز: (جۆرە پڵنگێکە لەناوچەی قەرەداغ هەیە)، بزن و بەرانە کێوی، ڕێوی، دەڵەك، ئاسك، شور: (فیلەگێژە تەنها لەچیای چیوە هەیە لەناوچەی هیران و نازەنین)، باڵندەکانیش: کەو، کۆترە شینکەو گاپەلە، سوێسکە، شینەشاهۆ، حاجی لەقلەق، پۆڕ، قەتێ، داڵا، هەڵۆ، بازی جۆراوجۆر}.
لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، لەسەر فەرمانی بارزانی ژمارەیەکی زۆر مەڕو بزن و گاو مانگاو چەند ئەسپێکی ڕەسەن لەناوچەی گەرمیان و باشووری عێراقەوە هێنرا بۆ ناوچەی گەڵاڵەو حاجی هۆمەران بۆ تۆو بڵاوکردنەوەی توخمی ڕەسەنی لەناوچەکەداو بۆ سوودی گشتی. دوایی بوو بەماڵی ئەو جوتیارو وەرزێرانەی چاودێری ماڵاتەکانیان دەکرد. لەناوچەی شلێر و ناوخوان گۆشتی ورچ دەخۆن، گۆشتەکەی دەکەن بەقاورمەو لەناو دیزەدا هەڵی دەگرن بۆ زستان، ڕۆنی ورچ نایبەستێ و بەشلی دەمێنێتەوەو بۆ خواردن و وەك دەرمانی باداری بۆ نەهێشتنی ئێش وئازاری ڕۆماتیزم بەکاری دەهێنن. لەگەڵ هێزەکەی سەرۆك بارزانی لەگوندی (میشاو) بووین، بەیانیەکیان بەڕۆنی ورچ و قاورمەی گۆشتەکەی هێلکەو ڕۆنیان بۆ کردین، نیوەڕۆکەشی برنج وشلەی ڕێواس، ڕێواسەکە لەوەو پێشتر بەوشکی هەڵگیرابوو و وەك بامێ جنرابوو.

سێبەرەکەت چەند بڕ دەکات، عەدالەتەکەشت هەر ئەوەندە:
ساڵی ١٩٧٠، حاجی کەریم شەمسە، خەڵکی گوندی (خدری)ی نزیك (سەنگاو)، بەناڕەوا، پارچەیە موڵکی داگیرکرابوو، بۆ شکات چوو بوو بۆ لای سەرۆك بارزانی لە(دیلمان)، پێش ئەوەی حاجی کەریم داواکەی خۆی بڵێ، بارزانی لێی دەپرسێ، حاجی عەدالەت چۆنە لەناوچەی هێزی کەرکوك؟ حاجی کەریم دەڵێ: قوربان، ئەگەر بچیتە بەرهەتاو سێبەرەکەت چەند بڕ دەکات، عەدالەتەکەشت هەر ئەوەندە بەرەو هێزی کەرکوك ڕۆیشتووە.
حاجی کەریم، سێ چوار شەو زیاتر لە (دیلمان) مایەوە، هەموو شەوێ بارزانی لێی دەپرسی، ئێ حاجی، عەدالەت چۆنە لەو ناوچەیە؟ ئەمیش هەمان وەڵامی ئەدایەوە، دواتر لەساڵی ١٩٧١، کە من بووم بە (فەرماندەی فەوجی پێنج حەرەس حدود لەسەنگاو)و (فەرماندەی هێزی کەرکوك)یش، لەڕێی دادگاوە پارچە زەویەکەی وەرگرتەوە و گلەییەکەی نەما.

لیستەی ڕەش:
بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار، بۆ مووچەخۆرو فەرمانبەران ساڵانی پێشمەرگایەتیش بەخزمەت لەقەڵەم درا، لەدوای ١١ی ئازارەوە، بەماوەی چەند مانگێك، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس لەبەغدادەوە داوای کرد ئەو ئەفسەرە پۆلیسانەی لەگەڵ

شۆڕشدان بچن بۆ بەغداد و ئامادەی تاقیکردنەوە بن بۆ بەرزکردنەوەی ئاست (ترفیع)، ئەوەی سەرکەوتوو نەبێت چوارساڵ بەرزکردنەوەی دوائەکەوێ، لەئەنجامی تاقیکردنەوەکەدا من وبرادەرەکانم سەرکەوتنمان بەدەست هێنا.
وەزیری ناوخۆ ویستی من و رائیدی پۆلیس (حەمەی سەید علی) دابنێ بەبەڕێوەبەری پۆلیس لەپارێزگاکانی خوارووی عێراق، هەروەکو چۆن هەندێ کوردی دیکە دانرابوون بەفەرمانبەر لەناوەڕاستی عێراقدا.
کاتێکیان بۆ دیاری کردین بۆ ئێوارە لەوەزارەت چاوی پێمان بکەوێت، من و حەمەی سەید عەلی لەکاتی دیاریکراودا چووین، پێیان ڕاگەیاندین لەتاقی کردنەوەکەدا سەرکەوتوو بووین و ئەیانەوێ لەخوارووی عێراق دامان بمەزرێنن. پرسیاریان لێ کردین وتیان: ڕاتان چی یە؟ وتمان: ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ گەلاڵە دوایی خۆمان دێینەوە، یان ئاگادارتان دەکەینەوە. گەڕامەوە بۆ بارەگای بارزانی و ئەم پێشنیارەی وەزیری ناوخۆمان بە (ئیدریس بارزانی) ڕاگەیاند، ئەو کاتە لێپرسراوی هەموو کاروبارێکی بیرۆی سەربازی بوو (مکتب عسکری)، فەرمووی: "وەزیفەی میری لەناوەڕاست و خوارووی عێراق قبوڵ مەکەن".
ئەمە ڕای بارزانیش بوو، ئێمەش لەسەر فەرمانی ئەوان نەچووینەوە بەلایدا، دڵنیابووم ناوی من لای میری چۆتە لیستەی ڕەشەوەو بەڵگەش زۆرە لێرەدا باسی هەندێکی دەکەم.
بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار، بارزانی ناوی من و چەند کەسێکی دیکەشی دابوو بەمیری بکرێین بەباڵوێز، کاتێ (مرتچی الحدیپی) هاتبوو بۆ ناوپردان، بارزانی دەستی منی گرت و دەستی مرتچی، پێی گوت: "کە چوویتەوە بەغداد ئەو کارەی شەوکەتم بۆ جێبەجێ بکە". لەگەڵ ئەوەشدا ناوی هەموو ئەوانی تر دەرچوو تەنها من نەبێت، دوای ماوەیەکی تر ناویان دام بەمیری بکرێم بەوەکیلی وەزارەت، ئەویشیان نەکرد، دوای ئەوە داواکرا بکرێم بەجێگری پارێزگاری سلێمانی و دواتر بۆ جێگری پارێزگاری موسڵا، میری لەسەر هیچی ڕازی نەبوو، لەدواجاردا (سامی عبدالرحمن)، بەناوی شۆڕشەوە تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس کردو کردمیان بەئامر فەوجی حەرەس حدود لەسەنگاو، مانای بەپێشمەرگایەتی مامەوە، ئەمەش بەشانازیەوە دەیڵێم.

ئازوقە بۆ خێزانی شەهیدان:
ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤، کاتێ کەئامر فەوجی پێنج لەسەنگاو و دواتر (فەوجی یەك)ی حەرەس حدود لە (بەمۆ) بووم، ئازوقەی پەسمەندەو زیاد لە پێویستی فەوجەکەم دابەش ئەکرد بەسەر خێزانی شەهیدەکانی شۆڕشی ئەیلوولداو گوندەکانی دەوروبەری سەنگاو، چەمچەماڵ و ناو شاری سلێمانی و لیستەی ناوەکانم دەنارد بۆ خ.ل ئیدریس بارزانی.

دزی ڕاسپێردراو:
لەدەرەوەی وڵات ڕدایۆیەکی (FM)م هێنابوو لەگەڵ ئامێرێکی ترانسیستەر، دوای دوو سێ مانگ دز هاتبووە سەر ماڵەکەمان لەگردەکەی عەقاری و ڕادیۆکەیان بردبوو (مقدمی شرطە عبدالمجید شاسوار) بەڕێوەبەری ئیداری پۆلیسی سلێمانی بەوردی و شارەزایی گەیشتبووە دەستنیشان کردنی یەکێك لەدزەکان و دەسگیر کرا، بەڵام نەگەیشتینە ئاکام، بارودۆخی ناهەموار ڕووی کردەوە کوردو کوردستان.

ڕاسپاردە:
لەساڵی ١٩٧٤، ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار کەوتبووە غەرغەرە، وەزیرەکانمان بەغدایان بەجێ هێشتبوو، لەبەغداوە برادەرێکی کورد تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: "میری هەموو ئاگادارییەکی هەیە کەتۆ دەتوانی لەگەڵ بارزانی ڕووبەڕوو قسە بکەیت، میری ڕاسپاردەیەکی گرنگی هەیەو ئێمەش تۆمان دەستنیشان کردووە بیگەیەنیت بەبارزانی و بۆ ئەم مەبەستە بەڵکو بێیت بۆ بەغداد".
لەڕاستیدا هیچ دڵنیا نەبووم لەچوونم بۆ بەغداد، چونکە هیچ بڕوایەکم بەمیری نەمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێم نا بەجەرگی خۆماو چوومە نەقلیات، ئۆتومبێلێکی حازر هەبوو تەماشام کرد مامۆستا (جمال بابان) لە ئۆتومبێلەکەدا دانیشتووە، منیش چوومە لای (مامۆستا جەمال بابان)ەوە بەرەو بەغداد کەوتینە ڕێ. بەدرێژایی ڕێگا من هیچ ئارام نەبووم، لەهەموو سەیتەرەیەك بەتەمابووم دام بەزێنن و بەندم بکەن، مامۆستا جەمال هەستی بەو نائارامی و شڵەژاویەی من کردبوو، بەتایبەتی لەسەیتەرەکاندا وەك لەم دواییەدا لەسلێمانی بۆی گێڕامەوە، بەڵام ئەو ئاگاداری ئەم باسە نەبوو.
گەیشتمە بەغداد و چوومە ئوتێل و لەوێوە پەیوەندیم بەبرادەرەکەوە کرد، پاش ماوەیەکی کەم هات بەشوێنمدا پیاوێکی دیکەشی لەگەڵ دابوو دیاربوو ئەو پیاوە لێپرسراوێکی گرنگی میری بوو، ڕاسپاردە گرنگەکەیان پێ وتم: بۆ بەیانی زوو بەرەو (ناوپردان) دواتر (حاجی هۆمەران) کەوتمەڕێ. پێشەکی چوومە مەکتەبی سیاسی دوو برادەری لێپرسراوی لێ بوو ڕاسپاردەکەم

بەئەوان ڕاگەیاندو لەوێشەوە چووم بۆ خزمەت بارزانی و هەموویم بۆ باس کرد، لەهەمان کاتدا سەیدا ساڵح یوسفی لەدەرەوەی وڵات هاتبووەوە، ئەویش ڕاسپاردەیەکی تایبەتی لەدەرەوەی وڵات هێنابوو، هەروەك من ئەویش بەجێی مەبەستی گەیاند، من لێرەدا ئەرکەکەی خۆمم بەجێ هێنا.
لەڕاستیدا سەری پەتەکە تەنانەت بەدەست عێراقیشەوە نەمابوو، دەوڵەتە زلهێزەکان و وڵاتانی دراوسێ هەموو پلانێکیان داڕشتبوو بۆ تەفرو توناکردن و هەرەس پێهێنانی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار، بارزانی نەمر فەرمووی: "هەموو دۆستەکانمان لێ بوون بەدوژمن، دۆستیش کە دەبێ بەدوژمن لەدوژمن خراپترت پێ دەکات".

بارزانی دەیفەرموو:
ئەگەر پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدا برسی و تینوو بێت، دوژمن شکستیش بێنێ پێشمەرگە ناتوانێ ڕاوەدووی بنێ و شوێنی بکەوێ و زەفەری پێ بێنێ، هەروەها پێشمەرگەی برسی و تینوو ئەگەر شکستی هێنا، ناتوانێ لەدەست دوژمن ڕابکات و خۆی ڕزگار بکات، ئینجا ئەو کەسەی نان وئاو فریای پێشمەرگە دەخات، ئەرکی سەرشانی پربایەخەو جێ دەستی دیارە.

دروست کردنەوەی ئەمانەتە گشتیەکان:
لەکاتی شەڕی یەك ساڵەی ١٩٧٤-١٩٧٥ی نێوان ڕژێمی بەعس و س.ش.ك دەستکرا بەدروست کردنی ئەمانەتە گشتیەکان لەناو شۆڕشدا، بێ جیاوازی و من منۆکێ کاروباری شۆڕش سپێردرا بەتازە هاتووەکان و ئەو ئەندامانەی پارتی و بێ لایەن و سەر بەهەمە چەشنەی پارتە سیاسیەکان کەلای میری خاوەن پلەو پایە بوون و بەشی هەرەزۆریان ژیانی پێشمەرگایەتیان نەدیبوو.
کەسانێك هەبوون بەم تازەهاتووانەیان دەووت هاتوونەتە سەر بەروبوومی حازرو بێ ئەرك. تازەهاتووان دڵنیابوون لەپاکی و ئەمینی پێشمەرگە کۆنەکان، لەبەر ئەم هۆیە بەشی زۆری پاسەوانەکانیان و فەڕاشەکانیان و چێشتکەرەکان لەپێشمەرگە کۆنەکان بوون، شۆڕش بێ بەرچاوتەنگی و بەوپەڕی دڵکراوەییەوە مووچەی مانگانەی باش و چەکی کلاشینکۆفی نوێی خستە بەردەستیان، جگە لەئازووقەی لێشاو بەتایبەتی ئەمانەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، شوێن کۆمەڵگای ئەوان بوو، خانووە باشەکانی ئەو ناوچانەی ڕایات و ئازادی... هتد، بە ئەوان بەخشرابوو، ڕوخسەت و پارەشیان لەبەردەستدا بوو بەگوێرەی ویست و ئارەزووی خۆیان لەقەدپاڵ گردو گوێ کانیاوەکان خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن. دەوامی ڕۆژانە لەدامودەزگاکانیان لەسەعات هەشتی بەیانیەوە بوو، هەتا سەعات دوو نیوی پاش نیوەڕۆ، وەك دامودەزگای میری.

مشتێ نموونەی خەرباڕێکە:
لەدوو کاتی جیاوازدا ڕێم کەوتە سەر نیشتنگەو شوێنی حەوانەوەی ئەمینێکی گشتی تازەهاتوو و ئەمینێکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول: خانوو بەرەی یەکەم، هاوچەرخ، نوێ، لەبابەتی هاوینەهەوار، پڕ فەرش و مۆبیلەو بەکارەبای جەنەڕێتەر ڕووناك وەکراو... ژووری زەخیرە و ئازووقە بێجگەلە برنج و ڕۆن و هەموو وشکەیەکی پێویست، ئەوەی سەرنج ڕاکێش بوو، بۆ شەوچەرە: بەفەردە فستقی سوێر، فستقی ترش، فستقی کاڵا، بەهەمان شێوە فستق عەبید و بندق و ...، بۆ بەرچایی: بێجگەلە هێلکەو پەنیری هەمەچەشنە، بەقوتووی چوار پێنج کیلۆیی کافیاری زەردو کافیاری ڕەش و سۆسەج و باسترمەی قەیسەری و هەمەچەشنە.
برادەرێکم لەئەمانەتی گشتی دارایی بوو، و ئەمینی گشتیەکەشی پێشمەرگەی ئەیلوول بوو، ئێوارەیەکیان چوومە لای، خانوەکان لەناو شیوودۆڵ دابوون، دوو هۆدەو هەیوان، چەند ڕیزە خانوویەك وەك سەنگەری بەرەی شەڕ دروستکرابوو، لەسەر مێزێکی ژووری برادەرەکەم سێ قاپ نیسکێنە دانرابوو، لەگەڵ شەش کولێرەدا، بۆ خۆی و بۆ یاریدەدەری ئەمینی گشتی دارایی وقاپێك نسکێنەو دوو کولێرەش بۆ من. بەشی زۆری ژمێریار و پسپۆڕی حسابات یان پ.م ئەیلوول بوون یان کەسانی شارەزاو پڕ تەوازوو بوون و هەڵبژاردە، سەرێکی لای چێشتکەرەم دا، چێشتکەری هەموو بارەگای ئەمانەتەکە بوو، لەژووری زەخیرەو ئازووقە برنج و ڕۆن، وشکەی پێویست بۆ شلە و پیاز وپەتاتەو هێلکەی لێ بوو، ئاوی مەعدەنی و ئەو فەردە شتانەی لەئەمانەتی یەکەمدا ئەبینرا، لەئەمەیاندا ئاسەواری نەبوو.
بەشی هەرەزۆری تازەهاتووەکان کورد پەروەربوون، میری پێش تازەبوونەوەی شەڕی یەکساڵەی کۆتایی، ئەو برادەرە کوردانە بەخۆیان و خێزانەکانیانەوە بەزۆرە ملێ لەشارەکان دەرکردو ڕەوانەی ناوچەکانی ئوتونۆمی کران بۆئەوەی ببن بەئەرك بەسەر شۆڕشەوەو بەخێوکردنیان و پاراستنیان و نیشتەجێ کردنیان ببێ بەبارێکی قورس و گرانو لەکاتی پێویستدا شۆڕش ملکەچی ئێران بێ، بارودۆخ وای لێ هات وەکو میری ویستی.

دەست بەسەربی بارزانی لەتاران:
ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥و ئەوكاتانەی كەعێراق وئێران خەریكی "رێكەوتننامەی جەزائیر" بوون، بۆ ماوەی مانگێ زیاتر بارزانی نەمریان لەتاران وەك دەست بەسەر گل دایەوە، كە رێكەوتننامەی جەزائیر جێبەجێ كرا ئەوكاتە مەلا مصطفی بارزانییان سەربەست كردو گەڕایەوە بۆ كوردستان. دواجار كەبینیم هەرگیز وشەكانی و ماتەمینیەكەی سەرچاویم لەیاد دەرناچێ، فەرمووی: "با میللەت بەورەو مەعنەویاتەوە بچنەوە ماڵی خۆیان، ورەی خۆیان نەخەنە ژێر پێی بێ بەزەیی دوژمنەكانمانەوە".
فەرمووی: "كورد شەڕی توركیاو ئێران وجەزائیرو عێراقی پێ ناكرێ، ئەگەر ئەو هێزانە بێنەناو خاكی كوردستانەوەو شارو گوندەكانمان تاڵان و چەپاو ووێران دەكەن و میللەتەكەمان دەفەوتێنن، سەربازەكانیان ئەگەر ژنە كوردێكی دوو گیان ببینن گرەو لەسەر پاكەتە جگەرەیەك دەكەن، سەربازێ ئەڵێ: من ئەڵێم ئەم ژنە كوڕی لەسكدایەو سەربازێ ئەڵێ: من ئەڵێم كیژی لەسكدایە، ورگی ژنە كوردەكە بەقەمە هەڵدەدڕن، ئەو سەربازەی گرەوەكەی بردۆتەوە بەقاقای پێكەنینەوە پاكەتە جگەرەكە ئەخاتە گیرفانی و بەشوێن گرەوێكی دیكەدا ئەگەڕێ..!! دواجار فەرمووی: "دڵنیام كورد سەرهەڵدەداتەوەو ڕۆڵەی كورد ئەبێ وەك داری بەردار وابێ، چەند لەژێر باران و زەیقەت دا بێ، دەبێ سەرهەڵبداتەوەو بەرهەم بێنێ".
مەینەتی و غەم وپەژارە و سەر لێ شێواوی هەموو میللەتی كورد لەو ڕۆژەدا لەیاد ناچێ.

پاسپۆرتی دروستكراو:
كاتێ بارزانی لەتاران بوو، دوای نسكۆی شۆرشی ئەیلوول، بواری نەئەدرا بەئازادی خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی بكات، ناچار خۆی و سێ چوار كەس لەپاسەوانەكانی بێ ئاگاداریی رژێمی ئێران بەپاسپۆرتی دروستكراو دەچنە ئەمەریكا بەمۆرو فیزەی نایاسایی، دوای خۆئاشكراكردن هەموویان بەند دەكرێن و نزیكەی دوو هەفتە لەئەمەریكا دەیان شارنەوەو بێ سەرو شوێن دەكرێن، دوای هەوڵ و تێكۆشانێكی زۆر دەدۆزرێنەوەو لەئەمەریكا دەمێننەوە لەژێر چاودێریی و سنورێكی ئازادی بۆ دیاریكراودا لەلایەن دامودەزگاكانی ئەمەریكاوە، بەڵام سەرۆك مەلا مصطفی بارزانی كۆڵ نادات و خەباتی سیاسی و دیبلۆماسیی بەردەوام دەبێ.

هەردەم نوێنەری بارزانی:
ئەوكاتانەی لەفەوجی پێنجی حەرەس حدود بووم، دواتریش لەفەوجی یەكی حەرەس حدود لە (بەمۆ) جگە لەبەڕێوەبردنی كاری ئاسایی خۆم، گەلێ كێشەوگرفتی دیكەی هاووڵاتیانم چارەسەر دەكرد، چونكە بارزانی هەردەم منی بەنوێنەری خۆی زانیوە و گەلێ خۆشحاڵ بووم لەناو پێشمەرگەدام.

سەرم بۆ میری دانەنەواندووەو ئەو وەزیفانەی لەژیانا دیومن شاهیدن. لەوكاتەدا كە ئامر فەوجی حەرەس حدود بووم دانرام بەئامر هێزی كەركوكیش، بارزانی نەمر پێی وتم: "ناوچەی كەركوك دووچاوی ئێمەیە، دەبێ تۆ (ڕووی كردە من) بەدادوەری و بەخزمەت كەركوك بەبەشەكانی دیكەی كوردستانەوە ببەستی، دڵنیام ئەگەر بتوانی ئەمە بكەیت درێغی ناكەیت، ئەگەر نەشتوانی زوڵم لەسەر میللەتەكە لاببەیت ئەوا تۆ زوڵمیان لێ ناكەیت".
ئەو چوار ساڵی ڕێكەوتنە، واتە لەساڵی ١٩٧٠ هەتاكو ١٩٧٤ بەبەرگی پێشمەرگەیاتیەوە لەبەر چراو فانۆس ئیش وكاری خۆم بردووە بەڕێوە، وەك هەموو ساڵانی كەژوكێو كە لە ١٩٦١/١٢/٧وە دەست پێدەكات.

هەڕاج و هەڕاجخانە:
لەكۆتایی ساڵی ١٩٧٤، كاتێك شەڕ دەستی پێ كردەوە، بە پەلە هەندێ كەلوپەلمان لەماڵە دراوسێ داناو ئەوەشی مابوو لەخانوەكەدا جێمان هێشت، مانگێ كەمتر دوای تازەبوونەوەی شەڕ ئەمن و ئیستخبارات چووبوونە سەرماڵەكەم و كەوتبوونە پشكنینی ماڵە دراوسێكانم و زۆری شتمان لەماڵە دراوسێش بوو خرایە پشتە پیكابەوەو هەڕاجیان كردبوو، دوابەدوای ئەوان ئاسایش شاڵاوی بردبووە سەر ماڵی خەزوورم، دوای پشكنینێكی زۆر، گەلێ شتی ئەوانیشیان بەناوی شتی ئێمەوە بردو هەمووی هەڕاج كرا، لەدواكاتدا خانوەكەمیان دابوو بەمووچەخۆرێكی خۆیان، ئەوەی ئەمن نەیبردبوو ئەوكەسە بردی.

چوونەوەی خەڵكان بۆ سەر زەوی و زاری خۆیان:
ساڵی ١٩٧٠ لەوكاتانەدا كەئامر فەوجی حەرەس حدود و فەرماندەی هێزی كەركوك بووم لەسەنگاو، ئەو كوردانەی گەڕانەوە ژێر سێبەری ڕێكەوتننامەی ١١ی ئازار لەناوچەكانی چەمچەماڵ و كەلاروكفری ولەیلان و هەردەی زەنگەنە بێ گیروگرفت

چـوونەوە سـەر زەوی وزارو ئـاوو بـاخ وباخـاتی خۆیـان، نـامەی تایبەتیشـم نـارد بـۆ شـێخ و ئاغـاو بەگـزادەو کەسـانی دیـکە، کەچووبوونە ناو کەرکوك و شوێنانی دیکە داوام لێ دەکردن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان و خزمەتی مەرقەدی باوك وباپیری خۆیان بکەن و کاروباری کۆمەڵایەتی و چالاکی دیکەش دەخرێتەوە ژێر دەستی خۆیان.
بەدرێـژایی ئەو مـاوەیەی لەو نـاوچەیە بـووم بەرهەڵسـتیی ڕاوو ڕووت و فڕانـدنی ئوتـومبێلی دامودەزگای مـیریم دەکـرد، بـواری گێرەشێوێنی خراپەکاریم نەئەدا، ئەگەرچی ئەو خراپکارە لەناوچەکەدا لێپرسراو بوایە شروشیتاڵم لەبارەگاکە فڕێ ئەدایە دەرەوە، لای من گرنگ ئەوەبوو، ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار بچەسپێ و لەدەست دەرنەچێت.

پرۆژەی کاری نیشتمانیی نێوان ڕژێم و حیزبی شیوعی:
پێوەندیی نێوان بارزانی و حیزبی شیوعی (مارکسی-لینینی) بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلوول ئاسایی و دۆستانە مایەوە، بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەو هاوچەرخی بارزانی و سووربوونی لەسـەر بەرژەوەنـدی شـۆڕش لەلایەك و لەلایەکی دیکەشـەوە، سکرتێری حیزبی شیوعی عزیز محمد دەستێکی باڵای هەبوو لەچەسپاندن و جێگیرکردن و بنج داکوتاندن و بەردەوامیی ئەم دۆستایەتیەی نێوان هەردوولا، عزیز محمد جێی ڕێزو ستایشی بارزانی بوو.
پـێش ئەوەی حـیزبی شـیوعی (میپـاق العمـل الـوگنی) لەگەڵ ڕژێـمی بەعـس مۆربکات، پـرس وڕایـان بەبـارزانی کـرد، بـارزانی فەرمووی: ڕژێمی بەعس دەیەوێ ئێوە لەئێمە داماڵێ و لەهەندێ ڕووەوە لاوازمان بکات و دوای ئەوە هیچ مافێکی ڕەواو دیار بەئێوە نادات و تەفرو توناتان دەکات، ئێوە لەپاڵ ئێمەدا بن هەردوولامان بەهێز دەبین، هەرکاتێك لەئێمە دوورکەوتنەوە لاواز دەبـن و بەگورگـان خـواردوو دەدرێـن، نیـازی هەنـدێ لایەنی ڕژێـم لەم ڕاوەڕێـویە مەبەسـتیان دوورخسـتنەوەی مـیری یە لەجێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار.
لەهەمان مێژوودا (شێروان علی امین) ئەندامی ناسراوی پێشکەوتووی حیزبی شیوعی لەسلێمانی هات بۆ لای من ڕای وابوو کەحیزبی شیوعی دەیەوێ واز لەخەباتی ژێرزەمین و ساردواو بێنێ و بێتە سەر زەوی و تێکەڵ بەخەباتی ئاشکراو ڕەپ و ڕوونی ناو کۆمەڵ بن و نایانەوێ ئەم هەلە لەکیس خۆیان بدەن، لەهەمان کاتدا ڕوسیاش هاندەریان بوو، بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ بەعسدا، مەبەستی ئەو برادەرە ئەوەبوو کە منیش لای خۆمەوە ئەم چەمکەی بیروڕایان بگەیەنمەوە بە بارزانی.
لەڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٧، پرۆژەی کاری نیشتمانی (میپاق العمل الوگنی) لەنێوان حیزبی شیوعی و حیزبی بەعسدا مۆرکرا، پێش ئەمەش بە سێ مانگ، عێراق پەیمانێکی دۆستانەو هاوکاریی نێوان ڕژێم و سۆڤیەتی مۆرکرد. مەبەست لەم پەیمانە فشار خستنە سەر ئێران وئەمەریکا و ڕۆژئاوا بوو کەپشتگیری کورد نەکەن، ئەگینا عێراق بەرەو بلۆکی سۆشیالیست دەڕوا. لەو ماوەیەشدا عێراق کۆنگرەیەکی بەست بۆ هەموو حیزبە شیوعیەکانی دنیا بۆ هەمان فشارو مەبەست.
کودەتاکەی نازم گزار و هاوتاوانەکانی
خوێنەری هێژا لێرەدا زۆر بەکورتی باسی کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ناڤم گزار دەکەم، ئەوەی پێوەندیی بەڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ەوە هەبێت:
دوای بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار بەچەند ڕۆژێ ناڤم گزار پێوەندی نهێنی دەکات بەئەو وڵاتانەوەی ڕایان سلبی بوو بەرامبەر ئەم ڕێکەوتننامەیە.
ناڤم گزار لەهەموو ئوتێلەکانی (هیلتۆن) لەڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات باڵێکی تایبەتی هەبوو. ناڤم گزار هێواش هێواش زەمینەی پیلان و پلان ئامادە دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ (شای ئێران) دژی ڕێکەوتننامەی ئازار، شای ئێران لەڕۆژنامەکاندا بەحیزبی بەعسی دەووت: (نەخۆشی شێرپەنجە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا).
بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان شاو ناڤم گزار چوار پێنج کۆماندۆی ئێرانی فڕۆکەیەکی بۆینگ ٧٤٧ یان فڕاند و لەفڕۆکەخانەی بەسرە نیشـتنەوە، کۆماندۆسـەکان بەنـاوی (معـارەزە)و دژایەتی شـای ئێران نێردرانە لای جەنەڕاڵ بەختیاری لەبەغداد، دوای ماوەیەك بەناوی ڕاوو سەیرانەوە دەیبەن بۆ (ڕۆستەمیە)ی دەرەوەی بەغداد، جەنەڕاڵ بەختیاری یان تیرۆر کردو لەشوێنی دیاریکراوەوە!! کۆماندۆسەکان نێردرانەوە بۆ ئێران، بەئاسماندا هاتن و لەئەرزەوە ئاودیوکرانەوە!.

پلان و پیلانی بەرپاکردنی کودەتاکە:
ناڤم گزار پیلانی دانا بۆ کوشتنی (احمد حسن بکر) کە لە بلغاریاوە دەگەڕێتەوە بۆ فڕۆکەخانەی بەغداد، بەڕێکەوت و لەسەر داخوازی احمد حسن بکر بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەهاوینەهەواری (ڤارنا) دادەبەزن، کاتی دیاریکراو (ساعه الصفر) تێك دەچێ، ئەو چەکـدارانەی نـاڤم گـزار لە فڕۆکەخـانەی بەغـداد دانـابوون وایـان زانیبـوو پـیلانی کودەتـاکە ئاشـکرا بـووە و لەشـوێنە دیاریکراوەکان دەکشێنەوە.

ناڤم گزار هەستا بەگرتنی (حماد شهاب: وەزیری بەرگری)و (سعدون غیدان: وەزیری ناوخۆ) لەوەکرێکی تایبەتیدا لە (تل محمد)، بەناوی بینینی ئەو وەکرە تازەیەوە، (بەفێڵ هەردووکیانی بردبوو بۆ ئەو شوێنەو بەندی کردبوون)، لەکاتی سەرلێشێوان و هەڕاهەڕا تەقەیان لێ دەکەن و حماد شهاب دەکوژرێ و سعدون غیدان بریندار دەکرێ و خۆی دەکات بەمردوو، ناڤم گزار کە دەزانێ ئەوا لەفڕۆکەخانەی بەغداد چەکدارەکانی کشاونەتەوە، ئەمیش بەرەو ئێران دەیقوچێنێ...، گیراو دواتر کوژرا.
هەندێ کەسانی دیکە کە بەشداربوون لەو پیلان و پلانانەی سەرەوەداو لەکودەتاکە سەرنەکەوتوەکەشدا، بەرەو سنوری سوری هەڵدێن و بەدوو ئوتومبێل قوتار دەبن.
کودەتاکە سەری نەگرت، ئەوەی شایانی باسە لەهەموو سەفارەتەکانی عێراق لەڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بێتەل وجفرەی تایبەت و سیخوڕی ناڤم گزار چاندرابوون و ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی هیچ سەفیرێك بروسکەکان ببینێ، پلان وپیلانەکانی ناڤم گزار و هاوتاوانەکانی لەدەرەوەی وڵات ئەنجام دەدران.
(کاتێ مەلاکان بەپلانی ناڤم گزار و ئاگاداری دەست وپێوەندەکەی چوون بارزانی بکوژن، خوا کارێکی کرد هەموویان کوژران: بارزانی سەلامەت بوو، تەنها ساچمەیەکی بچووك بەر پێستی دەموچاوی کەوتبوو. ئەوکاتە من ئامر فەوجی حەرەس حدود بووم لە (سەنگاو) هەروەها فەرماندەی هێزی کەرکوکیش بووم، بۆ پیرۆزبایی سەلامەتی و وەرگرتنی فەرمان چووم خزمەت بارزانی نەمر، فەرمووی: "ڕێکەوتننامەی ئازار لەژیانی من خۆشەویست ترە، هیچ کەسێ پشێوی و ئاڵۆزی دروست نەکات، ئەم کردارە دژی من ئەنجام درا، دژی ئەم دەستکەوتەی میللەتی کوردە، هەروەها دژی ئەو کەسانەشە کە لەناو میریدا لەگەڵ من ئیمزای ڕێکەوتننامەکەیان کردووە، ئەمە پلانێکی گەورەیە بەرامبەر ئەم بارودۆخە و ئارامییەی ئێستا لەسەرانسەر عێراقدا چەسپاوە".
داخوازیەکانی (شای ئێران) بۆ پشتگیری لێ کردنی هەر کودەتایەك (ناڤم گزار) بیکات، ئەم مەرجانەی خوارەوەی بوو:
١-تیرۆرکردنی سەرۆك بارزانی، خ.ل ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە چەپەڵە ١٩٧١/٩/٢٩ (مەلا مینکراوەکان نێردران) بۆ حاجی هۆمەران. کە مەلاکان دەکەونە ڕێ بەرەو حاجی هۆمەران، ئێوارەکەی (عبدالکریم شێخلی) میواندارییەکی گەورە دەکات بۆ ئەو چوار پێنج کەسەی کە لەپیلانەکەدا بەشدارن و دوو کەسی دیکەش داوەت دەکات و پێیان دەڵێ ئەمشەو هەواڵێکی زۆر خۆش و گرنگ دەبیستن! بەدیار ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە دادەنیشن، کە هەواڵی سەرنەکەوتنی پیلانەکە دەبیستن زۆر دڵتەنگ دەبن و سەری دنیایان لێ دێتەوە یەك، (عبدالکریم شێخلی) ڕێکخەرو سازکەری پلانەکە بوو لەگەڵ ناڤم گزار و هاوتاوانەکانی بۆ شەهید کردنی سەرۆك بارزانی و ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی.
٢-تیرۆر کردن و قەلاچۆکردنی کوڕان و پیاوانی عەشیرەتی بارزان و بنەماڵەی شێخی بارزان.
٣-تیرۆر کردنی (ئەحمەد تۆفیق)و سەرجەم هەواڵەکانی و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات چ لەناو عێراقداو چ هێنانەوەیان بۆ ناو عێراق و لەناوبردنیان (هەموویان بەدەستی دامودەزگای ناڤم گزار شەهید کران).
٤-کوشتنی (قادر تەگەرانی)و برادەرەکانی، ئەمە چوارهەم داخوازی و چوارهەم مەرجی شای ئێران بوو لە (ناڤم گزار) کە دەبێ پێش هەستان بەکودەتاکەی ئەنجامی بدات!.
(قادر تەگەرانی) بەچەکی میری، دژی دوژمنێکی دیکەی کورد دەجەنگی، ئەوەندەی بۆی بکرایە و بیتوانیایە، دوور لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانەوە هێرشی دەبردە سەر هێزەکانی شای ئێرانی چەپەڵا، ئەگەر لەناوچە ئازادکراوەکانیشەوە تێپەڕیبوایە، پێشتر سەرۆك بارزانی ئاگادار کردبوو کەزەرەر و زیانی نابێت بۆ شۆڕشی ئەیلوول و سەرۆکایەتی بارزانی. خوالێخۆشبوو قادر تەگەرانی پێوەندی ڕاستەوخۆی بەبارزانیەوە هەبوو، لە (شگ العرب) بەتۆربید تەقەیان لێ کراو نوقمی ئاوەکە کران.
٥-قەناعەت بەگەورە پیاوانی کورد بکرێ، لەدەرەوەی وڵات بگەڕێننەوە بۆ عێراق و هەموو تیرۆر بکرێن.
٦-هاندان و متمانەدان بە (جەنەڕاڵ بەختیاری)کە لە عێراق جێگیر بێ و تیرۆر بکرێ.

بنکەند کردن:
پێش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، شای ئێران بەناوی فەحسی پزیشکی ساڵانەی تەندروستی خۆی چووبوو بۆ سویسرا بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ لێپرساوان و نوێنەرانی عێراقدا (لەڕێی ئوردون و جەزائیر)و لەژێر چاودێریی هەنری کیسنجەردا. بەدرێژایی ئەو ماوەیە، بارزانی لەتاران گل درابووەوەو زۆری لێ کرابوو چاوەڕوانی گەڕانەوەی (شا) بکات لەسویسرا، بۆی نەبوو تاران بەجێ بهێڵێ.
ژنی شای ئێران (فرح دیبا) وەك پۆستەچی لێ هاتبوو لەنێوان (شا)و (مەلیك حسین)دا بۆ گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی (ڕا)ی (شا)و ڕژێمی عێراق بەهۆی (شا حسین)ەوە. ڕۆڵی سەرەکی هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلوول هەنری کیسنجەر دەیبینی.

نسکۆی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠:

هەرەس پێهێنانی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دەگەڕێتەوە بۆ پلانی نێودەوڵەتی و بۆ ئەو هۆکارە سلبیانەی ناقم گزارو برادەرەکانی (لەناووەوەی عێراق)دا خولقاندیان، شان بەشانی ئەو هۆکارە سلبیانەی شای ئێران و ناقم گزار لەدەرەوەی عێراق دەیانهێنایە کایەوەو سەری گرت!...

ئەمەش شان بەشانی ڕەفتاری هەندێ لێپرسراوانی ڕژێم و (کورد)یش کەبارودۆخی ناو کوردستان لەبەرژەوەندیی بیروبۆچوونیان نەبوو و تەگەرەو کۆسپیان دروست دەکرد.

ئاغاو بەگزادەو جوتیار:
ئەو ئاغاو بەگزادانەی لەژێر سێبەری شۆڕشدا مابوونەوە، سەرو ماڵ و توانایی دارایی خۆیان خستبووە ژێر پێداویستیەکانی شۆڕشەوە، دیوەخانەکانیان کردبووە میوانخانە بۆ پێشمەرگەو لێپرسراوانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و پ.د.ك.
زۆربەی زۆری جوتیارەکان لەپاڵ ئیش وکاری جووتبەندیدا دەهاتنە ڕیزی پێشمەرگەوەو لەگەڵ کاری پێشمەرگایەتیدا کاروباری جووتبەندیی خۆیان ئەسازان، نامەردانە، لەکاتی جۆدرەوو گەنم دروونەوەدا فڕۆکەی جەنگی دەغڵ ودان و خەلەو خەرمانەکانی دەسوتاند و کێڵگەکانی ئەدایە بەر بۆمبای قورس، تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتاند. لەگەڵ ئەو هەموو مەینەتی و مەترسیەدا بەدرێژایی ساڵانی شۆڕشی ئەیلوول جوتیارەکان زەوی وزاری خۆیان بەرەڵا نەکردو لەکات ووەرزی خۆیدا کاریان تێدا ئەکرد بۆئەوەی دەغڵ ودان وکشتوکاڵەکانیان بەرهەم بێنێ و ئەم گەشبینیە زۆرجار پیرۆزیی دەهێناو هۆیەکی کاریگەر بوو بۆ بەردەوامیی شۆڕش.
ڕۆڵەی کورد ڕۆڵەی بارزانیە:
لای بارزانی، هەر کوردێك، لایەنێك، چینێك بەپاکی لەژێر سێبەری شۆڕشدا دانیشتبایە، بەڕۆڵەی کورد و ڕۆڵەی خۆی دادەنا، ڕێزی لەهەموو لایەنەکان و چینەکانی میللەت دەگرت، دەیفەرموو: ئەگەر (ئاغا)یەك دڵگیر بکرێ و بچێتە پاڵ میری، بەلایەنی کەمەوە ٢٠٠-٣٠٠ کورد لەگەڵ خۆی دەبا، بەڵام کەلای ئێمە دەمێنێتەوە دەتوانێ ٣٠٠-٤٠٠ پێشمەرگەو خێزانی پێشمەرگەمان بۆ بەخێو بکات. عبدالله ئاغای پشدەری، سەرکردەی هێزێکی تایبەت بوو کە لەسەرەتادا (٣٠-٤٠)پ.م بوون‌و ساڵی ١٩٦٢ لەلایەن (م.س)ەوە دەستنیشان کرابوون، هێزەکەی (ئازاو چالاك بوون و شوێن دەستیان دیاربوو). پشدەریەکان پێیان دەووت (عبدالله ئاغای دەخۆن) واتە عبدالله ئاغای خۆمان، دواجار بوو بەفەرماندەی هێزی باڵەك.

کاری گرنگ:
بەدرێژایی ساڵانی پێشمەرگایەتیم بۆ هەموو هەڵس وکەوتێك و ڕووداوێ بارزانیم ئاگادار کردووە، هەندێ کاری گرنگ خۆی فەرمانی پێداووم لەدووی بچم بزانم دەگاتە کوێ؟! زۆرجار دەیفەرموو: "هەردەم نوێنەری من بە بۆ خزمەتی میللەت".

بەردەوامیی بەروبومی شۆڕشی ئەیلوول:
ئەگەرچی نەهامەتی و مەینەتیی زۆرم چەشت، لەگەڵ ئەوەشا خۆشحاڵ بووم، چونکە ڕێگای کوردایەتی بوو، ڕێگەیەك بوو بۆ وەدی هێنانی مافی میللەت، لەهەمووی گرنگتر ئەوەبوو شۆڕشەکەمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بڵێسەی ئەسەندو پەتوتر ئەبوو، دوژمن زیاتر لێمان ئەسڵەمیەوە، بەدڵنیاییەوە ئەیڵێم هەتا ئەمڕۆش هەر داهات و دەسکەوتێکی ڕامیاری بۆ کورد هاتبێتە کایەوە لەڕەنج و بەروبومی ئەو شۆڕشە پیرۆزەیە، واتە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١-١٩٧٥ بە سەرۆکایەتیی مەلا مصطفی بارزانی.

چەند نموونەیەك لەهەمووان:
ئەو فەرماندەو سەرقۆڵانەی لەناوچەی بادینان بوون و لەسەر زمان بوون وناویان دەبیسترا: عیسی سوار: فەرماندەی هێزی زاخۆ، علی خلیل خۆشەوی: فەرماندەی هێزی دهۆك، حسۆمیرخان دۆڵەمەری: فەرماندەی هێزی شێخان، اسعد خۆشەوی: سەرلەشکری یەك (هێزەکانی بادینان لەژێر چاودێریی و فەرماندەی ئەمدابوون)، فەرماندەکان و سەرقۆڵەکانی دەوروپشت بارزانی نەمر کەوێردی سەر زمان بوون ئەمانەن: لەسەرەتای شۆڕش، مەلا شێ، نەبی سەرئاسن و دواتر حاجی بەیرۆخی، حەمە صالح نێروەیی، عەریف یاسین، حسۆمیرخان ژاژۆکی، غەزالی ژاژۆکی، کەکۆ دۆڵەمەری، عبدالله ئاغای پشدەری، شێخ کەوکەس سید تەها، احمد  توفیق خۆیوهەڤاڵەکانی حەمید افندی کە خەڵکی ناوچەی سیدەکان بووو شارەزایی کون وکەلەبەری شوێنی بەرەکانی شەڕ بوو لەناوچەی سیدەکان و هاودیان، زۆرجار خۆی وهێزەکەی وەك هێزێکی فریادڕەس و شارەزا دەگەیشتە بەرەی شەڕ لەسیدەکان و هاودیان. ئەوەی سەرنج ڕاکێش بوو، هەمیشە جلەکانی پاك وتەمیز بوو و ماندوێتیی لا گرنگ نەبوو، هەردەم زەردەخەنەیەکی پڕ لەپرسیار لەسەر دەموچاوی بوو.

وەرگێڕ لەنێوان بارزانی و ڕۆژنامەنووساندا:
بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلوول هیچ یەکێك لەم هێژایانەی خوارەوە وەرگێڕ نەبوون لەنێوان بارزانی نەمرو ڕۆژنامەنووساندا: مامۆستا ابراهیم احمد، مام جەلال تاڵەبانی، حەبیب محمد کریم...، بارزانی وتاری نەدەنووسیەوە و زیاتر بەدیالێکتی سۆرانی لەگەڵ جەماوەردا ئەدوا، لەهەندێ هەلوێستی نائارامدا بەدیالێکتی کرمانجی دەئاخاوت. عەرەبیەکەشی پەسەندو دوور لەهەڵە بوو. د. فەرهادئەمین (کەلەڕوسیاخوێندنی باڵای تەواو کردووە) ، ئەڵێ : مەلامستەفا بارزانی زمانی ئەرمەنیی دەزانی وپێی دەئاخاوت.
هەندێ لەڕوسەکان (خێزانی بارزانیەکان)ی کە لەڕوسیاوە گەڕابوونەوە دەیان وت: ئەو ڕوسیەی سەرۆك بارزانی پێی دەئاخاوێ ئەکادیمیانەیە، هەر لەبواری زماندا، ڕۆژنامەنووسێکی فارسی لەساڵی ١٩٦٩نوسیبووی: دەم و دومان و زمانی فارسی کە بارزانی پێی دەئاخاوێ، زۆر پاراوو فەسیحەو زۆر کەم وشەی عەرەبی تێکەڵاو دەکات.
هەروەها نوسیبووی بارزانی زۆر بەئەتەکیت و پڕ ئەدەبەو لەهیچ جۆرە پرسیارێکی ڕەق، دلگیرو نائارام نابێ. سەرۆك بارزانی هەمیشە تکاکاربوو لەڕۆژنامەنووسان کە بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خۆیان وتەکانی ئەم هەڵنەگێڕنەوەو ئاخاوتنەکانی ئاڵۆزو تێکەڵ نەکەن. لەساڵی ١٩٦٤ نوێنەری گۆڤاری (روز الیوسف) هاتبوو بۆ لای بارزانی لە (سەنگەسەر)و هەمان سەرنج ڕاکێشان و گلەیی جارێکی پێشووتری لێ کرد، ئەو کاتە من لەهەمان ژوور دانیشتبووم و ئەو پرسیارو وەڵامانەم باش دێتەوە یاد لەنێوان ڕۆژنامەگەری گۆڤاری (روز الیوسف)و بارزانیدا.
ڕۆژنامەنووس: ڕات چیە لەسەر جمال عبدالناصر.
بارزانی: جەمال عبدالناصر سەرکۆماری میسرە، حەزی لەیەکگرتن و یەکبوونی وڵاتانی عەرەبە.
پرسیار: ڕاتان چیە بەرامبەر یەکێتی نیشتمانی عەرەب (الوحدة العربیة).
وەڵام: ئەگەر ئەمیرو مەلیك و سەرکۆمارەکانی وڵاتە عەرەبیەکان وازیان لەتەخت و بەختی خۆیان هێناو خستیانە ژێردەستی یەك سەرەك کۆماری هەڵبژێراوی عەرەبەوە، بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێکی عەرەبی یەکگرتوو ئەمە شتێکی زۆر باشەو مێژوویی دەبێ.
پرسیار: ڕاتان چیە بەرامبەر هەستانی جوولەکەکانی ئیسرائیل بەسوتاندنی (مسجد الاقصی)؟
وەڵام: ئەگەر لەوێ بوومایە، لەپێش هەمووناندا دەچوومە پێشەوەو ئاگرەکەم دەکووژاندەوە.
پرسیار: ڕاتان چیە بەرامبەر شای ئێران؟
وەڵام: گەل و نەتەوەکانی ناو ئێران زۆر باش (شا)ی خۆیان دەناسن و هەڵیان سەنگاندووە.
بەدرێژایی ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٧ دەیان ڕۆژنامەنووسی بەریتانی و ئەمەریکی و ئەڵمانی و فەرەنسی. و ئوسترالی و ئایسلەندی و سەر بەوڵاتانی دیکە دەهاتنە لای بارزانی، ڕیپۆرتاژو کتێبیان بەئەو زمانانە لەسەر بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە، تەنها تەرجومان لەنێوان بارزانی و ئەو ڕۆژنامەنووسانەدا هەر من بووم و ئەو کاتانە هیچ کەسانێکی دیکە لەمن زیاتر بەئەو کارە هەڵنەساوە. لەساڵانی ١٩٦٦ بەدواوە ئەم بەڕێزانەش بەکاروباری وەرگێڕ هەستاون: د.محمود علی عوسمان، سامی عبدالرحمن، و بۆ زمانی فەرەنسی. یونان هورمز بوو، لەگەڵ ڕۆژنامەگەراندا دەچوو بۆ بەرەکانی شەڕ، تەنانەت لەژێر ڕەهێڵەی بۆردوومانی تۆپ و فرۆکەی ڕژێمدا و زۆرجاریش لەنێوان بارزانی و ئەو ڕۆژنامەنووسانەدا بەزمانی فەرەنسی- دەئاخاوتن هەمان وەرگێڕ بەو کارە هەڵدەسا.

چل پێشمەرگە:
(صدیق ئەفەندی) جێگری ئەفسەر (لێپرسراوی بارەگای هێزی باڵەك بوو، دواتر لەساڵی ١٩٧١ لەسەنگاو لێپرسراوی لقی ٢ی پ.د.ك بوو، ئەم باسەی بۆ گێڕامەوە وتی: ڕۆژێکیان لەگەڵاڵە تەماشام کرد، فەرەنسۆ حەریری بەپەلە و چنگ لەسەرشان بەناو بازاڕدا خول دەخواو دەگەڕێ و پێشمەرگە کۆدەکاتەوە، ئەو پێشمەرگانەی بۆ پشوو دان لەبەرەکانی شەڕەوە هاتبوون بۆ گەڵالە...، فەرەنسۆم بانگ کرد وتم وەرە پێم بڵێ بزانم چی ڕووی داوە؟ لەوەڵامدا وتی: حاجی بەیرۆخی نامەیەکی بۆ بارەگای هێزی باڵەك ناردووە داوای (چوارده فەردە ئارد)و (چل پێشمەرگە) ئەکات، دەبێ چل پەنجا پێشمەرگەو ئازوقەی بۆ بنێرین. صدیق افندی پێی دەڵێ: نامەکەم پیشان بدە!، کە (صدیق افندی) دەیخوێنێتەوە ڕاستە نووسراوە، چوار فەردە ئاردو چل پێشمەرگەمان بۆ بنێرن، بەڵام (صدیق افندی) ئەڵێ: (وای بۆدەچم، حاجی بەیرۆخی داوای ئاردو چل قات جلی پێشمەرگە دەکات)، بائێمە لەگەڵ تەتەرێکی خۆماندا ئازوقە و (٤٠) دەست جلی پێشمەرگەی بۆ بنێرین و چاوەڕوانی نامەیەکی دیکە دەکەین.
کە تەتەرەکە دەگەڕێتەوە، دەڵێ حاجی بەیرۆخی سوپاسگوزار بوو و جلەکانی دابەش کرد بەسەر پێشمەرگەکاندا و هیچ باسی ناردنی پێشمەرگەی نەکرد.

فەرەنسۆ حەریری یەکێك بوو لەمەسیحیەکانی کوردستان و بەڕەمزی برایەتی ئاینی دادەنرێ کە ئەمەش دروشمی سەرۆك بارزانی بوو، مافی ژیان و پێشکەوتن بۆ هەمووانە، بێ جیاوازیی ئاینی و کەمایەتیە نەتەوەییەکان، لەژێر سێبەری شۆڕشی نەتەوەی کورددا. ڕۆژی ٢٠٠١/٢/١٨ فەرەنسۆ حەریری لەناو شاری هەولێر کەوتە ناو بۆسەی چەند چەکدارێکی نەناسراوو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا شەهید کران. فەرەنسۆ حەریری هەر پایەو پلەیەکی پێ سپێردرابێ و پێ درابێ لەناو شۆڕشدا، بەردەوام وەك کەسێکی سانا ڕەفتاری دەکردو بەهەمان کاروباری تایبەتی بارەگای بارزانی هەڵدەسا.

بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەبەغداد:
لەمانگی ١٩٧٤/٣ فەوجەکانی (حەرەس حدود) هەڵوەشێنراو منیش گەڕامەوە بۆ ناوپردان، دوای دوو هەفتە بەبڕیاری (مجلس القیادةالثورة) ژمارە ٤٠٢ لە ١٩٧٤/٤/١٤ فەرمانی فەسڵ کردنم دەرچوو.

هەندێ مێژووی گرنگ:
- لەڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢٣ وتووێژ لەنێوان کوردو ڕژێمی بەعسدا نەما، هەموو فەوجەکانی حەرەس حدود هەڵوەشێنرا.
- لەڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢٦ ڕژێمی بەعس هێرشێکی بەربڵاوی لەموسڵەوە بەرەو زاخۆ دەست پێ کرد.
- لەڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ بۆردوومانی شاری قەڵادزە کرا، دوای سێ ڕۆژ بۆردوومانی هەڵەبجەو گوندەکانی دەوروپشتی کرا.
- لەڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦ بەتۆپ وفڕۆکە بۆردومانی گەڵاڵەو ڕەواندزو حاجی هۆمەران دەستی پێ کرد، لەهەمان کاتدا هێزی سوپا بەهەموو توانایەکەوە هێرشی کردە سەر شارو شارۆچکەکانی کوردستان.
لەکەرکوکەوە بەرەو سلێمانی، لەکفری یەوە بەرەو کەلار و دەربەندیخان و هەڵەبجە. لەکەرکوکەوە بەرەو سلێمانی ورانیەو قەڵادزە، لەکەرکوکەوە بەرەو کۆیەو ڕانیەو قەڵادزە، لەموسڵ و کەرکوکەوە بەرەو هەولێرو ڕەواندز، لەزاخۆوە بەرەو ئاکرێ و ڕەواندزو بەرەو گەڵاڵە.
- لەمانگی ١٩٧٤/٩ شای ئێران بواری هەموو کوردە ڕاکردوو هەڵهاتووەکانی دا بچنە ناو ئێرانەوە، نزیکەی نیو ملیۆن کورد چوونە ناو ئێران و تورکیاوە و کۆچڕەو بەردەوام بوو.
- هێرشی گەورەی سوپای ڕژێم لەڕۆژی ١٩٧٤/٩/١٠ بەرەو ناوچەی گەڵاڵە دەستی پێ کرد.
- ڕۆژی ١٩٧٤/٩/٢٩ چیای زۆزك کەوتە ژێر دەستی ڕژێمەوە.
- ڕۆژی ١٩٧٤/١١/٢٥ بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ناوچەی بادینان گەیشتنە ناو ئێران.
ژمارەی کلیلی شیفرەی بروسکەکانی میری:
بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول پتر لە ٥٠٠٠ کلیلی شیفرەی بروسکەی هێزەکانی میریم دۆزیوەتەوە، ئەو بروسکانەش تایبەت بوون بەوەزارەتی ناوخۆ، پۆلیس، ئاسایش، وەزارەتی بەرگری، ئیستخبارات، ...، زیاد لە ١٢٠ تۆمارەی سێ سەد لاپەڕەیی، بروسکەی ئەو دامودەزگایانەم شی کردۆتەوە.
ئەو بروسکانە دەبوونە هۆی پاراستنی گیانی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکان و دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان...، جگەلەوەی پلانەکانی سوپامان لێ ئاشکرا دەبوو، دەستبەجێ بارزانی ئاگادار دەکرا، لەلای خۆیەوە دژە پلانی دادەنا و پلانی سوپای پووچەڵ دەکردەوە.

ڕێزی خاکی نیشتمان:
دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، لەگەڵ هەندێ برادەرانی دیکە بڕیارمان دا لەڕێی (قەسری شیرین)ەوە بڕۆینەوە بۆ عێراق، ووتیان ئەو ڕێگەیە باشەو لێپرسراوەکان زۆریان لەوێوە ڕۆیشتوونەتەوە.
لە ١٩٧٥/٣/٢٩ گەیشتینە شوێنی پشکنین لە(منذریة) دەیان پێشمەرگەو لێپرسراوان لەو شوێنەدا خۆیان تەسلیم بەڕژێم دەکردەوە، لەوێدا بەگوێرەی کۆمەڵێ پرسیاری ئامادەکراو لێکۆڵینەوەو ناسنامەیان لەهەموو کەس وەردەگرت، هەندێ کەس بەهیلیکۆپتەرو هەندێکی دیکەش بەئۆتومبێل دەگوێزرانەوە بۆ بارەگای هێزێکی سوپایی لەبارەگای فرقە دەچوو، لەکاتی لێکۆڵینەوەو ناونووس کردنداو ئاشکراکردنی ئیش (مهنة) وتم من رائدی شرطە بووم و ئامر فەوجی حەرەس حدود بووم (نائب ضابط)ێك و چەند کەسانێکی دیکە بەو لێکۆڵینەوەیە هەڵدەستان، کابراکە بەچاوێکی پڕ لەڕك و کینەوە وتی بڵێ: رائد خائن للوگن!.
لێکۆڵینەوەی ناسنامە لەبەردەم ئەو خێوەتەی هەڵیان دابوو تەواوبوو، لەگەڵ چوارکەسی تردا سواری ئۆتومبێلی جێبیان کردین و هەموومانیان بردە ناو سەربازگەیەکی گەورەوە، هەمان شەو لێکیان جیاکردینەوە.

هەمدیسـان فایلێکیـان دەرهێنـاو دوای نـاونووس کـردن بردمیانە ژوورێکەوە، هەمـوو جلەکانمیـان پێ داکەنـدم، تەنهـا جـلی ژێـرەوەم نەبێـت، کەوتـنە وێنەگـرتنم، پـتر لە ١٥ وێنەیـان گـرتم، بەپێـوە، بەدانیشـتنەوە، ڕووبەڕوو، لەتەنیشـتی ڕاسـتەوە، لەتەنیشتی چەپەوە... هتد. هەرچی خاڵ و نیشانەیەکم پێوەبوو هەمووی نووسرا و پەنجەکانیان مۆرکردم. جارێکی تر لەگەڵ ئەو بـرادەرانەی لەگەڵمـدا بـوون یەکخـراینەوەو بەئوتـومبێلێکی سـەربازی ڕەوانەی بەغـدادیان کـردین، لەوێ منیـان بـرد بـۆ ئاسایشی گشتی دوای چوار ڕۆژ ووتیان برۆرەوە بۆ سلێمانی، وەك ئەوانی تر چاوەڕێی چارەنووس بکە.

ڕاوکەو چەشە:
لەبەرواری ١٩٧٥/٤/٢٢ (نعیم حداد) کە نوێنەری ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بۆ چەسپاندنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر بەبێ ویست و خواستی خـۆم لەڕێگەی پارێزگاری سـلێمانیەوە، ئاگاداری کـردم بچـم لەبارەگای بەڕێوەبەرایەتی حـدودی سلێمانی دانیشم، دواتر لەچارەنووسی خۆم ئاگادارم ئەکەن، لەڕاستیدا ئەمەم لا ئاسایی بوو، وام دەزانی ئەم بڕیارە بۆ هەموو ئەفسـەرو سـەربازو پۆلیسـەکانە، لەدوای چەنـد ڕۆژێك هەسـتم کـرد منیـان دانـاوە بە (ڕاوکەو چەشـە) بـۆ مـاوەیەکی دیـاری کـراو. لەو ماوەیەدا بەهیچ جۆرێ و بەناوی هیچ ناوێکەوە هیچ جۆرە بڕیارێکی (مجلس القیادە الثورة) یان (مرسوم جمهوری) یان (امر وزاری) یان (امر اداری) لەسەر ناوی من یان ناوی منەوە دەرنەچووە کە گێردراومەتەوە بۆ (شرطە) یان بەڕێوەبەرایەتی سنوور (هـێزی پاسـەوانانی سـنوور)، ئەگەر هەر بڕیـارێکی لەو بـابەتە هەبـوایە لەسـەر گـێڕانەوەی مـن یـا دامەزرانـدنەوەم لەشرطـە پێویستە:
١-لەڕۆژنامەی (الوقائع العراقیة)دا بڵاوبکرێتەوە یان بڵاوکرابێتەوە، هەرکەسێ وەکو من بەبڕیاری (ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شۆڕش) فەسڵ بکرێ، تەنها بە بڕیاری (ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شۆڕش) ئەخرێتەوە سـەر وەزیفەو ئەم بڕیارەش کاتێ کاری پێدەکرێ کە لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاوکرابێتەوە.
٢-پێویستە نوسخەی بدرێ بە (وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی دارایی).
٣-پێویسـتە نوسـخە بـدرێت بەدۆسـیەی کەسـایەتی (شخصی-) پۆلیسی-گشـتی، بەڕێوەبەرایەتی گشـتی سـنوور، هەروەهـا بـۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین کردن.
(بەهیچ بڕیارێك) اعادە نەکراومەتەوە بۆ سلکی پۆلیس، یان پاسەوانی سنوور، بەدرێژایی ئەو پێنج مانگ و حەوت ڕۆژە بەجلی ڕەسـمیی (رائدی شرطە)وە منیان دەهێنـاو دەبرد و کردبوومیان بەنموونەیەك بۆ ئەو ئەفسـەری سـوپاو پۆلیسـانەی لەئێران مابوونەوە، هەروەها بۆ شکاندنی ناوم و تۆڵەسەندنەوە لێم، کەمن ئەندامێکی دیاری شۆڕش بووم.
ئەو بـرادەرانەی بەگـوێرەی بەیاننـامەی لێبـووردن گەڕانەوە، لەو ڕۆژەوەی گەیشـتینەوە نـاو خـاکی عـێراق ماوەکەیـان بـۆ بەرزکـردنەوەو خانەنشـینی بـۆ حسـاب کـرا، بەڵام سـەبارەت بە مـن: ئەو ماوەیەیان بەهـیچ بـۆ لەقەڵەم نەدام و لەنـووسراوی ژمارەی ٤٠٦٥٩ بەرواری ١٩٧٥/١١/٢٦ بۆ مەبەستی دیاریکردنی مووچە، ڕوون و ئاشکرایە لەنوسراوەکەدا دەڵێ: "مجموع سنوات خدماتە، تنفیذا لقرار مجلس القیادة الثورة المرقم ١٢١٩ والمؤرخ ١٩٧٠/٩/٢٨ وبعد طرح مدة سنة واحدة من التحاقە بالجیب العمیل وذلك للفترة من ١٩٧٤/٣/٢٩ الى ١٩٧٥/٣/٢٩ ومدة خمسة اشهر و سبعة ایام .. (١٤) سنە صافیة".
ئیمزا/صائب عبدالمجید / رئیس مجلس الخدمە العامە/ المدیر العام للشؤون الفنیە
پلەو پایە:
بەدرێـژایی ئەو پێـنج مـانگەی لەبەڕێوەبەرایەتی سـنوور بـووم لەژێـر چـاودێری دابـووم، دوای ئەو مـاوەیە بڕیـاری (ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش) ژمـارە م.ق ٤٣٠٩/٦/٢٤ لە١٩٧٥/٩/١٤ دەرچـوو و لەڕۆژنـامەی (الوقـائع العراقیـة)دا بڵاوکـرایەوە لەسـەر گـێڕانەوەم بـۆ وەزیـفەی مەدەنی لەپارێزگای (مثنی) واتە (سـەماوة) بەپـلەی ملاحـف، ئەو وەزیفـانەی لەسـەماوە پـێم سپێردرا ئەمانە بوون:
١-ملاحظفي معمل کاشي/ السماوة.
٢-ملاحظفي معمل الجص (نقرة السلمان).
٣-ملاحظفيمديرية نقل الرکاب (السماوة).
٤-ملاحظفي مديريةالتربية (السماوة).
دوای سـاڵێك میری کەوتە گواستنەوەی کوردەکان بەرەو شارەکانی کوردسـتان و ئێمەش چەنـد کەسـانێ سـکاڵامان نـووسی بـۆ گواسـتنەوەمان بـۆ سـلێمانی، دوای مـاوەیەك منیش یەکێـك بـووم لەوانەو گـوێزرامەوە بـۆ سـلێمانی لە (ئیـدارە محـەلی) دانـرام بەناونیشانی (ملاحظ).

دوژمنەکانی کورد، لەکورد وریاترن:
ڕێبەرانی کورد بەهێزو توانای نەتەوەی کورد دەتوانن سەربەخۆیی و ڕزگاری وەدەست بهێنین و پشت نەبەستن بەدەوڵەتە گەورەکان، کورد کە خۆی چەسپاند، دەوڵەتە گەورەکانیش دێنە پێشەوە بۆ پشتگیری لێ کردن.
ئەبێ ستراتیژیەك بۆ خۆی دارێژێ و پلانی هەنگاو بەهەنگاو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی دارێژێ، بۆ ئەم مەبەستە یەکبوونی و تەبایی و یەکدگیری حیزبە سەرەکیەکانی ناوکوردستانی دەوێ، خۆخۆیی و خۆپەرستی بخرێتە ئەولاوەو بیروباوەڕی یەکبوونی بەرەو ڕزگاری بێتەکایەوە. کوردایەتی بخرێتە پێش حیزبایەتیەوە، حیزبایەتی بکرێ بەخزمەتگوزاری کوردایەتی.
دەتوانین بەدوو ڕستە بڵێین: ئاسەواری دووبەرەکی لەناودا بنبڕ بوایەو شان نەدرایەتە بەر یارمەتیی بیانی و وڵاتانی دراوسێ، سەرۆك بارزانی دەیفەرموو: لەمێژوودا، دراوسێکانمان بەردەوام بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، لەکورد وریاتر بوون و پلانی ئامادەکراویان هەبووە دژی کوردو گرەویان لەکورد بردۆتەوە.

بیرکردنەوە لەمردن مرۆڤ نائارام دەکات:
بارزانی، کە لە (واشنتۆن) بوو بەم شێوە فەلسەفەیە باسی مردنی بۆ مەسعود بارزانی کردبوو: (مردن ڕووداوێکی ناڕەحەت و دژوار نیە، بیرکردنەوە لەمردن دژوارەو مرۆڤ نائارم دەکات، باشتر وایە بیر لەمردن نەکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوکەسە خۆی تووشی ئەو دژواری و نائارامیە نەکات، تەنها چەند هەناسەیەکی پێش مردن، ناڕەحەتەو دژوارە، ئەمەش کاتێ مرۆڤ ئاگای لەخۆیەتی کەوا خەریکە بمرێ، دوای دەرچوونی دوا هەناسەی ژیان ئەو تۆزە دژواری و نائارامیەش نامێنێ، نهێنیی دوای مردنیش لای خوداوەندە).

خەباتی سیاسی و دیبلۆماسیی:
دوای ڕێکەوتننامەی جەزایر، لەئازاری ١٩٧٥دا لەنێوان عێراق و ئێرانداو نسکۆهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، بارزانی فەرمووی: لەمەولا نۆبەی خەباتی سیاسی و دیبلۆماسیە لەدەرەوەی وڵات، لاوانی کورد لەدەرەوەی وڵات هەریەکەیان دەبێ ڕۆڵی باڵیۆز ببینێ و نابێ بێ دەنگ بن، دەنگی ناهەمواری ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد بگەیەنن بەهەموو وڵاتان و پارتە سیاسیەکانی دونیا، فەرمووی: خۆشم ئەوەندەی ساڵانێ لەتەمەنم ماوە، تەرخانی دەکەم بۆ ئەم جۆرە خەباتە لەدەرەوەی وڵات و دەستەوستان دانانیشم.

ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٠
لەئیدارە محەلی بووم، ڕۆژێکیان (ئەرشەد زێباری) کە پارێزگاری سلێمانی بوو لەگەڵ یاریدەدەرەکەی بەسەر ژوورەکانەوە دەگەڕان، هاتە ئەو ژوورەی من و برادەرێکی دیکەی لێ بووین (حەمە سەعید)ی ناوبوو، من هیچ ئەوراق و مامەڵەیەك لەبەردەستمدا نەبوو و مێزەکەم چۆڵ بوو، ئەرشەد زێباری هەستی بەوەکردو رووی کردە یاریدەدەرەکەی وتی: ئەم برادەرە کێیە؟ ئەویش وتی: ئەوە فڵان کەسەو لە (عائدین)ە، دوای نیوکاتژمێر پارێزگار ناردی بەشوێنمدا وتی: من حەز ئەکەم ئەو کەسانەی لەوە پێشتر لەسوپاو پۆلیسدا کاریان کردووە شوێنی بەڕێوەبردنی باشیان بدەمێ، چونکە ئیدارە باش ئەبەن بەڕێوە.
دوای ماوەیەك لەسەر فەرمانی ئەرشەد زێباری دانرام بەڕێوەبەری کارگەکانی ئیدارە محەلی، هێشتا دەستم نەکردبوو بەوکارە، ڕاگەیاندن بەدوای ڕاگەیاندنا ئەکرایە سەرم، ڕاگەیاندنەکان لەم شوێنانەوە بوو:
١-الهيئةالتحقيقيةالخاصةفي كركوك (داوای کەلوپەلی فەوجی پێنجی حەرەس حدودم لێدەکەنەوە، کە کاتی خۆی لەسەنگاو ئامر فەوج بووم).
٢-الهيئةالتحقيقيةالخاصةفي (خالص) {داوای کەلوپەلی فەوجی یەك/ حەرەس حدودم لێدەکەنەوە، کە کاتێ ئامر فەوج بووم لە (بەمۆ)}.
٣-اللجنةالتحقيقيةالخاصةفي (دهۆك) (کاتی خۆی لەناوچەی دهۆکەوە گەیشتمە بارەگای گەڕۆکی سەرۆك بارزانی).
٤-حاكمية قضاء چمچمال (لێکۆڵینەوە لەسەر شکات و شکاتکاری کە کاتێ من لەوێ بووم حەل کرابوو ئێستا هەر لایەنەو خۆی بەمەغدوور ئەزانێ).
چوومە لای ئەرشەد زێباری و (ڕاگەیاند- تبليغات)ەکانم خستە بەردەستی و داوام لێ کرد بەڵکو لەو بوارەدا یارمەتیم بدات، ئەویش نوسراوێکی ڕەسمیی بۆ کردم و ئاڕاستەی (اللجنة العليا لشؤون الشمال)ی کرد کە لەماوەی لێبووردنی گشتی دا گەڕاومەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناچار لەڕۆژی دیاری کراودا چووم بۆ بەردەم دادگا لەبەعقوبە، دوای ئەوێش بۆ بەردەم دادگای لێکۆڵینەوە لەکەرکوك، لەهەردوو دادگادا داوای ئەو چەك و تەقەمەنیانەیان لێ کردمەوە کە لە فەوجەکان بەپێشمەرگەکان

بووە لەگەڵ جلوبەرگ و بەتانی و کەلوپەلی دیکەی فەوجەکان و پیکابی فەوجەکە، لەهەردوو دادگاکەدا وەڵامی من ئەوەبوو: هەریەکێ لەوانەی لە حەرەس حدود دابوون چەکی خۆی بەشانی خۆیەوە بووەو کاتێ فەوجەکان هەڵوەشێنران ڕوویان کردەوە بنکەی بارەگاو شوێنی پێشووتری خۆیان و چەکەکانیشیان بەخۆیان بووە. سەبارەت بەجلوبەرگ و بەتانیش هەربەهەمان شێوەبوو. کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی ئەبوایە دوای دوو هەفتە بچووما یەتە بەردەم دادگای دهۆك، بەڵام ئەرشەد زێباری بۆ ئەم مەبەستە بەتەلەفۆن لەگەڵ لێپرسراوی لیژنەکە قسەی کردو توانی وەزعەکەم ئەهۆن بکاتەوەو لەبەندکردن و پێ بژاردن ڕزگارم بکات.
ئیتر هەتا ١٩٨٠/١١/١٥ کە خانەنشین کرام هیچ وەزیفەیەکی گرنگم پێ نەسپێردراوەو لەنوسراوی خانەنشین کردنما دیسان نوسراوەتەوەو کە ئەو پێنج مانگ و حەوت ڕۆژەی بۆ (ڕاوکەو چەشە) دایان نابووم نە بۆ بەرزکردنەوەی پلەو نە بۆ خانەنشینی... هتد، بۆ هیچ مەبەستێ بۆم حساب نەکراوە، ئەو ماوەی سالەی لەبڕگە (٣)ی سەرەوەدا لێی دەرکراوە، ئەمەش ژمارەو بەرواری نوسراوی خانەنشین کردنمەکەیە.
محافظة السليمانية/ الادارة المحلية/ العدد ش ١٧٣١٢ فی ١٩٨٠/١١/١٩
٥-تەنها ئەو ماوەیەم بەخزمەت بۆ حساب کرابوو کە بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) رقم ١٢١٩ المنشور في جريدە الوقائع العراقية ١٩٢٩ فی ١٩٧٠/١٠/١٤ لەگەڵ ئەو خزمەتەم کە بەناونیشانی (ملاحف) گەڕانمیانەوە سەر وەزیفەی مەدەنی لەپارێزگای (سەماوە) هەتا خانەنشین کردنم لەساڵی ١٩٨٠.
* لەساڵی ١٩٧٧ لە (ئیدارەی مەحەلی) سلێمانی ملاحقی کارگەکان بووم، بەتایبەتی چووم بۆ لەندەن بۆ ئەو مەبەستەی پەیوەندیەك بەبارزانیەوە بکەم و لەبارودۆخی کوردستانیش ئاگاداری بکەم، بەداخەوە نەمتوانی بگەمە ئەمەریکا بۆ خزمەتی، لەبەرئەوە لە (لەندەن)ەوە بەدەستی (سەرداری حەمە ئاغای اورحمان ئاغا)دا نامەیەکم بۆ بارزانی نارد، کاتێ نامەکە ئەگاتە دەستی دوو میوانیشی. لەلائەبێت ئێستا هەردووکیان لەکوردستانن، یەکێکیان بۆی گێڕامەوە کە بارزانی لەخوێندنەوەی نامەکەم دەبێتەوە ئەفەرمووێ: "نەمگوت شەوکەت دڵسۆزەو بەوەفایەو هەرگیز خیانەت ناکات؟!".
جێی شانازیمە کە سەرکردەیەکی مەزن و ناوداری وەك بارزانی بەو شێوەیە هەڵی سەنگاندوم.

کوورەهەنگ:
لەساڵانی هەشتاکاندا بەسەردان چووم بۆ ئاکرێ، لەدوکانێك ویستم هەندێ میوە بکڕم، خاوەن دوکانەکە دەرچوو یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی کاتی خۆی لەگەڵمابوون، یەکتریمان ناسیەوە، دوایی بیری خستمەوە وتی: "لەبیرتە لەساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا هاتینە لات (لەدۆڵی خواکورك)، گوتمان لەبن ئەو دارەدا کووره هەنگ هەیە، ئەگەر مۆڵەتمان بدەیت ئەچین هەنگەکە دەبڕینەوە، تۆش گوتت باشە بچن، بەڵام هەنگوین بەشی هەنگەکان و بێچووەکان بهێڵنەوە". دواجار ئەو برادەرە وتی: "ئەو قسەیەتمان لەبیرناچێتەوە و لەناوخۆماندا زۆرمان باس کردووە و وتوومانە لەگەڵ ئەو برسیەتیەشدا کە دەمانچەشت خەمی هەنگ و پێچووەکانی کوردستانیشی دەخوارد".

دوای خانەنشینیش هەر ڕاوەدوو:
لەدوای خانەنشین کردنم بەماوەی ساڵێك لە (مكتب التشغيل) خۆم ناونووس کرد بە هیوای ئەوەی کارێکم بۆ بدۆزنەوە، بەهۆی هەمان دائیرەوە واتە (نووسینگەی کارپێکردن) لەساڵی ١٩٨٣ لەکۆمپانیای (فابریکۆم)ی بەلچیکی دامەزرام بەناونیشانی وەرگێڕ، ئەو کۆمپانیایە هەڵدەستا بەدروست کردنی (کۆگای ساردکەرەوە) Cold Stores لەسلێمانی، دوو مانگ بوو کارم لەگەڵ دەکردن، ئاسایشی سلێمانی نووسینگەکەی ئاگادار کرد بەزووترین کات دەستم لەو ئیشە بکێشنەوە، ئەوانیش بەنوسراوێك کە لە (پاشکۆ)دا بڵاوی دەکەمەوە ئاگاداریان کردم و دەستم لەکارکردن هەڵگرت.

لەڕەنێوگەی مریشکەوە بۆ ڕێکخراوی مرۆڤایەتی و بۆ لیوای پۆلیس:
لەسلێمانی لەکۆمپانیای ڕەنێوگەی مریشك دامەزرام کە ئەوکاتە میری خاوەنی نەبوو، بەڵکو چەند برادەرێکی خەڵکی سلێمانی و هەولێر کڕیبوویانەوە و نزیکەی دوو ساڵ لەوێ کارم کرد، لەدوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری ١٩٩١ بۆ ماوەی شەش مانگ لەدەزگای (کریستیان ئاوتریچی بەریتانی) Chiristian Outreach کارم کرد، کە دەزگایەکی مرۆڤایەتی بوو، لەو ماوەیەدا هەستاین بەدروست کردنی دەیان نەخۆشخانەی بچووك و قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و خانووی مامۆستا و خانووی لێپرسراوانی قوتابخانەکان، و باخچەی منالان و کەلوپەل و پێداویستیان بۆ دابین کرا: لەهەڵەبجە، تەوێڵە، بیارە، کەلار، و ناوچەی پیرەمەگرون و سەید سادق و ناوچەی شارەزوو و کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوای ڕێگەی سلێمانی و دەربەندیخان، هەروەها دەرمانمان دابەش کرد بەسەر ئەو خەستە خانانەدا.

لەساڵی ١٩٩٢ بەگوێرەی فەرمانی وەزارەتی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ژمارە ٩٧٧ بەرواری ١٩٩٢/٨/١٨ لەسەر لیستی پارتی گەڕامەوە بۆ سەر وەزیفە، بەپلەی (لیوا) دانرام بە موفەتیشی- گشتی هەموو ناوچە ڕزگارکراوەکانی کەرکوك، دەربەندیخان، کەلار، و چەمچەماڵ، دواتر لەسەر ویستی خۆم خانەنشین کرام.
لەدوای ئەو کارانە بەتەواوەتی هەموو کاتێکی خۆمم تەرخان کرد بۆ تەواوکردنی فەرهەنگی (وشەو زاراوەی هاوواتای کوردی- ئینگلیزی)و (ئینگلیزی- کوردی).

مەلا حەسەن بارزانی:
لەخانوەکانی ئیسکانی ڕۆژئاوای بەغداد خانوویەکی هەبوو، بەهەرچ فرتووفێڵێك بوو بێ دوو زۆڵە کوردی ناسراو سەر بە ئاسایشی گشتیی بەغدا، ژوورێکیان لەو خانووە داگیرکردبوو لەکاتێکدا کە مەلا حەسەن بارزانی لەکوردستان دەبێ. دوای ١١ی ئازار، مەلا حەسەن گەڕایەوە بەغداد و خانوەکەی وەرگرتەوە، پێش ئەوەی بۆی چۆڵ بکەن بۆ مەبەستی گوێ گرتن لە ئاخاوتنی ناوبراوو ئەو کەسانەی هاتوچۆی ماڵەکەیان دەکرد.. (ئامێرێکی گوێ گرتن) لەناو ماڵەکەیدا چەسپ دەکەن، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول مەلا حەسەن بارزانی لەسێدارە دراو تەرمەکەیان بردەوە بۆ بارزان و ژنەکەی و کچەکەی بەغدادیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە بۆ ڕوسیا، لەکاتی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ جەماوەری تووڕە، لەناو شاری سلێمانی، ملی یەکێ لەو دوو زۆڵە کوردەیان هەڵکێشا..

گێڕاندنەوەی ئاوارەکان لەئێرانەوە بۆ ناو وڵات:
لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٢، لەو ماوەیەدا لە ڕێکخراوی (I.O.M) بووم سەر بە (UN) لەگەڵ لیژنەیەکی سەر بە (UN) لەسلێمانیەوە دەچووین بۆ ناو ئۆردوگاکانی پەنابەرانی کورد لەناو ئێراندا، هانمان ئەدان بگەڕێنەوە بۆ ناوەوەی وڵات، ڕۆژی وا هەبوو ٤٠-٥٠ لۆری خاووخێزانمان دەگەڕانەوە بۆ ناوەوەی وڵات بۆ دەوروبەری سلێمانی و هەولێرو کەرکوك، خواردەمەنی و خێوەتیان دەدرایەو زۆریشیان دەچوونەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

کوردو ئێستر و پێچکەی عەرەبانە لەمێژوودا:
(هەربەت جۆرج وێڵز) لەکتێبی (The Outline of History)دا دەڵێ:
١-کورد لەدێرزەماندا سێ خێڵ بوون: (میدیەکان و کاسۆ) یان کاسیەکان (کاشیەکان)، خێڵی سێهەم لەناوچەی میدیەکانەوە بەرەو ئەورووپا ڕۆیشتوون و لەناوچەی (ڕۆر)ی ئەڵمانیای ئێستادا جێگیربوون، لەمێژوودا ناوی ئەم خێڵە نەزانراوە.
٢-مێژوونووسی ناوبراو دەڵێ: بۆ یەکەم جار لەمێژوودا کورد توانیویەتی یەکەم ئێستر بهێنێتەکایەوە، بەهۆی لێ پەڕاندنی نێرەکەر لەماینی بەتەڵەب، یان لێپەڕاندنی ئەسپ لەماکەر. ئەم وڵاخەیان وەك بارە بەر لەکاروان و کۆڕی شەڕدا بەکارهێناوە.
٣-کورد توانیویەتی بۆ یەکەم جار (پێچکە) بۆ گالیسکە دروست بکات و لەپشتی ئێستری ببەستێ و لەکاتی شەڕوئاشتیدا تفاقی پێ بگوێزێتەوە.

ئاسەوار تەفروتوناکردن:
ڕۆژهەڵاتناسێ لەمێژووی (ساسانیەکان)دا کەبەزمانی عەرەبی نوسیویەتی دەڵێ: کوردەکان لەسەردەمی پەسەندکردنیان و چوونە ناو ئاینی ئیسلامەوە، ئاسەوارو پەیکەرو کۆتەڵاو قەواڵەی زنجیرەی شەش پاشاواتی خۆیان لەناوچەی قەرەداغ و دەربەندیخان تەفروتوناو چەپاو و گوم کرد. ئێستاش هەر چەکدارێ بەناو دەربەندی ناسراو بە(دەربەندکافر)دا تێ دەپەڕێ، دەبێ گوللە بارانی پاشماوەی ئەو ئاسەوەرانە بکات کە بەبەرزیەوە لەشوێنی خۆیان لەناوچەی قەرەداغ ماونەتەوە.

ناوە کۆنەکانی کوردو نیشتنگەیان لەمێژووداو لەچیرۆکی قورئاندا:
ڕۆژنامەنووسێکی بیانی، لەبارزانی پرسی، کورد لەمێژوودا کێن؟ بارزانی فەرمووی: کورد نەوەی ئادەمە.
ناوەکۆنەکانی کورد لەمێژوودا: گۆتی، گوتی، کوسی، کاسی، کاسو، کاشی، کاردۆخ، کارودوشیا، کرداك، کاورۆخ، کاکو، کاکە، کوردۆخ، کورتی، گوتو، کوتی، سوباری، لۆلۆ، ماد، مید، میریان، چوومەر، هۆری. ناوی کورد لەتەوراتدا بەم شێوانە هاتووە، چوومەر، کاردۆخ، گوتی. لەقورئانی پیرۆزدا بە(جودی) هاتووە کە لەناوچەو دامێنی چیای (جودی)دا نیشتەجێ بوون:
(سورە هود، ایە٤٤، بسم الله الرحمن الرحیم، وَقِیلَ یَا أَرْضُ ابْلَعِی مَاءَكِ وَیَا سَمَاءُ أَقْلِعِی وَغِیضَ الْمَاءُ وَقُضِیَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِیِّ وَقِیلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِینَ. صدق الله العظیم).
واتاو پاچڤەی وشەکان بەئینگلیزی و کوردی:

ئینجا بێژرا: ئەی زەوی ئاوەکەی Then the word went forth
خۆت هەڵ لووشەرەوە، تۆش O earth: Swallow up
ئەی ئاسمان، ڕایگرە(بەسیەتی The water, and O sky
باران (Withhold (The rain
ئاوداسەکێ، فەرمان ئەنجامدرا And the Water abated
کەشتی، لەسەر جودی And the matter was ended
گیرسایەوە The ark rested on mount
ئینجا بێژرا: بابڕۆن و دوورکەونەوە Judi, and the word
داروەدسەی ستەمکاران went forth: away with those who do wrong"

ئەگەر حەزرەتی ئادەم بەپێغەمبەر بژمێردرێ، ئەوا حەزرەتی (نوح) دووهەم پێغەمبەرە لەمێژووی قورئانی پیرۆزدا، ئەم سورەتە ئەو ڕاستیە ڕادەگەیەنێ کە کورد لەزەمانی حەزرەتی نوحەوە ناو و ناوچەو ئەرزو ئاوی خۆیان هەبووەو لەهەرێم و دەوروبەرو دامێنی چیای (جودی) ژیاون.
لەئاسەواری سۆمەریەکانیشدا باسی قەومی کورد بەناوی (جودی)یەوە هاتووە، بڕوانە: القران الكريم، ترجمه معانيه و تفسيره باللغه الانجليزيه (مجمع الحرمين الشريفين صفحه ٥٩٤)، بەم شێوەیە دەتوانین، بێگومان بڵێین لەسەردەمی دووهەم پێغەمبەری خوداوەندەوە کورد ناوونیشان ونیشتگەو زێدی هەبووە، کەواتە: کورد نەوەی ئادەمە و یەکێکە لە ئەو (قبائل وشعوب)انەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشتمانی خۆیان هەبوون.
(جودیەکان، گوتیەکان) لەکوردستانی تورکیای ئێستا ژیاون، (کاسیەکان، کاشیەکان) لەکێوەکانی کوردستانی ئێران ژیاون هەتا شاری (کوت)ی عێراقی ئەمڕۆ، (لۆلۆییەکان) لەکوردستانی ئێستا ژیاون، ئەمانە هەموویان لەگەڵ (مادەکان) لەبنەڕەتدا یەك ڕەگەز بوون.
(مادەکان) لەناوچەی (هەمەدان)و ڕۆژئاوای ناوچەکە ژیاون و فەرمانڕەواییان کردووە.
لەکاتی لافاوی نوح پێغەمبەردا بۆ نوغرۆ نەبوون و نوقم نەبوونی (یەزدانیان)، واتە: خواپەرستان لەناوچەی چیای (جودی) وەك لەقورئانی پیرۆزدا و سورەتی (یس/ئایەتی ٤٢)دا هاتووە، خوای گەورە لەوێنەی کەشتیەکەی نوح، کەشتی دیکەیان بۆ ئافەریدە دەکات کەسواری بن و (ڕزگار بن).
(وخلقنا لهم من مپله ما يركبون)
.And we have created for them similar (vesseles) onwhich they ride

بۆ یەکەم جار لەناوچەی جودی قەڵەم بۆ نووسین بەکارهێنراوە:
لەساڵی ١٩٦٦ لەسەر داخوازیی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی نامیلکەیەکم لەئینگلیزیەوە پاچڤەکردە سەر زمانی عەرەبی بەناوی (ئاینی یەزیدیەکان-پاشماوەی ئاینی کۆنی میترائی کوردە، نووری خوداوەند)، دانەر مامۆستا: تۆفیق وەهبی بەگ.
(یەزیدیەکان یەزدان پەرست)ن و میترا -میهرا- میهرەبان (خوای میهرەبان)یان پەرستووەو دەیپەرستن، لەسەر ئەم باسە مێژوییەی ئاینی کۆنی کورد ساڵی ١٩٩٤ لەدهۆك نوسخە ئەسڵیە چاپ نەکراوەکەم پێشکەش کرد بە (بارەگای گۆڤاری لالش) لەدهۆك کە ئەگەر بیانەوێ چاپی بکەن، سوودەکەی بۆ گۆڤارەکەیان بێ، یان وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری دروست سوودی هەبێ و لەنووسینەکانیاندا ئاماژە بۆ ئەم سەرچاوەیە بکرێ، لەساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن (شارەوانی سلێمانی)ەوە چاپ کراوەو بڵاوکراوەتەوە. سوپاسگوزاریانم.
ئێزیدیەکان دەماودەم لەباپیریانەوە بیستوویانە کە نوح پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ) لەشارۆچکەی (ئێن سفنێ) کەشتیەکەی دروست کردووە، ئێستاش لەو ناوچەیە گردێکی توورەکەڕێژ هەیە لەشکڵی کەشتی دایە، گوایا ئەو گردە قاڵبی کەشتیەکەی نوح پێغەمبەرەو ئێستاش زیارەتگای ئێزیدیەکانە.
بەگوێرەی قورئانی پیرۆز نوح یەکەم پێغەمبەرە کەدوای حەزرەتی ئادەم هاتووە، باوکی ناوی (ئیدریس)ە، (ئیدریس) یەکەم کەس بووە لەناوچەکانی (چیای جودی)دا قەڵەم ئوچی بەکارهێناوە بۆ نووسین.
بڕوانە (سوره هود، نوح، العنكبوت) القران الكريم و بالهامش/ تفسير الدكتور محمد سليمان عبدالله الاشقر، دار المؤيد للنشر والتوزيع ١٩٩٦م-١٤١٦هـ. (مەرقەدی حەزرەتی ئیدریس) لەناو شاری (موسڵا) دایە.

بێ برایەتی کورد، ڕژێم شلۆقە:

وڵاتە دراوسێکانی کوردستان، لەمێژوودا ڕووی نەداوە پاڵپشتی بەدیهێنانی مافی نەتەوەی کورد بووبن،هەموو پلان و هەوڵیان بەردەوام بووە بۆ لەناوبردنی کورد بەپاڵپشت و پشتگیریی ڕوس و ئینگلیزو وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمەریکاو ئوردون و میسرو ئێستا ئیسرائیلیشیان هاتۆتە پاڵ. ناوبەناو بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی ڕامیاری خۆیان لەناوچەکەدا بەپارەو پول و هەندێ کارگوزاری بۆماوەیەکی دیاری کراو دەستیان خستۆتە ناو دەستی کوردەوەو کە مەبەستەکەیان بەئاکام گەیشتووە پاشقولیان لەکورد گرتووەو ڕێسەکەمانیان کردۆتەوە بەخوری.
ناکۆکی ناوەوەی خۆبەخۆی کوردیش ڕۆڵی سەرەکی هەبووە کە شکست بەبزووتنەوەو سەرهەڵدانەکانی نەتەوەی کورد بێنێ و ئاسانکەری ئەوپاشقولەی دراوسێکان بێ، ئەوەی شایانی باسە، میللەتی کورد خۆی هۆو هەوێنی بنەڕەتی پێکهاتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خۆی بووە، بەئامـاژەو هانـدانی وڵاتـانی دەرەوە شـۆڕشی بەرپـا نەکـردووە، بەردەوامـی کێشـەی کـورد و دان پێدانەنانی مافەکانی نەتەوەی کورد هۆیەکی گرنگ بووە بۆ ئاسان کردنی هەلومەرجەکانی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق.
لەکەڵەڕەقیی و ناچەرخیی بیروهۆشی میریەوە بووە کەشۆڕشی کورد هەمیشە هۆی کزی و لاوازی خودی ڕژێمی بەغداد بووە و ڕێ خۆشکەری کودەتا بووە، بێ برایەتی کورد، ئەوان هەردەم ڕژێمیان نائارام و شلۆقە.

سزاو ئەشکەنجەی دیل:
سەرۆك بارزانی، نەیدەهێشت دیلەکان سزاو ئەشکەنجە بدرێن یان بەبەندی لامان بمێننەوە، فەرمانی ئەدا بەبەرەڵاکردنیان، بەتایبەتی سەربازو پۆلیس. دەیفەرموو: دیل، دەبێ لەشوێنی ئارام و دوور لەبنکەکانی سوپای میریەوە دابنرێن و جێی نوستن و خواردەمەنی و ئێشکچیان بۆ تەرخان بکرێ، ئەمەش دەبێتە ئەرکێکی گران لەسەر شانی میللەت. لەبەرئەم هۆیانە بێ قەرەبوو دیلەکان بەرەڵا دەکران.
ساڵی ١٩٦٣، کاتێ سوپاو هێزەکانی میری هێرشیان دەکرد بەرەو چیای (بەنی هەریرو سپیلك) هێزی میری گوندی (گولەك)یان دایە بەر لێشاوی تۆپە گەورەکان و تۆپی زرێپۆشەکانیان و ئاگریان بەردایە خانووەکان. ژنێك منداڵێکی پێ ڕەوکەی بەدەستەوە و بێشکەی مناڵە کۆرپەکەشی بەشانەوە بوو، سـەربازەکان بەدەسرێـژ، ژنەکەیان ناچـار کـرد هەڕابکاتەوە نـاو گوندەکەو خـۆی ومنداڵە پێ ڕەوکەکەی و کۆرپەی ناو بێشکەکەش ئاگریان تێ بەربوو و سوتان. لەو شـەڕەدا ١٠-١٥ سـەربازو ئەفسـەر بەدیل گیران. یەکێك لەفەرماندەی س.ش.ك لەداخی ئەم ڕووداوەی ژن ومناڵەکان، هەستا بەکوشتنی هەندێ لەو دیلانە. بارزانی بەمەی زانی، زۆر نائـارام و دڵگیر بـوو، لێپرسراوەکەی لەبەرەی شـەڕ کێشـایەوەو ئەوپەڕی سەرزەنشـتی کـردو سزای دیکەشی ئاڕاستە کرد، سەرەڕای ئەو بێ ویژدانی و ناجوانمەردیانەی سوپاکەی عبدالسلام عارف دەیکرد.

هەندێ مێژوو کە لەبیر ناچن:
* لەمانگی ١٩٧٥/٧ بەدواوە سەرۆك مەلا مصطفی بارزانی چوو بۆ ئەمەریکا.
لەمـانگی ١٩٧٥/٢ بەشـێوەیەکی نهێـنی خـۆی ئامـادەکردبوو لەڕێگـەی ئـێرانەوە بگەڕێتەوە بـۆ کوردسـتان و درێـژە بەشـۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز بـدات، بێگومـان بێ ئاگاداریی و بێ ڕەزامەنـدیی ئەمەریکا. لەپڕ، بەشـێوەیەکی پرسـیار ئـاوەر،نەخۆش کەوت و مـاوەی(١٠) دە ڕۆژخـرایە ژێرچـاودێریی پەرسـتارێکەوە . هەمـوورۆژێ شرینقەیەکی لێ ئەداوئەمپـوولە بەتـاڵەکەی دەخسـتە ناوتەنەکەی خۆڵەکەوە. ئاخرڕۆژ،دوای شرینقە لێ دانەکە، پەرستارەکە، ئەمپووڵە بەتاڵەکە ناخاتە ناوتەنەکە خۆڵەکەوە و لەگەڵ خۆی دەیبات .
ڕۆژی ١مارتی ١٩٧٩سەرۆك بارزانی لە (واشنتۆن) بەشێوەیەکی دڵتەزێن و جەرگبڕو پرسیار ئاوەر! وەفاتی کردو بوو بەسـەرۆکی کاروانی شەهیدانی نەمر.
دوای ماوەیەك،پەرستارەکەش کوژرا !!.
ناوبژیکەران لەنێوان عێراق و ئێراندا:
ئەردەن، میسر، جەزائیر، سۆڤیەت، ناوبژیکەر بوون لەنێوان عـێراق و ئێرانـدا، هەرلایەنە بـۆ بەرژەوەنـدی و سـوودی تـایبەتی خۆی و بۆ ئەنجامدانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، عێراق بەشەڕو هێرش و پەلاماری درندانەی هەموو توانای سوپایی خۆیەوە نەیتوانی بەسەر شۆڕشی ئەیلوولدا سەربکەوێ، لەبەرئەوە شان وملی کەچ کرد بۆ هەموو مەرجەکانی شای ئێران و پەنای بردە بەر تەقەلای سیاسی و دیبلۆماسی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد، لەکاتێکدا کە بارزانی دەیفەرموو: کورد داوای مـافی نەتەوەیی خۆی دەکات و مەبەستی هەڵوەشاندن و ڕووخاندن و ئاڵوگۆڕکردنی ڕژێمی عێراق نیەو نەبووە. بەرگری لەهێرشی ڕژێم دەکەین بۆ سەرخاك و دانیشتوانی کوردستان و ئێمە هێرشمان نەکردۆتە سەریان و هەردەم لەدۆخی بەرگریدا بووین.

بەرەو ئاسمان بەرزم کەرەوە:

جارێکیان پ.م (جەوهەر هیرانی) کوڕە بچووکەکەی بەقەڵاندۆشکانەوە دەبێ لەگوندی (دەربەندی ڕایات)، فڕۆکە بۆردومانی ئەو دەوروبەرەی دەکرد، ئەمیش منداڵەکانی بەرەو پەنا بەردێك دەبرد، منداڵەکەی سەرشانی دەڵێ: بابە ڕامەکە، بەرەو ئاسمان بەرزم بکەرەوە بەڵکو دەنگم بگاتە خوا، دوعا لەو تەیارەچیانە دەکەم بکەونە خوارەوە.

نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول:
ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٠ لەئێزگەی دەنگی کوردستانەوە بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ بڵاوکرایەوە داوا لەپێشمەرگەو هاووڵاتیانی بێچەك کرا: ئازادن خۆیان تەسلیم بەعێراق بکەن یان بچنە ناو ئێرانەوە (داوا لەکەس نەکرا چەك دابنێ و داوا لەمن نەکرا، کە لێپرسراوی گشتی مخابەرە بووم، فەرمان بدەم بەبارەگاکانی مخابەرە ئامێری بێتەلەکان تەسلیم بەڕژێمی عێراق بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر لایەنێکی سیاسی دیکە شۆڕشەکە بقۆزێتەوەو لەم هەڵنووتانە ڕزگاری بکات تفاقی شەڕی بەدەستەوە بێ، ئیدریس بارزانی ئامادەبوو بۆ کۆمەکی دارایی... لەگەڵ بانگەوازی ڕاگرتنی شەڕو خۆ تەسلیم کردندا، شۆڕشی ئەیلول تەواو نەبوو، هێزی بزووتنەوە کز بوو، کپ بوو، بەڵام لەژێلەمۆدا بوو و نەکوژایەوە، ڕۆڵی سیاسەتمەدارانەی سەرۆك مەلا مصطفی بارزانی و بنەماڵەی بارزانی لەدەرەوەی وڵات بەردەوام بوو بۆ خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی پڕتەوژم و چالاکی. خەباتی چەکداری تەنها بۆ ماوەی هەشت نۆ مانگ ڕاوەستێنرا، خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی لەدەرەوەی وڵات زەمینەی بۆ بڵێسە سەندنەوەی ئاگری شۆڕش خۆش دەکرد لەکوردستانی باشووردا.
ئیدریس بارزانی گوێی لەبڕیاری ڕاگرتنی شەڕ دەگرت لەئێزگەی دەنگی کوردستانەوە، فەرمووی: ئەوا ئێمە تێك شکاین، تەماشاکەران پاڵەوانن، لەمەولا، گوێ بگرن و ببینن و بخوێننەوە، دەیان تەماشاکەران وکەسانی بوودەڵە ڕادەپەڕن و خۆیان دەکەن بەپاڵەوانی کوردایەتی و بڵێسەی ئاگری شۆڕشگێڕییان کتێب دەسووتێنێ، خۆیان بەپاڵەوان لەقەڵەم ئەدەن و خەباتی ئێمەش بەهیچ... فەرمووی: چەکی هەمەچەشنەو تەقەمەنی و ئامێری بێتەل لای میللەتە، ئەگەر کەسێ یان لایەنێکی سیاسی دیکە دەیەوێ چەك دانەنێ و بەردەوام بێ لەخەباتی چەکداریدا دەرگا لەسەر پشتە، یارمەتی ئەدەم و پشتگیری ئەکەم.
لەمانگی ئایاری ١٩٧٥دا کە سەرۆك بارزانی لەتاران بوو، چەندەها جار ڕۆژنامەنووسان بینویانەو بەدڵنیاییەوە ئاشکرایان کردووە کە بارزانی تەندروستی زۆر باشەو هیچ گیروگرفتێکی لەش وگیانی نەبووەو هێزو ورەی بەرز بووەو بیری لەوە نەکردۆتەوە ڕۆژێ لەڕۆژان بچێتە پاڵ ڕژێمی عێراق. ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەنگی کوردی دەگەیاندە دەوڵەتان.
بارودۆخ و هەڵوێستی کورد لەگەڵ دەرو دراوسێکانی بەرگرو تاکۆز بووە لەئاستی زمانی پاراوی سەرکردەکانی کورددا، بارزانی دەیفەرموو: ئێمە بەردەوام داوای (پشتگیری سیاسی)مان لەهەموو دەوڵەتان کردووە و هەتا ئەمڕۆ لە (یارمەتی ئینسانی) زیاتر، هیچ وڵاتێ بەپشتگیری ئەو داوایەمان هەڵنەساوەو ئامادەییان دەرنەخستووە کەکورد مافێکی سیاسی خۆی هەبێ.

هەستاندنەوەو بەردەوامیی شۆڕش:
لەڕۆژی ١٦ی مارت ١٩٧٥ بەناوی هەژدە ئەندامی باڵای شۆڕشەوە (منیش یەکێك بووم لەوکەسانە) ئیمزای بروسکەیەکمان کرد و بەهۆی بێتەلی (م.س) لەناو پردانەوە ناردم بۆ بێتەلی سەرەکیی یەکێك لەهێزەکانی سوپای عێراق لەڕەواندز و نوسخەیەکیشمان دایە دەستی خوالێخۆشبوو سەیدا ساڵح یوسفی و بردی بۆ بەغداد. بروسکەکە ئاڕاستەی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و سەرۆك کۆمار کرابوو بۆ چارەسەرکردنێکی ئانی وکۆتایی کێشەی نێوان شۆڕش و میری بەگفتوگۆی ڕاستەوخۆ.
دوای ڕۆژێك دوو فڕۆکەی باجەڕ هاتنە سەر ناوپردان و بەدووکەڵی سپی، دوو ئیشارەتی ڕاست و چەپیان بەم شێوەیە (××) لەئاسماندا نەخشاندو بەرەو خوار گەڕانەوە، بەرەو سەمتی هەولێر، لەلای خۆمەوە بەبرادەرانی دەوروپشتم ووت:
ڕژێمی عێراق زەربی ڕاست وچەپی پێدا هێناین!!
لەڕۆژی ١٩ی مارت ١٩٧٥ بڕیاردرا واز لەخەباتی چەکداری بهێنرێت و سەرۆك مصطفی بارزانی و ئەندامانی دیکەو هێژایان ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی خۆیان بگەیەننە گەورە پیاوانی زلهێزەکان و وڵاتانی دیموکراسی و دەست بکەن بەخەباتی سیاسی و دیبلۆماسی بێووچان بۆ بەرژەوەندیی مافی نەتەوەی کورد. لەسەر فەرمانی (ئیدریس بارزانی) ئامیارێکی بێتەلی ژمارە (٩)و مەکینەیەکی شەحنی پاتری و دوو پاتری و کەرەسەی پێویستم تەسلیم کرد بەئەندامانی سەرکردایەتی (قیادەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عێراق) کە بارەگەکەیان لەگوندی (ناوکێلەکان) بوو. ئیدریس بارزانیش یارمەتییەکی دارایی دانێ بەو هیوایەی لەچیاکان بمێننەوە و ئاگری شۆڕش نەکوژێتەوە...
ئەم هەواڵە زوو لەناو پێشمەرگەدا بڵاوبووەوە و هەموو گەشانەوەو هیوایان پەیدا کردەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو برادەرانەش توانای مانەوەو خۆڕاگرتنیان نەبوو.

کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول:
نەیارانی میللەتی کورد شۆڕشی ئەیلوولیان بە دۆخێکی سەر بەگێچەڵ و پرسام و پڕ تەڵەزگە لەقەڵەم دابوو لەسەر عێراق، ئێران، تورکیاو سوریا، گوایە دۆخێکی خەتەرناکە لەسەر بەرژەوەندی ڕوسیا، ئەمەریکا، ئیسرائیل لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە ئەو وڵاتانە هەریەکەیان لەئاستی خۆیەوەو دواتر هەموویان پێکەوە هاوپەیمان و هاوپلان بوون بۆ لەناوبردن و کۆتایی پێ هێنانی شۆڕشی ئەیلوول.

بایەخ و گرنگی شی کردنەوەی شفرە:
هەندێ لەئەو بەهاپێدانانەی بەئیشوکاری شی کردنەوەی شفرەوە پابەندە، کە فەرمانی سەرەکیی من بوو لەکاتی شۆڕشی ئەیلوولدا:
رینیه موریس (کردستان او الموت) ترجمه وتعلیق جرجیس فتح الله شماس المحامی-مگبوعات کردولوجیا رقم ٣-١٩٨٦ صفحه ٦٣ (المقر العام السیاسی-العسکری للپوره الکردیه، هو المرکز العصبی الژی یمسك بکل چربات نبج الجبهه باتصال مباشر)، وکژلك (والفچل لمحگه ارسال واستقبال لاسلکیه لا یفلت ایه رساله من رسائل العدو تمر به).
(یونان هرمز) ایامی فی پوره کردستان (الگبعه الاولی- دیترویت- مشیکان، الولایات المتحده الامریکیه ١٩٩٩، صفحه ٥٦:
کان هناك جهاز اخر اقل شهره لسبب کونه محاگا بالسریه وهو جهاز المخابره الژی کان یتخژ من وادی (قیماسان) العمیق مقرا له وکان یدیره شاب شغل مراکز عدیده فی جهاز الشرطه العراقیه هو النقیب شوکت اسماعیل، ویرتبگ مباشره بمقر البارزانی وقد بلغ هژا الجهاز من الحژق حتی انه کان یحل شفرات اللاسلکی للجیش علی اختلاف انواعها رغم ان هژه الجفرات کانت تتغیر کلیا حسب مدتها فمنها ماکان لمده یوم واحد ومنها لمده اسبوع ومنها لمده شهر وهژا ماکان یچع الحکومه فی احرج المواقف لان کل تحرکات الجیش کانت تکشف بمجرد ابراق ایه وحده الی وحده پانیه! اما شفره الثورة فقد کانت کلها تکتب باللغه الکردیه وباسلوب معقد... وقد حاولت استخبارات الجیش مرات عدیده شراو ژمم بعچ رجال المخابره من الثورة عبپا. وکان جهاز المخابره فی الثورة من القوه بحیپ یجعل من المناگق المحرره کلها یشدها الی بعچها رباگ محکم من زاخو الی خانقین اژ کان کل هیز بل کل بتالیون یملك الجهاز اللاسلکی رقم ٩او ١٢ کما ان مقرات فروع الحیزب ایچا کانت تمتلك مپل هژه الاجهزه.
.Yonan Hormoz. My days In Kurdistan Revolution
Joe Marogen
East Bancroft١٢
U.S.A ٤٣٦٢٠Toledo Ohio

شۆڕشی ئەیلوول و کورد:
شۆڕشی ئەیلوول هەستی سەرجەم کوردی بزواند لە (تورکیا)و (ئێران)و (سوریا)، چەندان کادریان هاتبوونە ناوچە ئازادکراوەکانەوەو لەنزیکەوە سوودیان لەم تاقیکردنەوە نوێیە وەردەگرت و تێیدا قاڵ دەبوون.
لە (ناوپردان) هەندێ کەوادری کوردستانی باکوور ئیشوکاریان پێ سپێردرابوو، هەروەها لەگوندی (دەربەندی ڕایات)یش کوادری کوردی سوریای لێ بوو ولەناویاندا (مامۆستا جگەرخوێن)و لەبادینان (مەلا حەمدی)، هەموویان ئاواتەخوازی جێگیربوون و سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوول بوون.

دەنگوباسی شۆڕشی ئەیلوول لەڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنی دەرەوەی وڵات:
دەنگوباسی شۆڕشی ئەیلوول لەڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنی دەرەوەی وڵات لەئەوروپاو ئەمەریکاو تەنانەت ئوستراليا جێی سەرنج و تێرامانی خوێنەران و بینەرانی ڕۆژانەی ئەو وڵاتانە بوو، لەبارەگای بێتەلی م.س لەناوپردان بێتەلێك و ڕادیۆیەك تەرخان کرابوو بۆ گوێ گرتن و وەرگرتنی ئەو دەنگوباسانەی کەبەڕادیۆ لەسەر کورد بڵاودەکرانەوە، بەعەرەبی، کوردی، ئینگلیزی، فارسی، دواتر دەخرانە سەر کاغەزو بەچاپکراوی بڵاودەکرانەوە، بەناوی دەنگوباسی بەگوێ بیستراو (الانصات).

کاروانی خەبات:
لەڕۆژانی گەڕانەوەمدا بۆ ژێر سێبەری میری: (لەسەر سنووری لە شۆونی شمال لەشاری کەرکوك، داموودەزگاکانی دیکەی ڕژێم چوونە بنج وبناوانی ناسنامەمەوە بەڵام هیچ پرسیارێکم لێ نەکرا سەبارەت بە (شیفرە). لێپرسراوێکی گەورەیان وتی:

بزووتنەوەی کورد کۆتایی پێ هات و هیچ ئیشێکمان بەم باسە نەماوە. لێپرسراوێکی دیکە زۆر بەڕەقی گوتی: بەردەوام باوکی فلان فەرماندەی بەتالیۆن لەهێزی ڕزگاری (شفرە)ی بەتالیۆنی کوڕەکەی خۆی بۆ دەهێنایین. ئەمەش ئەوە ڕادەگەیەنێ کەتەنها نهێنیی ئەو بەتالیۆنە هەڵمالراوەو لای میری زانراوە. زۆر دڵم ئارام و هەدار بوو کەهەتا ئەمڕۆ تەنانەت یەك دەفتەرچەی شفرەی بارەگای بارزانی، م.س، س.ش.ك... هتد، دەست هیچ دامودەزگایەکی میری نەکەوتووە.

ئێستا (ئەگەر ئەو بارەگایانەی س.ش.ك و پ.د.ك بەمەکینەو ئامیاری تایبەت بەتەجفیر) بروسکەکانیان بنێرن بۆ یەکتر، پێش ئەوەی بروسکەکان بگەنە دەستی شوێنی مەبەست، ئەو دەوڵەتەی مەکینەکە، یان ئامیاری تەجفیرەکەی فرۆشتووە یان بەخشیوە بەشۆڕش، ئەو دەوڵەتە پێشتر بروسکەکان دەکاتەوەو سوودی لێ وەردەگرن.

لەچیرۆکی قورئانی پیرۆزدا و مێژوودا دەڵێ: پێش ئەوەی خوا ئاسن بۆ داوود پێغەمبەر نەرم بکات وفێری دروست کردنی زرێپۆش بێ، بەقۆچەقانی و شەرەبەرد (هێزەکەی) هێرشی دەکردە سەر شیروتیرو ڕمی دوژمن و پیرۆزی دەهێنا.

شیفرە خۆماڵیەکەی من دروستم کردبوو لەئەم مەکینەو ئامیاری تەجفیرەی ئێستا سەرکەوتووترە. پرسیارێکم لێ نەکرا پەیوەندی بەنهێنی سەرۆك بارزانی و شۆڕشی ئەیلوولەوە هەبێ، چونکە کەسانی دیکەی خاوەن پلەوپایەی بەرز، کەپێش من گەیشتبوونە بەغداد، هەموو وەڵامێکی پێویستیان لەسەر شۆڕش بەدەستەوە دابوو، لێرەدا مەبەست شان ئارداوی کردنی کەس نیە، ئەو کەسانەی بواریان دراوە بچنە ژێر سێبەری شۆڕشی گوڵان، مافی خۆیانە شانازی بەئەوەوە بکەن کەگەیشتۆنەتەوە کاروانی خەبات!!.

ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان ملکەچی مانگرتن و خۆسوتاندن نابێ:

لەدوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١و هاتنی (UN) بۆ سلێمانی، ژمارەیەك لەدانیشتوانی سلێمانی مانیان گرتبوو لەخواردن و خواردنەوەو لەبەردەم دەرگای بارەگای (UN) لەناو جێگەدا ڕاکشابوون.

ژمارەیەك داخوازیان سەبارەت بە سەلماندن و دانانان بە مافی نەتەوەی کورددا پێشکەش کردبوو، چاوەڕوانی وەڵامیان دەکرد. لێپرسراوی (UN) لەڕێگەی (ڕێکخراوی کریستیان ئاوتریچ)ەوە ئاگاداریەکیان پێ ڕاگەیاندم کەبیگەیەنم بەمام جەلال تاڵەبانی لەقەڵاچوالان، لەگەڵ (مستەر فیلیپ) بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کریستیان ئاوتریچ و شێخ دارا حەفید چووین بۆ لای مام جەلال، ڕاسپاردەکەی (UN) ئەوەبوو کەهیچ لەتوانادا نیە بەهۆی مانگرتن و خۆ بەئەرزدادان ئەو داخوازیانەی کورد جێبەجێ بکرێن و ببێت بەپێشینەیەك بۆ کەمایەتیانی وڵاتانی دیکەی دنیا. UN لەوەش سڵیان دەکردەوە کە لەوانەیە بەپلانی دوژمنانی کورد، هێرش بکرێتە سەر بارەگای (UN)و وتی:

ئەگەر لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا مانگرتووەکان ڕانەکێشرێنە دواوە، ناچار (UN) و هەموو ڕێکخراوە خێرخوازەکانیش سلێمانی بەجێ دەهێڵن ودەڕۆن، کەئەم باسەمان خستە بەردەم مام جەلال هەمان نیوەشەو مانگرتووەکان هێنرانە دوواوەو ڕەوانەی خەستەخانە کران و کێشەکە تەواوبوو.

باخی بەرەڵا:

دوای نسکوی شۆڕشی ئەیلوول، میری فەرمان دەردەکات بەدابەش کردنی زەوی ناوچەی بارزان بەگوێرەی (یاسای اصلاح زراعی)، گوایا، ئەبێ لەسەر ئەرزەکانی مەلا مستەفا بارزانی ئوتێل سیاحی و گازینۆ و باخچەیەکی گشتی دروست بکرێ. لیژنەیەکی تایبەت بەسەرۆکایەتی (دوکتۆر حسن فهمی جمعە) وەزیری اصلاح زراعی بەهیلوکۆپتەر دەگەنە پشت گوندی بارزان.

فرۆکەوانەکە ئامۆژگاری کرابوو لەسەر گوندی (شانەدەر)بەبەرزیەوە بفرێ، چونکە لەوانەیە پێشمەرگەی بارزانی لەئەو شوێنەدا مابن. هەموو جۆرە نەخشەی زراعی و زانیاری پێویستیان لەگەڵ خۆیان بردبوو. لەناوچەی بارزان دا بەهیچ جۆرێ خاوەن موڵك نەدۆزرایەوە کەدوو هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی دێمی هەبێ یان هەزار دۆنم زەوی بەراو. لەدەوروبەری گوندی بارزان باخێکی بەرەڵا دەستنیشان کرابوو کەگوایا ئەوە موڵکی مەلا مستەفا بارزانیە.

کەدەیپێوون دوو دۆنم دەرناچێ، لەشوێنێکی قەدپاڵدا دەبێ. ئەندامانی لیژنەکە تەماشای یەکتر دەکەن و ئەڵێن (دوکتۆر مکرم تاڵەبانی) ڕاست دەکات، مەلا مستەفا (اقطاعي: دەرەبەگ) نیە. تەماشا دەکەن زەویەکان بەهەنگاو دەپێورێن نەك بەدۆنم، هیچ زەوی وزاروکانی وئاوێك بەناوی مەلا مستەفا بارزانیەوە نیەو تەنانەت بۆ ئەو باخە بەرەڵایەش هەر ئاخاوتن دەبێ و بەڵگەی نووسراو نیە، و نایدۆزنەوە. لەوێدا لیژنەکە و سەرۆك لیژنە بڕیار ئەدەن ناوچەی بارزان بەهیچ جۆرێ یاسای (اصلاح زراعی) نایگرێتەوە.

کە لیژنەکە دەگەڕێتەوە بەغداد، بەناو تۆمارگەی عەقارات وفایلەکانی تەسویەدا دەگەڕێن بەشوێن ژمارەی (قگعە، مقاگعە، مساحە)ی هەر پارچە زەویەك لەسەر ناوی شێخ احمد بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی، یان یەکێك لەو دوو خێزانە بێ، هیچیان

بەرچـاو ناكەوێـت. لەكۆبـوونەوەیەكی گرنـگ وفـراوانی وەزارەتی اصـلاح زراعی، د.مكـرم تاڵەبـانی هەڵدەسـێتە سـەر پێ و دەفەرمووێ: من وەكو پسپۆڕێكی كشتوكاڵ و پێبەند بەبارودۆخی كوردستانەوە، پێتان ڕادەگەیەنم كە مەلا مستەفا بارزانی (اقطاعي= دەرەبەگ) نیە و خاوەن زەوی و زار نیە.

دەرەبەگ (اقطاعی):
لەناوەڕاست و خوارووی عێراقدا ئەو كەسانەی كە خاوەنی بیست و پێنج هەزار هەتا سی هەزار دۆنم زەوین، یاسای (اصلاح زراعی) نایانگرێتەوە!!، بەڵام بۆئەوەی یاسای (اصلاح زراعی) كوردستان بگرێتەوە، میری ڕاژەكەی بەئەم شێوەیە لێ كرد: بۆ هەركەسێ دوو هەزار دۆنم زەویی دێم و هەزار دۆنم زەوی بەراو، یاسای (اصلاح زراعی) دەیگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر بنەمای هیچ یاسایەك بە ئەم ئاغاو خاوەن موڵكانەی كوردستان ناووترێ دەرەبەگ یان (اقطاعي) هەتا ئەگەر ٥٠٠ دۆنمی دیكەشی لەسەربێ. لەكوردستاندا وشەی دەرەبەگ هەیە بەڵام چینی دەرەبەگ نیە، سەرۆك مەلا مصطفى بارزانی زۆرجار جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەكردەوە.

پێوەندیی ئاغاو جوتیار لەكوردستاندا:
ئەو جوتیارەی كەنیشتەجێی گوندەكەیە داوای پارچەیەك زەوی لەئاغا دەكات، یان لەباوك و باپیریەوە ئەو پارچە زەوی یە كەبەدەستیانەوە بووە، بۆ ئەمیش ماوەتەوە، لەسەر هەمان بنەماو بنچینە: بەڕاژەی لەسەدا بیستی بەروبوومی زەویەكە ئەدات بەئاغاو بەڕاژەی لەسەدا هەشتای بەروبوومەكە بۆ جوتیار دەمێنێتەوە، تەنگوچەڵەمەو گیروگرفت لەنێوان ئاغاو جوتیار لەكوردستاندا تەنها لەناوچەی دەشتی هەولێر ڕووی داوە، ئەمەش لەساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩تەقیەوەو تەنیا گیروگرفتێكی كۆمەڵایەتی بوو، پێوەندیی ئاغاو جوتیار سەبارەت بەداهاتی زەوی هەر بەڕاژەی لە ٢٠% ی بەرهەم بۆ خاوەن زەوی لە ٨٠% ی بەروبووم بۆ جوتیار مایەوە.

بەنانەسكی كورد دەژی، بێ خۆیبوون ژیانی تاڵە:
لەڕۆژی ١٩٩٢/٤/١٨ لەبارەگای ڕێكخراوی (كریستیان ئاوتریچ Christian Outreach لەسلێمانیەوە لەگەڵ نوێنەری ئێزگەی ڕادیۆی بەریتانیا (BBC) خاتوو (روزماری كلارك Rosemary Clark) چووین بۆ دیدەنی سەرۆك مەسعود بارزانی. من وەرگێڕ بووم لەنێوانیاندا، و فەرمووی: كورد داوای نان وخۆراك ناكات، داوای مافی نەتەوایەتیی خۆی دەكات، خەباتی میللەت لەپێناوی بەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتیە و دەمانەوێ وەك ئەو میللەتانەی بەمافی نەتەوایەتی ڕەوای خۆیان گەیشتون و لەڕێكخراوی وڵاتە یەكگرتووەكان دان بەمافیاندا نراوە، وەك ئەوان بژین، فەرمووی: كورد بەنانەسكی ژیان دەباتە سەر، بەڵام بێ ئازادی و بێ خۆیبوون ژیانی تاڵەو ناهەموارەو داناسەكێ.
فەرمووی: كورد لەبرسانا شۆڕشی نەكردووە، بەڵكو كوردستان خاوەنی خێرو بێری زۆرە، ئێمەی كورد داوای سەربەخۆیی و ئازادی دەكەین بۆ نەتەوەو میللەتی كورد.

من و فەرهەنگسازی:
لەساڵی ١٩٥٦ لەپۆلی پێنجی ناوەندی بووم، پەرتوكێكم بەزمانی ئینگلیزی نوسیبوەوە كەیاریدەدەرێكی باش بێت بۆ قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندی، بردم بـۆ بەڕێز (ڕەئوف مەعـروف) خاوەنی كتێبخانەی گەلاوێژ لە سلێمانی و ئەویش بـۆ مەبەسـتی هەڵسەنگاندنی ناردمی بۆ لای مامۆستای بەڕێز (جەمال نەبەز)، كە ئێستا كوردۆلۆژستێكی سەركەوتووە، فەرمووی: "ئینگلیز خەڵكی زۆرە كە خـزمەتی زمانەكەیـان بكات، تـۆ هەوڵ بـدە زمـانی كوردیشی- لەگەڵ دا بێ". ئەم ئامۆژگاریەی بەڕێـز دوكتـۆر جەمال نەبەز بـوو بەهاندەرو پاڵپێوەنەرم بەرەو ئەو ڕێبازە ڕۆیشتم هەتا گەیشتمە دانانی فەرهەنگێكی (كوردی-ئینگلیزی)و (ئینگلیزی –كوردی) هیوادارم بەرهەمێكی سوودبەخش بێ لەكتێبخانەی كوردیدا.
لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی هیمەت و ڕەزامەندی خوالێخۆشبوو مامۆستا (مصلح جەلالی) لێپرساوی (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوبوونەوەی كوردی) سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری، بەشی یەكەمی فەرهەنگەكە (تەنها پیتی ئەلف كە ٣٧٤ لاپەڕەیە) لەساڵی ١٩٨٤ لەچاپ دراو بڵاوكرایەوە.
زمانزان و پسپۆڕی زمان زۆرە لەناو میللەتی كورددا و زمان فێربوونیش كارێكی گران نیە، بەڵام بەڕاستی فەرهەنگ دانان یاخود فەرهەنگسازی كارێكی زۆرو ووردو گرانەو شەونخوونی زۆری دەوێت. ئەبوایە زۆر لەمێژبووایە ئەم بەرهەمەم بەئامادەكراوی

پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی بکردایە، بەڵام ساڵانی پێشمەرگایەتیم نزیکەی ١٥ساڵ بواری نەدام بەردەوام بم لەو کارەدا، لەدوای ساڵی ١٩٧٦ زۆربەی کاتی خۆم تەرخان کرد بۆ وەبەرهەم هێنانی فەرهەنگەکەم، چەند ساڵێکە تەواوم کردووە بەڵام تائەمڕۆ بەسەریەکەوە بۆم چاپ نەکراوە.
ڕاستە ماندوویەتی و شەونخوونی زۆرم چەشتووە بۆ تەواوکردنی لەوە زیاتریش کەماندووی کردم گەڕان بەدوای لایەنێکدا بۆم چاپ بکات و بکەوێتە بەردەست خوێنەری خۆشەویست.

هەندێ لەو بەهاپێدان و ڕایانەی لەسەر بەشی یەکەمی (فەرهەنگەکە) کە بەدەستم گەیشتوون:
١-بەڕێز دکتۆر ئەمیر حەسەن پوور، پرۆفیسۆر لەدانیشگای وندسۆر لە (کەنەدا)وە بۆی نوسیبووم:
ئێوە لەزمانی کوردیدا هەوەڵ هەنگاوتان هەڵهێناوە بۆ دانانی فەرهەنگی وشەی هاوواتا، زۆر زمانی دنیا هێشتا فەرهەنگی هاوواتایان بۆ نەنووسراوەتەوە، ئەم تێکۆشانەی ئێوە پێویستی بەپیرۆزبایی گوتنە، هیوام وایە لەکۆڕو کۆمەڵەی ڕۆشنبیریەکاندا قەدرت بزانن و پشتیوانت لێ بکرێ بۆ درێژە پێدان و چاپ کردنی بەشەکانی دیکە. ئەم فەرهەنگە، زمانی کوردی پلەیەکی گرنگ بەرەو پێشەوە دەباو بڵاوبوونەوەی زمانی کوردی پلەیەکی بەرز وەسەردەخا. ئەم بەرهەمەی ئێوە لەمەیدانی فەرهەنگنوسی کوردیدا کە مێژوێکی ٣٠٠ ساڵەی هەیە دەورێکی باڵاو ڕچەشکێنانە دەگێڕێ و هەنگاوێکی هەرە بەرزە بەرەو نورماڵ کردنی سیستەمی دانانی زمانی کوردی.
University of Windsor-Canada،
Dr. A.Hassanpour.
٢-فەرهەنگی هاوواتا (کوردی-ئینگلیزی)تان مەگەر لەزمانە پێشکەوتووەکاندا دەست بکەوێت، فەرهەنگەکەتان کارێکی سەرکەوتوە وکەلێنێکی گەورە لەکتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە، ئەم فەرهەنگە یاریدەدەرێکی پڕ بەها دەبێت بۆ ئەو کەسانەی خەریکی زاراوە دۆزینەوەو دارشتن، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی زاراوەی گونجاو و لەبار لەنێوان وشەو هاوواتاکاندا کەچەمکی زاراوە کەباشتر بپێکێنێت، ئەمەش تاڕادەیەکی گرنگ لەزاراوە داتاشینی نەگونجاو دوور دەکەوینەوە، ڕەنج و کۆششی بێ وێنەتان ئاشکرایە.
فەرهەنگساز ئەندازیار مستەفا سلێمان
٣-کارە جوان و پڕ بەهاکەتان زۆر لەجێگەی خۆیەتی و لەگۆڤاری Abstract –Paris ژمارەی ساڵی ١٩٩٠ دا ئەم بەرهەمە گرنگەتان بەخوێنەرەکانی دەناسێنین.
Evry-France عبدالله مەردۆخ
-٤This dictonary is very useful and adequate to understand contemporary written kurdish .
Martin Van. Bruinesson
Utreach-Holand.
-٥I congratulate you on the valuable work, you are doing in the service of Kurdish Lexicography .
A.D.S Roberts
Bodleian Library Oxford.

-٦This work represents a most welcome addition to our collection and will be much appreciated by our readers .
Oriental Institute Library-Oxford.
هیوادارم بەم زووانە ئەم دەزگای توێژینەوەی زمانە لەئەمەریکا کەلەخوارەوە ئاماژەی بۆ کراوە هەردوو بەشەکانی فەرهەنگەکەم: کوردی –ئینگلیزی و ئینگلیزی –کوردی بەچاپکراوی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی بکات.
Thomas Creamer
LRC/McNeil Technolgies, Inc.
Maryland U.S.A
وە بەرهەمهێنانی ئەم فەرهەنگەش بۆ خزمەتی گەلی کوردی خۆشەویستە. تەنها ئەوکاتانە خۆشحاڵم کەتوانیبێتم خزمەتێ پێشکەشی میللەت بکەم، تائەمڕۆ نزیکەی چل ساڵم لەو بوارەدا بەسەر بردووە هەندێکی وەك لەسەرەتای ئەم چەند

لاپەڕەیەوە باسـم کـردوە، ژیـانی پێشـمەرگایەتیە و ئەوی تریشی ـ تەرخـانم کـردووە بـۆ خـزمەتی کلتـوری کـوردی لەڕێـگەی فەرهەنگسازی یەوە.

بژی کوردو کوردستان، بژی کوردایەتی
شادو سەرفراز بن..
شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن